PDF4Kurd

1

# دوا گفتوگۆکانی بورخیس

# و

# ئوسڤالدو فراری

PDF4Kurd

PDF4Kurd



# دوا گفتوگۆكانی بورخیس

# و

# ئوسڤالدو فراری

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**ڕەووف بێگەرد**

سلێمانی 2004

PDF4Kurd



**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە** ( 254 )

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

**دوا گفتوگۆکانی بورخیس و ئۆسڤالدو فراری**

بابەت: گفتوگۆ

ئامادەکردنی: ئۆسڤالدو فراری

وەرگێڕانی: ڕەووف بێگەرد

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان

تیراژ: 500 دانە

ژمارەی سپاردن:        ی 2004

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.net
www.sardam.info

PDF4Kurd



# پێڕست


پێشەکی 7

بیوگرافی منداڵی و قوتابخانە و شیعر 11

لەگەڵ خۆرخە لویس بۆرخیسدا 28

گفتوگۆی یەکەم: لە بارەی فێرکردنەوە 28

گفتوگۆی دووەم: دەربارەی برتراند راسل 38

گفتوگۆی سێهەم: لە بارەی شیعری –مەزەندە–وە 37

گفتوگۆی چوارەم: گفتوگۆیەکی تازە دەربارەی شیعر 57

گفتوگۆی پێنجەم: بە بۆنەی چوونە ناو مانگی مرۆڤەوە 67

گفتوگۆی شەشەم:دەربارەی نووسەرانی ڕووس 79

گفتوگۆی حەوتەم: لە بارەی سپینۆزاوە 89

گفتوگۆی هەشتەم: دەربارەی ئالونسوکیژانو 99

گفتوگۆی نۆیەم: دەربارەی کلتور و ژیاری سیلت 109

گفتوگۆی دەیەم: دەربارەی کوڤیدو 119

گفتوگۆی یانزەیەم: لە بارەی سویدنبرگی عارفەوە 129

گفتوگۆی دوانزەیەم: دەربارەی نیگارکێشان 138

PDF4Kurd



گفتوگۆی سیانزەیەم: دەربارەی ڤۆڵتێر 148
گفتوگۆی چواردەیەم: دەربارەی سەدەی نۆزدە 157
گفتوگۆی پانزەیەم: دەربارەی ڤیرجیل 168
گفتوگۆی شانزەیەم: دەربارەی دۆستایەتی 178
گفتوگۆی حەڤدەیەم: دەربارەی چسترتۆن 186
گفتوگۆی هەژدەیەم: لە بارەی کتێبی بەهەشت و دۆزەخەوە 196
گفتوگۆی نۆزدەیەم: لە بارەی فەرەنساوە 205
گفتوگۆی بیستەم: لە بارەی کەسایەتی و بوداوە 214

PDF4Kurd



# له بری  پێشەکی

## خورخه لویس بورخیس

## 1986-1899

بـورخیس نـاوێکی هـەرە درەوشـاوەی دنیـای داهێنـان و نوێخـوازی ئەدەبیی سەدەی بیستەمە، ڕوونابیرێکی فرە ڕەهەندی قووڵـە و شارەزای ڕەخنـەئامێز و هەڵسـەنگاندنی بابەتیانـەی کلتـوری کـۆن و تـازەی گـەلانی خۆرهـەلآت و خۆراوایـە. وەك دەڵـێن: ئەگـەر بـورخیس ڕووی نەکردایەتـە داهێنانی ئەدەبی، دەبووە یەکێك لە بیرمەندەکانی دنیا، لە خوێندنـەوەی وتـار و گفتوگۆکانیـدا ئاشـکرا ئـەم ڕاسـتیە دەردەکـەوێت. ئـەو فاکتـەرەی کاریگـەریی لەسـەر داهێنـان و ڕووناکبیری بـورخیس هـەبوە، بـە پلـەی یەکەم زانینی زمانە زیندووەکانی دنیایە بە تایبـەتی ئینگلیـزی کـە زمـانی "خوێندنەوە و ئەدەبی" بـوە. بێجگـە لـە زمانی ئیسپانی کـە زمانی دایك بـوە زمـانی ئـەڵمانی و ئیتـاڵی و فەرەنسیشـی زانیـوە. کاریگـەریی دوەم ژیـانی گۆشـەگیری ماڵەوەیـەتی کـە بـە هـۆی نابینایـیەوە ناچاری تـەریکی بوە و زۆربەی کاتی لە ماڵدا بەسەر بردوە، چاوکزی و پاشان بـە تـەواوی کوێربوونی بە میراتی لە بنەماڵەی باوکیەوە بۆ ماوەتەوە و گەلێك ڕەوشـی ئەدەبیی تیا سەقامگیر کردوە. لـە بەرهەمـە ئەدەبیەکانیـدا، بە تایبـەتی لـە چیرۆکدا ئەم مەسەلەیە زۆرجار ڕەنگی داوەتـەوە و بۆتـە کەرەسـەی کـاری داهێنانی، هەروەها لە وتـار و چاوپێکەوتنەکانیدا ئاماژەیان پـێ دەکات.

PDF4Kurd



"ئـامێر رودریگـنس مونیگـان" کـه بـاس لـه ژیـانی تایبـەتی و ئـەدەبی بـورخیس دەکـات دەڵێـت: "هـەموو شـتێك لـه ماڵەکەیـەوە دەسـت پـێ دەکات" ماڵێك بۆ تەنیایی و ڕامان و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی خۆیو باوکی.

بـورخیس وڵاتـانی ئـەوروپا و ئـەمریکای زۆر بینیـوە، هـەر لـه لاویـدا ئاشنایەتی لەگەڵ نووسەر و شاعیرانی گەورە و ڕێبازە ئەدەبی و فیکریـه جـۆرا و جۆرەکـانی کـۆن و سـەردەمەکەی پەیـداکردوە. لـه کـاتی هەڵگیرسـانی شـەڕی جیهـانی یەکەمـدا بـه خێزانـەوە چـوونەتە شـاری (جنیف) و بەشێکی خوێندنی بە زمانی فەڕەنسی لەوێ تەواو کردوە.

هـەر لـەو ماوەیـەدا زمـانی ئـەڵمانی فێربـوە. کارەکـانی "شـوبنهاوەر" و "کارلایـل" و "چیسـترتون"ی خوێندۆتـەوە، ئەمانـە کاریگـەریان لەسـەر دانـاوە و بـه درێـژایی ژیـانی زۆرجـار لـه نووسـین و وتاربێژیەکانیـدا دەگەڕێتەوە سەر بیر و بۆچوونەکانیان. بێجگە لە خوێندنـەوەی فەلسـەفە و مـەنتیق و مێـژووی ئاینـەکان، لـه ئەدەبیشـدا سـەرگەرمی ئـالان پـۆ و کافکا و گونگـورا و والـت ویتمـان بـوە و شیعریشـی نووسـیوە. هـەر لـە تەمـەنی لاویـدا لەسـەر بابـەتی فەلسـەفی و ئـەدەب گـەلێك وتـاری بڵاوکردۆتەوە، ساڵی (1925) بە نـاوی (تویژینەکانـەوە) کتێبێکـی گرنگی نووسیوە جێی دەستخۆشی لێکردن بوە. ساڵی (1935) یەکەم کۆمەڵـه چیرۆکی بـه نـاوی (مێـژووی ئـابڕووی جیهـان) بلاوکردۆتـەوە و پاشـان چـەند کۆمەڵـه چـیرۆکێکی تـری نووسـیوە. تایبەتمەندیـەتی چـیرۆکی بورخیس لەوەدایە کە زۆرجار دەبێتە چەند و چوون لەسـەر فەلسـەفە و ئەفسـانەی کـۆن و ڕەهەنـدی تـری فیکـری، دنیاکەیشـی پـڕە لـه تونـاو توونـەکانی واقیع و ئـاڵۆزی و بـێ سـەرەو بـەرەیی ژیـان و ڕێگـای وێـڵ و

PDF4Kurd



هەڵسوکەوتە ناجۆرەکانی مرۆڤ. ئەمانە لە ڕێگای خەیاڵێکی دەوڵەمەندو فانتازیایەکی داهێنەرانەوە کە بە عەشق و توانایەکی زۆرەوە گرێچنیان دەکات. لە جۆرە ئەدەبیەکاندا هەمیشە چیرۆکی کورتی لا خۆشتر بوە و بڕوایشی وابوە کە ڕۆمان چەند کورتە چیرۆکێکە و دراوەتە دەم یەك.

بورخیس ئارژەنتینی ولاتی زۆر خۆش ویستوە و گەلێك جار باسی لێوە دەکات، بە تایبەتی بۆینس ئایرسی زادگای، بەڵام ئەو ژیانە ڕووناکبیریەی دنیابینییەکی سەرانسەری وای تیا دروست کردوە کە سنووری ولاتەکەی ببەزێنێت و ببێتە نووسەرێکی گەورەی ئینسانی و تا کۆتایی تەمەنی هەر لەناو ئەو عەشقەدا بمێنێتەوە.

نامەوێت لەم پێشەکیەدا باسی کارنامە و ژیان و مەیلی تایبەتی و کار و پەیوەندیە تایبەتیەکانی بورخیس بکەم کە زۆری دەوێت، چونکە خۆی (لە وتاری دوای ئەم پێشەکیەدا) بەشێکی تری ئەو لایەنەی ژیانی خۆی نووسیوە و منیش هەر لەبەر ئەو گرنگیە لە شوێنێکی ترەوە وەرمگێڕا و خستمە دووتوێی ئەم کتێبەوە. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم دەربارەی ئەم بیست گفتوگۆیەیە کە (ئۆسڤالدوفراری) هاوڕێی لە دوا سالانی تەمەنی بورخیسدا لەگەڵیدا سازی داوە. وەك فراری خۆی دەڵێت گفتوگۆکان لە ماوەی سێ ساڵی دوایی ژیانی بورخیسدا (1984-1986) بۆ ڕادیۆی بوینس ئایرس کراوە و لە ڕۆژنامەی (تیمپوئارژانتینو)دا چاپکراون، بە هەمووی نەوەد گفتوگۆیان لێکەوتۆتەوە و لە سێ بەرگی کتێبدا کە هەریەکەیان (30) گفتوگۆن بلاوبوونەتەوە. گفتوگۆکان هەمەبابەت و فرە ڕەهەندن، دەربارەی شیعر و هونەر و کلتور و شارستانیەتی گەلان و نووسەر و بیرمەندانی وەك

PDF4Kurd



سپینۆزا و سویدنبرگ و بودا و ڤۆلتیر و شکسپیر و گەلێك بابەت و ناوی درەوشاوەی تری دنیای ئەدەب و فیکری جیهانی.

لە گفتوگۆکاندا دەرئەکەوێت (فراری) دۆستی زۆر نزیکی بورخیسە و ئەو بابەتانەی وروژاندونی لە هەردووکیانەوە نزیکە، بۆیە دیالۆژەکان زۆر زیندوون و بیر و بۆچوونەکان بە شارەزایی و هوشیاری هەردوولاوە دەوڵەمەند و کامڵ کراون.

بەرگی یەکەمی ئەم دیمانانە لە لایەن (ڤیدا فرهودی)یەوە کراوەتە فارسی کە (30) گفتوگۆن، من 20م لێ هەڵبژاردن و ئەگەر دەرفەتی ترم بۆ بڕەخسێت هەندێك لەوانی تریش دەکەمە کوردی. من لە دەوڵەمەندی بیری بورخیس و رووناکبیریە فرەلایەن و جۆراو جۆرەکانیەوە حەزی وەرگێڕانی گفتوگۆکانم تیا وروژا. بە ئەرکم زانی نەوەی نوێ، بە تایبەتی ئەوانەی زمانی بێگانە نازانن ئاگاداری ئەو پەیوەندیە کلتووریە ئینسانیە ببن کە بە درێژایی مێژوو تەواوکەری یەکتر بوون و مرۆڤیان بەرە و دیالۆگ و هەستی خۆشەویستی و لێك بوردن و خۆشبەختی یەکتر بردوە، شارەزایی لە کلتوور و هزری مەزنی دنیا واتا دەرچوون لە قەفەزی تەنگی خودبینی و سەرکەوتن بەرەو دنیایەکی جوان و باڵاتر کە جیهان بینیەکی مرۆڤ دۆستانە و خۆشەویستیەکی جیهانگیریە. ئەمە یەکەمین هەڵوێست و بنەمای بە نووسەر و بە ئینسان بوونە کە پێویستی سەرشانی هەر نەوەیەکە. هیوادارم کەم و کوورِی لە وەرگێڕانەکەمدا کەم بێت، وەرگێڕانی کامڵ نیە و ئێمەش لە سەرەتای ڕێگادایین.

ڕەووف بێگەرد

شوباتی 2004

PDF4Kurd



# بیوگرافی منداڵی و قوتابخانە و شیعر

نووسینی

خۆرخە لویس بورخیس

من هیچ چێژێك لە یادەوەری ساڵانی بەرایی قوتابخانە ناکەم. یەکەمیان لەبەرئەوەی لە تەمەنی نۆ ساڵیدا چوومەتە قوتابخانە. چونکە باوکم کە مەیلێکی ئانارشیستی توندی هەبوو, خۆشیی لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت نەدەهات. دووەمیان لەبەرئەوەی من چاویلکەم لە چاو دەکرد و یەخەی خوازراوو بۆینباخم دەبەست, ئیتر زۆربەی قوتابییەکان کە پەروەردەیەکی نادروست کرابوون بە درێژایی وەخت گاڵتەو شۆخیان پێ دەکردم, بۆیە ئێستا ناوی قوتابخانەکەم لە بیر نییە. وەلێ ئەوەی لە بیرم ماوە قوتابخانەکە دەکەوتە شەقامی ئەلتامیز (باوکم هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە مێژووی ئارژەنتین وەك فێربوونی ئاینی وایە) بۆیە دەبوو هەر کەس ئارژەنتینی بێت ئێمە خۆشمان بوێت. بۆ نموونە مێژووی ئارژەنتینیان فێر دەکردین بێ ئەوەی باس لەو ولآت و سەردەمانە بکەن کە ئارژەنتینیان پێك هێناوە. بەلآم لە وانەی دارشتندا بە ئیسپانی نووسینیان بە شێوازێکی شێواو فێر دەکردم:

PDF4Kurd



(ئەوانــەی لــە پێنــاوی سەربەســتی وڵات, ئــازادی, شــکۆمەندیدا خەباتیان کرد) پاشان لە جنێف, فێری ئەوەیان کردم کە ئەم شێوازە هیچ مانایەکی نییە و دەبێت خۆم بە چاوی خۆم شتەکان ببینم. وەلـێ نــورای خوشــکم کــە لــەدایکبووی ســاڵی (1901)ە ئاســایی چــوە قوتابخانەی کچانەوە.

بەدرێــژایی ئــەو ســاڵانە وەرزی هاوینمــان لــە "ئادروگیــە" بەســەر ئەبرد، کە بیست کیلۆمەتر لە باشووری بوینس ئایرسەوە دوور بوو، لەوێ موڵکداربووین, خانوویەکی گەورەی یەك قاتی و باخێکی فراوان بــە دەوریــدا, دوو ســاباتی هاوینــە و ئاشــێکی هــەوایی, بێجگــە لــە سەگێکی شوانیی تووك بۆرو لوول.

ئەوسا "ئادروگیـە" شارۆچـکەیەکی دووری هێـور بـوو, ماڵـەکانی گوندیانەو پەنجەرەکانی ئاسن و لە پاڵ دەرگاکانیدا ستوونی بەردین و گوڵجــاڕ بــوو, لــە دەوروبەریــدا بــاخ و شــەقامی روونــاك و درەختــی یوکالیپتوس هەبوو, لە ماوەی دە ساڵدا گەلێك لە هاوینەکانمان لەوێ بەسەربرد.

یەکەمین دیدەنیم لە ناوچەی ئەلبامبا ساڵی 1909 بوو, بە هۆی سەردانمان لە هەندێك لە خزمەکانی شارۆچکەی سان نیکولاس کە دەکەوێتە باکووری خۆراوای بوینس ئایرسەوە. لە بیرمە نزیکترین ماڵ لە ئێمەوە وەك نووختەیەکی نادیار لە ئاسۆدا دەردەکەوت, بەو ناوچە بەرفراوانەیان دەوت ئەلبامبا. کە پێیـان وتم کرێکارەکـانی کشـتوکاڵ سەر بە (توشو)ن وەك کەسایەتیەکانی ئەدوارد و جوسیرت, جێگایەکی تایبەتیان لای من پەیدا کرد, جارێکیان بەیانیەکی زوو بۆ ئاژەڵ لەوەڕاندن لەگەڵ خۆیاندا بە سواری بردمیان بۆ سەر ڕووبار, پیاوە

PDF4Kurd



کورتە باڵا و گەنم ڕەنگەکان, بەرگی بومبا چاسیان پۆشی بوو (جۆرە پۆشاکێکە) کە لێم پرسین ئاخۆ مەلە دەزانن یان نا, وەڵامیان دایەوە: "ئاو بۆ ئاژەڵە" دایکم بووکەڵەیەکی لەناو کارتۆنێکی گەورەدا پێشکەش بە کچی سەرکارەکەیان کرد. کە ساڵی ئایندە گەڕاینەوەو هەواڵی کیژۆڵەکەمان پرسی بە دایکمیان وت: "بەو بووکەڵەیە چەند بەختەوەرت کردووە" ئاماژەیان بۆ بووکەڵەکە کرد کە لە کارتۆنەکەدا وەك تابلۆ بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. دیار بوو نەیان هێشتبوو کیژۆڵەکە دەستی لێوە بدات نەك پیس بێت یان بشکێت و دەبێت هەر لە دوورەوە تەماشای کردبێت. بووکەڵەکەیەك کە لە سەرەوە دانرابێت و کەس نەیتوانیبێت دەستی تێوە بدات, دەشێت لە پاشەڕۆژدا بیپەرستن. ڕۆژێك "لوگونیس" نووسی کە لە قورتوبەدا پێش ئەوەی شوێنە بازرگانیەکان بکرێنەوە, وا باو بوە وەرەقەیەك لە کاغەزەکانی یاریان وەك تابلۆ هەڵواسیوە. وەرەقەکەیان بە بزمار لەسەر دیواری کوختەکانی (ئالگوشو) داکوتاوە, باشترین وەرەقەیش لایان ئەوە بوە کە وێنەی شێر و دوو قەڵای لەسەر بوە. وەك لە بیرم بێت پێش چوونم بۆ جنێف, هەوڵی نووسینی قەسیدەیەکم لەسەر (ئالگوشو) دابێت کە وابزانم ئیلهامەکەیم لە دۆخی شیعرێکی ئیسکاسوبی وەرگرتبێت. وەك لە بیرم بێت بە پێی توانا هەوڵم دابوو هەندێك لە تەعبیرەکانی ئالگوشوی تیا بێت. بەڵام ڕووبەڕووی گیروگرفتێکی زۆر تەکنیکی بوومەوە. دیارە دوای دووسێ برگە وازم لە هەوڵەکەم هێنا.

## ئەوروپا

PDF4Kurd



ساڵی 1914 بەنیازی ئەوەی بە تەواوی جێگیر بین چووین بۆ ئەورووپا, تا دەهات چاوی باوکم کزتر دەبوو, لە بیرمە جارێکیان وتی: "چۆن بتوانم ئیمزای کۆمەڵێك بەڵگەنامەی رەسمی بکەم کە نەتوانم بیانخوێنمەوە؟" کە لە تەمەنێکی زوودا ناچار کرا بە خانەنشینی, بۆ بڕیار لەسەردان و ڕێك خستنی ئەم گەشتە زیاد لە دە ڕۆژی نەخایاند, چونکە لەو سەردەمەدا دنیا وەك ئەمڕۆ ئەمەندە زۆر بەترس و پارێز نەبوو کە ئەم هەموو بەڵگەنامەی ئیداری و پێویستی تری بوێت. لە پێشا چەند هەفتەیەك لە پاریس ماینەوە, ئەو شارەی نە ئەوسا و نە ئێستایش بە شێوەیەکی تایبەتی ڕامناکێشێت. تا ڕادەیەك بە پێچەوانەی هەموو ئارژەنتینییەکانەوە. ڕەنگە بێ ئەوەی خۆیشم پێی بزانم, لەبەر ئەوە بێت کە من مەیلێکی بەریتانیم هەیە, لە ڕاستیشدا من زۆر جار ڕووداوەکەی (واتەر لوو)م بەسەرکەوتن لە قەڵەمداوە. مەبەستی ئەو سەفەرەمان بۆ ئەوە بوو کە من و خوشکەکەم لە جنێف بەردەوامیی بە خوێندن بدەین. وا بڕیار بوو لەوێ لای نەنکم –دایکی دایکم– بمێنینەوە کە بە درێژایی سەفەرەکەمان لەگەڵماندا بوو هەر لەو شارەیشدا کۆچی دوایی کرد. لە کاتێکدا کە باوك و دایکم بە ئەورووپادا دەگەڕان, باوکم لای پزیشکێکی پسپۆری سویسری بەناوبانگ لە چارەسەرکردنی چاویدا بوو, ئەوسا ژیان لەو کیشوەرەدا لە بۆینس ئایرس ئاسانتر بوو, لەو کاتەدا بیزۆی ئارژەنتینی دراوێکی بەهێز بوو, ئێمە ئاگامان لە ڕووداوەکان نەبوو, هیچ نەماندەزانی شەڕی یەکەمی جیهانی لەبەرپابووندایە و لە مانگی ئابدا دەست پێدەکات. بە ڕێکەوت لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا باوکم و دایکم لە ئەڵمانیابوون, وەلێ ئەوان تەگبیری گەڕانەوەی خۆیان بۆ جنێف کرد. دوای ساڵێك کە شەڕ

PDF4Kurd



له لووتکه‌یدا بوو, ئێمه توانیمان له ڕێگای چیاکانی ئه‌لپه‌وه گه‌شتێك به سه‌رووی ئیتاڵیادا بکه‌ین, تا ئێستایش یادوه‌ریه‌کی ورد و ڕوونم له‌سه‌ر ڤیرونا و ڤینیسیا هه‌یه, له سه‌ر سه‌کۆی ڤیرونیای چۆڵدا وه‌ستام‌و بوێرانه چه‌ند بڕگه‌یه‌کی درێژی شیعریی ئیسکاسویم خوێنده‌وه که له‌سه‌ر ئالگوشیو نووسیبووی.

له یه‌که‌مین پاییزی جه‌نگدا –1914– له کۆلێژی دوجنیف که جان کالفان دروستی کردبوو ده‌ستم به خوێندن کرد, قوتابخانه‌یه‌کی ئه‌هلی بوو, پۆله‌که‌م نزیکی چل قوتابی تیا بوو که نیوه‌ی بێگانه بوون. ماده‌ی سه‌ره‌کیمان لاتینی بوو, زوو له‌وه گه‌یشتم ئه‌وه‌ی بیه‌وێت لاتینی فێر بێت ده‌توانێت به ئاسانی گوێ به ماده‌کانی تر نه‌دات. وانه‌کانی – جه‌بر و کیمیا و فیزیا و زانستی کانزاکان و زانستی ڕووه‌ك و بایالۆژی – به فه‌ره‌نسی ده‌خوێنران. ئه‌و ساڵه هه‌موو تاقیکردنه‌وه‌کانم به‌سه‌رکه‌وتوویی بڕی, بێجگه له تاقیکردنه‌وه‌ی زمانی فه‌ره‌نسی. هاوپۆله‌کانم, بێ ئه‌وه‌ی خۆم بیزانم یان پێم بڵێن, داواکاریه‌کیان دابوو به به‌ڕێوه‌به‌ری قوتابخانه و هه‌موو ئیمزایان له‌سه‌ر کردبوو, له داواکاریه‌که‌دا ئاماژه‌یان به‌وه دابوو که من ناچار کرابووم هه‌موو وانه‌کانم به زمانی فه‌ره‌نسی بخوێنم که زمانێکه باش نایزانم و پێویستیم به فێربوونی هه‌یه, داوایان له به‌ڕێوه‌به‌ر کردبوو ئه‌وه ڕه‌چاو بکات و ئه‌ویش زۆر به خۆشییه‌وه قبووڵی کرد. له سه‌ره‌تادا ته‌نانه‌ت نه‌مده‌زانی مامۆستا که‌ی پرسیارم لێ ده‌کات, چونکه ناوه‌که‌می به‌شێوه‌ی فه‌ره‌نسی ده‌وت, ته‌نیا بڕگه ده‌نگیه‌که‌ی ده‌وت (وه‌ك چۆن وشه‌ی "بورج" ده‌وترێت, له کاتێکدا که ئێمه به دوو بڕگه‌ی ده‌نگی

PDF4Kurd



دەیڵێین, لەو کاتەدا پیتی —ج– دەبێتە —خ–ێکی سووکەڵە. بۆیە کاتێك دەمزانی پرسیارەکە بۆ منە کە هاوڕێیەکم بە ئانیشکی تێوەی دەژەندم.

ئێمە لە بەشێکی کۆنی ئاپارتمانێکدا دەژیاین کە دەکەوتە باشووری شارەوە, تا ئێستایش گەڕەکەکانی جنیف لە بۆینس ئایرس زیاتر شارەزام, بۆ ئەمە لێکدانەوەیەکی ئاسان هەیە, ئەگەر بزانین دوو شوێنی بەرز لە جنێفا نییە کە لە یەکتری بچن و ئەمەیش وا دەکات بە ئاسانی لە یەکتریان جیا بکەیتەوە.

هەموو ڕۆژێك بە کەنار ڕووبارە سەوزە بەستوەکەدا دەڕۆیشتم, ڕووباری ڕوون, کە بە ناوەڕاستی شاردا دەڕوات و حەوت پردی لە یەکتر جیاوازی لەسەرە. سویسریەکان ئاسایی خەڵکانێکی پارێزکارن, دوو هاوڕێی نزیکم هەبوون جوولەکەی بە ئەسڵ پۆلۆنی بوون —سیمون پشلنسکی و موریس ئیبراموفتیش– یەکێکیان بوو بە پارێزەر و ئەوی دی بە پزیشك. هەردووکیانم فێری یاری (تروکو) کرد, هێندە شارەزای بوون لە یەکەم یاریدا هەموو پارەکانیان لێ بردمەوە. ئەگەرچی لە ماڵدا هەر بە ئینگلیزی دەمخوێندەوە بەڵام لاتینیش فێر بووم. لە ماڵەوە بە ئیسپانی قسەمان دەکرد, بەڵام خوشکم لە زمانی فەرەنسیدا زۆر پێشکەوت, تەنانەت هەندێك جار هەر بەو زمانەوە خەونی دەبینی. لە بیرمە ڕۆژێك کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە, نورام لە پشت پەردە سوورەکەوە بینی کە لەبەر خۆیەوە هەر دەیوت: "مێش, مێش" بۆم دەرکەوت ئەویش گەیشتۆتە ئەو باوەڕە فەرەنسیەی کە مێش جۆرە مێروویەکی ترسناکە. دایکم هاواری لێ کرد: "وەرە دەرێ" شتێکی تریشی پێ وت کە بۆ وڵاتەکەی جوان نەبوو، وتی: "تۆ لە ناو مێشدا لەدایك بوویت و پێگەیشتیت".

PDF4Kurd



بەهۆی شەڕەوە, بێجگە لەو گەشتە کورتەی ئیتالیا و هەندێکی تری ناو سویسرا, نەمانتوانی سەفەری تر بکەین. دوای ماوەیەکی کەم, نەنکە ئینگلیزەکەم, توانی لەگەڵ چوار پێنج گەشتیاری تردا, لە ئابڵووقەی پاپۆڕەکانی ئەڵمانیا خۆی رزگار بکات و لە جنێف بگاتە لامان.

بە دەستپێشخەری خۆم, لە دەرەوەی قوتابخانە دەستم بە فێربوونی زمانی ئەڵمانی کرد, ئەم بیرۆکەیەم ئەو کاتە لەسەر گەڕا کە ( Sortor Resartus)ی "کارلا لایلم" خوێندەوە. ئەو نووسەرەی لە لایەکەوە سەرسامی کردم و لەلایەکی ترەوە هەرەسی پێ هێنام. پاڵەوان دیوجینیس –پیسایی–ی شەیتان ئەڵمانیە و مامۆستای ئاقاری ئایدیالستیە. من لە ئەدەبی ئەڵمانیدا بە دوای سیمایەکی جەرمەنیدا دەگەڕام کە شێوەیەکی تاسیتی تیا بێت. بەڵام پاشان ئەوەم لە زمانی ئینگلیزی کۆن و ئەسکەندەناڤی کۆندا دۆزیەوە. من ئەدەبی ئەڵمانی بە ئەدەبێکی رۆمانسی و ناتەواو دەزانم. لە سەرەتادا دەستم دایە کتێبی (رەخنەی عەقڵی پەتی) پێی گەورە, بەڵام زۆری نەبرد کە ئەو کتێبە نا ئومێدی کردم وەك چۆن زۆربەی خوێنەرانی نائومێد دەکات, تەنانەت زۆربەی خودی خوێنەرە ئەڵمانیەکانیش. بە خۆم وت شیعر زووتر بە دەستەوە دێت چونکە کورتە, بۆیە کەوتمە هەڵوەدای دەستخستنی شیعرە بەراییەکانی هانریش هاینە (Lurisches intermezzo) هەروەها فەرهەنگی ئەڵمانی – ئینگلیزی. پاشان وردە وردە ئەوەم بۆ ڕون بووەوە بە هۆی فەرهەنگی ئەو شاعیرەوە واز لە فەرهەنگی تر بهێنم. زۆری نەبرد کە توانیم چێژ لە جوانی زمانەکەی هاینە ببینم و ڕۆمانی مایرنك Der Gotem بخوێنمەوە.

PDF4Kurd



ساڵی 1969 كە سەری ئیسرائیلم دا, چەند و چونێك لە نێوان من و گرشوم شولیمدا لەسەر ئەفسانەیی مەجەری گولیم ڕوویدا. گرشوم پسپۆرە لە كلتوری یەهودیدا, من دوو جار لەبەر پێویستیی كێش لە دوو شیعری خۆمدا ناوی گولشیمم هێناوە, هەروەها هەوڵمداوە خۆم خەریكی –جان بول ریختەر– بكەم لەبەر كارلایل و توماس دوكونیسی – ئەمە لە دەوروبەری ساڵی 1917دا بوو, بەڵام زۆری نەبرد كە زانیم ئەو خوێندنەوەیە بێزاركەرە, لەگەڵ ئەوەیشدا كە بەریتانیەكان سەرسامن بە ریختەر بەڵام بۆم دەركەوت نووسەرێكی قووڵ نیە و خوێندنەوەی خۆش نیە, لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێبازی تەعبیریەتی ئەڵمانی زۆری سەرنج راكێشام و تا ئێستایش لەو باوەڕەدام كە تەعبیریەت باڵاترین قوتابخانەی هونەری سەردەمی وەك ئینتباعیەت و كوبیزم و فیوچەریزم و سوریالیەتە و.. دوای چەند ساڵێك لە مەدرید كەوتمە وەرگێڕانی هەندێك لە شاعیرە تەعبیریەكان, وەك بزانم ئەوە هەوڵ و دوا وەرگێڕانی ئەو شیعرانە بوو بۆ سەر زمانی ئیسپانی.

ئەو ماوەیەی لە سویسرا بووم, كەوتمە خوێندنەوەی شوپنهاوەر, تا ئێستایش ئەگەر پێویست بێت تاقە فەیلەسوفێك بخوێنمەوە هەر ئەو هەڵدەبژێرم, ئەگەر بمانەوێت بە وشە تەعبیر لە گەردوون بكەین ئەو وشانە لە بەرهەمەكانی شوپنهاوەردا دەبینینەوە, چەند جارێك بە زمانی ئەڵمانی خوێندومنەتەوە, بە زمانی ئیسپانییش لەگەڵ باوكم و هاوڕێ گەورەكەیدا "ماسیدونیو خوناندیسدا" خوێندومەتەوە. من ئەڵمانی بە زمانێكی زۆر جوان دەزانم, ڕەنگە لەو ئەدەبەی بەرهەمی هێناوە جوانتر بێت. لە كاتێكدا كە فەرەنسی, موفارەقەكە لێرەدایە, ئەدەبێكی جوانی بەرهەم هێناوە لەگەڵ ئەوەیشدا كە خۆی وابەستەی

PDF4Kurd



قوتابخانە و بزاوتە ئەدەبییەکانە, بەڵام زمانەکە خۆی لە خۆیدا بەڕای من ناجۆرە, چونکە شتەکان کە بە فەرەنسی دەوترێن گران دەکەونە سەر زمان. من لەو باوەڕەدام تەنانەت زمانی ئیسپانی لە فەرەنسی چاکترە, ئەگەرچی رستەی ئیسپانی درێژتر و کاراترە. هەرچەندە من نووسەرێکی ئارژەنتینیم دەبینیت ناچارم بەوەی بە ئیسپانی تەعبیر بکەم, بۆیە ناتەواویەکانی ئەم زمانە دەزانم. لە بیرمە گۆتە لە بارەی زمانی ئەڵمانیەوە جارێك نووسیویەتی بە زمانێك دەنووسێت خراپترین زمانی دنیایە –واتا زمانی ئەڵمانی– وا دەزانم زۆربەی نووسەران هەمان ئەو رایەی گۆتەیان هەیە لەسەر ئەو زمانانەی کە ناچارن پێی بنوسن. وەلێ لە بارەی زمانی ئیتالیەوە گەلێك جار "کۆمیدیای ئیلاهی"م خوێندۆتەوە, بە دوانزە چاپی جیاواز, هەروەها ئاریوست و تاسە و کروتشە و جنتیلەم خوێندۆتەوە. بەڵام من لە قسەکردن بە زمانی ئیتالی یان بینینی شانۆنامە یان فیلیمێك بە ئیتالی دەستم کورتە. بۆ یەکەمین جار لە جنیفیش والت ویتمانم لە ڕێگای قەسیدەیەکە وە ناسی کە یوهانس شەلاف لە ئەڵمانیەوە وەریگێڕابوو (ڕۆژێك لە ئەلەباما‌دا کە گەشتی بەیانیانم دەکرد) من بەلامەوە بێهودەیی بوو شاعیرێکی ئەمەریکی بە ئەڵمانی بخوێنمەوە, ڕامسپارد دانەیەك لە دیوانەکەی (Leans of Gras)م لە لەندەنەوە بۆ بنێرن. تا ئێستایش بە چاکی لە بیرمە بەرگێکی سەوزی تێگیرا بوو. بۆ ماوەیەك بڕوام وا بوو کە والت ویتمان نەك تەنیا شاعیرێکی گەورەیە, بەڵکو تاقانە شاعیرە. جەختم لەسەر ئەوە دەکرد کە هەموو شاعیرانی دنیا تا ساڵی 1855 بێجگە لە ڕێ خۆشکردن بۆ هاتنی ویتمان هیچیان نەکردوە. ئەو کەسەیش کە ڕێچکەی ئەو هەڵنەگرێت نەخوێندەوارە. من هەمان

PDF4Kurd



حەماسەتم بۆ کارلایلیش هەبوو, بەڵام ئێستا خوێندنەوەیم لا خۆش نیە, هەروەها شیعری سویبرینش. ئەمە ئەو قۆناغانەن کە پیایاندا تێپەڕیوم, پاشانیش زۆر جار هەمان هەستم بەسەر کردۆتەوە کە من لە ژێر کاریگەریی نووسەرێکی دیاریکراودا بوم.

تا ساڵی 1919 لە سویسراداماینەوە, دوای ئەوەی سێ چوار ساڵ لە جنیف بووین چووینە لوجانو, من بڕوانامەی بەکالوریوسم وەرگرتبوو, ئەوەیش بەلادا کەوتبوو کە من بەرەو دنیای ئەدەب دەچم. دەمویست باوکم نووسینەکانم ببینێت, بەڵام ئەو زیاد لە جارێك پێی ڕاگەیاندم کە بڕوای بە ئامۆژگاری کردنم نیە و دەبێت خۆم بە تەنیا ڕێگا لەبەر بگرم بە هەموو ئەنجامێکەوە. چەند سونێتایەکم بە ئینگلیزی و فەرەنسی دانابوو, سوناتا ئینگلیزیەکان لاسایی کردنەوەی (دورسورس) بوو, بەڵام فەرەنسیەکە, بە پێی گرێ و گۆڵیەکەی لاسایی کردنەوەی شیعری ڕەمزی بوو. تا ئێستایش تاقە بەیتێکی هەوڵە فەرەنسیەکەم لە یادە: "ئەی کارتۆنە ڕەشەکەی کەمانی شکاو" کە ناونیشانی قەسیدەکە بوو: قەسیدەیەك بە شەقڵێکی ڕووسی بوترێت, لەبەرئەوەی کە دەمزانی من فەرەنسی وەك بێگانەیەك دەنووسم, وای بۆ چووم ڕەنگە شەقڵی ڕووسی چاکتر بێت لە ئارژەنتینی, لە هەوڵەکانی زمانی ئینگلیزیدا دەمویست پەنا بەرمە بەر هەندێك لەو مۆرکە ئەسلوبیەی کە لە سەدەی هەژدەوە ماوەتەوە. بۆ نموونە بنووسم (ger) لە باتی (over) یان لەبەر پێویستی کێش بنووسم (doth sing) لە باتی (sings) بەڵام زوو زانیم کە بە ناچاری هەر دەبێت بە ئیسپانی بنووسم.

PDF4Kurd



بڕیاری گەڕانەوەمان بۆ وڵاتی خۆماندا, دوای ئەوەی ساڵێك لە ئیسپانیا ماینەوە, ئارژەنتینیەکان تەنیا لەوساوە هەوڵی ناسینی ئیسپانیایاندا, چونکە پێش ئەو کاتە تەنانەت گەورە نووسەرانی وەك ریکاردو جویرالدس و لیوبولد و لوجونس, کە دەیانویست بۆ ماوەیەك لە ئەوروپادا بژین هەر بە دەستی ئانقەست بە ئیسپانیادا تێنەدەپەڕین. ئەمەیش هەر لە خۆوە دروست نەبوە, چونکە لە بوینس ئایرس, زۆر جار ئیسپانیەکان لە ڕووی پلە و پایەیانەوە کاری زۆر نزمیان دەکرد – وەك خزمەتچیەتی و بۆی و کرێکاری– یان لە بازرگانە بچووکەکان بوون. هەروەها ئێمەی ئارژەنتینیش ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆمان بە ئیسپانی نەزانیوە, لە ڕاستیدا ساڵی 1816 کە جاری سەربەخۆیی خۆماندا دەستبەرداری ئەوان بووین. کە بە منداڵی کتێبی (The corquest of poru)ی برسکوتم خوێندەوە سەرم سوڕما کە وێنای داگیرکەرانی لە شێوەیەکی ڕۆمانسیدا کردبوو, چونکە من ئەگەر چی بە ڕەچەڵەك دەچوومەوە سەر هەندێك لەو ناودارانەی کە ئەو باسی کردبوون, بەڵام وام دەبینی کە ئەوان لە ڕوویەکی ترەوە هیچ وپووچن. کەچی ئەمەریکاییە لاتینیەکان کە لە چاوی فەرەنسیەکانەوە لێیان دەڕوانین, بە کاریگەریان لە قەڵەم دەدان, تازە لە تۆمەتەکانی گارسیالۆرکا – قەرەج, شەڕەگا, ئەندازەی مورسکیە دەرچوون. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئیسپانی زمانمانە و خوێنمان ئیسپانی و پورتوگالیە, بەڵام خێزانەکەم بۆ چرکەیەکیش بیری لەوە نەکردەوە کە ئەو گەشتەی ئیسپانیامان گەڕانەوە بێت بۆ وڵاتی دایك دوای ئەوەی سێ سەدەی بەسەردا تێپەڕیبوو.

PDF4Kurd



روومـان لـه (مايوركـا) كـرد چـونكه بـێ لـەوەی زۆر هـەرزان بـوو شارێكی جوانیش بوو, بێجگە لە ئێمەیش گەشتیاری زۆر كەم لێ بوو. نزیكەی ساڵێكی تەواو لە باڵمای باڵدیموس دابووین كە تاقە گوندێكی ناوزورگەكان بوو, لەوێ بەردەوام بووم لەسەر وانە لاتینیەكانم, بەڵام ئەمجارەیان لەسەر دەستی ڕاهیبێكدا كە تێی گەیاندم لەبەرئەوەی دنیا ڕەنگاڵەییەكەی هەموو پێویستیەكانی دابین دەكات, ڕۆژێك لە ڕۆژان ئارەزووی خوێندنەوەی ڕۆمانی نەكردوە, لەگەڵ ئەو ڕاهیبەیەدا زۆر زوو ڤیرجیلم دیراسە كرد كە تا ئێستایش پێی سەرسامم. لە بیرمە كە خەڵكی شارۆچكەكە چەندە بە مەلەوانیەكەم سەرسام بوون. لە رووبارە خوڕەكانی وەك رووباری ئوروگوای و روانـدا تـەواو پـڕ كـار بـووم. لە كاتێكـدا كـە مایوركییـەكان ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بێجگـە لـە ئـاوی پـەنگ خواردووی بێ شەپۆل زیاتر مەلەیان لە ئاوی تردا نەكردبوو.

بـاوكم سـەرقاڵی نووسـینی ڕۆمانێـك بـوو كـە دەیویسـت یـادوەری ڕۆژانـی رابـوردوی خـۆی لـە مـاوەی شـەڕی نـاوخۆی حـەفتاكانی ئـەو سەدەیەدا و لە ئەنتری یوسی زایگایدا روویاندا بوو تیا كۆبكاتـەوە "لـە بیرمـە مـن پێشـنیازی هەنـدێك كینایـەی نـاقولاّم بـۆ كـرد كـە ئیلـهامی تەعبیریە ئەڵمانیـەكان بوون و ئەویش بە ناچاری وەری گرتن" پاشان پێنج سەد دانەی لە ڕۆمانەكەی چاپ كرد و بردی بۆ بوینس ئایرس و بـە دیـاری پێشكەشـی هاوڕێكـانی كـرد. وشـەی (بارانا) كـە شـاری لـەدایكبوون و ژیـانی بـوو لـە دەقەكـەدا زۆر دووبـارە دەبـوەوە, بـەڵام تایپكەرەكان هەر بە دەستی ئانقەست لە هەر شوێنێكدا ئەو وشـەیەیان دیبوو كردبوویـان بە (باناما) باوكیشم بۆ ئەوەی ماندوویان نـەكات و لەبەرئـەوەیش كـە ڕەنگـە هەڵەكـە لـە راسـتەكە خۆشـتر بێـت وەك خـۆی

PDF4Kurd



هێشتیەوە. دوای ئەوە بە حەڤدە ساڵ، کەمێك پێش مردنی، ئاگاداری کردم کە دەیەوێت ڕۆمانەکە بە زمانێکی سادەتر بنووسرێتەوە دوور لە شێوازی زۆر لە خۆ کردن و بە باق و بریق، وەك من بۆ خۆم لەو ماوەیەدا چیرۆکێکم لە بارەی غوڵێکی گورگیەوە نووسی. دەقەکەم بۆ گۆڤارێکی میللی نارد بۆ مەدرید کە ناوی (La Espua) بوو، بەڵام بڵاوکەرەوەکان، هەر بە حوکمی شارەزای و لێزانینیان بڵاویان نەکردەوە.

زستانی ساڵی 1919-1920 مان لە ئیشبیلیە بەسەر برد، لەوێ بۆ یەکەمین جار، شیعرێکی خۆمم بە چاپکراوی بینی، ناونیشانی شیعرەکە "سروودی دەریا" بوو "لە گۆڤاری جریتیا، ژمارە 13ی کانوونی یەکەمی 1919دا" لەو شیعرەدا هەوڵی زۆرمدا بوو لاسایی شێوازی والت ویتمان بکەمەوە:

"دەریا! ئەی ئەفسانە! ئەی خۆر! ئەی بۆشاییەکی ئاسوودە! تۆ بزانە کە ئێمە دوو پیرین، سەدەهایە یەکمان ناسیوە، ئەی بریتوس، من بە گیان قەرزداری تۆم، هەردووك پێ لە کۆتاین، وێڵین، تینووی ئەستێرەکانی ئاسمانین، دەپاڕێینەوەو داڕماوین..."

ئێستا زۆرم بەلاوە گرانە وێنای دەریا بکەم، یان ئەوەی کە تینووی ئەستێرە بم.

گەلێك ساڵانی ویست پێش ئەوەی ڕستەکەی ئارنولد بینیسی ببینم کە باس لە "ڕەوانبێژی نەسەقی سێ" دەکات، زۆر زوویش لە ماناکەی گەیشتم، لەگەڵ ئەوەشدا، دوای چەند مانگێك لە بڵاوکردنەوەی لە ناو هەموو شیعرەکانمدا ئەو پەسەند کرا، وەك ئەوەی من شاعیری دەریا بم.

PDF4Kurd



له ئیشبیلیه, چوومه ناو كۆمهڵهیهكی ئهدهبیهوه كه سهر به گۆڤاری "جریتیا" بوون, ناویان له خۆیان نا بوو توندڕەوەكان "المتطرفون" ئامانجی كۆمهڵهكه نوێ كردنهوهی ئهدهب بوو, كه لقێك بوو له هونهر و ئهوان هیچیان لێ نهدهزانی, ڕۆژێك یهكێكیان پێی وتم ئهو تهنیا "كتێبی پیرۆز"ی خوێندۆتهوه لهگهڵ سیرڤانتس و روبن داریوو یهك دوو بهرههمی مامۆستا روفاییل كانینوس ئسینس, لهبهر ئهوهی من ئارژەنتینیم ههستم به شهرمێك كرد كاتێك زانیم یهكێك لهوانه فهرهنسی نازانێت, ههموویشیان له ئهدهبی ئینگلیزی بێ ئاگان, تهنانهت كه یهكێك لهوانهیان پێ ناساندم كه خاوهن پله و پایهن و پێیان دهوت: "ئینسانی" زانیم لاتینی زانینهكهی ههرگیز ناگات بهوهی كه من فێری بووم. له بارهی گۆڤاری (جریتیا)یشهوه بڵاوكهرهوهكهی ناوی ئیسحاق دلباندو بیلار بوو, یارمهتیدهرەكانی ههڵنابوو شیعرەكانی به ئیمزای خۆیهوه بۆ بڵاو بكهنهوه, لهبیرمه ڕۆژێك یهكێكیان پێی وتم: "من زۆر سهرقاڵم, ئیسحاق خهریكی شیعردانانه"

پاشان چووین بۆ مهدرید و لهوێ نیشتهجێ بووین, ئهوهی لهوێ رویدا و من مهبهستم بێت بیڵێم دۆستایهتیم بوو لهگهڵ روفاییل كانسینوس ئسینسدا, تا ئهمڕۆیش خۆم به قوتابی ئهو ئهزانم, له ئیشبیلیهوه هاتبوو, دوای ئهوهی وانهی كیریكی خوێندبوو بهو نیازهی ببێته ڕاهیب, بهڵام له ئارشیفهكانی دادگای پشكنینه ئاینیهكاندا ناوی كانسینوسی دۆزیوهو بڕیاریدا كه جوولهكهیه, ئهمه هانیدا فێری زمانی عیبری بێت, تهنانهت له دواییدا به ناچاری خۆی خهتهنه كرد, ئهو هاوڕێیانهی له ناوهندی ئهدهبیی ئهندهلووسدا دیبوومن پێیان

PDF4Kurd



ناساندم, به شەرمەوە تاریفم لە شیعرێکی کرد, ئەویش هەر دەربارەی دەریا بوو.

کانسینوس پیاوێکی باڵا بەرز بوو, وەك ئەندەلوسیەك گاڵتەی بە هەموو قشتالیەك دەکرد. ئەوەی کەسایەتی کانسیوسی لە خەڵکی دی جیا دەکردەوە ئەوە بوو کە ئەو بۆ ئەدەب دەژیا , بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ سامان و ناوبانگ بکات. شاعیرێکی چاك بوو, کۆمەڵێك مەزامیری نووسیبوو. ئیرۆسیەتێکی ئاشکرایان پێوە دیار بوو – ناوی لێ نابوون (مۆمدانە حەوت چڵەکە) و ساڵی 1915 بڵاویکردنەوە, هەروەها ڕۆمان و کورتە چیرۆك و وتاری ڕەخنەیی دەنووسی, ئەو کاتەی ناسیم سەرۆکی ئەڵقەیەکی ئەدەبی بوو.

هەموو ڕۆژانێکی شەممە دەچووم بۆ (café colonial) لە نیوە شەودا پێك دەگەیشتین و تا بەرەبەیان چەند و چوونمان دەکرد, هەندێك جار ژمارەمان دەگەیشتە سی تا چل کەس. ئەم کۆمەڵەیە هەرشتێك پەیوەندی بە داب و نەریتی میللی ئەسپانیەوە هەبوایە وەك شەڕگا خۆشیان لێ نەدەهات.

ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە عاشقی مۆسیقای جاز بوون کە لە ئەمریکاوە هاتبوو, پێیان خۆشبوو ئەوروپایی بن نەك تەنیا ئیسپانی. کانسینوس پێشنیازی بابەتێکی بۆ لەسەر دووان دەکرد –خوازە– شیعری ئازاد, شێوازە کلاسیکیەکانی شیعر, شیعری پەخشان, ئاوەڵناو, کردار. ئەگەر چی کانسینووس سیمایەکی هێور و لەسەرخۆی هەبوو بەڵام بە دکتاتۆرێك دەچوو کە ڕێگای هیچ ئاماژە و هێمایەکی بە نووسەرە ئامادەبوەکان نەدەدا, هەوڵی دەدا گفتوگۆکە هەر لە شکۆمەندیدا ڕابگرێت.

کانسینوس بەردەوام سەری لە خوێندنەوەدا بوو, کتێبی (دان پێدانانی تلیاکیەك)ی تۆماس دوکوینیسی و (یادوەریەکانی) مارکوس ئودیلیوسی لە یۆنانیەوە وەرگێرابوو, هەروەها ڕۆمانی هنری باربوس و (زیندەوەرە خەیاڵییەکان)ی شوب. پاشان دەستی کرد بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی گۆتە و دیستۆفسکی, هەر ئەویش بۆ یەکەمین جار (هەزار و یەك شەوە)ی وەرگێڕایە سەر زمانی ئیسپانی, ئەم وەرگێڕانە کەمتر خۆی بە دەقەکەوە بەستۆتەوە وەك لە وەرگێڕانەکەی برسون یان لاینی, وەلێ بەڕای من, وەرگێڕانەکەی کانسینوس بۆ خوێنەر بە تام و چێژترە.

ڕۆژێك دیدەنیم کرد و بردمی بۆ کتێبخانەکەی, یان باشتری بڵێم هەموو ماڵەکەی کتێبخانە بوو, بە ناو کتێبە کەڵەکە کراوەکاندا دەڕۆیشتم وەك بە ناو دارستانێکدا تێپەڕم. ئەوەندە هەژار و دەست کورت بوو نەیدەتوانی ڕەفە بۆ کتێبەکانی دروست بکات, بۆیە هەمووی لەسەر یەك کەڵەکە کردبوو, لەسەر زەویەوە تا بنمیچ, دەبوو ئەوەی بچوایەتە ماڵەکەی بە ناچاری بە ناو ستوونی کتێبدا تێپەڕێت. من کانسینوسم وا دەبینی کە بە تەنیا نوێنەری هەموو ڕابووردووی منە, ئەوە ئەو ئەوروپایەیە کە لە دوای خۆمەوە جێی دەهێڵم, جۆرێك بوو لە ڕەمز بۆ هەموو کلتورەکان. کلتووری لێدان وەك لە خۆرهەڵات هەیە, بەڵام جۆرێك لە ئاوارتەیی زەینیی ڕێگای لێ دەگرێت کە نەتوانێت لەگەڵ دیارترین هاوسەردەمی خۆیدا پێك بێت. ئەمە وای لێ کردبوو کە هەندێك کتێب پۆلێن بکات لە پیاهەڵدانی نووسەرانێکدا کە لە پلەی دوو سێدان. لەو کاتەدا –ئورتیفا ئەی جاسیت– لە لووتکەی شکۆمەندیا بوو, بەڵام کانسینوس وەك فەیلەسوفێکی خراپ و

PDF4Kurd



نووسەرێکی خراپ لێی دەڕوانی. ئەوەی کە زۆرم حەز پێ دەکرد لەودا وتووێژە بەتامە ئەدەبییەکان بوو. هەروەها هەڵینام هەندێك کتێب بخوێنمەوە ئەگەر ئەو نەبوایە هەرگیز نەمدەخوێندنەوە. کە خۆیشم بۆ نووسین تەرخان کرد هەستم کرد بەشێوەیەکی پێکەنین هێنەر لاسایی ئەو دەکەمەوە. شێوازی نووسینی کانسینوس لەسەر ڕستەی درێژی بە شەپۆل دەوەستێت کە زیاتر سیمایەکی عیبری تیایە زیاد لەوەی کە ئیسپانی بێت..

**سەرچاوە**

**گۆڤاری (نزوی) ژمارە** 30 **ساڵی** 2002

PDF4Kurd



# لەگەڵ خۆرخە لویس بۆرخیسدا*[1]

## گفتوگۆی یەکەم لە بارەی فێرکردنەوە

**ئوسوالدو فراری[2]: بورخیس تۆ دەزانیت, شتێکی ناجۆر لای من دروست بووە کە زۆر جار بیری لێ دەکەمەوە: تۆ کە ساڵانێکە بەردەوام دەرس دەڵێیتەوە, کەچی زیاتر لە قوتابی دەچیت تا مامۆستا, بە جۆرێکی دی تۆ زیاتر فێرخوازیت تا فێرکەر؟!**

بورخیس: باوکم دەیوت: ئەوە منداڵەکانن داك و بابیان فێر دەکەن. من تەواو حەزم بە سمینارە, نازانم بۆ هەندێك مامۆستا حەزیان لەوەیە خوێندکاریان زۆر بێت, لە کاتێکدا کە تا قوتابی زۆر بێت گیروگرفت زیاتر دەبێت.

**ف: پۆلیش چەند بەرەکەیی لێدەبێتەوە..**

ب: وایە, من نزیکەی ساڵێك مامۆستای زانکۆی کاتۆلیکی شەقامی "کوردوبا – cordoba" بووم, پاشان ئەو کارەم دایە لاوە, چونکە

---

* بە درێژایی گفتوگۆکان پیتی (ب) بۆ بۆرخیس و پیتی (ف) بۆ فراری دادەنێین.

1 .Jorge Luis Borges

2 .osvaldo Ferrari

PDF4Kurd



پۆلێکی چل دەقیقەیم هەبوو نەوەد خوێندکاری تیابوو, ئەدەبیاتی ئینگلیزیم پێدەوتن, ئەسڵەن نەمدەتوانی کارێکی تیا بکەم, چل دەقیقە هەر بەشی هاتن و چوون و جێگۆڕکێی ئەوانی دەکرد. کات دەڕۆیشت و کەس هیچی نەدەکرد. بە پێچەوانەوە, چاکترین شت کۆڕێکی ئەوپەڕی شەش کەسیە (چوار یان پێنج چاکترە) بۆ ماوەی دوو سەعات. لەم حاڵەدا دەشێت کاری بەسوود بکرێت, من ئەم کارەم لە سەردەمی وانە وتنەوەی زمانی ئینگلیزی کۆن (ئەنگلوساکسون)دا لە کتێبخانەی میللی ئەنجامدا, ئێمە پێنج شەش کەس زیاتر نەبووین, ئەو کاتەیش کە لەبەردەستماندا بوو کراوە بوو, واتا بەرەهایی ئێمە زۆرمان کەڵك لێ وەردەگرت. پاشان کورسی مامۆستایی فەلسەفە و ئەدەبیاتم لە "ڤیمونتا – Run Via monte" دوای ئەویش لە "ئەندیپیندانس – Run de lindependance" وەرگرت.

**ف: من بزانم, بە چوار ساڵ وانە وتنەوەی سەرومڕ لەگەڵ چەند وتاربێژیەکدا ئەدەبی ئارژەنتینیت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تەواو کرد.**

ب: وایە, لە چوار زانکۆدا, لەگەڵ چەند وتاربێژیەك لە بارەی نووسەرانی ئارژەنتینەوە, لە ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکای باکوردا, ئەم کارانە منیان شادمان دەکرد, بەڵام پاشان تێگەیشتم کە ئامادەکردنی دەرس و وتاربێژی لە توانای مندا نیە (ئەوانی تریش لەمە گەیشتبوون) من گفتوگۆم لا پەسەندترە, هەر بۆ نموونە بە ڕێکەوت پێری شەو میوانی خانمێك بووم کە لە "ڤیلاکرسپو – Villa

PDF4Kurd



crespo" ئاتلیەیەکی[3] ئەدەبی هەیە, ئەو شەوە وەڵامی چەند پرسیارێکم دایەوە لە بارەی ئەدەبەوە. پرسیارەکان گونجاو و سەرنج ڕاکێش بوون, دوایی پێیان وتم گفتوگۆکە دوو سەعات و پێنج دەقیقەی خایاندوە, کەچی من هێندەم لا خۆش بوو وام هەست دەکرد تەنیا نیوسەعاتە.

**ف: بە هۆی پرسیارەکانەوە؟**

ب: بەڵێ, هەر لەبەرئەوە, لە ئێستادا من بەو ئەنجامە گەیشتووم, کە بۆ من شێوازی گفتوگۆ باشترە, هیوادارم بۆ گوێگر و خوێنەریش هەروا بێت (پێدەکەنێت).

**ف: پێدەچێت دەرس وتنەوە وەك کاریگەری کلێشە و سواوی ناچاری کاریگەریەکی سەلبی لەسەر ئێوە هەبێت؟**

ب: بەڵێ کاری ناچاری بە واتای تەواو ماندوکەری وشەی ناچاری, گوێ بگرە, (با شتێکتان بۆ باسبکەم) (ئیمیلیو ئوریب – Emilio oribe)ی شاعیری ئۆرگوایی, کە یەکێك بوو لە هاوڕێکانم, لە کۆلێژی ئەدەبیات و فەلسەفەی (مونت ڤیدو) دەرسی فەلسەفەی دەوتەوە, پیاوێکی زەبەلاحی نەبیستبوو, ئەم سیفەتانە وای لێکرد بوو تاڕادەیەك لە خۆی دڵنیا بێت, ئەوەی خۆی نەیویستایە نەیدەبیست, بیستم ڕەوشتێکی سەیری فێری خوێندکارەکانی کردبوو, پێش ئەوەی زەنگی کۆتایی دەرس لێبدرێت بە دە دەقیقە, ئەم پیاوە هەڵکەوتوە (کە تا ڕادەیەك لە ئەلمافویرت و سارمینتو) دەچوو, هەردوو چاوی دەنووقاند, خوێندکارەکان لەوە ئاگاداربوون کە دەرسەکەیان دە دەقیقە

---

[3] ئاتلیە Atelier (فەرەنسی) شوێنێك چەند هونەرمەندێك لە ژێر چاودێریی مامۆستایەکدا کار بکەن (فەرهەنگی عەمید).

PDF4Kurd



زووتر كۆتایی هاتووه و دەبێت پۆل بەجێبهێڵن. ئەم رەوشتە پەیڕەویی لێدەكرا, خوێندكارەكان مامۆستاكەی خۆیان دەناسی و, ڕێزیان لەو پیاوە هەڵكەوتوە دەگرت كە لە پشت مێزەكەیەوە دەمایەوە و خۆی بە خەوتوو دەدایە قەڵەم. ئەو خوێندكارانەی ئەمەیان بۆ گێڕامەوە مامۆستاكەیان خۆشدەویست, دەركی ئەوەیان كردبوو كە بەشێوەیەكی سروشتی, چل دەقیقەی بەردەوام قسەكردن مرۆڤ ماندوو دەكات.

**ف: دەربارەی كۆنفرانسەكانت, نازانم ئەوەی من لێوەی دەزانم تەواوە یان نا؟ وابزانم یەكەم كۆنفرانس لە "قوتابخانەی ئازادی فێركردنی باڵا" بوو.**

ب: وایە, دوای ئەوەی وازم لە كارەگەنیلەكەی سەرپەرشتی مامرخانەكان, ئەو كۆلێژە منی بۆ كۆنفرانسەكە بانگهێشت كرد. قۆناغی یەكەمی وتاربێژی یەكەم پەیوەندی بە ئەدەبیاتی كلاسیكی ئەمریكاوە هەبوو: بێگومان لە ئامرسون و ملڤیل و هاتورن و ئەمیلی دیكنسون, هنری جیمز, تورو, والت ویتمان و ئەدگار ئالان پو وە دەستم پێ كرد پاشان هاتمە سەر لێكۆڵینەوەی ئاینی بودایی.

**ف: پاشان لە "كۆڕی ئارجەنتینی لێكۆڵینەوەی كەلتووری ئینگلیزی" قسەت كرد.**

ب: بەڵێ, لەوێ هەم دەرسم وتەوە, هەم وتاربێژیەكی زۆرم كرد. دوای ئەوەی لە گەلێك زانكۆی تر كە زوربەیان لە "لاپلاتا[4]" دان بە تایبەتی لە زانكۆكانی كاسولیك، هەموو دەیانزانی من كاسولیك نیم, بەڵام بەهەرحاڵ بە درێژایی 45 دەقیقە منیان لەوە دەبەخشی كە

---

[4] Laplata ناوی ناوچەیەكی دەوروبەری كەنداوی هاوبەشی نێوان ئۆرۆگواو پاران (ئەمریكای باشوور).

PDF4Kurd



کاسولیك نیم و بە ئازادییش قسە دەكەم. دیارە منیش هەوڵمداوە و دەیشی دەم زۆر ڕێز لەو پێزانینە بگرم.

**ف: دوایی لە كۆلێژی فەلسەفە و ئەدەبیات دەرست وتەوە.**

ب: بەڵێ، لەوێ بابەتی دەرسەكانم ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئەمریكایی بوو، جێگرەكەم – جیم رست Jame Rest – كە ئێستا كۆچی دوایی كردووە، لێپرسراوی ئەدەبی ئەمریكایی بوو و من لێپرسراوی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بووم. ئەم كارە لە چوار كۆرسدا تەواو دەكراو، بێجگە لە ناوە ناسراوەكانی وەك چوسر (شاعیری ئینگلیزی 1340–1400) و دكتور جاكسون (شاعیر و نووسەری ئینگلیزی 1709–1784) و شەكسپیر (شاعیر و درامانووسی ئینگلیزی 1564–1616) و بەرناردشۆ (نووسەری ئیرلەندی 1856–1950) چەند نووسەری تری جیاوازم پێ ناساندن. دەزانیت، خوێندكارەكانی من ئەگەر وای دابنێین شتێكیان دەربارەی چسترتون (نووسەری ئینگلیزی 1874–1936) زانیبێت، بەڵام وەك نموونە لە بارەی بەرناردشۆوە هیچیان نەدەزانی، یان ئەگەر شتێكیان دەربارەی شتیڤینوسن (ڕۆماننووسی ئینگلیزی 1850–1894) زانیبێت، چ ئاگایەكیان لە جورج میردیت (نووسەر و شاعیری ئینگلیزی 1828–1909) نەبوو. من هەوڵمدەدا نووسەری جیاوازیان پێبناسێنم، بەم جۆرە لە نێوان تنیسون (شاعیری ئینگلیزی 1802–1892) و برونینگ (شاعیری ڕومانتیكی ئینگلیزی 1812–1889) دوو دڵ بووم، بەڵام زوو لەوە بەئاگاهاتم كە بۆ خوێندكاران تنیسون زۆر گونجاو نیە، لە كاتێكدا كە برونینگ سەرنجیان ڕادەكێشێت و، ئەمەیش ئاساییە، چونكە نرخی تنیسون پێش هەرشتێك لەبەر دەنگی شیعرەكانیەتی، وا نیە؟ مەبەستم ئەوەیە

PDF4Kurd



که شیعرەکانی ئەو لە گوێدا خۆشن, برونینگ بە پێچەوانەوەیە: هەر شیعرێکی بێجگە لەوەی قارەمانی شێوە واقیعی دادەهێنێت، لایەنی هونەریشی سەرسامکەرە. یەکێك لە داهێنانەکانی تری کە پاشان بووە مایەی چاولێکەری, گێڕانەوەی چیرۆکێکە لە زمانی چەند پاڵەوانێکی جیاوازەوە. هەڵبەت ویلکی کولێنز (ڕۆمان نووسی ئینگلیزی 1824-1889) پێش ئەو لە "بەردی مانگ"دا ئەم کارەی کردبوو. لەوێدا هەرکەسایەتیەکی چیرۆکەکە باس لە ڕووداوەکە دەکات و بەم شێوە دەکرێت لە بیروبۆچوونی کەسەکان لە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بگرن.. هەموو ئەمانە لە راستیا لە رۆمانی نامە گۆڕینەوە یان پەیوەندگیری سەرچاوە دەگرێت. ئەم جۆرە ڕۆمانە ئێستا پەسەند نیە بەلام بۆ خۆی جۆرە ئەدەبێکە. لێرەدا بنەمای بیر لەسەر حیکایەتێکی خەیاڵیە کە لە دووتوێیدا وەك ئالفونسوری (نووسەر و شاعیر و دیبلوماسی مەکسیکی 1889-1959) دەڵێت دیدگا و پەیوەندی و جیاوازی بیری پاڵەوانەکان دەناسرێتەوە.

بەڵێ, من بۆ ئەو سالانەی دەرس وتنەوەك دڵتەنگم, ئەگەرچی ڕەنگە وەك مامۆستایەکی تەمەڵ یادم لێبکرێتەوە. گرنگ نیە, چونکە دەشێت عەشقی کارێکی هونەری یان نووسەرێکم لە دڵی خوێندکارێکدا چاندبێت (ناڵێم بە هەموو ئەدەبیات, چونکە ئەمەیان زۆر فراوانە).

**ف: جا ئەوەتان بەسە؟**

ب: من ژیان و وانە وتنەوەم بەبێ هوودە نەکردوە.

**ف: ئەی ئەزموونتان لە بارەی کتێبخانەی میللییەوە کە هەژدەساڵ سەرپەرشتیتان دەکرد, ئایا هیچی لا بەجێهێشتوون؟**

PDF4Kurd



ب: بەڵێ و دەبێت بڵێم یادەوەریەکانم زۆر کاریگەرن, چونکە ئێستا, لــە هــەر شــوێنێکی دنیــابم, خــەون بــە گــەڕەکی "مونــت ســیرا – Montserrat"ەوە دەبیــنم. وردتــر بیڵــێم بــە کتێبخانــەی میللییــەوە, شەقامی "مەکسیکو" لە نێو شەقامەکانی "پیرو" و "بولیڤار"دا, بەڵێ شـتێکی سـەیرە کـە هەمیشـە خـەون بـەوێوە دەبیـنم, وەك شـتێك لـەو ساختمانە کۆنە لە مندا مابێتەوە. هەرچەندە هەقی ئەوەم نیە سیفەتی کۆنی بدەمە پاڵ چونکە مێژووی لەدایکبوونی ساڵی 1901ەو مێـژووی لەدایکبوونی من بە داخەوە ساڵی 1899ە! لە دیدی مندا ساختمانێکی جوانە. بەهەرحاڵ برا بچووکمە بە نۆسـەد هـەزار بـەرگی کتێبـەوە و ئایا مــن بــە درێــژایی هــەموو ژیــانم ئەوەنــدەم کتێــب خوێندۆتــەوە؟ (پێدەکـەنێت) نـەخێر, دیارە نا, هەرچـەندە سـەرەو دەرەیـەکم لەگەڵـدا کردوون, بەڵام وا کە ئێستا من و تۆ بە تـەنیاین دەمـەوێت راستیەکت لا بـدرکێنم, بێجگـە لـە چـەند ڕۆمـان و "مێـژووی فەلسـەفەی خـۆراوا" ی برترانـد راسـڵ[5] هـیچ کتێبـێکم لـە لاپـەڕەی یەکەمـەوە تـا دوا لاپـەڕە نەخوێندۆتەوە. هەمیشە حەزم لە لاپەڕە هەڵدانەوە بووە, واتا هەمیشـە بیرم لای ئەوە بووە کـە دەبێت لـە خوێندنـەوەدا چێژێك وەربگـرم, هـیچ کاتێــك وەك ئــەرك و فــەرمان شــتێکم نەخوێندۆتــەوە. بــیری کارلایــل (مێــــــژونووس و خۆرهــــــەڵاتناس 1795-1881)م دەکەوێتــــــەوە کەوتبووی: ئەوروپاییەك (تەنیا یەك ئەوروپایی) توانیویـەتی قورئـان لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی بخوێنێتـەوە. ئـەو کـارەیش هەسـت کردنـە بـە کارمەندی.

---

[5] برتراند راسل Bertrand Russell (1872–1970) فەیلەسوفی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



**ف: پێدەچێت تۆ هەر بەین بەینێك جارێكی تر بگەڕێیتەوە سەر هەندێك بابەتی ئەو كتێبانەی خۆشتویستوون. بێ ئەوەی بە تەواوی بیانخوێنێتەوە؟**

ب: نازانم, بڵێی تا ئەو ڕادەیە بەرەو پێش بڕۆم؟ (پێدەكەنێت) نامەوێت زۆر لەسەر خۆم بدوێم, بەڵام ئەوە تەواو ئاشكرایە كە دووبارەكردنەوە لە خوێندنەوە چێژی زیاترە. من وابەستەی توماس دوكونسی (نووسەری ئینگلیزی 1785-1859)م, ئێستا لێرە چواردە بەرگ كتێبم هەیە كە زۆر زوو كڕیومن و, دوای مردنیشم بێگومانم سەرنجی ئەوە دەدەن كە هەندێك لاپەڕەی ئەو كتێبانە دەستیان تێوە نەدراوە. ئەم مەسەلەیە, گەورەیی ئەو لە زەینی مندا كاڵ ناكاتەوە, تەنیا ئەوە پیشان دەدات كە یادم بەرەو لای هەندێك لە بەشەكانی ئەو كتێبانە گەڕاوەتەوەو چەند جارێكی تر خوێندومنەتەوە.

**ف: ڕەنگە تۆ هەندێكت لێخوێندبێتەوە تا ئەوەی تری پاشەكەوت بكەیت؟**

ب: ڕەنگە, یان دەشێت شایستەی لاپەڕەكانی تر نەبووبم, لە نێوان ئەوانەیاندا كە زیاتر حەزم پێكردوون، دوێنێ بابەتێكیان بە ناوی "نووسەر"ەوە بۆ خوێندمەوە, زۆرم لا خۆشبوو, پاش چەند ڕستەیەك زانیم ئەوە نووسینی خۆمە, دوای ساڵانێك, بە سەرسامی و نرخاندنێكی زۆرەوە ڕووبەڕووی بووم. بیرم كردەوە, سەیرە بورخیس ئەوسا چەند جوان نووسیویەتی! ئێستا زۆری داوەتە دواوەو ناتوانێت لەو جۆرە پەرەگرافانە بنووسێت, بەڵێ, ئەوسا دەمتوانی لەو كارانە بكەم: دەمبینی, دەمنووسی, ڕەش نووسم چاك دەكرد, دیسان دەمخوێندەوەو ئەمە وای لێدەكردم ڕستەی درێژ, بە دەنگی هاوئاهەنگ بنووسم. ئەمڕۆ نا, دەبێت ئەمڕۆ هەموو شتەكان بە هاوكاریی یادەوەری بهێڵمەوەو, ئەوەی دەتوانم, ڕزگاری بكەم,

PDF4Kurd



**ف: ئەمە دیدی خوێنەرەکانت نیە!**

ب: خوێنەران زۆر داهێنەرن, ستیفنسون (رۆماننووسی ئینگلیزی 1850-1894) دەڵێت: "خوێنەر لە ئێمە هوشیارترە" (پێدەکەنێت) ئەمە راستیی تیایە.

**ف: نابێت چاوپۆشی لێبکەیت!**

ب: نەخێر, بەڵام ئەگەر دەستنووسەکەمان هەڵبگرین, بۆ ماوەیەك لە چەکمەجەی مێزەکەماندا فەرامۆشی بکەین و بەلایەنی کەمەوە دوای سێ مانگ جارێکی دی پیابچینەوە, ئەوسا, ئێمە خۆمان دەبینە خوێنەرێکی لە نووسەر هوشیارتر, وەك لە بیرم بێت ئەم مەبەستەم لە بیوگرافی کیپلینگ (رۆمان نووسی ئینگلیزی 1865-1936) بە قەڵەمی خۆی خوێندۆتەوە: کیپلینگ چیرۆکی دەنووسی و لە شوێنێکدا دایدەنا, دوای ماوەیەك دیسان دەیخوێندەوە, هەڵەی گەورەو بچووکی تیا دەدۆزیەوە, ئەو پێش بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی, لانی کەم ساڵێك دەیهێشتەوە تا نووسینەکەی کۆك دەبوو, من هەندێك جار شت دەنووسم و هەست دەکەم بەسەریدا زاڵ نیم. وایش دەزانم توانای چاککردنیم نیە, کەچی لە پڕا و لە کاتی پیاسەی سەر شەقامێکدا, چارەسەرەکەی ئەدۆزمەوە کە زۆریش سادەیە, ڕەنگە هێند ئاسان بێت کە هەستی پێ نەکرێت. بۆ نموونە (نامەی فڕێنراو)ی چیرۆکی ناوداری ئەدگار ئالان پو.

**ف: بەم حسابە تۆ دوێنێ خوێنەری چیرۆکی "نووسەر" بوویت؟**

ب: بەڵێ, ئەمە ڕێکەوتێکی باش بوو. چونکە ئەو کتێبەم لە بیر نەمابوو, ئەم کتێبە چەند دەقێکی کورتی تیایە کە بۆ کۆکردنەوەی لە بەرگێکدا نەنووسراوە و هەریەکەیان وەڵامی مەبەستێکن لە

PDF4Kurd



چرکەساتێکی تایبەتیدا, بۆیە ئەگەر تەواو وردەکاریان تیانەکرابێت و ناتەواویان تێکەوتبێت ڕەنگە زۆر خراپ نەبن.

**ف: تۆ ئەوانەت بەمەبەست نووسیوە؟**

ب: بەڵێ.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی دووەم
## دەربارەی برتراند راسل

**ف: من لەو باوەڕەدام بیرمەندێکی هاوچەرخ کە ڕێنمایی تێگەیشتنی ئەم سەردەمەی کردبێت براتراند راسلە.**

ب: وایە بە تەواوی وایە من "سەرەتای فەلسەفەی ماتماتیك"ی ئەوم چەند جار خوێندۆتەوە. ئەوە کتێبێکی سادەیە کە خوێندنەوەی وەك هەموو شتەکانی تری راسل, خۆش دەستە, لە بیرمە ئەو کتێبەم بە قەرز دایە ئالفونسوریس (شاعیری مەکزیکی 1889-1959) لەو کتێبەدا من بۆ یەکەم جار لێکدانەوەیەکی چاکم لەسەر تیوری کۆمەڵەکانی ماتماتیك زانی ئەڵمانی کانتر 1845-1918) خوێندەوە. کە بەڕای من باشترین لێکۆڵینەوە و چاکترین پێشوازی لێکراوە. زۆر سەرنجی ئالفونسورییشی راکێشابوو.

هەمیشە ئەو پرسیارەم لێدەکەن ئەگەر قەرار بێت تەنیا کتێبێك لەگەڵ خۆمدا بەرمە دوورگەیەکی چۆڵەوە چ کتێبێك هەڵدەبژێرم؟ (دوورگەیەکی هاوبەشی ژورنالیستەکان) لە سەرەتادا بیرم لە ئینسکلوپیدایەك کردەوە. بەڵام نازانم ئایا دەبێت دە دوانزە بەرگ کتێب لەگەڵ خۆتدا بەریت! (پێدەکەنێت) پاشان کتێبی "مێژووی فەلسەفەی خۆراوا"ی براتراند راسڵم بۆ ئەو دوورگەیە هەڵبژارد. وەلێ

PDF4Kurd



دوورگەیەك بەو دیمەنە جوانەیەوە بوونی نیە, وانیە؟ (پێدەکەنێت) کتێبەکەم هەیە, بەڵام تەنیا ئەوە بەس نیە.

**ف: دەبێت یەکێکت لەگەڵدا بێت بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە.**

ب: ڕاستە, پێم خۆشە لە بارەی کتێبەوە یادم هاوکارم بێت. ئەگەر یادم تەواو بوایە کتێبەکەم هەبوو. هەندێك جار بیر لەوە دەکەمەوە لە نێو موسوڵمانەکاندا, ئێستا, کەسانێك هەن قورئانیان لەبەرە, ئەوانە زۆرن, وشەی "حافظ" بەو کەسە دەڵێن کە یاد (حافظة)ی چاکە. بە تایبەت لە بارەی قورئانەوە. ئێستا شێوازێکی فێرکردن هەیە کە خوێندکار ناچار ناکات مانای کتێبەکە بزانێت (تەنانەت دەشێت منداڵ بێت) ئەو تەنیا بە زەینی خۆی دەسپێرێت. ئەگەر منیش بمتوانیایە لەو شێوازە بەرخوردار بوومایە خۆشبەختیەکی گەورە بوو,

چونکە ئەوسا دەمتوانی زۆر کتێبم لە یادا بمایەتەوەو ئێستا بمخوێندنایەتەوەو لێیان بگەیشتمایە, ئەمە باشترین چارەسەر بوو, چونکە ئەگەر من بەو شێوازە بە منداڵی کتێبی (مێژووی فەلسەفەی خۆراوا)ی ڕاسڵم بخوێندایەتەوەو لە یادما بمایە, تەنانەت ئەگەر شتێکی زۆریشی لێ تێنەگەیشتمایە, ئێستا دەمتوانی بگەڕێمەوە سەری.

**ف: یادت دەیتوانی بیخوێنێتەوە.**

ب: بەڵێ, یادم دەیتوانی بیخوێنێتەوە, ئەمە بۆ ئەو کەسانەی کە وردە وردە کوێردەبن زۆر کارێکی باشە. بۆ منیش هەروا دەبوو. بە داخەوە ئەو شانسەم نەبوو, منیان ناچار ئەکرد بخوێنم و تێبگەم, بە پێچەوانەوە ئەگەر لەسەر ئەو یادە ڕایان بهێنامایە, دەمتوانی ئەمڕۆ هەموو ئەو کتێبانەی کە زۆر لێم دورن بیانخوێنمەوە, بۆیە وتم, گەلێك

PDF4Kurd



له ناوی بەرهەمەکانی راسلّم زانی و کتێبەکانیم خوێندەوە, راسلّ لەو بەرهەمانەیدا بە ڕوونی باس لە ڕەوشتی فەلسەفی خۆی دەکات. بەلاّم هەمیشە من خۆم لە دەرەوەی ئەوانەدا دەبینی, مەبەستم ئەوەیە کە هەر لاپەڕەیەك لە چوار چێوەی خوێندنەوەدا تێدەگەیشتم, بەلاّم کە دەمویست لە زەینمدا کۆیان بکەمەوە, خۆم زۆر بە ناکام دەبینی.

**ف: ئەم شێوازەی راسلّ چ بیرێکی لە تۆدا دروست کرد؟**

ب: لە دیدی مندا سیستمێکە لۆژیکیی و زۆر ئالۆز, هەرچۆنێك بێت ئێستا ناتوانم بەرجەستەی بکەم.

**ف: وا ئەزانم تازەگەری راسلّ لە دیدی کردار و رەفتار و کۆمەلّگا و سیاسەتی سەردەمەوە, سەرنجی تۆیان راکێشاوە.**

ب: وایە, من وای بیر لێدەکەمەوە ئەو کەسێکی تەواو ئازادە کە توانیویەتی لە وەهمە ئاساییەکانی زەمانی ئێمە رزگاری بێت. بۆ نموونە وەهم لە بارەی میللیەتەوەو.. لە هەموو ئەمانە ئازادە, راسلّ کتێبێکی تری هەیە بە ناوی "بۆ من مەسیحی نیم؟" لەبەر ئەوەی کە منیش مەسیحی نیم, دەستم بە کتێبەکە کرد, بەلاّم هەستم کرد بێهودەیە بۆیە وازم لێهێنا, چونکە بۆ مەسەلەی بە مەسیحی نەبوون پێویستم بە بەلّگەکانی ئەو نەبوو.

**ف: دیدگای تۆ لەگەلّ ئەودا, لە بارەی دەولّەتیشەوە وەك یەکە.**

ب: وایە, وەك یەکە, ئەم دیدگایە پەیوەندی بە تاکگەرایی ئینگلیزیەوەیە چونکە ئێمە.. یەکێك لە باوکانی ئانارشیزم سپینسەرە (فەیلەسوفی ئینگلیزی 1820-1903)

**ف: لە یادمە تۆ کتێبی "لێگەڕێن خەلّك بیر بکاتەوە"ی راسلّ, کە کۆمەلّە وتارێك بوو دەتخوێندەوە, لە بیرتە؟**

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، زۆر دەمێکە، وانییە؟

**ف: ناوی یەکێك لە وتارەکان "بیری ئازاد و راگەیاندنی رەسمی" و ئەوی دی "شەجەرەنامەی فاشیزم"ە.**

ب: وایە، من لەگەڵ ڕاسڵدا تەواو هاوڕام، وای بۆ دەچم کە فیختە[6] و کارلایلیش[7] لەو شەجەرەنامەیەدا ئامادەگیان هەیە.

**ف: تەواو وایە.**

ب: بیری نووسینێکی چیسترتون[8]م کەوتەوە کە نووسەر لەوێدا بیرو باوەڕەکانی هیتلەر بەوە دەداتە قەڵەم کە مۆدیان بەسەرچووەو، لەگەڵ فەزای "ڤیکتوریایی"دا دەیانگونجێنێت، لە ڕاستیا وایشە.

**ف: لێرەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە ڕووداوەکانی ئێستا، سەرچاوە لە تیورەکانی رابوردوو وەردەگرن.**

ب: منیش دەڵێم سیاسەتمەداران، بەم پێیە دوا دزی ئەدەبی یان موریدی نووسەرانن، هەڵبەتە بە زۆری دوای سەدەیەك یان زیاتر، ئەوەی بە واقیعی ئێستای دەزانین لە هەقیقەتدا موزەیەکی دێرینەیە. بۆ نموونە ئێمە ئیمڕۆ هەموو بە دیموکراسی سەرسامین، باشە، ئەمانە دەمانگێڕنەوە بۆ پین[9] و جفرسون[10] (پێدەکەنێت) بەوەیش کە ساڵی

---

[6] فیختە Fichte 1762–1814 فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە.

[7] کارلایلا carlyle 1795–1881 مێژوو نووسی ئینگلیزی.

[8] چسترتون chesterton 1874–1936.

[9] پین Pain Thomas 1737–1809 نووسەرێکی شۆڕشگێڕی ئەمریکیە.

[10] جفرسون Jeffrson Thomas 1743–1826 سیاسەتمەداری ئەمریکایی.

PDF4Kurd



1855 لە دیوانی "گەڵاکانی گیا" دا بۆ ویتمان[11] سەرگەرمکردنێك بوو, ئەمانە راستیەکانی ئەمڕۆن.

بەم جۆرە سیاسەتمەداران, خوێنەرانێکی دواکەوتوون, وانیە؟ خوێنەرانێك سەردەمیان تێپەڕیوە, خوێنەرانی کتێبخانە کۆنەکان, وەك ئێستای من!

**ف: ڕەنگە هەر ئەمانە ئەم رستەیەیان بە ئێوە وتبێت "هەقیقەت هەمیشە هەڵەیەکی مێژوویی هەیە"**

ب: ئەمە رستەی کێیە؟

**ف: هی تۆیە (پێدەکەنێت)**

ب: وا ئەزانم تۆ هەر ئێستا ئەمەت بە دیاری داوە بە من.

**ف: نا! نا!**

ب: من ئەو ڕستەیە دەسەلمێنم, وەلێ وا هەست ئەکەم هی یەکێکی تر بێت, من زۆر جار ئەوەی دەیخوێنمەوە لەگەڵیا تەبام, نەك ئەوەی خۆم دایدەهێنم, ڕستەکە چی بوو؟

**ف: "هەقیقەت هەمیشە هەڵەیەکی مێژویی هەیە"**

ب: ئایا من ئەمەم پێوتوون؟

**ف: لە لێکۆڵینەوەیەکدایە کە دەربارەی "شەجەرەنامەی فاشیزم"ی راسڵ نووسیوتە.**

ب: باشە. کەواتە لەوێدایە, راستیەکە ئەوەیە ئەو کتێبە بۆ من زۆر سەرسووڕهێنەرە (پێدەکەنێت) ئەگەرچی تەمەنی نووسینی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە کەچی هێشتا لای من تازەیە.

---

[11] ویتمان Whitman walt 1819–1892 شاعیری ئەمریکایی.

PDF4Kurd



**ف: تۆ لەو وتارەدا, لێکۆڵینەوەت لەسەر کتێبێکی ویلز[12] و کتێبێکی راسڵ کردووە.**

ب: وایە, ئەو وتارە لە "لاناسیون"[13] دا چاپ کراو راسڵ لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێت خەڵکی فێری هونەری ڕۆژنامە خوێندنەوە بکرێت.

**ف: زۆر راستە.**

ب: ڕستەکەیان گۆڕی, چونکە دەبوو لاناسیونیش بگرێتەوەو نووسیان: "هونەری خوێندنەوەی هەندێك لە ڕۆژنامەکان" ئەمە ناونیشانێك بوو نووسەران خۆیان لێ ئاوارتە (استثناء) دەکرد (پێدەکەنێت) لە بیرمە بە درێژایی جەنگی جیهانی یەکەم – کە ئێمە هیواداربووین دوا جەنگ بێت, دەمانخوێندەوە ئەڵمانەکان پەلاماری گوندێکیان داوەو دەستیان بەسەراگرتوە, دوو سێ ڕۆژ دوای ئەوە هاوپەیمانەکان ڕایان دەگەیاند کە پەلاماری ئەڵمانەکان ناکام بوەو زیاد لەو شارەی گرتوویانە نەڕۆیشتوون. ئەمە دوو دەربڕینی جیایە بۆ یەك ڕووداو.

**ف: راستە.**

ب: راسل دەیویست هەر لە پێشەوە خوێنەر لە بەرانبەر ئەو جۆرە هەڵانەدا ئامادەگی هەبێت.

**ف: بە وەدیهێنانی "بیری ئازاد و ڕاگەیاندنی رەسمی" بەڵام لە دواییدا..**

---

[12] ویلز Wels Herbert 1866–1946 نووسەرێکی ئینگلیزیە.

[13] Lanacion.

PDF4Kurd



ب: باشه, من وا دەزانم لەم ولاتـەدا, ئێمـە هەنـدێك شـت فێـر بـووین, وا نیە؟ ڕەنگە زیاد لە پێویست, یان هەموو شتێك و, ئێمـەیش قـەرزاری ئەو راگەیاندنانەین.

**ف: بەوپەڕی سەرسامیەوە, راسڵ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کـە سـەدەی هـەژدە مەنتیقی بووە سەدەکەی ئێمە نامەنتیقیـە, لـە ڕاسـتیا دەڵێـی ئـەو بابەتـەی لـە سەردەمی خۆیدا, بەرانبەر بە فاشیزم و نازیزم نووسیوە؟**

ب: هـەروەها بەرانبـەر بـە گـەلێك شـتی تـریش: بەرانبـەر بـە "سوریالیزم" بەرانبەر بە کەلتوری چەواشە, بەرانبەر بە لەناوچوونی هەنـدێك لـە جـۆری شـیعر و پەخشـان و لـە نێوچـوونی نیشـانەی خاڵبەندی کە داهێنانێکی هەڵخەڵەتێن بوو. وا نیە؟ (پێدەکەنێت)

**ف: راسڵ ئەوەیشی دەوت کە لە سـەردەمی ئێمـەدا ئـازادی تـاك ئەوەنـدە هەڕەشەی لـێ دەکرێت کە هیچ کاتێك لە سەدەی حەڤدە بەملاوە ئەوەی لەگـەڵ نەکراوە. وەلـێ دووبارەی ئەکەمەوە. دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەم گوتـارە پەیوەندی بە سەردەمێکەوە هەیە کە نازیزم و فاشیزم لەوپەڕی گەشەسەندنا بوون.**

ب: ئەم پێشڕەویە هێشتا تەواو نەبوە.

**ف: تۆ وای بیر لێدەکەیتەوە؟**

ب: مـن ئـەوەیش دەڵـێم یـەکێك لـە شـێوازە زۆر ناخۆشـەکانی, ئـەو شتەیە کە لە یەکێتیی سۆڤیەت "کومونیزم"ی پێدەوترێت, نا؟ ئەمە جـۆرێکی تونـدتری فاشـیزم و دەسـتێوەردانی دەوڵەتـە. مەبەسـتم لـەو زۆرانبازیەیە کە لـە کتێبی "تـاك بەرانبـەر بـە دەوڵـەت"ی سپنسـەر[14] دا

---

[14] Spencer Herbert فەیلەسوفێکی ئینگلیزیە (1820-1903).

PDF4Kurd



باسـکراوە. ئاشـکرایە ئیمـڕۆ ئـەو وڵاتـەی کـە دەوڵـەت لـە هـەموو شوێنێکیدا ئامادەیە، وڵاتی شورەویە.

**ف: لە وڵاتانی خۆراوایشـدا، وەك تـۆ زۆر جـار باسـیان دەکـەیت، هەمیشـە دەولەت هەرەشەمان لـێ دەکات.**

ب: رەنگـە ئێسـتایش لـە حاڵـەتی هەرەشـە لـێکردنماندا بێـت (پێدەکەنێت) هەر لەم شوێنەدا کە من و تۆ قسە پێکەوە دەکەین.

**ف: لایەنێکی تری راسڵ رووبەروو بوونەوەیەتی لەگەڵ ئاییندا، نەك تەنیا ئاینی مەسیحی، بەڵکو لەگەڵ دیاردەی ئاین بـە گشـتی، بێگومـان کتێبـی "ئـاین و زانست" تان لە یادە؟**

ب: بەڵێ، زۆر دەمێکـە خوێندومەتـەوە بـەڵام لـە بیرم ماوە، بەلامەوە ئاشکرا دژایەتییەکی تیایە، من لەوە دڵنیام کە بە درێژایی مێژوو، هـەر دینە خۆی بە دەستەوە دەدات، بۆ نموونـە کاتێك هیلـەربلوك[15] وەڵامـی ویلـز[16] دەداتـەوە. لـە قسـەکانیا گومـانی لـە تـەکامولی بـوون نیـە، بـەڵام بڕوای بەوەیـە کـە هـەموو شتێك لـە یتولۆژیـا"ئیلاهیـات"[17]وەکەی سنت تومـاس داکانـدا[18] هەیـە، بـە هـەرحاڵ، ئەمـە لـە هـەر "پێـنج ئینجیـل"ە بەراییەکەدا نیە. لە راستیا ئاین، رۆژ بە رۆژ وردتر دەبێتـەوە، تەفسـیری زانسـت دەکـات و دەیـەوێت زانسـت لەگـەڵ خۆیـدا بگونجێنێـت، ئەگـەر

---

[15] Hilaire belloc 1870–1953 نووسەر و شاعیری ئینگلیزی.

[16] Wells 1866–1946 نووسەری ئینگلیزی.

[17] Somme Theologigue کتێبـی ناتـەواوی سـنت تومـاس داکـان کـە پێـنج بەڵگـەی لەسەر بوونی خودا تێدایە.

[18] st. Thomas d Aguin 1225–1274 فەیلەسوف و زانای یتولۆژیای ئیتالی.

PDF4Kurd



ئەمە لەگەڵ کتێبە پیرۆزەکاندا ڕێك نەکەوت, پەنادەباتە بەر زانستە جۆربەجۆرەکانی تری یتولۆژیا. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا, سەرکەوتن هەر بۆ زانستە.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی سێهەم

## لە بارەی شیعری -مەزەندە-وە

**ف: بورخس من زۆر حەز ئەکەم یەکێك لە شیعرەکانی کتێبی "هەڵبـژاردەی شیعرەکانت" پێکەوە بیخوێنینەوەو باسی لەسەر بکەین, لە ڕاستیا ئەو هەڵبژاردەیە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو شیعرانەت لا مەبەستە.**

ب: ڕەنگـە جـۆرە خۆبەدەسـتەوەدانێك بێـت, وا نیـە؟ چـونکە لـە کۆکردنەوەی هەڵبژاردەیەکدا, مرۆڤ ناچارە دیدێکی فراوانیشی هەبێت. بەهـەرحاڵ مـن خـۆم داوەتـە دەسـتەوە, هیـوادارم زۆر درێـژەی نەکێشابێت.

**ف: ئـەو شـیعرەی مـن مەبەسـتمە زۆر هـەقی بەسـەرمانەوە هەیـە, چـونکە دیدگایەکی مێژویی و گونجاومان دەداتێ. دەڵێیت مێژوو لە باتی تۆ یان تـۆ لـە بـاتی مێـژوو قسـە دەکـەیت, دیـارە دەزانیـت مەبەسـتم شـیعری مەزەنـدە "گمانگونە"یە.**

ب: ئا, بەڵێ, کە ئاوا دەست پێدەکات: "فیشـەکەکان لـە دوا شێودا بـە دەنـگ دێـن" ئاشـکرایە کـە مـن بـە دەسـتی ئانقەسـت "دوا شـێو"م داناوە کە ڕازێکی تیایە, چونکە دەشێت بە مانای کۆتایی شەو بێت یان بە مانای دوا شەوی قارەمانی شیعرەکە, ئەو خزمە دێرینەیەم, واتا لاپریدا.

PDF4Kurd



**ف: دەستپێکی شیعرەکە بەم جۆرەیە: "فرانسیسکو لاپریدای ماف زان, کە لە 22ی سیپتامبەری 1829دا بە دەستی مونتونرس دالداو دەکوژرێت, پێش مەرگ بیر ئەکاتەوە..."**

ب: بەڵێ ئەو کاتەی من ئەم شیعرەم تیا دەنووسی, دەمزانی لە ڕووی مێژوییەوە کێشەیەکی تیایە, تەنیا لە حاڵێکدا نەبێت کە لاپریدا وەك سەمبولێك بخەینە بەرچاو. لەو سەردەمەدا, شیمانەی ئەوە هەبوو کە بیروباوەڕی ئەو گۆڕا بێت یان پەراگەندە بووبێت. بۆ لەوە قسە قووڵەکانی دانتەیش[19] دەشیا نەوترانایە.

**ف: بەڵام بە درێژایی شیعرەکە جۆرێك پەیوەستەگی مێژوویی هەیە:**

فیشەکەکان لە دوا شێودا بە دەنگ دێن

بادێت, خۆڵەمێشەکان بەدەم باوە پەروازیانە..

ب: نازانم دەتوانرێت پاساو بۆ ئەمە بهێنرێتەوە یان نا؟ وەلێ بەرهەحاڵ لە گوێدا خۆشە و لە دیدی جوانناسیەوە, دەتوانێت دەلیل بێت. نازانم خۆڵەمێشەکان بۆ لەوێدا هەن, ڕەنگە بەڵگەی ئاگرگرتنی شوێنێك یان شتێك بن. گرنگ نیە. وای بۆ دەچم خەیاڵی خوێنەر, ئەو خۆڵەمێشە دوور لە واقیعانە قبووڵ بکات, وا نیە؟

**ف: (پێدەکەنێت) وایە.**

ڕۆژ و شەڕی دزێو پەراگەندە دەبن

سەرکەوتنیش لە دەستی دوژمندایە.

ب: "دزێو" بۆ "شەڕ" وەك سیفەتێکی نامۆ دێتە بەرچاو, بەڵام "پەراگەندەبوونی ڕۆژ و شەڕ" بەلای منەوە باشە.

---

[19] Dante Alighieri 1265–1321 شاعیری گەورەی ئیتالی.

PDF4Kurd



**ف: زۆر چاکە "بێگانەی دڕندە زاڵ بووە, گوشو[20] سەرکەوتووە"**

ب: بەڵێ, من بەوردی پێم خۆشبوو کە بێگانەی دڕندە و گوشو هاو واتابن, چونکە بە داخەوە تا ئێستا ئاینی گوشو رەواجی هەیە.

**ف: پاشان لاپریدا بە مەزەنە قسە دەکات:**

"من کە یاسا و ڕێ و رەسمە مەزهەبیەکانم خوێندۆتەوە بەڵێ. من فرانسیسکو نارسیزو دولاپریدا

کە دەنگی, سەربەخۆیی ویلایەتەکەی ڕاگەیاند

من, ژێر کەوتووم. بە ڕوویەکی ئارەقاویەوە کە پەڵەی خوێنی پێوەیە

بێ ئومێد, بەڵام بێ هیچ ترسێك, هەڵدێم, لە دەست چووم

هەڵدێم بەرەو باشوور

بە ناو دوا گەرەکەکاندا.."

ب: خۆشحاڵم کە بەرەو باشوور دەچێت, چونکە بە ئیسپانی واژەی باشوور بە پێچەوانەی خۆرئاوا یان خۆرهەڵاتەوە دەنگدانەوەی ئاوازێکی بەهێزە.. باکووریش کەمێك چاکترە.. بەڵام خۆرهەڵات و خۆرئاوا نا. هەڵبەتە دەتوانیت ئەوانە بگۆڕیت بە دوو وشەی تر کە بە "ئیسپانیۆلی" خۆشتر بێت.

**ف: "..راست وەك سەردار پورگاتوار** purgatoire **کە هەر بە پێ هەڵدەهات و دەشتەکەی خوێناوی دەکرد.."**

ب: بەیتێکی باشە, چونکە هی من نیە, هی دانتەیە و من بێ کێشە وەرمگێڕاوە.

---

[20] Gaucho گاوانەکانی ئەرژەنتینی کە لە باوو باپیراندا تێکەڵن لەگەڵ ئەوروپایی و سوور پێستەکاندا, ئەمانە بەردەوام لە سەرکێشی و ئاژاوە نانەوەدان.

PDF4Kurd



ف: "... كە مەرگ كوێری كرد و لە پێی خست

لەو شوێنەدا كە رۆخانەیەكی تاریك. ناوی خۆی لە دەست دەدات..

هەر ئاوا منیش دەكەوم, گەیشتوومەتە خۆلەدەستدان

تاریكیی كەناری زەلكاو بۆسەی بۆ ناومەتەوەو دەموەستێنێت

دەنگی پێلاوە دارینەكانی مەرگی گەرم دەبیستم

لەگەڵ سوارەكان. ئەسپ و نێزەكانیان كە بەدوامەوەن

من كە دەمویست جۆرێكی تر بم

خەوم بە ئینسان بوونەوە دەدی

من كە لە نێو یاسا و ئەحكامی كتێبەكانمدا دەژیام

لە ژێر ئاسمانی كراوەدا, بە سادەیی لە ناو قوڕدا وشك هەڵدێم

وەلـێ سنگم, وەها كە پاساوێكی بۆ نەبێ

پڕ پڕە لە خۆشیەكی شاراوە.

سەرئەنجام لەگەڵ چارەنووسی ئەمریكای باشوریم, رووبەڕوو دەبمەوە"

ب: وایە, ئەمە باشترین دێڕە, ئەم شیعرە لە كاتی بڵاوبوونەوەیدا, تەنیا پەیوەندی بە مێژووی رابوردووەوە نەبوو, لەگەڵ "ئێستا"یشدا پەیوەندی هەبوو, چونكە دیكتاتۆرێك دەسەڵات بە دەسەتبوو, ئێمەش هەموو خۆمان لە بەرانبەر چارەنووسی ئەمریكای باشووری خۆماندا دەبینیەوە. ئێمە كە دەمانویست "پاریس"ێك بین بێجگە لە ئەمریكای باشوور چی تر نەبووین, لەو سەردەمەدا. ئەوانەی ئەم شیعرەیان خوێندبووەوە, وایان هەست دەكرد شیعری ئێستایە: "سەرئەنجام لەگەڵ چارەنووسی ئەمریكای باشوریمدا دیدار ئەكەم" مەبەست ئەوەیە كە دانیشتوانی ئەمریكای باشوور غەمگینترین و زەحمەتكێشترین كەسن.

PDF4Kurd



**ف: بەڵام لەو بەیتەدا ئەنجامگیریەکی میتافیزیکیانە بۆ تەقدیرکراوە, چونکە لە ئێستادا هەموو ئێمە دەزانین کە سەرئەنجام, لە چرکە ساتێکدا ئەو چارەنووسە دەردەکەوێت (چارەنووسی ئەمریکای لاتین).**

ب: من وای بۆ دەچم کە ئەو چارەنووسە ئاشکرا بوو بێت و بە چاکی ئەوەمان زانیوە. وانیە؟ سەیریشە مرۆڤ ئارەزووی شتێکی وای هەبێت. ها؟ چونکە لە رابووردودا ئەمریکای باشوور سەرزەمینێکی دورو سروشتێکی تایبەتی جوانی هەبوو, ئەمڕۆ وا نیە, ئەمڕۆ ئێمەی خەڵکی ئەمریکای باشوور, دەبێت ئەم "بوون"ە وەربگرین و خۆمان بە شایستەی چارەنووسێك بزانین کە هەرچۆنێك بێت هی خۆمانە.

**ف: بەڵێ, بەردەوام دەبم.**

"بەرەو ئەم شەوەی لە ئاوابووندایە
کە ئەم هەنگاوە نادیارانە دەجووڵێن
ئەو هەنگاوانەی لە سەردەمی منداڵی
رۆژ بە رۆژ خۆم, هەموویانم چنیوە.
سەرئەنجام کلیلی نهێنی ساڵەکان
کە هی فراسیسکۆ دولاپرایدی دیلی چارەنووسە
بە چاو دەبینم
ئەو قسە کە نەمبوو لە ڕوخسارێکی کامڵ
کە تەنیا خواوەند لە سەرەتاوە دەیناسی.
لە ئاوێنەی ئەمشەودا, بێ هیچ گومانێك
رووی ئەبەدی من دەردەکەوێت
بازنەکە روو لە داخستنە, من چاوەڕێم..."

PDF4Kurd



ب: شیعرێکی باشە, نا؟ شیعرێکی باشە, تەنانەت ئەگەر منیش شاعیرەکەی بم!

**ف: تابێت چاکتریش دەبێت (پێدەکەنێت)**

ب: هەڵبەت بە هاوکاری تۆ کە بە برواو سۆزەوە دەیخوێنیتەوە.

**ف: وا کۆتایی پێدێت:**

"هەنگاوەکانم لە سێبەری نێزەکانیاندا
کە بە دوای منەوەن, دەجووڵێت
مەرگی من, بە گاڵتەجاڕیەکەی خۆیەوە
لەگەڵ سوارەکان و ئەسپ و یاڵەکانیاندا
هەڕەشەم لـێ دەکەن.. ئەمەیش یەکەمین لێدان,
ئاسنی ئاودراوی سنگم لەت دەکات و
چەقۆی ئاشنا بە گەرومدا رۆدەچێت".

ب: باشـــە, مـــن مەنـــەلۆژەکان و دراماتیکـــەکانی بـــرونینگ[21]م خوێنـدبوەوەو, بەلامـەوە چـاکبوو منـیش کـارێکی وا بکـەم, بـەو جیاوازیە کە شیعرەکە وابەستەی (بوون)ی لاپریدایە و لەگەڵ ئەودا تەواو دەبێت. بە جۆرێکی دی شیعرەکە لەبەرئەوە کۆتـایی دێت کە ئەو کەسەی کە هەستی پێدەکات و بیری پێدەکاتەوە, دەمرێت "..چەقۆی ئاشنا بە گەروومدا رۆدەچێت" دوا بەیتی شیعرەکە و دوا چرکەسـاتی هوشـیاری ئـەوە, بـەلای منـەوە ئەمـە هێزێکـی داوەتـە شیعرەکە, وا نیە؟

**ف: بێگومان وایە.**

[21] Robert Browning شاعیری رۆمانتیکی ئینگلیزی (1812–1889).

PDF4Kurd



ب: هەرچەندە, بێ چەند و چوون, هەموو ئەمانە بە ناواقیعی دێنە بەرچاو, چونکە دوا چرکەکانی لاپریدا, لە ژێر سووسەی بکوژەکانیدا, وا پێدەچێت کەمتر ئەقلانی و قابیلی پێشبینی کردن بووبن. بێگومان ئەو هەندێك شتی دیوە, بیستوویەتی و لەگەڵ خۆیدا بیری لێکردۆتەوە کە ئایا ئەم بەرئەنجامانە دەبن بە ڕاستیی یان نا. بەڵام ئاخۆ هێنانەوەی ئەم بەڵگانە بۆ شیعر پێویستە؟ چاکترە وای بیری لێبکەینەوە ئەو تارادەیەك بە ڕوونی هەموو شتەکانی بۆ شیعرەکە دیوە. کەم تا زۆرێك لەگەڵ وشە و ڕستەکاندا گونجاندوویەتی. ئەگەر ئەوە شیعرێکی ریالیستی بوایە, واتا ئەوەی جۆیس[22] بە مەنەلۆژی ناو دەبات, زۆرشتی لەدەست دەدا, وەلێ واچاکترە هەڵە بێت, واتا "ئەدەبی" بێت!

**ف: لەگەڵ ئەمانەیشدا, هەندێك لە حاڵەتەکانی دەشێت بۆ هەموومان واقیعی بن, بۆ نموونە تۆ دەڵێیت: "دووبارەبوونەوەی هەنگاوە نادیارەکان, ئەم چارەنووسەی تەنیوە"**

ب: هەڵبەت, منیش کە ئەم هەموو وڵاتە جیاوازانەم بە چاوی ڕووناکی خۆم دیوە, بۆ گەیشتن بە هەنگاوی دوایی چەند هەنگاوێکم ناوەو, ئایا ئەو هەنگاوی کۆتاییە کە هێشتا نازانم چییە, لە هەلێکی ڕەخساودا بۆم ئاشکرا دەبێت؟ من وای بیر لێدەکەمەوە زۆر زوو ئەو سەردەمە بگات, چونکە کە مرۆڤ پێ دەخاتە تەمەنێکی دیاریکراوەوە, لە هەر چرکە ساتێکدا دەشێت مەرگ بەرۆکی بگرێت, یان بەلانی کەمەوە بەردەوام ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێت.

---

[22] Joys James نووسەری ئیرلەندی (1882–1941).

PDF4Kurd



**ف: یان ئومێدی بەردەوام بوون لە سەفەرەکەدا!**

ب: وایە, یان شیمانەی بەردەوام بوون لەسەر سەفەر, هیچ کەس نایزانێت, بە حساب دەبێت ئێستا ژیان منی ماندو کردبێت, کەچی هێشتا لە سەرەو دەرەی ئەوەدام کە ئەگەر بیر لە هەردوو وڵاتی چین و هیند بکەمەوە, وای بۆ دەچم کە ئەرکی منە بیانناسم.

**ف: دەمێکە دەمەوێت لەگەڵتا لە بارەی دوو ئەنجامگیریی شیمانەیی ئەم شیعری مەزەندەیە قسە بکەم.**

ب: کامە ئەنجامگیری؟

**ف: شیعرەکە بەو ئەنجامە دەگات کە وێڕای "پێچ و پلۆچی جۆراوجۆری هەنگاوەکان" و بوونی "کلیلێک" کە بە هۆی چارەنووسەوە دێتە ڕێ, هەر شایەتێك دەتوانێت بەهەر شێوەیەك بێت لەگەڵ چەمکی تەقدیردا پەیوەندیەك دروست بکات. تەنانەت ئەگەر چارەنووسێکی گەردونی بێت.**

ب: بە گەردونی بوونی نازانم, بەڵام ئەوە دەزانم کە پێشان بڕیاری لێدراوە, بەو مانایەی کەسێك یان شتێك بە تایبەتی لەو بارەیەوە ناتوانێت بڕیار بدات. مەبەستم ئەوەیە کە کۆی هۆ و ئەنجامەکان بێ کۆتاین و جۆراو جۆریەکانی چارەنووسی ئێمە دەستنیشان ئەکات, هەر لەبەر ئەمەیە کە من لەبارەی "ئیختیار"ەوە گومانم هەیە. ئەم چرکەساتی کۆتاییە, لەگەڵ هەر هەنگاوێکی لاپریدادا هەر لە سەرەتاوە دەستنیشان کراوە.

**ف: بەرئەنجامێکی دی ئەوەیە کە ئێمە, خەڵکانی ئەمریکای باشوور – کە شیعرەکە لەبارەمانەوە دەدوێت – بە ڕێگای خۆمان دەگەینە چارەنووسی تایبەتیمان, چارەنووسی ئەمریکاییەکی باشوور.**

PDF4Kurd



ب: چارەنووسـێکی تـاڵ و دیکتـاتۆری. وا پێدەچـێت هـەر لـە ئەزەلـەوە بـە جۆرێك چارەنووسی ئێمە دەستنیشان کرابێت, هـیچ کەرتەیـەك بـە ڕادەی کەرتەکـەی ئێمـە, ئـەم هـەموو نازنـاوە جۆراوجۆرانـەی دانـەهێناوە: "مـەزنترین پاشـا" وەك رامیـز "پایـە بڵنـد" وەك لـوپز[23] لـە پـاراگوای, گـەورە هـاووڵاتی نـازانم کـێ لـە ڤـەنزویلا "یەکـەمین کارگـەر" لـە شـوێنێکی تـر. لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـدا بـە دەگمـەن شـتی وا بەرچـاو دەکـەوێت – ڕەنگـە یـەکێکی وەك لینکـۆڵن[24] کـە ئـەویش ئـەو جـۆرە نازنـاوەی بـۆ خـۆی دانـەناوە. نازنـاوی "یاساچـاکەر" لـە هـەموو ئەوانـە سـەیر و سەمەرەترە, کەس نازانێت ئەم یاسایانە چی بوون و چیان لێهاتو کەسیش نەیویست لەو باسە ئاگادار بێت. ناونیشانی تەواو هەبوەو دەبێـت و ئەمـەیش بـە تـەواوی لـەو شـتە دەچێت کـە هیـدوبرو[25] بـە (قوتابخانـەی داهێنـان) نـاوزەدی دەکـات. وا نیـە؟ نـاوێکی زۆر بـێ ناوەڕۆك, "یاساچاکەر!" ئاخر کامە یاسا؟ کامە یاسای چاککردوە؟ هەموو گاڵتەی پێ دەکەن.. دەڵێیت هـەموو خـەڵکیی دەیانـەوێت لـە بری ناوی خۆیان ناوێکی جوانتریان هەبێت.

---

[23] Antonio calos Lopez (1790–1862) خـۆی و کوڕەکـەی دوو دیکتـاتۆری پاراگوایی بوون.

[24] Lincoln(1809–1865) سیاسەتمەدار و سەرکۆماری ئەمریکا.

[25] Vicente Huidobro شاعیری ناوداری چیلی (1893–1948).

PDF4Kurd



**ف: بەم حاڵەیشەوە, هەندێك جار وا پێدەچێت ئێمە توانای گەشەكردنمان هەبێت, وەك تۆ وتت, لەگەڵ ئەو جۆرە چارەنووسەیشدا, بۆ ئێمە ئەو مزگێنی و شادیەیش هەیە كە ئێستا ماوین و دەژین.**

ب: هیوادارم, بە هەرحاڵ دەبێت وەفامان بەم ئومێدە هەبێت, تەنانەت ئەگەر هەوڵی زۆرتریشی بوێت, چ ئومێدێكی تر هەیە؟ بیر لە دیموكراسی بكەینەوە! بۆ نا؟!

PDF4Kurd



## گفتوگۆی چوارەم

### گفتوگۆیەکی تازە دەربارەی شیعر

**ف: بورخیس، بەپێی باوەڕی کـۆنی خۆرهەلاّتیـەکان، حـەزرەتی ئـادەم لـە بەهەشتا بە شێوازی شیعر دواوە** [**] **.**

ب: لـەوە بـەئاگانیم، بـەلاّم دەزانم ئـادەم بـە زمـانی عیـبری قسـەی کردوە [***] .

بـاوکی کـولریج – کـە پێشـەوایەکی مەزهـەبی ئینگلیـزی بـوە – لـە تەفسـیرێکی دورودرێژیـدا، بـە زمـانی روح القدس کـە بێگومـان زمـانی عیـبری بـوە، وەعـزی داداوە، بۆیـە موریـدە بـەوەفاکانی زۆر سـوپاس گوزاریان لـێ کردوە. دوای مردنـی، ئەو واعیـزەی هاتۆتە جێگـای، یـان زمـانی عیـبری نـەزانیوە یـان بـەکاری نـەهێناوە، لـە ئەنجامـدا موریـدە

---

[**] وەك لە یاداشتی دەولّـەت شای سـەمەرقەندیا هاتوە: یەکـەمین کـەس کە شیعری وتبێت ئادەم بوە. هۆیەکەیشی کوژرانی هابیلی بێ تاوان بوو بە دەستی قابیل، هەندێك لە مێژوناسان یەکەم وتنی شیعریان داوەتە پاڵ ئادەم کاتێك کە شینی بۆ هابیل گێڕاوە.

[***] لە "المعجم في معايير أشعار العجم" دا وا باس کراوە کە یەکەمجار ئادەم بە زمانی "سریانی" قسەی کردوە و ئەو زمانەیش بەشێکە لە زمانی عیبری.

PDF4Kurd



بەوەفاکان هەستیان بە بێبەشی و زوڵم لـێکراوی خۆیان کردوە. ئەوان ئەگەرچی وشەیەکی عیبریان نەزانیوە, بایەخیان بەو مەسەلەیە نەداوە, ئـەوان ئـەوەیان لا مەبەسـتی سـەرەکی بـوە کـە وەعزەکـە بـە زمـانی روح القدس بێت.

سیر توماس براون[26] نووسیویەتی ئەگەر دوو منداڵ – بۆ نموونـە – رومولـوس و رمـوس – لـە دارسـتانێکدا بەرەڵابکـەن کـە تێکـەڵ بـە خـەڵکانی تـر نـەبن و چاویان لـێنەکەن شـتێکی زۆر سـەیر ڕوودەدات, چونکە لـە هەلومـەرجێکی وادا, ئـەو زمانـەی ئـەو منداڵانـە قسـەی پـێ دەکـەن سـەرەتاترین زمانـە عیبریەکـەی بەهەشـتە. گوایـا ئـەم تاقیکردنەوەیـە کـراوە بـەڵام منداڵـەکان قسـەیان نـەکردووە و تـەنیا دەنگێکی بـێ مانایـان لـە دەم هاتۆتـە دەرێ. بـە هـەرحاڵ هەنـدێك لـەو بـاوەڕەدان کـە بـە هـۆی بـە تـەنیا جێهێشـتنی دوو منـداڵ لـە شـوێنێکی تەریکدا, زمانی سەرەتایی مرۆڤ دەدۆزرێتەوە.

**ف: زمانی ئۆرژینال..**

ب: بـەڵێ, عیـبری, بـەڵام مـن نەمـدەزانی کـە ئـادەم بـە زمـانی شـیعر قسـەی کـردوە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـە یادمـە لـە کتێبێکـدا دەربـارەی "کابـال"[27] (کـە یەکێکـە لـە کتێبـە دەگمەنـەکانی ئـەو بابەتـە) ئـەوەم خوێندەوە کە ئادەم بەو گریمانەیە, ڕاستەوخۆ خوا بە دەستی خۆی

---

[26] Sir thomas Browne (1682–5160) نووسـەر و پزیشـکی ئینگلیـزی کـە لـە نووسینەکانیدا زانست و ئاینی تێکەڵ بە یەکدی دەکرد.

[27] Kabbale ئـەو مەبەسـتە ئەفسـانەییانەی کـە دوای تـەورات بـە چـەند سـەدەیەك کۆکراونەتەوەو کابالیستەکان لە تەورات زیاتر بڕوایان پێی هەیە.

PDF4Kurd



دروستی کردوە, لە زانستە میتافیزیکیەکان و, مێژوو و ماتماتیکدا بالآدەست بوە. چونکە بە کاملی لەدایك بوەو خوا و فریشتەکان پەروەردەیان کردووە. هەروەها دەڵێن کە لەشێکی گەورەی هەبوەو وردە وردە بچووك بۆتەوە, لیون بلوی[28] لە ڕستەیەکی جوانیدا دەڵێت: "ئادەم کە لە بەهەشت هاتە دەرێ ئیتر لە ئاگر نەدەچوو, بەڵکو پزیسکێك بوو لە حالی کوژانەوەدا" کەواتە گریمانەی ئەوە هەیە کە دەبێت "کابال" نەریتێکی کۆن بێت. چونکە فریشتەکان ئەوە فێری ئادەم ئەکەن, ئەویش بە قابیل و هابیل و ئەوانیش منداڵەکانیان فێر دەکەن, هەر بەو شێوەیە, ئەمە تا سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوامە, ئەمرۆ دەستخۆشی لە بیری تازە دەکرێت, بەڵام لە ڕابوردوودا بیرێك سەرنجی ڕادەکێشا کە کۆن بوو, ئایا شتێکی کۆنتر لە "کابال" لە بارەی ئادەمەوە هەیە؟

**ف: یەکەمین مرۆڤ کە بە ڕۆحی خودا فێرکراوە!**

ب: کەواتە فریشتە نزیکەکانی خودایش پەیڕەویان لە (کابال) کردوە.

**ف: بەهەرحاڵ ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەدەبیات بە شیعر دەستی پێکردوە..**

ب: قسەکردنی ئادەمیش بە شێوەی شیعر هەر ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت.

**ف: تەواو وایە.**

ب: من وا بیر دەکەمەوە کە جگە لە هاوکێشی باسی شیعری عیبری نەکراوە, وا نیە؟ چونکە (زەبور)ەکان ژمارەی دیاریکراوی بڕگەیان نیە,

---

[28] Loen bloy (1846–1917) نووسەری کتێبە مەزهەبیەکانی فەرەنسایی.

PDF4Kurd



هەروەها سەرواو وابەستەیی تیپیانی نیە, بەلام ئاواز یان ڕیتمێکیان هەیە کە پاشان, والت ویتمان پەیڕەویی لێ دەکردن.

**ف: جارێکی دی سازیدانەوە.**

ب: نازانم ئەوەی کردبێت یان نا, هەرچۆن بێت لە "زەبوورەکانی داود"ەوە لە وەرگێڕانی قەشەکانەوە لە ئینجیلی ئینگلیزی دەستی پێکرد.

**ف: بەرهەمەکانی بورخیس هەر بە شیعر دەست پێدەکەن, مەبەستم کۆمەڵەی "تاسەی بوینس ئایرس"ە.**

ب: بەڵێ, بە مەرجێك وشەی شیعر لە کەوانەدا دابنێیت, چونکە من پێم وانیە ئەوە کۆمەڵە شیعر بێت, پەخشانێکی کەم تا زۆر ڕێك و پێکە, لە بیرمە لە کاتی نووسینیدا, کەمتر بیرم لە ویتمان دەکردەوە و زیاتر کاریگەری پەخشانی کوڤیدو[29]م لەسەر بوو, ئەوسا زۆرم لێدەخوێندەوە. بەهەرحاڵ ئەو کتێبە لەسەر شێوازی کوڤیدو, پڕە لە زاراوەی لاتینی کە توانیم هەندێکی لێ کەم بکەمەوە.

**ف: هەرچۆنێك بێت من وای بۆ دەچم کە تۆ لە شیعری ئازاددا, لە ژێر کاریگەری ویتماندا بوویت.**

ب: ڕەنگە, نازانم شیعری ئازادی من لە شیعری ویتمان چووبێت, یان لە پەخشانی کێشداری کوڤیدو یان ساڤادار و فاجاردو[30] کە ئەوسا بەرهەمی ئەمیشم زۆر دەخوێندەوە.

---

[29] Quevedo Francisco Gomez (1580–1640) نووسەر و شاعیری ئیسپانی.

[30] Saavedra Fagardo (1584–1648) نووسەری ئیسپانی.

PDF4Kurd



**ف: هەندێك لە تیۆریەكانی تۆ لەبارەی شیعرەوە بۆ من زۆر سەرنجراكێشن, بۆ نموونە تۆ دەڵێیت هەر شیعرێك كە بنەماكەی حەقیقەت بێت بێگومـان شـیعرێكی باشە..**

ب: دەبێـت ئەمەیشـی بخەینـە سـەر: یـان بنـەمای حەقیقـەت یـان خەیاڵی تەواو, وا نیە؟ دوو شتی دژ بە یەكتر. هەڵبەتە ئەمە لە كاتێكدا دێتـە دی كـە خەیاڵەكـە واقیعـی بێت. واتا شـاعیر بـڕوای بـە وێناكـانی خـۆی هـەبێت. بەڕای من زۆر ناخۆشـە شـیعر تـەنیا بـەوە وەربگـرین كـە گەمەیەكی سادەیە بە وشە, هەرچەندە ئاوازیشی تیا بێت, بە بڕوای من ئەمە هەڵەیە, وانیە؟

**ف: وایە, بە بڕوای من ئەمە "هەقیقەتی هەستێكە". كە لە تـۆدا كاریگـەریی هەیە.**

بورخیس: وایە "هـەقیقـەتی هـەسـت". بـە جۆرێكی تـر مـن چیرۆكێك دەنووسـم كـە خـۆم دەزانم درۆیـە: چـیرۆكێكی خـەون (فانتـازی) یـان پۆلیسـی – تاوانێـك (ئـەمیش جۆرێكـە لـە ئـەدەبی خـەیاڵی) بـەڵام بـە درێـژایی زەمـانی نووسـینەكە, دەبێـت بـڕوام پێـی هـەبێت. مـن لێرەدا لەگـەڵ كـولریج[31]ی شـاعیری ئینگلیزیـدا یەكدەگرمـەوە, لای ئـەو بـڕوای شاعیرانە واتا بۆ ماوەیەك خستنە لاوەی بێ باوەڕی.

**ف: ئەمە زۆر سەرنج ڕاكێشە.**

ب: بـەڵێ, بـابڵێین یـەكێك دەچـێتە شـانۆ بـۆ بینینـی مـاكبێس, ئـەو كەسـە لەگـەڵ ئەوەیشدا كە دەزانێت ئەوانـەی لەسـەر شـانۆن ئەكتـەرن, واتا كەسانێكن خۆیان گۆڕیوەو جارێكی تر بەیتـەكانی سـەدەی هەڤدە

---

[31] coleridge samuel (1772–1834).

PDF4Kurd



دەڵێنــەوە, کەچــی هــەموو ئەمانــە لــەبیر دەکــات و دەکەوێتــە دوای چارەنووسـە پـڕ لـە مەترسـیەکەی مـاکبێس, ئـەو کەسـەی لەبەرئـەوەی حەزی بە تاج و تەختە بەهۆی سیحرباز و لیدی ماکبێسـی هاوسـەریەوە دەکێشرێتە پای قەنارە.

**ف: راستە.**

ب: هـەروا کـە تەماشـای تابلۆیـەك دەکـەین و دیمـەنێك دەبیـنین, بیر لـەوە ناکەینـەوە ئەمـە وێنەیـەکی خەیاڵیـە و لەسـەر پارچـەیەك کـراوە, بـەڵکو وەك پەنجەرەیـەك تەماشـای ئەکـەین کـە بەسـەر دیمەنگایەکـدا کرابێتەوە.

**ف: راستە, وەلــێ تۆ وتت بەکارهێنانی وشەی مۆسیقا دەربارەی شیعر هەڵەیە, یا جۆرێکە لە مەجاز و هەموو زمانێکیش ئاوازی تایبەتی خۆی هەیە.**

ب: بـەڵێ, بـۆ نموونـە گـوێی مـن دەتوانێـت بـە چـاکی موسـیقای وشـەکانی بەرناردشـۆ ببیسـتێت, بـەڵام هـەر ئـەم گوێچـکانە. ناتوانێـت موسیقای یەکێکی تر یان گورانیبێژێك ببیستێت.

**ف: ئەمانە دوو شتی جیاوازن.**

ب: وایـە, جیـاوازن, مـن قسـەم لەگـەڵ ژێنـەر و موسـیقازان گەلێکـدا کردوە کە گوێی موسیقایان بە هیچ جۆرێك چاك نـەبوە, ئەوانـە نـاتوانن بەندێك یان وتەیەکی پەخشان یا پارچە شیعرێك بڕگە بڕگە بکەن.

**ف: پرسیارێکی تر ئەوەیە کە ئایا تۆ وا بیر دەکەیتەوە بتوانرێـت لـە شـیعردا دەستبەرداری خوازە (استعارە) ببیت؟**

ب: لەو باوەڕەدام, مەگەر بە قبووڵ کردنی شتێك.. کاتێك ئیمیرسـون (Emerson Ralph) زمان بە شیعری بەردین دادەنێت, لـەم حاڵـەدا هـەموو ناوێکی مانا, وردە وردە دەبێتە ناوی زات و ئەمـە خوازەیەکـە, بـەڵام بۆ

PDF4Kurd



تێگەیشتنی وتەیەك، دەبێت لە کاتی گوێ هەڵخستندا، ڕیشەی فیزیکیو ئیشتیقاقی وشەکان لە یاد بکەین، واتا بیر لە خوازەییان نەکەینەوە.

**ف: چونکە ریشەی خوازە....**

ب: گوێزانەوەیە.

**ف: گوێزانەوەیە..**

ب: بەڵێ، بەڵام خوازە، خوازەیە، وشەی خوازە خۆی لە خۆیدا خوازەیە.

**ف: بە مانای سمبولیك. ریلکە[32] لەم بارەیەوە وەك خۆی دیدێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە و تۆیش وەك خۆت. ئەو باوەڕی وایە جوانیی، سەرەتای سەرسووڕمانە و تۆ شیعر و سەرسووڕمان پێکەوە دەبەستیت. پێدەچێت تۆ لە ژێر کاریگەریی باوەڕی شاعیرانی "سلت"[33]دا بیت، ئەوان بڕوایان وایە مرۆڤ ناتوانێت بە ئاگا بێت لە شیعر، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئینجیلەکان، تۆ دەزانیت مرۆڤ ناتوانێت خوا ببینێت، چونکە کە بینی دەمرێت، ئەمە لە بارەی شیعریشەوە ڕاستە.**

ب: من لە چیرۆکێکمدا لەم باوەڕە کۆنە دواوم، چیرۆکەکە پەیوەندی بە شاعیرێکی "سلت"ەوەیە، پاشا دەستووری پێ دەدات شیعرێك بەسەر کۆشکەکەیدا بڵێت، شاعیرەکە بە درێژایی سێ ساڵ و بە سێ قۆناغ شیعرەکە دەنووسێت. لە دوو قۆناغی یەکەمدا بە نووسینێك دەگاتە لای پاشا، بەڵام سێیەم جار بە دەستی خاڵیەوە لە کۆشکەکەدا ئامادە دەبێت و تەنیا وشەیەکی لەسەر زمانە، دیارە ئەو وشەیە واژەی

---

[32] Rilke (1875–1926) نووسەر و شاعیری نەمساویی.

[33] celte ناوی کۆنی ئیرلەندا.

PDF4Kurd



کۆشك نیە بەڵکو وشەیەکە کۆشکەکە بەشێوەیەکی کامڵتر باس دەکات. هەر بە وتنی وشەکە، کۆشکەکە دیارنامێنێت، لەبەرئەوەی کە ئامادەگی کۆشکەکە تەنیا بە واژەیەك بە تەواویی دەربڕاوە، ئیتر پاساوێك بۆ بوونی کۆشکەکە نیە.

**ف: شیعر و سیحر؟**

ب: بەڵێ، بێگومان، دەشێت ئەم چیرۆکە بە جۆرێکی دیش کۆتایی بێت، بەو جۆرەی لەبەر ئەوەی کە شاعیر گەیشتۆتە کەماڵ و وشەکەی وتوە، ئیدی پاساوێك بۆ بە زیندو مانەوەی نەماوەو پاشا بەتیغێك دەیکوژێ. بێجگە لەوە دۆزینەوەی وشەیەك کە جێگای هەقیقەت بگرێتەوە جۆرێکە لە کوفر، وا نیە؟ چۆن دەبێت مرۆڤ وشەیەك دابهێنێت کە جێگای بەشێکی دنیا بگرێتەوە؟

**ف: ئەم قسەیەی تۆ ئەوەم وەبیر دێنێتەوە کە لە دیدی مەزهەبیەوە، ناوی شارە کۆنەکان، بە پیرۆز لە قەڵەم دەدران.**

ب: وایە، دوکونسی[34] کە ناوی شاری "رۆما" دێنێت و ناوی هاونیشتمانیەکی "رۆمی" دەبات کە بەهۆی نهێنی دەرخستنەوە فەرمانی مەرگی بەسەردا دەدرێت، ئەو ئەمەی بۆ زیاد دەکات کە ئەم ناوە پیرۆزە، بە نهێنی ماوەتەوەو نەگەیشتۆتە سەردەمی ئێمە.

**ف: لە راستیا.**

ب: لێرەدا ئێمە بە مانایەك دەگەین ئەگەر کەسێك ناوی نهێنی "روما" بزانێت دەبێتە خاوەنی روما. چونکە کە ناوی شتێکت زانی دەسەڵاتی بەسەردا پەیدا دەکەیت. با بگەڕێینەوە سەر ئەو شتەی کە

---

[34] De Quincy Thomas (1785–1859) نووسەرێکی ئینگلیزە.

PDF4Kurd



وتمـان: خـودا بـۆ ئـەوەی نـاوی راسـتەقینەی خـۆی بـە موسـا نـەڵێت دەفـەرموێت: "مـن ئـەو کەسـەم کـە منـە" ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە مـارتین بوبر[35] بیری لـێ دەکردەوە.

**ف: ئیتر لێرەوە باس لە ناوە ڕەمزیەکەی خودایە.**

ب: بەڵێ, خوا ناوێکی رەمزیی هەیە, ئەگەر پێی بزانرایە, لەوانەبوو توانا خوداییەکـەی بـۆ موسـا بگوێزرێتـەوە. بـۆ ئـەوەی ئاشـکرا نـەبێت دەڵێت: "من ئەو کەسەم کە منە" بەو جۆرە خۆی لە وەڵامـی راسـت و رەوان دەپارێزێت, ئەمەیش جۆرە خۆڵێ نەبان کردنێکە.

**ف: ئەگەر قایل بیت, کەمێك بگەڕێینەوە دواوە. ئایا خودی خۆت هەستت بـە پەیوەندیی نێوان سەرسامیی و شیعر, یان پەیوەندی شیعر و جـوانی کـە قسـەی لەسەر دەکرێت, کردووە؟**

ب: لە نێوان جوانی و سەرسامیدا بەڵێ, ئەمە شتێکە لـە رابوردودا زۆرم بیر لـێ دەکردەوە, چونکە وام هەسـت دەکرد لەمسـی جوانیی لـە توانای ئێمەدا نیە, ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە لـەو بڕوایـەدام کە جوانیی لـە هـەموو جێگایـەکـدا بـوونی هەیـە. کەواتـە بـۆ نەچین بـە پێشـوازیەوەو خۆش هاتنی لـێ نەکەین؟

**ف: لایەنێکی دی کە بەلای منەوە پڕ بایەخە و لە کاتی گفتوگۆکردن لەسـەر ئەرەستۆ و ئەفلاتوندا[36] لێی دواین, ئەوەیە کە دەڵێیت شاعیر دەتوانێـت هاوکـات دەرك و بەڵگاندن بەکاربێنێت یان..**

---

[35] Martin Buber (1878–1965) عارف و فەیلەسوفی نەمساوی.

[36] گفتوگۆ لەبارەی ئەرەستۆ و ئەفلاتونەوە لە شوێنێکی تری دیمانـەکانی بورخیس لەگەڵ فراریدا باس کراوە.

PDF4Kurd



ب: یان ئەفسانە.

**ف: بەڵێ, لە کۆمەڵگای ئێمەدا شاعیر ئەو کەسەیە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئەوانەدا هەبێت و پەنایان بۆ بەرێت.**

ب: شاعیر دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت, هەڵبەتە بەو حەزەوە کە بۆ ئەم یان بۆ ئەویان هەیەتی. لە بارەی منەوە دەڵێن شاعیرێکی روناکبیرم.

**ف: بە هەڵە چوون!**

ب: بەڵێ, بەڵام سەیرە, لە بارەی "برونینگ"[37]یشەوە, لە سەرەتادا, ئەویان بە شاعیرێك ناوزەد دەکرد کە کارەکانی تەسەنوعی تێدایە. بەڵام دواجار وتیان: ئەوەندە روناکبیرە کەس ناتوانێت تێی بگات.

---

[37] Browning Robert (1812–1889) شاعیری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی پێنجەم

## بە بۆنەی چوونە ناو مانگی مرۆڤەوە

**فراری: بورخیس، وا پێدەچێت یەکێك لە ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە کە زۆر کاری لەتۆ کردوە، ڕووداوێکی تا ڕادەیەك تازەیە و ئەمڕۆ کەمتر باسی لێوە دەکرێت، مەبەستم چوونە ناو مانگی مرۆڤە.**

بورخیس: وایە، من لەم بارەیەوە شیعرێکم نووسیوە، ئەمڕۆ بە هۆی سیاسەتەوە، واتا لەبەر هۆیەکی کاتی و پێگەیەکی ستراتیژی هەوڵی ئەوە دەدرێت لە بایەخی ئەوەی من بە گەورەترین دۆزینەوەی سەردەم ناوزەدم کردوە کەم بکرێتەوە.

ئەوە زۆر گێلایەتیە دۆزینەوەی مانگ بە دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا بەراورد بکرێت، ئەمە شتێکە هەرگیز ناشێت و کەچی زۆرجار وابوە، بێگومان وشەی دۆزینەوە –اکتشاف– گومان هەڵگرە، چۆن خەڵکی لەسەر دەستەواژەی "دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا" ڕاهاتوون، هەر بەو شێوەیەش باس لە "دۆزینەوەی مانگ" یان دۆزینەوەی ژیانێکی تر دەکەن. باشە. من وای بۆ دەچم بە داهێنانی کەشتی، واتا سەوڵ، دیرەك و سوکان دەبوو ئەمریکا بدۆزرایەتەوە. بە ڕاشکاوی دەیڵێم بەکارهێنانی وشەی دۆزینەوە لەم جێگایەدا بە

PDF4Kurd



شـێوەی تـاك جۆرێکـە لـە هێنانـە خـوارەوە، وا چـاکە بـاس لـە "دۆزینـەوەکانی ئـەمریکا" بکرێـت، چـونکە چـەند دۆزینەوەیەکـە. بـۆ نموونە دەتوانین لـە دۆزینـەوەکانی "ئاتلانتایـد"[38]ەوە دەست پێبکـەین کە لە نووسینی ئەفلاتون و سنکا[39] دا ناویان هاتوە، یان سـەفەرەکانی سـانت برنـدان[40]. سـەفەری دوورگـە سەرسـوورهێنەرەکان، کـە سـەگی ڕاویـی زیـویی ڕەنـگ دوای گـاکێوی دەکـەوتن. وەلێ دەتـوانین ئـەم ئەفسـانانە، هەرچـەندە تیشـکێکی واقیعیـان تیایـە، واز لێبێـنن و بگەڕێینـەوە سـەدەی دەیـەم، لەوێـدا مێژوویـەکی تـەواوی کارەکـانی ئـەریکی سـوور[41] هەیـە، ئـەریك ڤـایکینگ[42] بـوو وەك گـەلێك لـە چیاییەکان، پیاوکوژ بوو، لە نەرویـژدا و لـە یاداشـتی نەرویژیەکانـدا گـەلێك کوشـتنی دراوەتـە پـاڵ. پێدەچێـت هـەر ئەوانـە کەڵکەڵـەی دەریاوانیـان بـەرەو ئایسـلاند خسـتۆتە سـەریەوە و، لـەوێیش، دوای ئەوەی چەند کەسێکی کوشت، ناچار بەرەو خۆراوا هەڵات.

دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مەوداکانی ئەو سـەردەمە دوور و درێـژتر بـووە. چـونکە مـەودا, بە کاتی پێـوانی ئەنـدازەگیری دەکرێت. بەهەرحاڵ، ئەریکی سوور و هاوڕێکانی گەیشتنە دوورگەیەك بە ناوی

---

[38] Atlantide ناوچەیەکی ئەفسانەیی لە ئوقیانووسی ئەتڵەسیدا.

[39] Senegue فەیلەسووفی ڕۆم پەروەردەکەری ئیمپراتۆر نایرون (65- 4 پ ن).

[40] Saint brendan جیهان گەری ئینگلیزی (484- 577)

[41] Erik le Rouge ئەو نەرویژیەی گرونلاندی دۆزیەوە (940-1010)

[42] Viking دەریاوانـەکانی ئەسـکەندەناڤیا، کـە زۆر جێگایـان لـە سـەدەی 8 تـا 11 ز دۆزیەوە

PDF4Kurd



گرونلند[43] (گرینلند). بۆ ئەم ناوزەدکردنە دوو ڕوونکردنەوە هەیە: یەکەمیان دەڵێن زەوی ئەوێ بە سەهۆڵی سەوز داپۆشراوە و، ئەریك، بۆ سەرنجڕاکێشانی دانیشتوانی ئەو شوێنە داگیرکراوانە ناوی نا گرونلند یان گرینلند، هەڵبەتە سەوزبوونی سەهۆڵ شتێکی ناواقیعی دێتە بەرچاو.

بەو جۆرەیش ئەریکی سوور، بۆ قارەمانێك ناوێکی سەرنجڕاکێشە، وا نیە؟ قارەمانێك لە باکوورەوە!

**ف: قارەمانێکی خوێنڕێژ.**

ب: وایە، بۆ قارەمانێکی خوێنڕێژ. ئەریك بت پەرست بوو، وەلێ نازانم پەیڕەویی لە ئاینی ئودین[44] دەکرد کە ناوی خۆی داوەتە چوارشەممەی[45] ئینگلیزی، یان ئاینی تور[46] کە وشەی پێنج شەممەی[47] ئینگلیزی لەو وەرگیراوە. (هەرچەندە لە زمانی فەرەنسیدا چوارشەممە[48] بەمرکور[49] دەناسن و پێنج شەممە[50] بە ژو[51]).

---

[43] Greneland یا Groenland

[44] Odin یا Watan لە خوداکانی جەرمان

[45] Wedensday

[46] Thor خوای شەڕ لای ئوسکوتلاندیەکان

[47] Thursday

[48] Mercredi

[49] Mercure کوڕی ژوبیتەر لە خوا ئەفسانەییەکان

[50] Jeudi

[51] Jove ناوێکی تری زیویس یا ژوبیتەر

PDF4Kurd



لـه گرونلنـد ئـەريك لـە كەشـتى دادەبـەزێت، پـێش هاوڕێكـانى دەكـەوێت و ڕابەرايـەتى دوو قۆنـاغى پرۆسـەى دۆزينەوەكـە دەكـات, دواى ئـەو كوڕەكـەى ليـف ئەريكسـون[52] كيشـوەرەكە دەدۆزێتـەوە. ئـەو دەگاتـــە دوورگـــەى "لابـــرادور"[53] لـــە ســـنوورى كەنـــەداى ئێســـتا تێدەپەڕێت و دەڕواتە وڵاتە يەكگرتووەكانى ئێستاى ئەمريكاوە.

دواى ئەمە دەگەينە دۆزينەوەكانى كريستوف كولومبس[54] و پاشان ئامريگوسپوچـى يـا ڤيسـيۆس[55] كـە نـاوى كيشـوەرەكە بـە نـاوى ئەوەوەيـە. ئـەو دەرياوانانـە، پورتوگـالى، هۆڵەنـدى، ئينگليـزى، ئيسپانيايى و ئەوانى دى كە پاشان كيشوەرەكەى ئێمەيان دۆزيوەتەوە لـە ژمـارە نايـەن. لـە ڕاسـتيا ئـەوان بـە دواى هيندسـتاندا دەگـەڕان و تووشى دۆزينەوەيەكى تر بوون كە ئەمڕۆ ئێمە قسەى لەسەر دەكەين.

**ف: لە كاتێكدا ئەوان وايان دەزانى ئەم ناوچەيە بەشێكە لە هيندستان.**

ب: بـەڵێ، هـەر لەبەرئەمـەيش سـووديان لـە وشـەى "ئينـدين"[56] وەرگرت بۆ ناونانى خودى دانيشتووانى ناوچەكە. بە دەربڕينێكى تر. هەموو ئەو دۆزينەوانە بە ڕێكەوت و ناچارى بوون و بەڵگـەيش ئەوەيـە كـە هـەموويان بـە حوكمى مێـژوو، لـە سـەدەى دەيـەم بـەم لاوە ڕوويـان داوە. دەريـاوانيى ئـەوەى سەپاندووە، بـەڵام لێرەدا تـەنيا مەسـەلەيەكى

---

[52] Leif Erikson

[53] Labrador نيوەدوورگەيەك لە كەنەداى ئێستادا

[54] Christophe colomb دەرياوانى ئيسپانى (1451–1506)

[55] Amerigo Vespueci دەرياوانى ئيتالى (1454–1512)

[56] indien

PDF4Kurd



فیزیکی لـه ئـارادا نیـه بـەڵکو ئەمـە بزاوتێکـی هوشـیارانە و زانسـتیە، ئەنجامی بەرنامەدانان و بڕیاری پێشوەختە نـەك بەرئـەنجامی ڕێکـەوت. (هەڵبەتە نکوڵی لە بوێری ئارمسترونگ[57] و هاوڕێکانی ناکرێت) بێجگە لەوە کارێکە لە سەرهەڵدانیەوە (1969) چ بە هـۆی خـودی کارەکە و چ بـە هـۆی هاوکـاری و هاوبەشـی مرۆڤگـەلی سـەر بـە نەتـەوە جیاوازەکـان مایـەی شـانازی مرۆڤایەتیـە. چونکە گەیشتن بـە مـانگ دۆزینـەوەیـەکی کـەم نیـە. سـەیر لـەوەدایـە، دوو نووسـەر کـە دەربـارەی ئـەو مەسـەلەیە شتیان نووسیبوو، واتا جول ڤرنی[58] فەرەنسایی و ویلزی[59] ئینگلیزی, هیچ کامێکیان بڕوایان بەوە نەبوو ئەو کارە بێتـەدی, تەنانـەت لـە بیرمە کاتـێ وێڵـز یەکـەمین ڕۆمـانی بڵاوکـردەوە لـەم بارەیـەوە ڤـرن بـە سەرسامیەوە وتی ویلز لە خۆیەوە ئەمەی دروست کردوە! ئاخر ڤرن فەرەنسایـیەکی مەنتیقی بوو خەون و خەیاڵی ناماقووڵی ویلـزی بەدوور لە ڕاستی دەدایە قەڵەم.

هـەردووکیان، بـە ڕاسـتیی ئـەو شـتەیان بـە عەقڵـدا نەدەچـوو، هەرچەندە ویڵز لە یەکێك لە کتێبەکانیدا (ناوەکەیم لـەبیر کردوە) باسی مانگ دەکات کە مانگ، یەکەم هەنگاوی مرۆڤ دەبێت لە گرتنی فەزادا.

بەهـەرحاڵ چـەند ڕۆژێـك دوای ئـەو دۆزینەوەیـە، کـە مـن زۆری پـێ دڵخۆش بووم، (لە شیعری خۆمدا وتوومە کە دڵنیام کـەس بە ئەندازەی مـن، بـۆ ئـەو مەسـەلەیە هەسـتی بـە بەختـەوەری نـەکردووە) نوێنـەری

---

[57] Amstrong Neilیەکەم مرۆڤ ساڵی 1969 پێی لەسەر مانگ دانا (1930)

[58] Jules Verne (1828–1905)

[59] Herbert Georgc Wells (1866–1946)

ڕۆشنبیریی سەفارەتی شورەوی هاتە دیدەنیم و وتی: لەگەڵ هەموو دەرئەنجام و بەرخوردی جۆراوجۆری ئاسایی و ژیانی ڕۆژانەدا، خۆشترین شەوی ژیانی بەسەربردوە، ئەو ئەوەی لە یاد کردبوو کە دۆزینەوەکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئەنجامی گەیاندبوو، بە خۆشباوەڕییەوە وای بیردەکردەوە کە "ئێمە گەیشتینە سەرمانگ، مرۆڤ گەیشتە مانگ" دەبێت دان بەوەدا بنێین کە جیهان هەمیشە بەرانبەر وڵاتە یەکگرتوەکان بە شێوەیەکی سەیر پێ نەزان بووە، بۆ نموونە ئەورووپا، دووجار بە هۆی ئەمریکاوە لە بەڵای جەنگی یەکەم و دووەم ڕزگاری بووە، لە باری ئەدەبیاتیشەوە، ئەدەبیاتی ئەمڕۆ بێ ناوی ئیدگار ئالان پۆ[60]، والت ویتمان،[61] هرمن ملڤل[62] و هنری جیمز[63] شیاوی چ لێدوانێك نیە. بەڵام نازانم بۆ کەس ئەم مەسەلەیەی قبووڵ نیە. ڕەنگە لەبەر باڵادەستی ئەمریکا بێت. برکلی[64] فەیلەسوف وتبووی چوارەمین ئیمپراتۆریەتی گەورەی مێژوو ئەمریکا دەبێت، دەیویست جوتیارەکانی "بەرمودا"[65] و سورپێستەکان بۆ ئیمپراتۆریەتی بە توانای ئایندە ئامادە بکات (پێدەکەنێت) بەهەرحاڵ ئێمە دۆزینەوەی گەورە (دۆزینەوەی مانگ)مان هەبوە، لەگەڵیا ژیاوین، هەستمان بە

---

60 (1849–1809) Edgar Allan poe

61 (1892–1819)Walt whitman

62 (1891–1819)Herman melville

63 (1891–1819) Henry James

64 (1753–1685) Berkeley George

65 Bermudes کۆمەڵێك دوورگە لە باکوری خۆرهەڵاتی ئانتیل لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی

PDF4Kurd



بەختیاری کردووە، وا ئەمڕۆیش وەك ئامێر لەسەرو بەندی فەرامۆش کردنیاین، باشە، لەوە دەچێت بمەوێت گفتوگۆکە تایبەت بکەم بە خۆمەوە. (پێدەکەنێت)

**ف: هەڵبەتە بە بابەتی زۆر سەرنج ڕاکێش (پێدەکەنێت) چەند ساڵێکی کەم پێش دۆزینەوەکە.. چاکە، بە ڕاستیی ئەم دۆزینەوەیە لە ساڵی 1957دا دەستی پێکرد، ئەوسا شورەوی یەکەمین کەشتی بەرەو ئاسمان نارد و دوازدە ساڵ دوای ئەوە..**

ب: دەشێت بوترێت ئەم دوو وڵاتە ناکۆکە، بێ ویستی خۆیان ، هاوکاریی یەکتریان کردوە.

**ف: هاوکاریی لە کێ بڕکێی ئاسمانیدا.**

ب: وایە، هەر لەبەر ئەو ناکۆکیە، بەڵام بە ڕاستیی ئێمە قەرزاری دۆزینەوەکەیانین.

**ف: یەعنی ئەم دۆزینەوەی مرۆڤە.**

ب: بەڵێ، دۆزینەوەی مرۆڤ کە بە بڕوای من گەورەترین دۆزینەوەی ئەم سەدەیەیە. هەڵبەتە ئەم کارە بە هاوکاریی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان ئەنجام درا کە خۆشیان داهێنراوەکانی ئەم سەدەیەن. ئەم سەدەیە.. هەموو ئێمە وا هەست دەکەین کە لە داتەپیینداین. بەڵام ئەمە لە دیدی ئەخلاقی یا ئابوریەوە وایە. لە ڕاستیا بۆ نموونە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە, ڕەنگە دەوڵەمەندتر بووبێت، سەردەمی ئێمە هەندێك زانستی بێهوودە (بێمانا)ی وەك "ڕەوان شناسی بزاوتی"[66] یان (زمان ناسی

[66] Laups ycholo gie dynamigue

PDF4Kurd



کۆمەڵایەتی)[67] بەرهەم هێنا. وەڵێ بەهەرحاڵ ئەمانە گاڵتە و گەپێکی کاتین. وا نیە؟ (پێدەکەنێت) چاکترە ئومێدەوار بین بەڵکو بە زویی و خێرا لەبیر بچنەوە. لەگەڵ ئەمانەیشدا ناتوانیت بە چاوی کەم تەماشای کارە زانستیەکان بکەیت.

**ف: تۆ ڕاست دەکەیت، ئێستا 28 ساڵ بەسەر چوونە سەر مانگدا تێدەپەڕێت، وەلێ وەك پێویست باسی لێوە ناکرێت..**

ب: نا، ئەوەندەی باسی هەڵبژاردن دەکەن ئەوەندە لەسەر ئەوە قسە ناکەن، بۆیە ئێمە تووشی ناخۆشترین بابەت دێین کە سیاسەتە، دیارە ئەمە یەکەم جار نییە ئەم قسەیە لە من ببیستیت. من دوژمنی دەوڵەت و دەوڵەتەکانم، هەروەها دوژمنی ناسیونالیزمیشم کە یەکێکە لە گەورەترین هەڵەی زەمانی ئێمە، دوژمنی ئەو شتەم یەکێك, لەبەرئەوەی لە فلان گۆشە یان فلانە شوێنی سەرزەوی لە دایك بووە, ئیتر ڕێ بە خۆی دەدات و جەخت دەکات هەموو ئیمتیازێکی بەسەر خەڵکی ترەوە هەبێت و، ئێمەیش لە خەونی کۆنی ڕواقیەکان[68] دوور دەخاتەوە، ئەوانەی کە سەردەمانێك خەڵکیان بە ناوی شارەکانیانەوە دەناسی و ناوی تالیس میلە[69]، زینون ئیلی[70]، هیراکلیت ئیفزی[71] و.. یان دەبرد،

---

[67] Sociolin guisti gue

[68] Stoiciens

[69] Thaies de Milet فەیلەسوفی سروشت گەرایی یونانی (620-555 پ. ن)

[70] Zenon d Elee فەیلەسووفی یونانی (490-430 پ. ن)

[71] Heraclits d Ephese فەیلەسوفی یونانی (550- 450 پ. ن)

PDF4Kurd



خۆیـان بـە هاوشـاریەکی جیهـانی دەناساند، ئـەو شـتەی کـە لـەو سەردەمەدا جیاوازی و دژایەتیەکی سەیری لەنێو یونانیەکاندا نایەوە.

**ف: مادامەکی باس هاتە سەر باسی یونانیەکان، دەتوانین گەیشتنی مرۆڤ بـە گۆی مانگ ببەستینەوە بە دوا شتێکەوە کە دنیس دوروگ مونت[72] (بە بەسەرهاتی مرۆڤی) ناوزەد کردوە.**

ب: بێگومان.

**ف: بەدوای کارەسـاتێکەوەیە کـە لـە "ئیلیـاد" و "ئۆدیسـە"دا دەیبیـنین و هەروەها لە پێش دەستیەکەی کریستوف کولمبسیشدا.**

ب: وایـە، هەرچـەندە ڕەخنـەگرتن لـە ئیمپراتۆریـەکان نەریتێکـە. وەلێ بەهەرحاڵ، دەتوانیت ئەوانە بە سەرهەڵدانی نیشتمانێکی جیهانی دابنێیت.

**ف: مەبەستتان ئەوەیە کە هەموو دنیا وەك نیشتمانێك لەبەر چاو بگرن؟**

ب: بـەڵێ. مـن وای بـیر لێدەکەمـەوە لـەم لایەنـەوە ئیمپراتۆریـەکان سـوودیان هـەبووە. بـۆ نموونـە بە لـەناوبردنی هەنـدێك زمـان، لـە بـاری سەرنجی منـەوە ئاینـدەی نزیك بۆ زمـانی ئیسـپانیەکان و ئینگلیـزە. بـە داخـەوە زمـانی فەرەنسـی بـەرەو نـەمان دەچـێت، ڕوسـی و چـینیش زمـانێکی دژوارن. بەهـەرحاڵ هـەموو ئـەم مەسـەلانە بـەرەو جۆرێـك لـە یەکیەتیـەکی باڵامـان دەبـات، کـە مەترسـیی تـری ئـەم سـەردەمە، واتـا شیمانەی هەڵایسانی شەڕێکی تری جیهانی لەنێو دەبات.

**ف: کەواتە (دەبێت لەم مەسەلەیە زۆر ڕابمێنین) کە بێجگـە لـەو کونجکۆڵیـە خۆرئاواییەی کە بە درێژایی سەردەمەکان چەند دۆزینەوەیەکیان لێ کەوتۆتەوە، هەروەها مەسەلەی ئیمپراتۆریەکان کە باسـت کـردن، دەبێـت ئـەوەیش لـە یـاد**

---

[72] Denis de Rougemont فەیلەسوفی فەرەنسی (1906 -؟)

PDF4Kurd



**نەکرێت کە کـولّمبس دۆزینەوەکـەی خـۆی بـە نـاوی مەسـیحیەتەوە ئەنجامـدا، کولّمبوسیان بە ناوی هێنەرەوەی مەسیحەوە ناوناوە[73].**

ب: ئا، گرنگە، نەمدەزانی، وایە، کولومب، بەلّێ..

**ف: هەروەها لە ناوی کریستفەوە کریست[74] هەیە.**

ب: وایە، بیر لە تابلۆیەك دەکەمەوە نازانم وێنەکێشەکەی کێیـە، وەلێ تابلۆیەکی بەناوبانگە و لەوێدا سانت کریسـتف[75]، مەسـیحی چکۆلّەی بە کۆلّەوەیە و لە ڕووبارێك دەپەڕێتەوە.

**ف: کەواتە ئایا دەتوانین مەسیحیەت کە هۆی دۆزینـەوەی کۆلۆمـب بـوە وای تەماشا بکەین هەر ئەو بیری ئێمەی بەرانبەر بە ئیمپراتۆریەت گۆڕیوە؟**

ب: بـۆ نـا؟ ئـەوەی ئێسـتا لـە ئیسلامیشـدا دەیبیـنم کـە شـێوەیەکی سیاسی لەخۆ گرتوە هەروایە، ئەمەیش ڕەوشی ئیسـلامە و بە درێژایی زەمان هەمووئەمانە چاکن.

**ف: لە ڕابردوودا دۆزینەوەکان بەرەو شوێنێکی نەزانراو بوو، ئێستا، بەلای تۆوە هەنگاوەکانی ولّاتە یەکگرتووەکان و شورەوی کە لە زەوی پشت هەلّدەکەن هـەر بەو شێوەیە بەرەو شوێنە نەزانراوەکانە؟**

ب: بـەلّێ، هەلّبەتـە. بـەلّام دەربـارەی مـانگ، مـانگی ڤیرجیـل[76] یـان مـانگی شەکسـپیر[77] پـێش ئـەوەی مـرۆڤ بگاتـە مـانگ ئـەوان ناویـان دەرکردبوو، وانیە؟

---

[73] Colomba Christi Ferens

[74] Christ مەسیح

[75] St. christophe

[76] Virgile شاعیری لاتینی (70-19 پ. ن)

[77] Shakespeare William (1564-1616)

PDF4Kurd



**ف: وایه.**

ب: ئەمانە، زۆر کات هاوڕێیەتی ئێمەیان کردوە، مانگ، جارێك ڕوویەکی دۆستانەی هەیە و جارێکی دی نامۆیە، وەك "مانگی دڵسۆزی خامۆش"[78]ی ڤیرژیل. هەڵبەت دەشێت ئەو ئامارژەی بە دەورە کورتەکەی تاریکیی مانگ دابێت بۆئەوەی یونانیەکان لە ئەسپەکانیان دابەزن و شاری "ترواده"[79] بگرن. بەلاّم وایلد[80] کە وەك من بیری دەکردەوە، وتوویەتی: "بێدەنگیە دۆستانەکەی مانگ" و منیش لە شیعرێکدا وتوومە "دۆستایەتی بێدەنگیی مانگ هاوڕێیەتیت دەکات".

**ف: بەهەرحاڵ، لە هەلومەرجێکی وادا پێوستە شتێکی نەناسراو ئامادەگیی هەبێت.**

ب: زۆریش پێویستە کە هەمیشە لامان بێت. ئەگەر بڕوامان بە دنیای میتافیزیك هەبێت، کە من بڕوام پێیەتی، بە هۆی ئیدراك و هاوکاریی پێنج هەستەکەمانەوە دەتوانین چی تر بزانین؟ ڤۆلتێر[81] بڕوای وابوو هەرچەندە دەشێت سەدان هەستی جیاجیا بەرجەستە بکرێت، بەلاّم بە هەستێکی تری جیاواز دەشێت باری سەرنجی ئێمە بەرامبەر بە جیهان بگۆڕێت. لە ئەمڕۆدا زانست ئەم باری سەرنجەی گۆڕیوە، ئەوەی لای ئێمە سەخت دێتە بەرچاو، لای زانست بریتییە لە

---

[78] Amica Silentia Lune

[79] Troie شاری کۆنی ئاسیای بچووك کە کەوتە ژێر دەستی یونانیەکانەوە و تا دە ساڵ لەژێر دەسەلاّتیاندا بوو.

[80] Wild oscar نوسەری ئیرلەندی (1854–1900).

[81] Voltaire Francois marie نوسەری فەرەنسی (1694–1778).

PDF4Kurd



کۆمەڵێك ئەتۆم، نوترون و ئەلەکترون، خودی ئێمەیش لە کۆمەڵێك ئەتۆم و ناوك دروست بووین.

**ف: گەیشتنە سەر مانگ، دۆزینەوەیەکە کە بەتەواوی دەیتوانی مرۆڤی سەدەکانی پێشوو سەرسام بکات و وای لێبکات بیر لە نەزانراوەکان بکاتەوە.**

ب: بێگومان ئەوانیش دۆزینەوەیەکی وایان لا خۆشبوو.

**ف: وەك خۆت وتت، ویلزیش کە سەر بە سەدەی ڕابوردوو ئەم سەدەیەیە. هەر بڕوای وابوە کە شتێکی وا هەرگیز نایەتە دی.**

ب: وایە، وەڵێ ویلز بە پێچەوانەی جول ڤرنەوە، لەبەرئەوەی خەیاڵی بەرەو ئەو شتانە دەچوو کە دەشێت نەیەنە دی، شانازی بە خۆیەوە دەکرد، بە جۆرێکی تری بڵێین، ویلز بڕوای وابوو هیچ شتێك لە ئێمە خێراتر نیە بۆ سەفەری نێو ئاسمان و زەمان. بەڵام لە پەنای ئەمەیشدا باوەڕی وابوو مرۆۋ هیچ کاتێك توانای لەبەرچاو نەمانی نییە و هەرگیز ناگاتە سەرمانگ. کەچی ئێستا وا دێتە بەرچاو هەقیقەت بە پێچەوانەی ئەوەوە یە، دەڵێیت ئەمرۆ هەقیقەت پێی دەڵێت خەیاڵەکانی تەنیا پێغەمبەرانە بووە، بەڵی پێغەمبەرانە.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی شەشەم

## دەربارەی نووسەرانی ڕووس

**ف: بورخیس، ئەگەرچی لە گفتوگۆکانماندا لەگەڵ جۆراوجۆری بابەتەکان، هەمەگیر و بە پێی باوەڕی ڕواقیەکان کارمان کردووە، بەڵام تا ئێستا نووسەرانی "سلاڤی" بۆ نموونە تولستۆیمان[82] باس نەکردووە.**

ب: ڕاستە، من تا ماوەیەك دوای خوێندنەوەی "تاوان و سزا" دیستۆفسکیم[83] بە ڕۆمان نووسێکی گەورە دەزانی، پاشان کتێبی "ئەوانەی جنۆکە دەستی لێوەشاندوون"م خوێندەوە کە ڕووسەکان پێی دەڵێن "شەیتانەکان" دوایی ویستم لەگەڵ "برایانی کارامازۆف"دا ئاشنابم، بەڵام نائومێد بووم. هەرچەندە ڕێزم بۆ دیستوفسکی بوو، بەڵام هەستم کرد کە ئیدی ئارەزووی خوێندنەوەی ئەوم نییە، "یاداشتی ماڵە مردووەکان"یش تووشی سەرەگێژەی کردم. بە پێچەوانەوە، کتێبی "شەڕ و ئاشتی" تولستویم چەند جارێك

---

[82] Tolstoy Leon ڕۆماننووسی ڕووسی (1828-1910)

[83] Dostoievski Fedor ڕۆماننووسی ڕووسی (1821-1881)

PDF4Kurd



خوێندۆتەوە. هەمیشە تازەیە، من وا بیر دەکەمەوە ڕای گشتی لەسەر ئەوەیە کە تولستۆی مەزنترە.

**ف: مەزنترە لە دیستوفسکی؟**

ب: بەڵێ.

**ف: جێی گومانە!**

ب: بە هەرحاڵ وا دەزانم ڕووسەکانیش هەر ئەم باوەڕەیان هەیە، ئا، بە ڕاست نووسەرێکی ناودارتری ڕووسی هەیە، شتم خوێندۆتەوە، ئەو نووسەرەی هەمیشە ناوەکەیم لەبیر دەچێت. هەرچەندە خۆم حەزم لەو فەرامۆشکردنە نییە، نووسەری "لولیتا"[84] دەڵێم.

**ف: ناباکۆف[85]؟**

ب: بەڵێ، ناباکۆف وتوویەتی لە کاتی کۆکردنەوەی شیعر و (دەقی ئەدەبی) ڕووسیدا، نەیتوانیوە تەنانەت تەنیا لاپەڕەیەك بۆ دیستۆفسکی تەرخان بکات، نابێت ئەم مەسەلەیە وەك سانسۆر بدرێتە قەڵەم، چونکە نووسینی چەند لاپەڕەیەکی ڕۆمان لە بەیازێکدا مومکین نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نایشتوانیت ڕۆمانێك لە چەند ڕستە و چەند لاپەڕەیەکدا کورت بکەیتەوە. دەبێت بۆ ئەوەی لە یادا بمێنێتەوە هەمووی بە تەواوی بخوێنیتەوە. کەواتە ناباکۆف مەبەستی سانسۆر یان بە پەراوێزکردنی دیستوفسکی نەبوە. لە ڕاستیدا بۆ نووسەرێکی گەورە ئامادەبوون لە هەڵبژاردەیەکی ئەدەبیدا ئەوەندە بایەخی نیە.

**ف: یان بیەوێ لاپەڕەی زۆری بۆ تەرخان بکرێت.**

---

[84] Lolita

[85] Nabakov Viadimir نووسەرێکی ڕووسی ئەسڵی ئەمریکایی (1899–1977)

PDF4Kurd



ب: یان هەندێك لاپەڕە.

**ف: بەڵێ، ڕاستە.**

ب: كە باس لە ڕۆمان دەكرێت، مرۆڤ هەر لە خۆیەوە دونكیشوتی[86] بیردەكەوێتەوە، ئەو كتێبەی زۆربەی بەشەكانی گوڵبژێر نین، لە ڕاستیا وا دێتە بەرچاو كە هەر لە خۆوە نووسرابن. بەڵام بەشی یەكەم و كۆتاییەكەی لە یاد ناكرێن و گوڵ بژێرن، ناتوانین وەلایان بنێین.

لە بارەی خۆمەوە، دەبێت ئەوە بڵێم جاران من زیاتر حەزم لە نووسینی گوڵبژێری بوو، واتا ڕستەی درێژ، بۆ نموونە 4 یان 5 دێڕم دەنووسی. (وام دەزانی ئەگەر ڕستە درێژ بێت لە بیر ناكرێت و ڕەوانترە) پاشان ڕستەكەم جارێكی دی دەخوێندەوە و دەستكاریم دەكرد، بەڵام وردە وردە لەبەر هەر پاساوێكی بێهودە كە چاك دەكرا ڕەنگێكی ناشیرینی لە خۆ دەگرت. هەر بەو جۆرە دەكەوتمە پەیجوری ڕستەكانی تر، وەك ئەنجام، نرخی خوێندنەوەی نەدەما. چونكە دەبووە مونتاژێكی نەگونجاو. ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە ئازادی بە قەڵەمەكەم دەدەم، هەوڵ ئەدەم نووسینەكەم ڕەوان بێت، لە كۆتاییشدا ئەوەی نووسیومە چاكی دەكەم.

**ف: جاران زیاتر شیعرت دەنووسی نەك پەخشان.**

ب: وایە، هەموو بەیتێكی شیعر دەبێت سەركەوتوو بێت.

بێگومان شیعری جوان هەن كە هیچ یەك لە بەیتەكانی بە تەنیا شاكار (شابەیت) نییە و، بە پێچەوانەیشەوە شیعری وەڕزكەر هەیە كە تاكە تاكەی بەیتەكانی بەرز و باڵایە.

---

[86] Don Quichotte شاكارێكی سیرڤانتسی ئیسپانی

PDF4Kurd



پێدەچێت لە باسەکە لاماندابێت، بەڵام ناچار بووین.. باشە، منیش وەك گەلێکی تر، چیرۆکی دانیشتوانی ستیپم[87] خوێندۆتەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێم بە ڕاستیی زمانی ڕووسی زمانێکی زۆر جوانە، کە گوێم لێی دەبێت داخ بۆئەوە هەڵدەکێشم کە ئەو زمانە نازانم. ساڵی 1918 واتا دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە ئەوسا کۆمۆنیست بووم، هەوڵم دا فێری بم، لە ڕاستیا ئەو سەردەمە کۆمۆنیزم بە مانای دۆستایەتی نێوان گەلان و نەهێشتنی سنوور بوو. ئێستا بە بڕوای من تزاریزمێکی تازەیە.

**ف: تزاریزمی تازە؟**

ب: وام دێتە بەرچاو. وەك دەبیبنیت دوو فیلمیان لەسەر ئیڤانی سامناك[88] بەرهەم هێناوە، لە یەکێکیاندا تزار کەسایەتییەکی نەفرەت لێکراو و لەویتردا شایانی ستایشە. بە شێوەی سروشتی، حکوومەتی شورەوی لە چاوی حکوومەتەکانی پێش خۆیەوە تەماشا دەکرێت، هەر حکوومەتێکی میللی پەیوەستی بە مێژووی وڵاتەکەیەوە هەیە. باشە، با بگەڕێینەوە سەر دیستوفسکی، کە بیر لەو دەکەمەوە زیاتر ڕۆمانی "تاوان و سزام" دێتەوە یاد، لە شوێنێکدا خوێندومەتەوە (نازانم ڕاستە یان نا) دەبوایە ڕۆمانەکە ناوی هەڵە و سزا بوایە کە بەشی یەکەمی بەرهەمەکە دەگرێتەوە. کارەساتی مرۆڤ کوژی، کوشتنی ژنە سوخۆرەکە و کچێکی دی، پاشان هەمووی بریتییە لە لێ هەڵپێچانی پۆلیس و گفتوگۆی نێوان لێکۆڵەرەوە و بکوژ. ئەو گفتوگۆیە کە

---

[87] Stepe

[88] Ivan le Terrible یەکەم قەیسەری ڕووس لە (1547)

PDF4Kurd



هەرگیز لەبیر ناکرێت و پاشان بەشەکانی دی. ئەگەر لە بیرم مابێت دوا ڕستە بەو مانایە دێت کە ئەزموونی ڕاسکولینکۆفە[89] لە سیبریا، لە ڕاستیدا چیرۆکی جۆرێك لە وەرچەرخانە لە گیانی مرۆڤێکدا، بە جۆرێکی تر ئەو سزایەی لە بەشی یەکەمدا نەبوە، جارێکی دی دەیلێتەوە. ڕستەیەکی بە ڕواڵەت ترسناکی هیگڵ[90] هەیە کە تاوانبار هەقیەتی سزا بدرێت، بەڵام بە ڕاستیی ئەم ڕستەیە هێندەش ترسناك نیە، چونکە ئەگەر سزا جارێکی دی تاوانبار بکرێتەوە، هەقە تاوانبار سزا بدرێت و، ئەم قسەیەیش وەك دەردەکەوێت، دزێو نیە.

**ف: سزای یاسایی.**

ب: بەڵێ، تۆ چۆنی بیر لێ دەکەیتەوە؟

ف: باشە..

ب: لە سەرەتادا وتنی "سزا هەقی تاوانبارە" ترسناك دێتە بەرچاو، ئەمە بەو مانایەیە کە زیندانی کردن مافی تاوانبارە. باشە، ئەگەر زیندان چاکسازە، بۆ نابێت تاوانبار هەقی ئەو چاك بوونەی هەبێت؟ وەك ئەو نەخۆشەی شیاوی خەستەخانە یان نەشتەرگەریە.

**ف: بەڵام من لە شتێکدا پێچەوانەی تۆم، دەربارەی تاوانبارێك بێ ئەوەی سزاکەی شێوازێکی شارستانی هەبێت, لە دار دەدرێت، دەبێت لەم حاڵەدا بڵێم..**

ب: وایە، لەم حاڵەدا, خودی کارەکە, تاوانێکە.

**ف: هەڵبەت، چونکە ئەو شیاوی سزایەکی یاسایە نەك مردنێکی پێش وەخت، تاوانبار مافی ئەوەی هەیە بە ڕێگایەکی شارستانیانە تەمێ بکرێت.**

---

[89] Raskoinikov قارەمانی ڕۆمانی "تاوان و سزا"ی دیستوفسکی

[90] Hegel Fridrich فەیلەسووفی ئەڵمانی (1770–1831)

PDF4Kurd



ب: بەڵام من خۆم، مەرگم لا خۆشترە لە زیندان، چونکە زیندانم زۆر بەلاوە ترسناکە، کسول سولار[91] پێی دەوتم دەتوانێت تا ساڵێکیش، لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا بێت و نارەحەت نەبێت. بەڵام ژیان لەگەڵ کۆمەڵێك بەرەڵادا زۆر زەحمەتە.

**ف: دەتوانم بەرجەستەی بکەم! (پێدەکەنێت)**

ب: بە پێچەوانەوە.. من وای بۆ دەچم چونکە وەك خۆم دەژیم، ناتوانم بۆ ماوەیەکی تا رادەیەك دوور و درێژ بە تەنیا بژیم. تۆ وای نابینیت؟ (پێدەکەنێت)

**ف: ئێمە هەمووماں لە تەنیاییدا دەژین.**

ب: وایە، رەنگە هەمیشە تەنیا بین.. لە بارەی خۆمەوە، خۆشە هەمیشە لەگەڵ خەڵکدا بم، هەڵبەتە زۆریش نا، یەعنی دانیشتن لەگەڵ کەسانێکی بێزارکەردا، بۆ نموونە لە کۆکتێلێکی پارتی (میوانی عەسران) یان دانیشتنی ئاکادیمی نەبێت (پێدەکەنێت) من حەزم لە کۆبوونەوەی بچووکە، دانیشتن لەگەڵ یەکێك یان دوو کەسم زۆر لا خۆشە، بەڵام بیست کەس! ئەوە هەر نەی کردبێت، وا نییە؟

**ف: بێگومان وایە.**

ب: ئەمە لە داخوازی ئاسمان دەچێت کە دانیشتوی کەمی گەرەکە، وا نییە؟ (دەبینیت) داواکار زۆر و قبووڵکراو کەم (مەبەست قبووڵ کراوەکانی بەهەشتە) رستەیەکی پڕ لە مەترسی کیرکگارد[92]م دێتەوە بیر دەڵێت: ئەگەر لە رۆژی قیامەتدا ئەو تاقە دۆزەخیەك بێت، بە

---

[91] Xul Solar شێوەکاری هاوچەرخی ئارژەنتینی

[92] Kierkegard Sotren فەیلەسووف و زانای ئیلاهیاتی دانیمارکی (1813–1855)

PDF4Kurd



دەنگی بەرز سوپاس لە خوا و عەدالەتەکەی دەکات. هەندێك وای لێك دەدەنەوە مەبەستی لەو ڕستەیە بە گەورەتر دانانی خۆیەتی لە خودا و ئەو خوای لە قۆڵی خۆیدا داناوە. بەڵام من لەم قسەیە بە گومانم.

**ف: ڕێگایەکە بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت.**

ب: وایە، بەڵام گومانم هەیە، دەبێت خراپ بیر نەکەینەوە تا خوا قبووڵی بکات، وا نییە؟

**ف: دەمویست بڵێم ڕەنگە ناباکۆف دیستوفسکی بە درامانووس زیاتر بزانێت وەك لە ڕۆماننووس.**

ب: بە دڵنیاییەوە، وایە، دیالۆگەکانی بێنەوە بیر.

**ف: بەڵێ، جۆری وتن و بەڵگاندن و هەروەها هۆکاری تراژیکی.**

ب: نابێت درامای کاریگەر (میلودرام)[93] مەحکووم بکرێت، وابزانم ئەوە قسەی ئەلیوتە[94] دەڵێت دەبێت جارجارە بیر لە میلودرامایش بکرێتەوە. نکووڵی لەوە ناکرێت دیستوفسکی درامانووسێکی کاریگەر بوو، دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ڕۆمانی ڕووسی کاریگەریی لەسەر دنیا داناوە، وابزانم لە شوێنێکدا خوێندوومەتەوە کە دیستوفسکی خوێنەری کارەکانی دیکنز بووە[95]، بە ڕای فورستەری[96] –هاوڕێی دیکنز– کە بیوگرافی ئەویشی نووسیوەتەوە،

---

[93] Melodrame

[94] Eliot Thomas Steams شاعیری ئینگلیزی بە ئەسڵ ئەمریکی (1888–1965)

[95] Dickens Charies ڕۆماننووسی ئینگلیزی (1812–1870)

[96] Forster Edward Morgan یەکێکە لە ناودارترین نووسەرانی ئینگلیزی سەدەی بیستەم (1879–1970)

PDF4Kurd



دیکنز لە سەردەمێکی ژیانیدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە هەرچییەك دەڕوانێت یان بیر لەهەر بابەتێك دەکاتەوە، سەرئەنجامەکەی بە کوشتن کۆتایی دێت.

**ف: تا ڕادەیەك وەك دیستوفسکی.**

ب: وایە. دەبێت ئەوەیش لە بەرچاوبگیرێت کە کوژرانی کەسایەتی ناو چیرۆکەکانی دیکنز باشترین جۆرن، دیارە ئەمە ڕای منە، وانییە؟ ئاشکرایە کە دیکنز بە قووڵی هەستی ئەو کوشتنانەی کردووە، تا ڕادەیەك هیچ کام لە ڕۆمانەکانی دیکنز (بێجگە لە کارەساتی جەنابی پیك ویك) لە کوشتن خاڵی نییە، ئەو کوشتنانەیش، بە شێوە سروشتییەکەی خەملێنی، لەگەڵ یەکتردا جیاوازیان هەیە.

**ف: ڕەنگە زۆرتر لە کوشتنەکانی ڕۆمانی پۆلیسی..**

ب: بەڵێ، چونکە لە ڕۆمانی پۆلیسیدا، کوشتن بیانوویەکە بۆ دروستکردنی مەتەڵێك، هەڵبەت بە بێ تاوان کردنیش دەشێت ڕۆمانێکی پۆلیسی چاك بەرهەم بێت، باشترین نموونەیش "نامەی ون بوو"ی ئەدگار ئالان پۆیە[97]. لەو چیرۆکەدا، شاردنەوەی نامە لە شوێنێکی ئاشکرادا، نامەکە لە نهێنیدا دەهێڵێتەوە.

**ف: دەکرێت بڵێین مەسەلەی گرنگ لێرەدا مەتەڵە.**

ب: وایە، مەتەڵ، هەڵبەت تاوان دەستمایەیەکی باشە بۆ دروستکردنی مەتەڵ، بۆئەوەی شتێك هەبێت بەدوایدا بگەڕێین و سووسەی بکەین.

---

[97] Poe Edgar Allan (1809–1849)

PDF4Kurd



**ف: بگەڕێینەوە بۆ لای تولستۆی، من سەرم لەوە سوڕدەمێنێت بەرهەمەکانی ئەمیش وەك نووسینەکانی دیستوفسکی، هۆی سەرەکی تیایدا مەزهەبە، بە پێی باری سەرنجی ناباکۆف، تۆلستۆی هونەرمەند لەگەڵ تۆلستۆی خەتیبدا لە ململانێدا بووە.**

ب: زۆر کەڕەتیش دووەمیان (خەتیبەکە) سەرکەوتووە.

**ف: وایە.**

ب: ئەگەر هەڵە نەبم، تولستۆوی (وەك زاهیدەکان) ؟ وازی لە داوا مادییەکانی هێناوە. لە وتارێکدا کە لەسەر تولستوی و دیستوفسکی خوێندوومەتەوە، دیستوفسکی لەگەڵ هەژاریدا ژیاوە، بەلام تولستۆی هەوڵی ئەوە بوو هەژاری بناسێت.

**ف: بە ڕاستیی!**

ب: سەیرە لەم وتارەدا ناباکۆف ئەم بزاوتەی دژی تولستۆی هێناوەتە ئارا، لە کاتێکدا زاهیدی و پشتکردنە شتێك، بەلای منەوە زۆر سەرنج ڕاکێشترە لەوەی هەژار بێت، هەژاری، جێی ستایش نیە.

**ف: هەژاریەکی ناچاری، وەلیٚ تولستۆی لە ئەنجامی ئەزموونەکانیەوە گەیشتە ئەوەی واز لە نووسین بهێنێت. بەم کارەی هەوڵی دا زیاتر لە مرۆڤەکان نزیکتر بێتەوە، ئەم هەنگاوە ڕەنگە هەڵە بووبێ، هەڵبەت هەڵەیەکی شەخسی.**

ب: شایانی ئافەرینیشە، چاکە، منیش کە لاو بووم، بیٚ پێچ و پەنا، حەزم دەکرد ببمە لوگونز[98] پاشان تێگەیشتم لوگونزێك کە قبووڵی لوگونزێکی تر بکات بوونی هەیە، منیش ئێستا ناچارم کە بورخیس

---

[98] Logones Leopoldo شاعیر و نووسەری ئارژەنتینی (1874–1938)

PDF4Kurd



بم، واتا ببمە کۆمەڵێك لە تەواوی ئەو نووسەرانەی خوێندومنەتەوە و لەوانە لوگونزیش، وانییە؟

**ف: بەو مانایەی لە باتی ئەوەی کۆمەڵێك مرۆڤ بێت، تەنیا دەبێتە کۆمەڵێك نووسەر.**

ب: پێم وایە بۆ هەموو نووسەرێك وەها بێت، لە بەراییدا زمان وەك میرات وەردەگرین، زمان سونەتە، زمان شێوازێکە بۆ هەستکردن بە دنیا، هەموو زمانێك دارا و نەدارای خۆی هەیە. ئەوەی نووسەرێك دەتوانێت لە بواری زماندا ئەنجامی بدات تا ڕادەیەکە، نموونەی دیاری ئەم مەسەلەیە جێمس جۆیسە[99] کە شێوازێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە ناتوانیت تێی بگەیت. واتا ئاڵۆزترین شێوازی دنیا، شێوازی ئەو هەموو ئەدەبیاتی دێرینەی ئینگلیزی لە پاشکۆی خۆی ناوە.

---

[99] Joyce James شاعیر و ڕۆماننووسی ناوداری ئینگلیزی (1882-1941)

PDF4Kurd



## گفتوگۆی حەوتەم

## لە بارەی سپینۆزاوە[100]

**ف: بورخیس، یەکێك لە ناوە دیارەکانی فەلسەفە کە تۆ دوو شیعرت بۆ وتووە و، لە وتارەکانیشتا زۆرت ناو هێناوە باروخ سپینۆزایە کە باس زۆر هەڵدەگرێت.**

ب: بەڵێ، سپینۆزا، بەم زوانەیش هەر قسەم لەسەر کردووە، پێم وتیت لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کتێبێکم بینی بە ناوی "لە خوداوە" کتێبەکە لە دەقەکانی سپینۆزاوە کۆکرابوەوە، هەموو ئەم مەسەلە ئەندازەییانە، واتا هەموو ئەم پێناسانە، مەسەلە و وردبوونەوە ماندووکەرەکانیان لێ دەرهاویشتبوو.

لە باتی ئەوانە، نامەی سپینۆزا بۆ هاوڕێکانی تیا دانراوە، بەو جۆرە بوەتە کتێبێك شیاوی خوێندنەوەیە بێ ئەوەی پێشەکیەکی فێرکاریت هەبێت. زۆریش چێژ لە خوێندنەوەی دەکەیت. وشەیەکی تیا نییە هی سپینۆزا نەبێت. تەنیا چوارچێوە ئازاردەرەکانی خوێنەر, واتە پێناسە , مەسەلە و لێ وردبوونەوەکانیان لابردوە ، بەو لابردنەیش کتێبەکە ئاسان و خۆشتر بووە. لە کاتێکدا کتێبی

[100] Spinoza baruch فەیلەسووفی هۆڵەندی (1632–1677)

PDF4Kurd



"ئاكار"[101] وا نییە و، هەمیشە خوێنەر ڕووبەڕووی بڕیار و مەسەلە و پێناسەی پێشوو دەکاتەوە.

**ف: تا ڕادەیەك بە شێوەیەکی ئەندازەیی تۆمار کراوە.**

ب: سپینوزا خۆی ئەم شێوازەی بە iometrco More ناوبردووە و، بیرۆکەکەی لە دیکارتی مامۆستایەوە وەرگرتوە[102]. دیکارت خاڵی دەستپێکی ئەو بووە، چونکە دیکارت و تەواوی هاوچەرخەکانی ئەو لەو باوەڕەدا بوون کە چاکیی کاریگەریی ئەندازە لەبەر خاتری ئەوکۆمەڵە بەڵگاندنەیە، دوای ئەوە، هەموو ڕوویان لە پێچەوانەی ئەو باری سەرنجە کرد، لە ڕاستیدا لۆژیك، ئەندازە قبووڵ دەکات بەڵام نایەوێت ببێتە ئەو.

**ف: کەواتە جیاوازی نێوان سپینوزا و دیکارت لەوەدایە دیکارت بڕوای بە دوان یا چەند ئەسڵێك هەیە، بەڵام سپینۆزا بڕوای بە تاقە خودایی هەیە، لە بیرتان نەچێت دەڵێت "خودا یان سروشت..".**

ب: بەڵێ "خودا یا سروشت"[103] من وای بۆ دەچم سەخت گرتنی ئەقڵانیی ڕەوشی دیکارت کە بە "کارتزین"[104]ی ناودەبەن، سەخت گیریەکی ڕووکەش یان خەیاڵیە، دەستپێکردن بەو سەختگیریە و پاشان چوونە فاتیکان کەمێك لای من دژوارە، واتا گەیشتن بە دوا قۆناغی

---

[101] Ethique

[102] Rene Descartes فەیلەسووفی فەرەنسی کە ڕەوشی زانستی و عەقڵگەرایی داهێنا (1596-1650)

[103] Cartesien

[104] Deus sive Natura

PDF4Kurd



بیروباوەڕی مەزهەبی کاتولیك، بەم جۆرە دیکارت کارەکەی وا ئەنجام دا، کەواتە سەختگیریە ئەقلانییەکەی دیکارت خەیاڵە، ئەم قسانەم لەگەڵ کارلوسی ماسترونارد[105] یشدا کردوە، ئەو لەسەر هەمان ئەو سەختگیریە عەقلانیەی دیکارت لەگەڵما دوا و من پێم وت ئەوە سەختگیریەکی ڕواڵەتیە و لە ڕاستیدا بوونی نییە، ئەم مەسەلەیە لەو شوێنەوە دیارە کە دیکارت جەخت لەسەر بیرێك دەکات کە عەقڵە و کەچی بە بیروباوەڕی کاتۆلیکی کۆتایی دێت کە لای من شتێکی نەشیاوە. ئەمە وات لێدەکات تا ڕادەیەك سەخت گرتنەکەت بەلاوە هەڵە بێت. ئەمە بە پێچەوانەی ئەسڵ گیریەکەی سپینۆزاوە، چونکە ئەم ناگاتە ئەو ئەنجامە و، ناچارمان ناکات ئەفسانە قبووڵ بکەین، بۆیە زیاتر شیاوی قبووڵ کردنە و دەتوانیت یەکیەتی خودا و سروشت قبووڵ بکەیت. ئەمە هەمان یەکیەتی بوونە (وحدت وجود)، ئەمە بیرێکی کۆنینەیە و بنەمای "شینتو"[106]ی ژاپۆنە، یان ئەو ڕستەیەی ڤیرژیل[107] کە دەڵێت: هەموو شتەکان پڕن لە ژوپیتەر[108]، هەموو شتەکان پڕن لە خودایەتی و ئەمەیش یەکیەتی بوونە. سەیر ئەوەیە وشەی "پانتیزم[109]" کە سپینوزا هەرگیز لە ژیانیدا نەیبیستبوو، دوای مردنی, لە ئینگلستان ئەم واژەیەیان بەسەر فەلسەفەکەیدا بڕی.

---

[105] Carlos Mastronardi

[106] Shinto مەزهەبی کۆنی ژاپۆنییەکان کە ئێستا لە ژێر کاریگەری باوەڕی کۆنفوسیوس و بوودادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

[107] Virgile شاعیری لاتینی (70–19 پ. ن)

[108] Jupiter خوای خواکان، زیویسی یونان.

[109] Pantheisme بەرانبەر Atheisme

PDF4Kurd



**ف: سەرنجڕاكێشە.**

**ب: وایە، چونكە لە سەرەتادا بە كافریان دایە قەڵەم و قوتابخانەكەیشیان بەوە ناوزەد كرد كە نكووڵی لە بوونی خودا دەكات، پاشان یەكێك ئاماژەی دا كە مەسەلە نكووڵی كردن لە خودا نییە، چونكە هەموو شتێك خوداییە، هەر لەبەرئەمە وشەی "پانتیزم" یان دوای مەرگی سپینۆزا هێنایە كایەوە كە خۆی هەرگیز نەیبیستبوو. بەڵام بڕوای پێی هەبوو، بە پێچەوانەی ئەوەوە كە بیری لێ دەكەنەوە. واژەكان هەمیشە وجودیان نەبوە، بەڵكو هەریەكە و كەسێك دایهێناوە. بۆ نموونە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤۆڵتێر[110] لەگەڵ لیبینتز[111]دا وشەی "گەشبینی" بە شێوەی "ئۆتیمیزم"[112] دروست بووە و ئەویش واژەیەكی دژە خۆی دەخاتەوە كە ڕەشبینی "پسیمیزم"[113]ە, واتا بە دروست بوونی وشەی یەكەم بە ناچاری وشەی دووەم پەیدا دەبێت. لێرەدا بە دروستبوونی وشەی ئاتیزم كە بە مانای بڕوا نەبوونە بە خودا، وشەی پانتیزم هاتە كایە كە تەواو دژ بەوە.**

**ف: ڕاستە.**

**ب: ئەم وشانە، لە ڕۆژانێكی زۆر دووریش نا، بۆ یەكەمین جار بەكارهاتوون.**

---

[110] Voltaire Francois نووسەری فەرەنسی (1694-1778)

[111] Gottfried Wilhelm Leibniz فەیلەسووف و ماتماتیكزانی ئەڵمانی (1646-1716)

[112] Optimisme

[113] Pessimisme

PDF4Kurd



**ف: من وای بۆ دەچم ئەوەی ئێوە لە سپینۆزادا دەیبینن، نەك تەنیا باری سەرنجێکی ئەخلاقیە، بەڵکو بیرێکی فەلسەفیشە: بۆ نموونە چۆن لە ئازادی و سەربەخۆیی تێگەیشتووە بەرانبەر بە دەسەڵات. بێگومان لە بیرتە ئەویان تەنانەت لە ئاینی یەهوودا ئافەرۆز کرد.**

ب: وایە، لەبەرئەوەی ئەو.. ئێستا یەهوودیەکان سپینۆزا بە خۆیان دەزانن لە کاتێکدا کە "کنیسە"ی یەهوود بە کافری دەداتە قەڵەم، لەبەرئەوەی مەسیحیەتی قبووڵ نەکرد، ئەمڕۆ بە جوولەکەی دادەنێن و هەڵبەت هەروایش بووە. ئەگەرچی "کنیسە" ئەوی دەرکرد، بەڵام ناوبانگی سپینۆزا وای کرد دەرکردنەکەی لەبەرچاو نەگیرێت، وەلێ بەکافرکردنەکەی هەر هەیە. وا نییە؟ ئەمە ترسناکە لە هەر هەلومەرجێکدا، شەو و ڕۆژ، بەیانی و ئێوارە، بە پێوە، بە نوستوویی یان لە ڕۆیشتندا ئەو بەنەفرین لێکراو ناوبەرن. ئەمە سیفەتێکی ترسناکە، هەموویش لەبەرئەوەی لە دووڕیانی "کڵیسا" و کنیسە"دا گیری خواردووەو..

**ف: ڕەنگە لەبەر ئەقڵ گەراییەکەی بێت!**

ب: بەڵێ، هەر ئەوەیە، براتراندراسڵ ڕای وایە کە ڕەنگە فەلسەفەی سپینوزا هێند قایل کەر نەبێت، بەڵام ناکرێت لەنێو فەیلەسوفەکاندا نکووڵی لە بیری دلۆڤانی (دوست داشتنی) سپینۆزا بکرێت.

**ف: سەیرە!**

ب: ئەم قسەیەی لە "مێژووی فەلسەفەی خۆراوا"دا وتوە، ئەو بڕوای وایە تەنانەت ئەگەر هەندێك بیری فەلسەفی لە بۆچوونی سپینۆزا باڵاتر بن، بەڵام خودی سپینۆزا، لە هەموو دلۆڤانترە. ئەو وەك

PDF4Kurd



مرۆڤێکــی زینــدو، وەك روبنســـون کــروزو[114] ، یــان ئەســکەندەری[115] مەکــدونی، وەك کەســايەتییەکی دلۆڤــان ماوەتــەوە، هــەموو خۆشــیان دەوێت.

**ف: وەلیٚ بورخیس، ئەو لە ئەقلٚ گەریدا، وەك نموونــە، بــە پێچــەوانەی تــۆوە شیمانەی هەر موجیزەیەك ڕەت دەکاتەوە، لە دیدی ئەودا هەموو شتێك وابەســتەی یاساگەلێکی نەگۆڕە.**

ب: ئــەو لای وایــە هــەموو شــتێك لــە پێشــدا دەستنیشــان کــراوە و بەرئــەنجامێکی بنــەبڕە، بــەڵام زانســتی ئێمــە زۆر کــەمە، کــەواتــە مــوجیزە دەشێت ڕوو بدات.

**ف: ڕاستە، بەڵام ئەو وا نالٚێت.**

ب: بــەلای منــەوە، بڕیــار لەســەر ئــەوەی هــەموو شــتێك لــە پێشــدا دەستنیشــان کرابێــت، بڕیــارێکی زێدەڕۆییــە.. ڕەنگــە خۆمــان هەنــدێك ئازادیمــان لا هــەبێت. پێشــتر زۆرجــار وتوومــە، بڕوابــوون بــە ئــازادی هەڵبژاردن (اختیار) ڕوانینێکی پێویستە و ئەگەر بۆ دواوە بگەڕێینــەوە، دەبینین پێویستی هەموو چرکەساتێکە، وەلیٚ لە بارەی ئەو ڕابوردووەی دیکــەوە "دیــاردەی گــەردوونی" یــا "دروســتبوونی دنیــا"[116] دەتــوانین وای دابنێین هەموو شت لــە پێشدا دەستنیشــان کراوە، بــۆ نموونــە ئــەم قســانەی ئێســتای مــن لەگــەڵ تــۆدا، یــان جــۆری دانــانی دەســتم لەســەر مێزەکە هەقە خۆم بە ئازاد بزانم، ئەگینا هەست بە بەدبەختی دەکەم.

---

[114] Robinson Crousoe چیرۆکی دانیال دیفدو ناوی پاڵەوانەکەیەتی

[115] Alexandre de Macedidne

[116] Processus Cosmiaue

PDF4Kurd



**ف: هاوبیریت لەگەڵ سپینۆزادا لە بارەی "بڵندی بیر" و ژیانەوە هزرمەندیە.**

ب: وەك سپینۆزایش دەڵێت: "خۆشەویستی لەگەڵ ڕوناكبیریدا"[117]. بەهەرحاڵ من هەوڵ ئەدەم ڕوناكبیر بم، بەڵام نازانم دەتوانم یان نا، هەندێك جار سەركەوتوو نیم، نازانم بۆئەوەی ببیتە نووسەر ئەوە پێویستە.. بەهەرحاڵ من وای بۆ دەچم كە شان بە شانی هوشیاری و دەرك پێكردن بزاوتی هەستیش پێویستە، هەردووكیان لە شوێنی خۆیان بەكاردێن. وانییە؟ تۆ ناتوانیت كارێكی جوان بەرهەم بێنیت ئەگەر پێشتر كار لە هەستت نەكرابێت. ئەو كارتێكردنە پێویستە، تەنیا بە زانستەكانی بەیان و مەعانی كار مەیسەر نابێت، بە ڕاست مەعانی و بەیان بە تەنیا و بە شێوەی پەتی و ڕووت بوونیان هەیە؟ بێ ئەو كارتێكردنە پێشینەیە، هیچ كارێكی هونەری دروست نابێت.

**ف: بە ڕاستیی من لە تۆدا، جۆرێك لە هاوسەنگی نێوان عەقڵ گەرایی ئەرەستۆیو دەرك و كاریگەری هەستی ئەفلاتوونی ئەبینم.**

ب: هیوادارم وا بێت.

**ف: ئەمە سیفەتی دیاری تۆیە. كەچی سپینوزا، زیاد لە پێویست ئەقڵگەرە و بڕوای بە ئەفسانە نییە.**

ب: وایە، من شیعرێكم لە بارەیەوە وتوە.

"دوور لە خوازە و ئەفسانە
لەسەر بلوورێكی سەخت كاردەكات
بلوورێكی بێ كۆتایی

[117] L amour intellectuel

PDF4Kurd



نەخشەیەکی جوگرافیا کە هەموو ئەستێرەکانی ئەو وابەستەی ئەو نەخشەیەن"

وابزانم ئەم وشەی نەخشەی جوگرافیایە لێرەدا کە مانایەکی فراوان دەداتە دەستەوە، من باش سوودم لێوەرگرتووە، وا نییە؟

**ف: وایە، بە دڵنیاییەوە، بەڵام بۆئەوەی گوێگر و خوێنەر زیاتر پەی بە مانای شیعرەکەتان بەرن، حەز ئەکەم بیخوێنمەوە.**

ب: ڕەنگە پێویست بە خوێندنەوە نەکات، وا دەزانم لە بیرم مابێت.

**ف: چاکتر.**

ب: بێگومان دەزانیت کە سپینۆزا لەپاڵ پەرداختی بلووری پێچەڵپێچی فەلسەفەکەیدا، شووشەی چاویلکەیشی تاشیوە؟

**ف: بەڵێ.**

ب: باشە، من لەم شیعرەدا، ئەو دوو مەسەلەیەم پێکەوە بەراورد کردوە، ئەو دوو کارە هاوتەریبە واتا ئەو دەستانەی شووشە دەتاشن و ڕۆحێك کە سیستمی فەلسەفی پەرداخت دەکات. شیعرەکە بەم جۆرەیە:

"پیاوە جوولەکەکە بە دەست و قامکە نیمچە ڕوونەکانی
لەتاریکی و ڕوونیدا، شووشەیەك دەتاشێت
شەویش بێجگە لە سەرما و ترس هیچ ئامادە ناکات
(هەموو شەوەکان لە یەك دەچن)
وردە وردە دەوروبەرە ڕەنگ زەردەکە
لە بەردەرکی "گیتو"[118]دا کاڵ دەبێتەوە

---

[118] Ghetto گەڕەکی یەهودیەکانە.

PDF4Kurd



دەست و فەزا کەمن

بۆ پیاوێکی ئارام کە خەوی لابیرتێکی تەنک دەبینێت

سەرکەوتن، ئەم ڕەنگدانەوەی خەونە

لە ئاوێنەیەکی تردا،

تەنانەت عەشقی شەرمنانەی کچانی لاو

کاری لێ ناکەن.

دوور لە خوازە و ئەفسانە

لەسەر بلوورێکی سەخت کاردەکات: بێ کۆتایی

نەخشەیەکی جوگرافیا کە هەموو ئەستێرەکانی ئەو

وابەستەی ئەو نەخشەیەن".

دوای ئەوە شیعرێکی ترم نووسی ئێستا لە بیرم نەماوە بێجگە لە دێڕێکی:

"یەکێك لە تاریك و ڕووونیدا خودا دروست دەکات"

یان "کەسێك لە سێبەردا خودا دروست دەکات"

شتێکە لەم بابەتانە..

**ف: ئەو کەسە سپینۆزایە؟**

ب: بەڵێ، ئەو کەسەی خودا دروست دەکات، مرۆڤێك بە زمانی ئینسانی لە دروستکردنی خودادایە. لە کتێبێکی خۆیدا بە ناوی "یتیك"[119] ی سپینوزادا.

**ف: دیارە، لە کاتی نووسینی ئەو شیعرەدا تۆ زۆر لە ژێر کاریگەریی سپینۆزادا بوویت.**

---

[119] Ethiaues

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، تەنانەت لەبیری نووسینی کتێبێکدا بووم لە بارەیەوە، وەلێ پاشان بیرم کردەوە چۆن دەتوانم ڕووناکی بخەمە سەر شتێك، کە خۆم باشی دەرك ناکەم، پاشان ئەو بیرەم، وەرگەڕا بە نووسینی کتێبێك لە بارەی "سویدنبرگ"[120]ەوە، ڕەنگە ڕۆژێك ئەو کارە ئەنجام بدەم، ئێستا چاوەڕیی بینینی سکرتێری کۆمەڵەی پەیڕەوانی سویدنبورگم لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بڕیارم داوە لەو دیدارەدا، زیاتر گوێ بگرم نەك قسە بکەم، چونکە ئەو لەو بارەیەوە زۆر زیاتر لە من دەزانێت.

**ف: هەواڵی تازەی سویدنبورگی پێیە؟ (پێدەکەنێت)**

ب: "پێدەکەنێت" بەڵێ، هەواڵی تازەی کەسێك کە لە لەندەن کۆچی دوایی کرد، کەسێك کە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ فریشتەکاندا دەدوا، لە ژێر کاریگەری ئەودا شیعرێکم وتوە، بەلاّم لێگەڕێ، چونکە ئەو شیعرەم لەیاد نەماوە.

---

120 Swedenborg

PDF4Kurd



## گفتوگۆی هەشتەم

## دەربارەی ئالونسوکیژانو[121]

**ف: بورخیس، تۆ لە نێوان هەڤپەیڤینێکدا لە زانکۆیەکی ئەمریکیدا، وتووتە ئالسوکیژانوی قارەمانی سیرڤانتس[122] کە پاشان بە خەیاڵ دەبێتە دونکیشوت – بە چاکترین هاوڕێی خۆتی دەزانیت.**

ب: وایە، سەیریشە کە هەر لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا، قارەمان دێتە سەر شانۆ.

**ف: بێگومان.**

ب: حەتمەن ئەوەیشت لە بیرە کە دوای گەیشتنی چۆن ژیانی ڕۆژانەمان دەخەینە لاوە، بۆئەوەی بچینە ناو ژیانی ئالونسوکی ژانۆوە: "لە گوندێکی ویلایەتی –مانش–[123] کە نامەوێت ناوی بەرم، ماوەیەکی زۆر نەبوو کە خانەدانێکی ئیسپانی لەوێ دەژیا، لەوانەی

---

[121] Alonso Quijano ئاخاوتنەکە بە ئیسپانی ئالونسوکی خانوایە.

[122] Cervantes Migyel (1616–1547) نووسەری گەورەی ئیسپانی کە بە نووسینی دونکیشوت بەناوبانگە.

[123] Manche

PDF4Kurd



ئەسپێکی لات. تانجیەك و نیزە و قەڵغانێکیان لە ماڵدا هەیە" بەم چەند دێڕە، بە هەموو وجودەوە هەست دەکەین لەو دنیا تایبەتیەداین.

**ف: لەو خەونەدا.**

ب: بەڵێ، ئەوەی لە منداڵیدا ناچاری بیرکردنەوەی دەکردم ئەوە بوو کە دەیانوت ئەو شێت دەبێت، بەلاّم قۆناغی شێتبوونەکەیان دیاری نەدەکرد، بە ڕای من دەشیا چیرۆکێکی هەروا سەرپێی لەسەر ڕەوتی ئەو شێتبوونە بنووسرێت، چیرۆکێك بەرجەستەی ژیانی ڕۆژانەی ئالونسوکیژانو بکات لەو گوندە تارەی ناوچەی مانشدا کە چۆن وردە وردە ئەو ژیانە ڕەوتی ڕاستەقینەی دەگۆڕێت و، ناوچەکە بە چەشنی "برووتانی" لێ دێ. گرنگ نییە، ئەمەمان قبووڵە و هەر لە هەمان فەسڵی یەکەمەوە لە دنیای ئەوداین، ڕەنگیشە.. ڕەنگە گرنگترین بەش ئەمە بێت کە نووسەر لەم جێگایەدا ڕوویەکی تەواو سەرنج ڕاکێشمان پیشان دەدات، ئەم کارە هێند دژوار نییە، چونکە خوێنەر دەیەوێت خۆی لە یەکەم کەسی ناو چیرۆکدا ببینێتەوە، کاتێك ڕۆمانی "تاوان و سزا" دەخوێنینەوە، لە سەرەتاوە خۆمان لە ڕاسکۆلینکۆفدا دەبینینەوە، چونکە ئەو یەکەمین کەسایەتیە کە دێتە ناو داستانەکەوە و، ئەمەیش جۆرە هاودەمیەك دروست دەکات، چونکە مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەدا ئەبێت بەو شتەی دەیخوێنێتەوە، لەبەرئەوەی خوێندنەوەی کتێبێك، بە مانای خۆخستنە جێی پاڵەوانە جیاوازەکانە. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە لە ڕۆماندا وایە , ڕۆمانێك کە بهێنێت و شیاو بێت.

**ف: بە جۆرێکی تر، خوێنەر دەبێتە نووسەر.**

PDF4Kurd



ب: وایە، بە جۆرێك لە جۆرەكان. بە هەندێك ئالۆگۆڕەوە كە نەك ناخۆش نییە، بەڵكو خۆشیشە. بەڵام بیری قارەمانیەتی كە دونكیشوت دەكاتە كەسێكی نموونەیی كارێكی هەڵەیە. چونكە لە ڕاستیدا ئەو وا نییە، بەڵكو زیاتر پیاوێكی زاڵم و تووڕە دێتە بەرچاو. بەڵام وەك دەزانین كابرایەكی بێ وەیە.. (پێدەكەنێت).

جارێك شتێكم لەو بارەیەوە نووسی كە ئەگەر ڕۆژێك دونكیشۆت یەكێكی بكوشتایە چی ڕووی دەدا؟ بەڵام ترسەكەم چ پاساوێكی نەبوو، لەبەرئەوەی لە سەرەتاوە دیارە دونكیشۆت توانای پیاوكوشتنی نییە، چونكە مرۆڤێكی سۆزدارە. نووسەریش لە هیچ چركەساتێكی ناو داستانەكەیدا، ئەو بەرانبەر بە كارێكی وا (كاری كوشتن) ڕاناگرێت. بەهەرحاڵ من بیرم لەو مەسەلەیە كردەوە ئەگەر ئەم كارەی نەدەبوو ڕوویدا, ڕووی بدایە چی دەقەوما. وەلێ ئێستا لە بیرم نیە ئاماژەم بە چ ڕێكەوتێك كردبێت. ڕاستی ئەوەیە كە ئالونسوكیژانو بە هاوڕێ دادەنێم.

**ف: بێگومان.**

ب: سانچو[124] لەو جیاوازە، ئەو سەركێشترە. كە منداڵ بووم، هەمیشە لە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەدا وام دەهاتە پێشچاو ئەو دوانە زیاد لە پێویست دەپەیڤن، من وای بۆ دەچم ئەگەر بە بێدەنگی ماوەیەكی دوور و درێژ ڕێگایان پێكەوە ببڕیایە، ئاسایی تر دەبوو، بەڵام ڕەنگە لەبەرئەوە بێت كە خوێنەر چاوەڕێی دیالۆژی خۆشترە، سیرڤانتس نەیتوانیوە دەستبەرداری قسەكان بێت. لە كاتی

[124] Sancho Panza یەكێك لە كەسایەتیەكانی ڕۆمانی دونكیشۆت.

PDF4Kurd



خوێندنەوەی مارتین فیرودا، هەر وام بیرکردەوە. دووبارە گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان لە چاوتروکانێکدا بە هۆی کروز[125]ەوە شتێکی نامۆیە. حاڵەتە سروشتیەکە ئەوە بوو وردە وردە باس لەوانە بکرێت.

**ف: هەروا کە بۆ تۆ, گرنگترین شت لە ڕۆمانەکەی سیرفانتسدا..**

ب: پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە

**ف: یەعنی ئالونسوکیژانو.**

ب: بەڵێ، ئالونسوکیژانۆیەك کە بە هەڵە بوەتە دونکیشۆت. هەروەك چۆن هەندێك جار نووسەر بە دەستی ئانقەست ئەمە دەکات. بە تایبەتی لە بەشی یەکەمدا، زیاتر هەست بەمە دەکرێت کە ئەو ئالونسوکیژانۆیە , نەك دونکیشۆت. هەموو ئیسپانیاش –لەو بەشەدا– بوونی ئالونسوکیژانو بە دۆنکیشۆت بە نەشیاو دەزانێت، وەڵێ لە بەشی دووەمدا وا نیە. هەموو ئیسپانیا بەشی یەکەمی خوێندۆتەوە، چاوەڕوانە و شێتیەتیەکەی دەجولێت. لە لایەکی ترەوە لە کۆتاییدا، سانچو پێشنیازی ژیانی شوانی دەکات و ئالونسوکیژانۆ قبوولی ناکات. لەو جێگایەدایە کە ئیتر ئەو دەزانێت ئالونسوکیژانۆیە، بۆیە ناتوانێت سەرلەنوێ ببێت بە خانەدان یان شوان.

**ف: وایە، تۆ دوو شیعرت هەیە، ئەگەر لەبیرت بێت یەکێکیان بە ناوی "سەرباز ئوربینا" و ئەویتریان بە ناوی "ئالونسوکیژانو خەون دەبینێت" لەو شیعرانەدا..**

ب: دووەمیانم لەبیر نەماوە، یەکەمیان بەڵێ، ئەویانم لە بەرە، کە داوای خوێندنەوەی شیعرم لێ دەکەن، لە نێوان دوو شیعرا دوودڵم، یەکەمیان "تەماشای سێبەرێکی ساڵی نەوەد" کە بۆ خوان مورانام

---

[125] Cruz Ramon (1731–1791) درامانووسێکی ئیسپانیە.

PDF4Kurd



وتـوە لـە فـەتحکردنی گـەڕەکی "پـالرمو"دا و، ئـەوی تریـان شـیعری "سەرباز ئوربینا"یە، ئەم شیعرە بێ ناوهێنـانی سیرڤانتس, پەیوەندی بەوەوە هەیە.

**ف: لە هـەردوو ئـەو شـیعرەدا، وەك مـن بـزانم، تـۆ خـەونی قارەمانانـەی دونکیشۆتت تێکەڵ بە هەقیقەتی ئەو حەماسەتەوە کردوە کە سیرڤانتس داویەتێ.**

ب: وایە، زۆریش سەیرە، کـە نـە سیرڤانتس و نـە هـیچ نووسـەرێکی تری هاوچەرخی ئەو، باسی لـە دۆزینـەوەی ئـەمریکا نـەکردوە، دەڵێیت لێی بێئاگا بوون.

**ف: لە کاتێکدا لە هەمان سەردەمدا ڕوویداوە.**

ب: لە هەمان ئەو سەردەمەدایە. بـەڵام لـە باتی بایەخدان بـەو کـەرتە تـازە دۆزراوەیـە زیـاتر گرنگـی بـە شـەڕە چکۆڵە و پڕ لـە مەینەتیـەکانی "فلانـــدەر"[126] دراوە. لـــە ئینگلتـــەرەیش هەروایـــە. کـــابو[127] بـــێ لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی کـە ئـەمریکا دەبێتـە دیوارێك لـە سـەر ڕێگایـدا، ڕەوانەی چین دەکرێت.

**ف:بەهەرحاڵ سیرڤانتس داوای چوونە بڕواتە ئەمریکای کرد.**

ب: بـەڵێ، گروسـاکیش لـەو باوەڕەدایـە کـە دەیـانتوانی کـارێکی بـۆ بدۆزنـەوە، بـۆ نموونـە لـە "نوڤلی– گرونـاد"دا. وەڵێ ئێمـە لـە نووسـینی دونکیشـــوتدا قـــەرزاری سەرپێچـــیەکین کـــە لەگـــەڵ پێشـــنیارەکەی سێرڤانســـتدا کـــراوە. بـــە جـــۆرێکی دی مەبەســـتێك کـــە بـــوو بـــە هـــۆی

---

[126] Fiandre ناوچەیەکی هاوبەشی نێوان فەرەنسا و بەلجیکا.

[127] Cabot (1450–1500) بنەماڵەیـەکی دەریـاوان کـە نـاودارترین کەسـیان جـان و سباستینە لێرەدا مەبەستی یەکێکیانە.

PDF4Kurd



زویربوونی سیرڤانتس، لە ڕاستیدا بوو بە هۆی خێر و بەرەکەت بۆ خۆی و بۆ تەواوی مرۆڤایەتی.

**ف: هەرچەند دەقیقەیەك پێش ئێستا قسە لەوە بوو کە سیرڤانتس لە ژیانی تایبەتی خۆیدا تامی ئەوەی چەشتبوو کە تۆ پێی دەڵێیت حەماسە[128].**

ب: وایە، حەزیشی دەکرد بگەڕێتەوە سەر شەڕی "لپانت"[129] زۆرجار ئاماژەی بەم مەسەلەیە داوە.

**ف: هەروەك خۆت لە شیعرەکەتدا دەڵێیت:**

"بۆ پاکژکردن یان گۆڕینی خوە دڕاندایيەکەی هەقیقەت کەوتبوە دوای خەونەکان"

ب: دەوری ڕۆلاند[130] و بزوتنەوەی "بروتانی" ڕابوردوی ئەفسوناوی پێشکەش بەو کرد. بەڵێ، گەوهەرێکی فەرەنسایی و بروتانیەو چاکترە گەوهەری ڕۆمی مەزنیشی بخرێتە سەر، گەوهەری "ڕۆم" هەموو بەسەرهاتەکانی ئەسکەندەری مەکدونی[131]، لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ دیواری بەهەشت و گەیشتنی بە قووڵترین شوێنی دەریا، بە کورتی هەرچییەك لە گەوهەری ڕۆمدا هەیە.

**ف: لە ئیتالیا، ئاریوست[132] و کەسانی تریش ئیلهامیان داوەتێ.**

---

[128] حەماسە: ئەو شیعر و چیرۆکانەن بە شانازیەوە باس لە شەڕ و دلێری گەلێك یان بنەماڵە و نەژادێك دەکەن.

[129] Lepante بەندەرێکی یونانیە کە دون ژوانی نەمساوی بەسەر تورکدا سەرکەوت (1571)

[130] Roland پاڵەوانێکی ئەفسانەیی سەردەمی شارلمانی.

[131] Alexanadre de Macedoine

[132] Ariost Ludovic شاعیرێکی ئیتالی سەردەمی ڕێنیسانس(1474-1533).

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، کاتێك سیرڤانتس باس لە کەشیش و دەلاك دەکات لە کتێبخانەی خانەدانی ئیسپانیدا، باس لە شاعیر لودویك ئاریوستی مەسیحیش دەکات، دەشێت وتارێك لەسەر ئاریوست و سیرڤانتس بنووسرێت، لە ڕاستیدا ئەو دوانە هەردووکیان ستایشکاری بروتانی و فەرەنسی و ڕۆم بوون، لە هەمان کاتیشدا هەستیان بەوە کردوە کە تەواوی ئەو کارانە کەمێك سەیر و گاڵتەجاڕیە.

**ف: چێژی خانەدانیەتی؟**

ب: هەر لە یەکەم سروودی "ڕۆنالدی تووڕە" کە باس لە شارلمان[133] دەکرێت، تامی خانەدانیەتی تێکەڵ بە هەندێك تەوس و گاڵتەی تیایە، ئەمە لای ئاریوستیش بەنرخ بووە، ئەو لەوە بە ئاگا بووە کە مەسەلەکە واقیعی نییە و هەستی بەوەیش کردوە کە سەرنجڕاکێشە، سیرڤانتسیش زیاد لەو.

**ف: نرخێك کە بەرئەنجامی دژایەتی کردنە لەگەڵ ڕاستیدا.**

ب: وایە، دژی ڕاستیە، من وا دەزانم کە هەردووکیان، لەم مەسەلەیەدا لە یەك دەچن، وا نییە؟

**ف: تەواو وایە.**

ب: لە بارەی بایەخدان بە خانەدانیەتی و بە ئاگابوون لە ناڕاستی یان بەهەرحاڵ گاڵتەکردن هەموو شتەکان. لە باری سیرڤانتسەوە ئەو هەموو شتێکی تێکەڵ بە گاڵتەجاڕی کردوە.

**ف: هەر لەبەرئەوەیە ڕۆمانەکەی، بە تەواویی لە نێوان دژایەتی خەون و واقیعدا پێدەگات.**

---

[133] Charimayne (747-814) پاشای فەرەنسا.

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، خەونەکەیش زیاتر لەسەر حەماسەی فەرەنسایی و بروتانیە نەك ڕۆمی، وەك دەبینی کەمتر باس لە ئەسکەندەر و قەیسەر دەکات.

**ف: ئەوەی بە تایبەتی سەرنجی منی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە تۆ زیاتر گرنگیت بە قارەمانی داستانەکە داوە تا نوسەرەکەی، واتا تۆ بایەخت زیاتر بە ئالونسوکیژانو داوە نەك سیرڤانتس.**

ب: بەڵام ئەمە لە هەموو کەس ڕویداوە، وا نییە؟

**ف: ڕەنگە، دەبێت لێی بکۆڵرێتەوە.**

ب: وا بزانم، ئونامونو[134] نووسیویەتی کە لەمڕۆدا دون کیشوت لە سیرڤانتس واقیعی ترە. هۆیەکەی ئەوەیە ئێمە ڕاستەوخۆ ئالونسوکیژانو بەرجەستە دەکەین. لە کاتێکدا کە سیرڤانتس بە هۆی ژیاننامە و نووسینی خەڵکی ترەوە دەناسین.

**ف: یان بە گریمانە..**

ب: وایە، لە کاتێکدا لەگەڵ ئالونسوکیژانۆ و، ئەو کەسایەتیەی دەیەوێت ببێت بەو، واتا دون کیشۆت پەیوەندی ڕاستەوخۆمان هەیە.

ئەمەیش ئاشکرایە، چونکە تەنیا شیمانەیەکە کە بوونی هەیە.

**ف: وەلێ ئەوەی هەرەشە لە تۆ دەکات ئەوەیە کە خەونی ئالونسوکیژانو تەنها خەونی ناو کتێبە و ئەمەیش لەگەڵ مەیل و سەلیقەی تۆدا دەگونجێت.**

ب: ئاه، وایە، بێگومان وایە، وەك لە بیرم بێت لە شیعرێکدا نووسیومە کە من بە پێچەوانەی ئالونسوکیژانۆوە، هیچ کاتێك لە کتێبخانەکەم نەچوومەتە دەرێ، ئەگەرچی گەشتی هەموو دنیام

[134] Unamuno (1864–1936) نووسەر و فەیلەسوفی ئیسپانی.

PDF4Kurd



کردووە بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە تەنانەت بۆ کاتێکی کەمیش بێت، خوێندنەوە بەراییەکانم واز لێنەهێناوە.

**ف: تۆ بەردەوام وەفات بۆ ئەو یەکەم کتێبخانەیەت هەر هەبوە.**

ب: بەڵێ، لەبەرئەوەیش کە من بە هۆی چاومەوە نزیك بین بووم (میوپ). یەکەمین یادوەریی ژیانم پەیوەندی بە گەڕەکی (پالرمو) یان دەموچاو و هەڵسوکەوتی باوك و دایکمەوە نیە. بەڵکو دەربارەی کتێب، وێنە، کارت، بەرگی کتێب و نەخشەسازیەکیانە. بە جۆرێکی تری بڵێم، کۆنترین یادوەریم بەستراوەتەوە بە کتێبەوە نەك بە کەسانەوە.

**ف: وەك خۆت وتووتە، کتێبخانەی باوکتان ڕۆڵی سەرەکیی هەبوە لە ژیانتا.**

ب: بەڵێ، وابزانم هەرگیز لێی نەچوومەتە دەرەوە و، ئەمەیش بۆ من خۆش بەختیە، ئەگەرچی دەشێت بۆ خوێنەران بەدبەختی بێت.

چونکە ئەمە وای لێکردم کتێبی تر بنووسم. لەم ماڵەدا، لەبەرئەوەی کە هیچ یەك لە کتێبەکانی خۆمی تیا نییە، هەوڵ ئەدەم خۆم لە کتێبخانەکەی باوکما ببینمەوە.

**ف: بێگومان، هەر لەبەرئەوەی باسمان لە دژایەتی کرد، دەبێت ئەوە زۆر بە سەیر وەربگرین کە داستانی دون کیشوت، لە ولاتێکا ڕوودەدات واقیعگەریی قورساییەکی زۆری هەیە، واتا لە ئیسپانیا.**

ب: ئەو شوێنەی کە بەهەرحاڵ شانازی بەو داستانەوە دەکەن، چونکە ڕۆمانی حەماسی هەر ئەوەیە، وایە؟ هەرچەندە ئەم ڕۆمانە تا ڕادەیەك ئەخلاقییشە، وەك نموونە لەو ڕۆمانەدا چ باسێکی سێکسی لە گۆڕێ نییە.

**ف: بەوەیشەوە، سیرڤانتس گوزەرێکی بەو زەمینەیەدا کردوە؟**

PDF4Kurd



ب: مەبەستتان ڕنکونت و کورتادیلویە[135]؟

**ف: بەڵێ، چەند کورتەچیرۆکێکی تریش.**

ب: بەهەرحاڵ ڕۆمانی حەماسی بۆ ئەوروپا بە جۆرە دەستکەوتێك دادەنرێت کە تا ڕادەیەك کاریگەری لەسەر ڕۆمانی ئینگلیزی هەبوە، هەروەها لە ئەڵمانیا لەسەر نووسەر گریلشوزن[136] و لە فەرەنسا لەسەر لوزاژ[137] لە ڕۆمانی گیل بلاسدا.

---

135 **Rinconete et Cortadillo**

136 **Grimmeishausen** (1625–1676) حەماسە نووسی ئەڵمانی.

137 **Lesage. Alain Rene** (1668–1747) نووسەری فەرەنسایی.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی نۆیەم

### دەربارەی کلتور و ژیاریی سیلت[138]

**ف: بورخیس. تۆ لە نووسینێکتا ئاماژەت کردوە و دەڵێیت: وەك چۆن کلتووری موعتەبەری –ژەرمەن– لە دواییدا لە ئایسلاند دەپشکوێت، کلتووری "سیلت"یش لە ئیرلەندا حەشار دراوە. لە ئارشیف و کتێبخانەکانی ئیرلەندا هەندێك بەڵگە لە بارەی زمان ناسی و ئەدەبیاتی "سیلت"ەوە هەن.**

ب: بەڵێ، چونکە لە وڵاتانی تردا، ئەم کلتوورە لەناو چوە. بەڵام دەتوانیت ئەوە لە وڵاتی "گاڵ"[139]ی سەرزەمینی "مابینوگیون"[140] لە شێوەی حیکایەتی زۆر جواندا بدۆزیتەوە، کە بە هۆی "لیدی

---

[138] Celte ناوی گروپێکی خەڵکی خوارووی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و خۆرهەڵاتی فەرەنسایە، لە هەزارەی دووەمی پ. ز، بە زمانی هیند و ئەورووپاییەوە خێرا لە بەشەکانی تری ئەوروپا و ئینگلتەرادا بلاوبوونەوە.

[139] Galles بەشی خۆراوای ئینگلستان.

[140] Mabinogion کۆمەڵێك ئەفسانەی سەرزەمینی (Welsh) کە لە دوو بەشی کتێبی سور و کتێبی سپی پێکهاتوە.

PDF4Kurd



گۆســـت"[141]ەوە وەرگێـــڕاون، کتێبەکـــەی ئـــەو، کەوتـــە بەرچـــاوی "رینـان"[142] و لـە شـەڕی فەرەنسـا و پروسـدا دژی ئـەڵمان سـوودی لـێ بینـی. لـەو کتێبـەدا چیرۆکێکی جـوان هەیـە وا بـزانم پێشـتر ئامـاژەم پێداوە.

چیرۆکەکە پەیوەندی بە دوو پاشای گەنجەوەیە کە لەسەر چیایەك, یاری شەترەنج دەکەن، لە دامێنی چیاکەیشدا لەشکری هەردووکیان لە شـــەڕ دان. واتـــا لـــە دامێنـــی کێوەکـــەدا شـــەپۆلی مـــرۆڤ لـــە ڕووبەڕووبوونەوەدان، پاشان لە چرکەساتی کۆتاییدا، واتا کاتی ئەوە دێت کە یەکێك لە پاشا, کشومات دەکات و یاریەکە دەباتەوە، هەر لەو چرکەساتەیشدا، سوارێك هەوڵی شکستخواردنی لەشکری پاشاکەی دی دەگەیەنێت. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە یاری شەترنج، کارێکی ئەفسـوناویە، چـونکە دوو سـوپا بـە جـووڵانی دوو یاریکـەر ڕابـەری دەکرێن و، کە یەکێکیان گەمەکە دەباتەوە، سوپای شای دووەم شکست دەخوات. من لە شیعرێکمدا لە بارەی شەترنجەوە بەم شێوەیە بیرم کردۆتەوە. لە ڕووبەری شەترنجدا، مۆرەکان ئازاد دێنە بەرچاو، وەلێ وانییە، ئەوە دەستی یاریکەرە مۆرە بە جووڵە دێنێت، یاریکەریش بڕوای وایە بە ئازادیی خۆی یاری دەکات، لە کاتێکدا ئەو گەمەکەرە خودایەك ڕابەریی دەکات کە ئەویش (دیارە بە بەڵگەی شیعری و ئەدەبی) پەیوەستی بە خوداوەندانی ترەوە هەیە. بەم جۆرە، مۆرەی

---

[141] Chariotte Goest Lady (1812–1895) وەرگێڕێکـە یەکـەمین وەرگێڕانـی ئینگلیزی کتێبی سووری ئەفسانەکانی وڵشی لە 1838 دا بڵاوکردەوە.

[142] Renan Erner (1823–1892) مێژوونووسی فەرەنسی.

PDF4Kurd



گەمەی شەترنج، زنجیرەیەکە بە ئەندازەی ژمارە بێکۆتاییەکان. من لەم بارەیەوە دوو شیعرم نووسیوە، دوو شیعر لە بارەی شەترنجەوە، لە هەردووکیاندا، بابەتێکی هاوبەش هەیە، مۆرەکان خۆیان بە ئازاد دەزانن، بەلاَم وا نییە، یاریکەر خۆی بە ئازاد دەزانێت و وا نیە، خودا خۆی بە ئازاد دەزانێت و وا نییە، خودایەکی تریش هەروا بیردەکاتەوەو وایش نییە، ئیتر هەر بەم جۆرە تا بێ کۆتایی برۆ.

وەلێ با بگەڕێینەوە سەر باسی کلتوری ئێرلەندی، وا بزانم باسێکی باشمان هەڵبژاردوە. کاتێك کە منیان بە "ئەندامی ئەکادیمی ئەدەبی ئەرژەنتین" هەڵبژارد، لە وتەیەکدا کە بەو بۆنەیەوە خوێندمەوە، وتم ئاکادیمیە ئەدەبیەکان، لە هیچ شوێنێکی دنیادا بە ئەندازەی ئێرلەندا بایەخیان پێ نەدراوە، ئێرلەندا لە قۆناغی فەرمانڕەوا بچووکەکاندا. لەوێدا شیعر، هەموو بابەتەکانی تری وەك بیوگرافی مێژوویی، ئەستێرەناسی، گیاناسی، ماتماتیك، زانستی ئاکاری و شتی تریشی لەخۆ گرتبوو، هەموو ئەمانە جێ بایەخی شاعیر بوون، جۆرە جیاوازەکانی شیعر هەبوە و، شاعیر بۆئەوەی بگاتە پلەی بڵندتر، تاقی کراوەتەوە، کەسێك کە لە قۆناغی یەکەمەوە بەرەو قۆناغی دووەم سەرکەوتوە، ڕێگای پێدراوە لەسەر هەندێك بابەتی دیاریکراو و بە پێی پێوانەیەکی دەستنیشانکراو شیعر بهۆنێتەوە و هیچی تر. بەلاَم کە تەواو گەیشتۆتە قۆناغی کامڵی، مافی ئەوەی هەبوە بە هەموو ڕادەیەك، بە سوودوەرگرتن لە تەواوی وشەی ئەفسانە مێژووییەکان و بەکارهێنانی وێنە و هونەری ڕەوانبێژی شیعر بڵێت، بەم جۆرە شیعرگەلێکی ئاڵۆز هاتە گۆڕێ (دەوڵەتیش پشتگیری لەم جۆرە شیعر و شاعیرانە کردووە) ئەمە بەردەوام بوو تا ڕۆژێك، وەك ئەفسانەکان باسی

PDF4Kurd



لێوە دەکەن، پاشایەك (پاشای ئیرلەند) داوای لە دوو شاعیر کرد کە قۆناغی دوانزە ساڵەی کامل بوونی شیعریان تەواو کردبوو لە ستایشی ئەودا شیعرێك بهۆننەوە. دوای ماوەیەك کە ئەو دوانە شیعرەکانی خۆیان بۆ خوێندەوە، تەنیا خۆیان لە مانای شیعرەکان دەگەیشتن و کەسی تر نا، لە ئەنجامدا شا "قوتابخانەی شیعر"ی هەڵوەشاندەوە و، ژیانی ئاکادیمی لەو بابەتەی کۆتایی پێهێنا، ئەو شاعیرانەی کە وەك چرا و چاوی دەوڵەت دەدرانە قەڵەم و، تەنانەت لە شا زیاتر لە دارایی وەك دەست و پێوەند و گا و پارە بەهرەمەند دەبوون، لە ناکاوێکدا نابوود بوون (پێدەکەنێت).

**ف: بێگومان توانای زیاتریشیان بۆ ڕابواردن و دەست بەتاڵی هەبوە؟**

ب: دەست بەتاڵی نازانم، دەبێت لەوە بە ئاگا بین ئەوان سستمێکی ئاڵۆزی شیعریان دروست کردبوو، شتێکی وەك سستمی شیعری ئەسکەندناڤی و ئەنگلوساکسون کە لەوێدا خوازەگەلێکی وەك "شەقامی قاز" لە باتی دەریا و "بەریەك کەوتنی شمشێرەکان" لە باتی جەنگ بەکاردەبرا، لەم بارەیەوە پێشان قسەم کردوە، چوارچێوەی شیعری ئیرلاندا بە ئاڵۆزی زیاترەوە, لەوانە دەچوو. شاعیر دوای دوانزە ساڵ، لە هەر شتێك کۆمەڵێکی دەزانی، هەڵبەت ئەگەر بەراوردی بکەیت بە ڕادەی زانیاریەکانی ئەم سەردەمەوە، زانیاریەکانی ئەو کەم بوون، بەهەرحاڵ شاعیر ئەوەی کە لە ئیرلەندای ئەو سەردەمەدا قابیلی فێربوون بێت، دەیزانی.

**ف: بەڵێ، تۆیش لەم بارەیەوە لەگەڵ ریناندا هاوڕایت کە کلتووری "سیلت" لەگەڵ ئەوەیشدا کە مەسیحیەت دەسەڵاتدار بووە، وازی لەو یادوەری و ئەفسانە کۆنانە نەهێناوە کە پەیوەندیان بە بتپەرستییەوە هەبووە.**

PDF4Kurd



ب: وایە، وا بزانم ئەم مەسەلەیە بۆ شوێنی تریش هەروایە. من شیعرێکی تازەم بۆ گونگورا[143] داناوە، لە شیعرەکەدا ئاماژەم بەوە کردوە کە گونگورا –هەرچەندە کاتولیك بووە– بەڵام سوودی لە خوداکانی لاتین وەرگرتوە کە لە ڕاستیدا خودای یونانی بوون بە ناوی جیاوە. ئەو لە باتی قسەکردن لەسەر شەڕ، باس لە مارس[144] یان وەك یونانیەکان دەڵێن ئارس دەکات، یان لە جیاتی دەریا نپتون و پوزیدون بەکاردەبات. بە جۆرێك دەتوانین بڵێین ئەفسانەکان بێ لە بڕوا ئاکاریەکان بەردەوامیان بە خەیاڵی مرۆڤەکان داوە و دەوڵەمەندیان کردوە. وا دەزانم ئێستا لە ئیرلەندا، فێربوونی زمانی ئینگلیزی و زمانی "ئێرس"[145] بە زۆرە، "ئێرس" واتا زمانی قسەپێکردنی "سیلت" تا ئێستا –بە تایبەت لەنێو جوتیاراندا– ئەم زمانە نەزانراوە و تەنیا خوێندەوار و زمان ناسەکان زانیویانە" ڕەنگە زمانی "گارانی"[146] یش بۆ ئێمە هەروابێت، وا نییە؟

**ف: شتێکی تر کە دەبێت لە بارەی کلتوری "سیلت"ەوە لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەیە کە یەکەمین نووسەریان "پیاوانی مەزەبی یا قەشەکانی سیلت"[147] بوون.**

---

[143] Gongora Luis (1561–1627) شاعیرێکی ئیسپانیە.

[144] Mars یان Ares خودای شەڕ لای ڕومی و یونانی.

[145] Erse زمانی دانیشتوانی سکوتلەندەی باکوور.

[146] Guarani زمانی ناوچەیی پاراگوییەکان.

[147] Druides

PDF4Kurd



ب: وایە "قەشەکانی سیلت"، وا بزانم سیزار[148] سەرنجی ئەوەی داوە کە قەشەکان لە هەموو ئەو ناوچانەدا کە پەیوەندیان بە شارستانیەتی "سیلت"ەوە هەیە بڵاوبوونەتەوە: بۆ نموونە لە بەلژیك، ئیسپانیا و فەرەنسا، بەڵام قوتابخانەکەیان لە ئینگلتەرا بووە کە وڵاتی سەرەکیی "سیلت"ەکانە. هۆی بڵاوبوونەوەکەیش ئەوەیە قەشەکان وایان لا خۆش بوە لە ناوچە جیاجیاکاندا خوێندنیان تەواو بکەن. نازانم لە چ زەمینەیەکدا. ڕەنگە لەسەر سیحر بووبێت! سیزار لەو باوەڕەدا بووە کە "سیلت"ەکان بڕوایان بە دونادون "تناسخ" هەیە و، لەو بیروباوەڕەیشدا کاریگەریی فیساگورسیان لە سەرە. بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاست نایەتە بەرچاو، چونکە سیزار ڕەنگە شتێکی لەبارەی شیمانەی گۆڕینی ئینسان بۆ ئاژەڵ بیستبێت (مسخ) ئەم بیرەی لەگەڵ بیری دونادونا کە زۆر لە یەکدی جیاوازن وەرگرتبێت (ئێمەیش لە ئارژەنتین شتمان لەسەر بە ور-دز یان مرۆڤ- گورگ هەیە) لەم هەلومەرجەدا ڕۆح لە جەستەیەکەوە دەچێتە جەستەیەکی ترەوە، واتا چاکترە بەم جۆرە بێت. بە جۆرێکی تری بڵێین کاتێک مرۆڤێک بێ بەزەیی و دڕندە بێت، زۆر چاکترە ڕۆحی بچێتە جەستەی بەوریکەوە، چونکە نەبوونی بەزەیی لای بەور خەوش نییە. وا نییە؟ بەم شێوەیە ڕۆح هەموو ڕۆژێك جێگایەکی گونجاو بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

---

[148] Julius Cesar سەرۆکی بەناوبانگی ڕۆمی، نووسینەکانی لە بارەی جەنگ و سەفەرەکانیەوە نرخێکی ئەدەبی باڵایان هەیە، شاعیریش بوو، بەڵام تەنیا چامەیەکی لێ بەجێماوە.

PDF4Kurd



**ف: بەڵام لە بارەی شیعری "سیلت"ەوە، تۆ وتووتە لەگەڵ ئەوەیشدا کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە بەڵام سەرنجڕاکێشە.**

ب: وایە، لەم لایەنەوە بە تایبەتی یادی نووسراوەکانی وڵاتی کاڵ دەکەمەوە، لە کۆمەڵەی "خوا ژنی سپی"دا کە روبرت گراوز[149] ئامادەی کردووە، شیعرێکی زۆر جوانی تیایە بە ناوی "جەنگی درەختەکان" مەبەستی سەرەکیی شیعرەکەم لەبیر نییە، بەڵام دەزانم کۆپلەیەکی باس لە دونادون دەکات، بە هۆی یادی ئارنولدەوە[150] لە بیرم ماوە و ئەم بەشەیم زوو دێتەوە یاد:

"من ماسیەکی درەوشاوە بووم

من پردێك بووم بەسەر حەفتا رووبارەوە.

من کەفێك بووم بەسەر ئاوەوە

وشەیەك بووم لە ناو کتێبێکدا

من کتێبێك بووم لە ناو وشە بەراییەکانیدا.."

**ف: زۆر جوانە.**

ب: ژماردنەکەیشی زۆر جوانە، وا نییە؟ زۆر سەیر و سەرنجڕاکێش لە شتێکەوە دەڕواتە سەر شتێکی تر، تەماشای ئەم دوو دێڕە بکە:

"من وشەیەك بووم لەناو کتێبێکدا

من کتێبێك بووم لەناو وشە بەراییەکانیدا"

---

149 Robert Graves (1895) نووسەر و شاعیری ئینگلیزی.

150 Arnold sir Edwin (1832–1904) شاعیر و نووسەری ئینگلیزی و وەرگێڕی زۆر بەرهەمی خۆرهەڵاتی.

PDF4Kurd



لێرەدا وشەی "لەناو" گەمەی پێکراوە و ماناکەی لە هەردوو ڕستەکەدا جیاوازە:

لە "وشەیەك بووم لە ناو کتێبێکدا" وشەی "لە" لە جێگادا ڕوودەدات.

بە پێچەوانەوە لە "کتێبێك بووم لەناو وشە بەراییەکانیدا" ئەو وشەیە لە زەماندایە. گرنگ نیە، سەرکەتووە، پاشان لەسەری دەڕوات:

"من شمشێرێک بووم لە دەستێکدا

دەستێک بووم لە شەڕێکدا"

هەر بەو جۆرە ئەم ڕیزی بژاردنە بەردەوام دەبێت، بیست یان سی پێکهاتەی پێشبینی نەکراو کە لە ناواخندا بە هۆی پێکهاتەی پێشوەوە دروست دەبن.

**ف: تۆ هەروەها باسی دەریاوانی و بابەتەکانیت لە ئەدەبیاتی ئیرلەندیدا کردووە.**

ب: بەڵێ، ئەمە لە شیعری ئەڵمانی و پورتوگالیشیدا زۆرە، من ڕۆژێك کتێبێکم لەسەر ئەدەبیاتی پورتوگال نوسیوە (یان خۆم وا دەرخستوە!) وا دەرئەکەوێت لە ئەدەبیاتی ئەو وڵاتەدا زۆر کتێب باسی دەریاوانی و نقوم بوونی کەشتی کردوە. واتا کتێبەکان پەیوەندیان بە دەریاوانیەوە هەیە. وەلێ بە داخەوە نقوم بوونی کەشتیشیان لەخۆ گرتوە.

**ف: لە زەینی ئیرلەندیدا، هەمیشە کەشتی ڕانی بەرەو خۆرئاوایە.**

ب: وایە، بەرەو دوورگەی "سانت برندان"[151] و دوورگە سەرنجڕاکێشەکانی دی کە لە یەکێکیاندا "تانجی زیوین پەلاماری گاکێوی ڕەنگ ئاڵتوونی دەدات" لە دەوروبەری دوورگەیەکی تردا

---

[151] Saint Brendan ناوی گەشتیارێکی ئینگلیزی سەدەی پێنجەمی زاین، هەروەها ناوی دوورگەیەکە لە ئوقیانووسی ئەتلەسیدا.

PDF4Kurd



ئاگرێکی هەمیشەیی هەیە و لە هەندێکی تردا زیندەوەری سەیر دەژین. بە تایبەتی دوورگەی "سانت براندن" کە بە هۆی دۆزینەوەی ئەمریکای دەزانن. وا نییە؟ لە خەیاڵی ئیرلەندیدا، ئاتلانتیکی باکوور پڕە لە دوورگەی چۆڵ و هۆڵ و سەرسووڕمێن.

**ف: ئیرلەندیەکان خەیاڵاتیان لە بارەی سروشتەوە، ڕەوشێکی تایبەت بە خۆیان هەبوە، خۆشەویستیەکی تایبەتیان بۆ سروشت و دیمەنەکان هەیە.**

ب: بۆ نموونە لە بارەی جوانیی درەختەوە، وا دەزانم ناوی درویید[152] لە وشەی ئامادریاد[153]ەوە وەرگیرابێت. بەم پێیە قەشەی "سیلت" لەگەڵ درەختا بوە بە یەك.

**ف: ئینگلیزەکانیش خۆشەویستییەکی تایبەتی خۆیان بۆ سروشت هەیە.**

ب: بەڵێ، تا پێش "بزاوتی ڕومانتیك" دیمەنی سروشتی لە وڵاتانی تری ئەوروپایدا نەزانرابوو، لە بەرهەمەکانیاندا دیمەنێك بەرچاو نەدەکەوت. لە نیگارکێشانیشدا هەروا بوو، بە بڕوای ڕوسکین[154]، تۆرنەر[155] یەکەم نیگارکێش بوە بە دیدێکی واقیعیانەوە تەماشای تاوێر، هەور، چیا و دەریای کردوە. بە شێوەیەکی گشتی لە ڕابوردوودا دیمەنیان وەك دەقێکی جوانکاری لە بەرچاو دەگرت، دەقێك تەنیا کاراکتەری تێدا پیشان دەدرا، بە پێچەوانەوە وا دەزانم لە نیگارکێشی ژاپۆنیدا هەمیشە بایەخ بە دیمەنی

---

[152] Druide قەشەیەکی سیلت

[153] Amadriades

[154] Reskin John (1819–1900) تیورست و ڕەخنە نووسی هونەری ئینگلیزی.

[155] Turner Wiliam (1755–1851) نیگارکێشی ئینگلیزی کە زیاتر دیمەنەکانی نیگارکێشاوە.

PDF4Kurd



سروشت دراوه و هەستی پێکراوه، بە پێچەوانەی گەلێك کەسی تر کە ئەو هەستەیان نەبوە. بۆ نموونە کە تۆ دونکیشۆت دەخوێنیتەوە، بێجگە لە چەند مەزرایەکی سەوز کە بە ئەمانەتەوە لە ئەدەبیاتی ئیتالیەوە وەرگیراوە هیچ دیمەنێکی تر نابینیت، بۆیە وێنەکانی گوستاڤ درە[156]، لەگەڵ هەموو جوانیەکیدا، هیچ پەیوەندیەکی بە دەقی داستانەکەوە نییە، لەوێدا خانەدانە ئیسپانیەکە و نۆکەرەکەی لەناو دیمەنی جوان و فراواندا دەبینین کە لە کتێبەکەدا نییە، زۆر لەمەوبەر، کە یەکەم لاپەڕەی کتێبی "سەرکەوتنی دون میر"ی ئەنریك لارتا[157]م خوێندەوە لە ڕاستیەکەی کەوتمە گومانەوە، چونکە هەر لە لاپەڕە بەراییەکانەوە باسی لە دیمەنەکانی "تولید"[158]ی ئیسپانیا دەکات. لە خۆم دەپرسی ئایا دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا دیمەنی وایان بەچاو دیوە؟ من گومانم هەیە. وەك ئەوەی لەوان نەدیوبوون، هەروەك لە شیعرە میللیەکانیشدا دیارە، زیاتر کار لەسەر کەسایەتییەکان و کاریگەریان کراوە نەك لەسەر دیمەنی سروشتی.

---

[156] Gostav Dore (1832–1883) نیگارکێشی فەرەنسی.

[157] Anrigue larreta radriguez (1875–1961) چیرۆکنووسی ئەرژەنتینی.

[158] Toled ناوچەیەکە لە ئیسپانیا.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی دەیەم

### دەربارەی کوڤیدۆ[159]

**ف: بورخیس، باسمان لە نووسەرێکی کلاسیکی ئیسپانی نەکرد کە سەرنجی تۆی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، تۆ لە بارەی ئەو نووسەرەوە وتووتە نووسینەکانی لەژێر کاریگەریی هەست و هەڵچووندا نین و، مانەوەیان لە یادوەریدا لەبەر ئەوە نییە شێوازێکی ئەدەبیی تایبەتی داهێنابێت، بەڵکو لەبەر چۆنایەتی نووسینەتی.**

ب: مەبەستت کانسینوس ئاسنزە[160]؟

**ف: نەخێر مەبەستم کوڤیدۆیە**

ب: کوڤیدۆ؟

**ف: بەڵێ، ئەگەر بە ڕاستیی لە یادم مابێت، بە ڕای لوگونز[161] ڕەسەنترین نووسەری خاوەن شێوازی ئیسپانیاییە.**

ب: ئا، وایە، لەوە دەچێت لوگونزیشم بە ڕادەی کوڤیدۆ فەرامۆش کردبێت. وا ئەزانم لە بارەی ئەو دوانەوە هەوڵێکی بەرچاو هەیە. ئەوانە هەروا ئاسان تێناپەڕن. من لە هەڵبژاردە شیعریەکدا کە بە زمانی

---

159 **Quevedo شاعیر و نووسەری ئیسپانی** (1580–1645).

160 **Cansinos Assens**

161 **Lugons leopoldo شاعیر و نووسەری ئەرژەنتینی** (1874–1938)

PDF4Kurd



ئیسپانی ئامادەم کردبوو، یەك شیعر، تەنانەت یەك شیعرم لە کوڤیدو یان لوگونز دەست نەکەوت کە جۆرێك لە ناپەسەندی تیا نەبێت. هەمیشە، بە لایەنی کەمەوە لە تەنیا دێڕێکدا دەست بە گوناهی خۆپەسەندی و لەخۆبایی بوون دەکەن، بە گشتی شێوازی نووسینی باروك[162] هەمیشە لە ڕووی ئاکاریەوە قابیلی سەرکۆنە کردنە، چونکە بەردەوام خۆپەسەندیان تیایە. ئێستا دەربارەی کوڤیدو.. لە شیعرێکدا دەڵێت:

"گۆشەنشین، لە هێمنی ئەم بیابانەدا
بە کتێب گەلێکی کەم بەڵام زانایانە
دەژیم، گفتوگۆم لەگەڵ مردووەکاندایە
کە بە چاوم دەیانبیستم"

شیعرێکی جوانە، بەڵام نازانم دوا دێڕی شیاوی قبووڵ کردنە یان نا؟

**ف: بەلای تۆوە وا ناگەیەنێت کە زۆر زۆر خەیاڵی بێت؟**

ب: بەڵێ، من وای بۆ دەچم شاعیر ویستوویەتی بیر بخاتە ناو خەیاڵەوە، یان وەك ئیسپانیەکان دەڵێن مەبەست "قسەکردن بوە تەنانەت لەگەڵ ئانیشکا"، لێرەدا ڕووبەڕووی بیری بیستن بەچاو دەبینەوە. لەم لایەنەوە ڕاستە، چونکە کە تۆ دەقێك بە دەنگی بەرز دەخوێنیتەوە، بە چاوتان گوێی لێ دەگرن، تەنانەت ئەگەر دژایەتییەکی

---

[162] Barogue شێوازی ئەدەبی و هونەری کە لە سەدەی (16 و 17دا لە ئەورووپا و پاشان لە ئەمریکای لاتیندا پەیدابوو.

PDF4Kurd



زۆریش لە گوێ گرتن بە چاودا هەبێت. وا نییە؟ شیعرەکە هەر بەردەوامە:

"ئەگەرچی هەمیشە تێیان ناگەن، بەردەوام کراوەن، هەندێک جار شوێن بزاوتمان دەکەون و جاری تر چاکی دەکەن.

وەک موسیقارە لاڵەکانی ئورکسترا

بە خەونی ژیانەوە، ئاشکرا دەپەیڤن."

زۆر جوان و دروستە و ئەمەیش کۆتاییەکەیەتی:

"کات بە سرکە و، بە ناچاری هەڵاتوە

بەڵام تەنیا ئەو دەتوانێت بە چاکترین شێوە ئەوە دەرخات

ئەوەی ئێمە بە وانە فێرکردن بەرەو پێش دەبات، کێیە؟"

ئەم کۆتاییە هێورە لە نووسینی کوڤید و ناچێت، وا نییە؟

ئەم ئارامیەی دوادێڕ؟

**ف: وەلێ تۆ لە گفتوگۆکانی پێشوتدا، لەبەرئەوەی کوڤیدو مەیلی زۆری بۆ نووسەری هەبوە، وات داوتە قەڵەم کە پەیڕەویی لە قوتابخانەی "ئەدەب بۆ ئەدیبەکان" دەکات؟**

ب: لەبەرئەوەیش کە ئەو نووسینی کردبوو بە پیشە، ئایا ئەمە جۆرێک لە شایستەیی نییە؟ نازانم، لە بارەی سپینسەریشە[163] وە وتوویانە ئەویش "شیعری بۆ شیعر نووسیوە" (شاعیری بۆ شاعیران پاشان باس هاتە سەر نووسەران و ڕادەی چێژوەرگرتن و هەڵچوونیان بەرانبەر بە مەسەلەکان و شتی تر. بەڵام لە بارەی کوڤیدۆوە ئەو چێژە، زیاتر ئەدەبی دێتە بەرچاو، واتا ئەو بەهایەی ئەو بە وشەی دەدات

---

[163] Spencer herbert (1820–1903) فەیلەسوف و نووسەری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



جێگای دەست خۆشیە. ئێستا من نازانم ئایا لە یادکردنی وشە لە لایەن خوێنەرەوە بە چاکە لە قەڵەم دەدرێت یان نا. بەهەرحاڵ لای کوڤیدۆ و لوگونز کە زۆر لە یەکتر دەچن، مرۆڤ هەمیشە وشەکانی لە بیرە و لە یادیان ناکات.

**ف: هەر بۆیە تۆ کوڤیدو بە زمان پاراو دەزانیت؟**

ب: من وام وتوە؟ باشە! بێگومان وایە.

**ف: ئەی لە بارەی ئەوەوە کە کوڤیدو بەرگری لە بەڵگاندنی لۆژیکی دەکات بەرانبەر بە خورافات و ڕەت کردنەوەی ئەفسانەکان، بۆ نموونە بەرانبەر بەم شیعرانەی ئەمبیدکلس[164]..**

ب: لە بیرم نییە، چ دەڵێن؟

**ف: ئەو شیعرانەی باس لەوە دەکەن کە ماسی بوە و..**

ب: ئا، وایە، ڕاوەستە، دەڵێت:

"من ماسیەك بووم لەپڕ لە دەریاوە هاتە دەریّ" بەڵام کوڤیدۆ و ڕەتکردنەوەی ئەفسانە، بێجگە لە گەمەیەك چی تر نییە، وا نییە؟

**ف: باشە، ئەو بەم کارە تیۆرەی دونادون یان گوێزانەوەی ڕۆحەکان تەواو بە هەڵە دەزانیّ، بە جۆرێك بە خورافەی ناوزەد دەکات و بە ناوی لۆژیکەوە تێی بەردەبێت.**

ب: بەڵێ، بەڵام نازانم بە هۆی لۆژیکەوە دەتوانرێت ئەفسانە ڕەت بکرێتەوە؟

**ف: ئا، وایە، بێگومان.**

---

[164] Empedocle فەیلەسوفی یۆنانی سەدەی پێنجی پ. ز کە بە ئەفسونگەر تاوانبار کرا.

PDF4Kurd



ب: هەر لەگەڵ ئەوەدا، ئەو بیرەیش کە مرۆڤ لە وێنەی جیا جیادا ژیاوە، تەنانەت ئەگەر وایش نەژیابێت لەم ژیانە تایبەتیەی خودی کەسەکەدا (واتا بێ دوورکەوتنەوە لەم فەزای ژیانە)یش هەستی پێدەکرێت. من ئەگەر بیر لە ڕابوردو بکەمەوە، ئەو مێژوو کارەساتانەی تیایدا ڕوویان داوە، ئەوەندەمان لە نێواندایە دەڵێیت لە ژیانێکی تردا, دوور لەم ژیانەی ئێستای مرۆڤ من تیایاندا ژیاوم.

**ف: وتت ژیانی تایبەتی کەسەکە؟**

ب: بەڵێ، من وای بۆ دەچم، لە ژیانی تایبەتی خودی کەسەکەدا، بەڵام.. بڕوانە بۆ نموونە لە هیندستاندا، هەموویان بڕوایان بە "زیندووبوونەوە"[165] هەیە، چونکە ئەمە دژایەتی لەگەڵ تاقیکردنەوەدا نیە، کاتێك ئێمە یادی کارێکی کۆنی خۆمان دەکەینەوە، دەڵێی یادی کارێك دەکەینەوە یەکێکی تر کردوویەتی و قبووڵیشمانە. پێدەچێت هێزی خەیاڵ پێی خۆش بێت بە ڕاستیی خۆی بەدەست ئەو ئەفسانەی زیندوبوونەوە نوێیەوە بدات. ئیتر ڕاست بێت یان هەڵە.

**ف: کە لەواندا ئەفلاتون لە هیندستانەوە سەر دەردێنێت؟**

ب: بەڵێ، من وای بیر لێ دەکەمەوە، ڕەنگە لە ڕووی هەستیاریەوە ئەوە باشتر بێت کە ئێمە لە لەش و شێوەیەکدا بووبین دوور لەم قاڵب و شێوە ئینسانیە، "وێنەی بەراییمان"[166] لەگەڵ هەستیاریماندا ناگونجێت، قبووڵ ناکرێت و بیر حەزی لە خستنە کەناریەتی. لە کاتێکدا کە خەیاڵی ئەمبیدکلس دەربارەی "ماسیەکی لاڵ کە لە

---

[165] Reirncarnation

[166] Archetypes

PDF4Kurd



ناکاوێکدا سەری لە دەریا دەردێنێت" بە ئاسانی قبووڵ دەکرێت، ئەگەرچی لە شێوەی گریمانە یان شیمانەیەکدا بێت (پێدەکەنێت).

**ف: (پێدەکەنێت) گریمانە هەمیشە دەشێت بێتە دی. بەڵام با بگەڕێینەوە سەر کوڤیدو، تۆ وەک نموونە وتووتە بە هۆی مارکوس بروتوس[167]ەوە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسپانی و لاتینی سەردەمی زیوین ئاشکرایە، دەمویست لەسەر ئەم سەردەمی زیوینە، کە تۆ بە ستووتەوە بە سنکا[168]، تاسیتوس[169] و لۆکنەوە[170] قسە و باس بکەین.**

ب: من لە شیعری "شیعرێکی تر لە بەهرەکان" باسی لوکن و سنکام کردوە، کە لە پێش زمانی ئیسپانیولیەوە، هەموو ئەدەبیاتی ئیسپانیان نووسیبوو، ڕاستەوخۆیش ئاماژە بەو "لاتینی بوونە زیوین"ە دەکەم کە پاشان کوڤیدو چاوی لێکرد. لەو میانەیەدا کوڤیدو چەند نامەیەکی سنکای وەرگێڕاوە. من دوو نامەیم کە بۆ لوسیلیوسی[171] نووسیوە لە بەرهەمی کوڤیدودا خوێندۆتەوە. هەڵبەت وەرگێڕانەکە زۆر ناوازە و شایانی ئافەرینە. چونکە نموونەیەکە ئەو لە مارکوس بروتوسەوە بۆ خۆی لەبەرچاو گرتبوو.

---

[167] Marcos brutus کونسولی ئەفسانەی ڕۆم و دامەزرێنەری کۆماری (سەدەی 5 پ.ن)

[168] Senegue (4 پ. ز 65 زاین) فەیلەسوفی لاتین و مامۆستای نایرون.

[169] Tacite (55 پ. ز 120 ن) مێژوونووسی لاتینی.

[170] Lucain (39–65) شاعیری لاتینی.

[171] Lucilius (102–180 پ. ن) شاعیری لاتینی.

PDF4Kurd



**ف: بگەڕێینەوە سەر شیعری کوڤیدو، گوایا بە بڕوای تۆ لە هەندێك بەیتی ئـەو شیعرانەدا، شتی ناشیرین دێنە بەرچاو، بـەڵام مـن بـڕوام وایـە لـەو شـیعرانەدا کەماڵیش هەیە.**

ب: ڕەنگـە شـیعرێکی کوڤیـدو یـالوگونز نـەبینیت کـە یـەك دوو ڕەخنەی ئیستاتیکی تیا نەبێت، نەك ناشیرینیەك کە قابیلی چاوپۆشین بێت. بەڵکو تـەواو ئاشـکرا و بە دەسـتی ئانقەسـت. دەڵێیـت ئـەوەی لای ئێمە لاوازە، لای ئـەوان جوان بوە، لـە ڕاسـتیدا قسـەکردن لـەو بارەیـەوە دژوارە، بـۆ نموونـە ئێسـتا چـەند بـەیتێکی گونگـورم[172] دێتـەوە بیر کـە دەڵێت: "ئەی ڕووباری مەزن، ئەی گەورە پادشای ئەندەلوس[173]، بەلمە نەجیبەکانەوە، کە ئیتر زێڕین نین".

باشـە بـە پێـی لۆژیـك یـان لـە ڕوانینـی منـەوە.. قبـووڵ کردنـی ئـەم مەسەلەیە کە ئیتر لم زێڕین نەبێت، دوورە لـە ڕاسـتیەوە، بـەڵام باوابێـت، بێگومان گونگورا ئەمەی پێ خۆشبوە، واتا ئـەم دەربڕینـەی لا پەسـەند بووە، تەنانـەت ئەگـەر لەگـەڵ سەروایشدا نەهاتبێتـەوە، بـەڵێ بـە بڕوای مـن ئـەم بیرکردنەوەیـەی ئـەو "لمـی نـەجیب کـە ئـیتر زێـڕین نیـە"ی لا خۆشبوە و ئەو دژایەتیە بە شێوەیەك قایلی کردوە. کەواتـە با داوەریـی لـە بـارەوە نەکـەین، مەسـەلەکە هێنـد شەخسـیە نـاتوانین نـە سـەرکۆنەی بکەین نە ستایش.

**ف: باشە، ئەمە لەو شتە دەچێت کە تۆ لە بارەی چاکترین بەرهەمی کوڤیدۆوە دەیڵێیت: ئەوانـە بێجگـە لـەو بـیر و دیدگایـەی بەرهـەمیان هێنـاون، لـە ڕووی**

---

[172] Gongora Luis (1627–1561) شاعیری ئیسپانی.

[173] Andalousie ناوچەی باشووری ئیسپانیا.

PDF4Kurd



**ئەدەبیەوە بوونیان هەیە، کەواتە کە نووسین بوە ئەدەب لە هەندێك مەسەلەدا، لە بوونی شتەکانی تری جیاوازە؟**

ب: دەتوانین وای بیر لێ بکەینەوە کە شیعرێك، بێ ئەوەی لەگەڵ هەڵچوونی هەست یان بابەتی بگونجێت ، دەشێت شتێك بێت کە بە دنیا زیاد دەکرێت. یان بابەتێکی زمان بێت. منیش هەر ئاوا شیعرێکی بەم شێوەم هەیە بە ناوی "بەورێکی دی" نازانم لەبەرتانە یان نا، لەو شیعرەدا هەوڵم داوە باس لە بەورێك بکەم، بەڵام لە کۆتایی شیعرەکەدا هەستم کرد ئەوەی من باسی لێوە دەکەم بەور نییە بەڵکو شتێکی لە وشە دروستکراوە، پاشان هەر لەوێدا دەستم کرد بە قسەکردن لەسەر بەورەکەی دی، وەلێ چەندە بەرەو پێش دەچم دەبینم ئەم بەورەیش، وەك ئەوەی یەکەم، دەستکردە. ئەوسا خۆم بە تەنیا لە دوا نیوەڕۆیەکدا، دوا نیوەڕۆیەکی بێ کۆتایی لە کتێبخانەی میللیدا دەبینمەوە، بە دوای بەورەکەی تردا دەگەڕێم، ئەوەی لە شیعرەکەدا بوونی نییە.. ڕەنگە ئەو شیعرە یەکێك لە شیعرە هەرە باشەکانی من بێت، چونکە زنجیرەی ئەڵقەیەکی لە ژمارە نەهاتوە کە یەکدی تەواو دەکەن و هەریەکەیان بەورێکە، بەورێکی تەواو لە وشە نەك ئەو بەورەی بەدوایدا گەڕاوم.

**ف: ئەم قسانە دەمباتەوە بۆ لای شیعری "پڵنگ"ەکەی خۆت، چاکە، ئێستا حەز ئەکەم لە بارەی لایەنێکی تری کوڤیدۆوە پرسیارت لێ بکەم. ئەویش ئەوەیە کە ئەو تا ڕادەیەك دیدگایەکی گوماناوی بەرانبەر بە ژن هەیە، نازانم لەم بارەیەوە هیچت لە یادە یان نا؟**

ب: بەڵێ.

**ف: ئەو کە دەدوێ ئەڵێی سەنگەری گرتووە.**

PDF4Kurd



ب: من لەم لایەنەوە لەگەڵیدا نیم، چونکە ئەوەی لە ژنێکدا –یەعنی لە هەموو ژنێکدا– خۆشی بەخشە، ئەوەیە کە ناوترێت، بەڵام بە جۆرێکی گەلۆرانە دەبێتە هۆی چێژوەرگرتنی پیاو کاتێك لە پاڵ ژنێکدا دادەنیشێت، ئەمە چ پەیوەندییەکی بە خۆشەویستی و هەستیارییەوە نییە، ئەمە بە هۆی جیاوازییەکی بچووکەوەیە، زۆریش بچووك بەڵام ئاشکرایە و وا لە ئێمەدا ڕەگی داکوتاوە کە قابیلی هەڵوەشان نییە. هەڵبەتە ڕاستە شتێکی وا لە هەموو پەیوەندییەکی دۆستانەدا هەیە بەڵام بەم حاڵەوە دەبێت بڵێم جیاوازییەکی بچووك هەیە کە ناتوانم ناوێکی لێ بنێم، ئەویش ئەوەیە هاوڕێیەتی لەگەڵ ژندا جیاوازە لە هاوڕێیەتی لەگەڵ پیاودا.

**ف: تۆیش لەو باوەڕەدایت ژن لە سەر بنەمای بۆچوونی خۆی، واتا ناسینی ڕاستەوخۆ یا موکاشەفە بیردەکەنەوە، بە پێچەوانەی پیاوەوە کە زیاتر بیرکردنەوەیان لۆژیکیە، بۆیە بیری ژن تەواوکەری بیری پیاوە.**

ب: من گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەیش کەس "بەم جۆرە" یان "بەو جۆرە" بیرناکاتەوە، چونکە ئەم جۆرە ڕوانینە گومان هەڵگرە (پێدەکەنێت) ئاشکرایە ئەگەر ژن بێ بەڵگاندن بیر بکاتەوە، ئەمە بە مانای دەستپێکردنی بزوتنەوەیەکە لە نوختەیەکی تایبەتیەوە کە دەشێت وەك ئەنجام سەرکەوتنی زیاتری تیابێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێمە لۆژیکیانە بیربکەینەوە، دەبینە زنجیرەیەك لە چەند ئەڵقەیەکی جۆراوجۆر کە دەشێت لەهەر یەکێکیاندا هەڵەیەك هەبێت.

**ف: بە دڵنیاییەوە.**

PDF4Kurd



ب: لەیەك شێوە بیركردنەوەدا، زیاتر هەڵە ڕوودەدات تا بزاوتێكی دەگمەنی هەستیارانە كە لە ئەنجامی هەڵبژاردنێكی تایبەتیەوە بێت، لە یەك شێوەی لۆژیكیدا ئەگەری هەڵەكردن زۆر زیاترە.

**ف: وایە، دەبێت ئەوەیش بڵێین كە لە خۆرهەڵاتدا، بۆ نموونە لە "بودایزم زەن"[174]دا ناسینی ڕاستەوخۆ یان دۆزینەوە بە بەرزترین ڕادەی هوشیاری دادەنرێت.**

ب: وایە، چونكە ئەمە بزاوتێكی ڕاستەوخۆیە و بە تەنیا خۆیەتی، بەڵام لە كاری تردا كۆمەڵێك بزاوت هەن كە بەردەوام شیاوی هەڵەن.

---

[174] **Boudhisme Zen**

PDF4Kurd



## گفتوگۆی یانزەیەم

## لە بارەی سویدنبرگی[175] عارفەوە

**ف: بورخیس" پێدەچێت عارفێکی ئەهلی تەسەوف کە تۆ زۆر باسی لێوە دەکەیت و هاودەمتە، هەمان ئەو کەسە خەیاڵ پەروەرە بێت، کە ئمرسون[176]، وەك سەمبولێکی عیرفان ئاوزەدی دەکات.**

ب: بەڵێ، سویدنبرگ.. دەشێت ڕێنماییەکانی پوخت بکرێتەوە.. بە قسەکانی مەسیح، "ڕزگاریی مرۆڤ ئاکاریە" و ئەم ڕستە فریودەرانەیش کە هەموو دەیزانن "ئەوانەی لە دواوەن، دەچنە بەراییەوە" یان "بەختەوەر ئەو مرۆڤە سادانەن کە دەرگای ئیمپراتۆری ئاسمانیان لێکراوەتەوە" و "منداڵە گچکەکان لە پاڵ مندا دابنێن..".

بە پێچەوانەوە ئێمە لە سەدەی هەژدەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕێنمایی جیاوازی عارفی گەورەی سویدی- سویدنبرگ دەبینەوە کە بنەماکەی لەسەر گفتوگۆیەکی درێژی کەسێکە لەگەڵ فریشتەکاندا (لە لەندەن) ئەم گفتوگۆیانە ساڵەهای ساڵ درێژە دەکێشن. سویدنبرگ

---

[175] Swedenborg Emanuel (1688-1772) زانا و فەیلەسوف و عارفی سویدی.

[176] Emerson ralph (1803-1882) فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئەمریکی.

PDF4Kurd



زانایەکی دیاری بواری کانزاناسی، ئاناتومی و ئەستێرەناسی بوو، وەلێ لەو ڕۆژەوەی لە لەندەن مەسیحی ناسی، هەموو زانستەکانی وەلاوە نا تا ژیانی تەرخانی دۆزینەوەی شوێنە جۆراوجۆرەکانی بەهەشت و دۆزەخ بکات. پێدەچێت ناونیشانی کتێبە بەناوبانگەکەیش هەر لەمەوە سەرچاوەی گرتبێت: "بەهەشت و دۆزەخ"[177] دیارە ئەو کتێبی تریشی نووسیوە، لەوانە کتێبێك دەربارەی دوا داوەریی کە بە لای ئەوەوە ئەو داوەریە ڕوویداوە. ئەم دوو کتێبە وەك لە شیعرێکدا ئاماژەم پێکردوە، بە زمانێکی لاتینی زۆر وشك نووسراون. سویدنبرگ شاعیر نەبوو، بەلاّم قەڵەمێکی وردەکارانەی پەیامنێرێکی هەبوو, کە باس لە بەهەشت و دۆزەخ دەکات دەڵێی وەسفی ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقا دەکات..

**ف: وەك خەیاڵ دەوری تیا نەبوویێت و دیمەنەکان ڕاستەقینە بن.**

ب: وایە، چونکە ئەم وێنا زەینیانە لە خۆیدا زۆر وردن، دەشێت ئەمە ببێتە بابەتێکی تری گفتوگۆ لەسەرکردن. سویدنبرگ دەیەوێ بڵێ ڕزگاربوونی مرۆڤ لە ئاکاری تەنیادا نیە، بەڵکو جیهانیە. بە دەربڕینێکی تر ئەو قسەی لەسەر زاهیدێکە کە بۆ ڕزگاربوون پشت لە هەموو شتێك دەکات، لە بیابانێکی تەریك دەژی، دەمرێ و پاشان دەچێتە بەهەشت، بە داخەوە, کاتێك دەگاتە بەهەشت لە کیس چووە، چونکە بەپێی بۆچوونی سویدنبرگ گشت ئەو شتانەی لە سەرزەوی هەیە، لە بەهەشتیشدا بە هەمان شێوە و ڕەنگی سەرزەوی هەیە. هەڵبەت بە جۆرێکی فرە و ئاڵۆزتر، بێجگە لەوە لەوێدا, ڕەهەندی

---

[177] De coelo et in Ferno

PDF4Kurd



چوارەم بەرجەستە دەبێت، چونکە سویدنبرگ بڕوای وایە لەو شوێنەدا کە فریشتەکان دەتوانن لەگەڵ یەکترا گفتوگۆ بکەن. خوداوەند هەمیشە لەوێ ئامادەیە، سەیرە، نا؟

ف: بەڵێ، بە ڕاستی سەیرە!

ب: بەهەرحاڵ ئەو زاهیدە کلۆڵە دەگاتە بەهەشت، گوێ لە گفتوگۆی فریشتەکان دەگرێت کە لە بارەی ئاکارەوە ڕوناکبیرانە و زۆر بە گرێ و گۆڵ قسە دەکەن، بەڵام ئەو بێچارەیە هیچ تێناگات. فریشتەکان لە خۆیان دەپرسن چی لێبکەن؟ ناردنی بۆ دۆزەخ بێمانایە چونکە لەوێ لەگەڵ شەیتانەکاندا هەست بە بەدبەختی دەکات.. دەبێت ئەوەیش بڵێین کە بەپێی قسەی سویدنبرگ هیچ کەسێك دوای داوەریکردنی نانێردرێتە بەهەشت یان دۆزەخ، بەڵکو بە درێژایی ژیانی یەکێك لەو دوانەی لە چارە نووسراوە.

ف: هەرچیەك بکات.

ب: بەڵێ، کە یەکێك دەمرێت، ماوەیەك لە ناوچەیەکی نێوان دۆزەخ و بەهەشتا بەسەر دەبات، پاشان کەسانێکی نەناس لێی نزیك دەبنەوە، ئەگەر ئەو کەسە هەست بە نزیکییەك بکات لەگەڵ هەندێك لەوانەدا دەکەوێتە دوایان، ئەگەر هەست بە نەفرەت بکات واز لەوان دێنێ و دەکەوێتە پەیجوری خەڵکی تر، ئەوانەی شایانی بەهەشتن دەکەونە دوای فریشتە و لە شەیتان دووردەکەونەوە، بە پێچەوانەوە ئەوانەی لە گوناهی ناکەسی و پیسیدا ژیاون، زیاتر لەگەڵ شەیتاندا هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و تا ڕادەیەك خۆشیان لە دۆزەخ دێت.

با بگەڕێینەوە لای زاهیدەکە، ئەو بە درێژایی تەمەنی پشتی لە هەموو خۆشیەك کردوە و هیچی بۆ تەمێ بوون نەهێشتۆتەوە، ئێستا

PDF4Kurd



بە پێچەوانەوە، ژیان لە بەهەشتا، هەمان ژیانی سەرزەویە و کەمێك زیاتر، گفتوگۆکانیش زۆر ڕۆشنبیرانەن و ئەو پیاوە داماوە ناتوانێت تێیان بگات، نارەوایشە بڕواتە دۆزەخ، کەواتە تاقە چارەسەر ئەوەیە لە دەوروبەری خۆی ناوچەیەکی تەریك، یان بیابانێکی چۆڵ و هۆڵی خەیاڵی دروست بکات و لەوێدا بە تەنیا جێبمێنێت.

**ف: لە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ یان بیابانێکی کاکی بە کاکیدا.**

ب: بەڵێ هەر لەوێدا ژیانی سەرزەویەکەی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تر، چونکە کاتێك ژیانی لەسەر زەوی بەسەر دەبرد، ئومێدی گەیشتنە بەهەشت بوو، بەڵام دوای ئەوە، لەم تەریکی و تەنیاییەدا، چ ئومێدێکی نامێنێ، لەبەرئەوەی ناتوانێت گۆڕان لە خۆیدا دروست بکات و ئەمەیش زۆر سامناکە.

**ف: سامناك، واتا ئەوەی کە..**

ب: سویدنبرگ باوەڕی وایە کە هیچ کەس نە حوکمی دۆزەخی بەسەردا دراوە نە لە کوچە و کۆڵانەکانی بەهەشتەوە مزگێنی بۆ هاتوە، هەر کەسێك خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات و پاشان بە گریمانەیەکی دی (کە نازانم ئەمانە بۆ ئەو گریمانەن یان فەرمانی بنەبڕن) سویدنبرگ باس لە یەکێکی نەفرەت لێکراو (دۆزەخی) دەکات کە بە شێوەیەك، توانیویەتی لە گەیشتنە ئاسماندا سەربکەوێت، لەوێ درەوشانەوەی ڕوناکیەك دەبینێت، بەڵام سوتێنەرە، ئەو بۆنانەش کە هەڵی دەمژێت بە لایەوە بۆگەنە، بە کورتی ئەو بۆ دۆزەخ دروست بوە و لە بەهەشتا هەست بە بەدبەختی دەکات. بە بڕوای سویدنبرگ ڕزگاری تەنیا ئەخلاقی نەبوە، بەڵکو ئەقڵانیە.

**ف: ئەو پاڵپشتی هوشیاریەکی ئەقڵانیە و هەوڵی بۆ دەدات.**

PDF4Kurd



ب: وایە، کتێبەکانیشی مرۆڤی زۆر هوشیار ئاشکرا دەکەن، بەڵام نوسینەکان دوور لە ناوەڕۆك، وەك نووسین ڕاکێشەر نین، لەو نووسینانەدا دەکەوێتە باسی هەموو گۆشە و کەنارێکی دۆزەخ، ئەو دۆزەخەی سەری لێداوە، ئەو دۆزەخ بە کۆمەڵێك قەوزەلان، کۆختی بێ نموود، وێرانە گوندی سوتاو، مەیخانە و سۆزانی خانە دەبینێت، ئەو دەنگ و ڕەنگەی بۆ ئەو ئازاربەخشن و بۆ کەسانی نەفرەت لێکراو دەبنە موسیقای ئاسمانی. لە بارەی شەیتانیشەوە (وەك لە بیرم بێت دیدگایەکی **لۆتەریش** هەر ئەم باوەڕەی هەیە) شەیتان لە دیدی ئەودا جۆرە پلەوپایەیەکە، ئەو سەرۆکە، بەڵام لەبەرئەوەی ژیان لەوێشدا لە دۆخێکی سانسۆری و ئیرەیدایە (وەك دنیای سیاسەتمەداران) هیچ پلەیەکی شەیتانی تا سەر نامێنێتەوە، چونکە ئەوانی دی لایەنی سەرۆکێکی تر دەگرن و پیلان دەگێڕن و ئەو دەخەنە جێگای، وەلێ ئەمیش دیسان بە هەمان مەرە دەچێت و پیلانی لەسەر دەکەن. بە جۆرێك کەسایەتی شەیتان، کەسایەتیەکی تایبەتمەند نییە و لەم بێنە و بەردەیەدا هەر خەریکی فیتنە و فزولی ناو خەڵکە و جێ بە خۆی ناگرێت. دۆزەخیەکان ژیانێکی پڕ لە مەترسیان هەیە و، لەگەڵ ئەمانەیشدا بۆ تیا هەڵکردن لە بەهەشت باشترە.

**ف: تێدەگەم، ئێستا..**

ب: سویدنبرگ هەموو ئەم شتانە بە زنجیرە وەسف دەکات. وەك وتم دۆزەخ وەك قەوزەلان، سۆزانی خانە، مەیخانە و بە تایبەت شوێنی پیلان گێڕانی بەردەوامە، پیلان گێڕەکان کەسانێکن سروشتی شەیتانیان هەیە و ناپاکی لەگەڵ یەکترا دەکەن، لەگەڵ ئەمانەیشدا ئەو دوو جێگایە، واتا بەهەشت و دۆزەخ بە هۆی خوداوە بەڕێوە دەبرێت و

PDF4Kurd



دنیای نێوان ئەو دوو شوێنە هاوسەنگە، ئەم ناوچەیەیان لە سێبەری تاوان و گوناهدایە و، ئەویان ئاسمانێکی بێگەرد و ڕووناك و دۆخێکی فەلسەفی هەیە، ئەمانە بابەتی گەلێك کتێبن، من لە بارەی ژیانی تایبەتی سویدنبرگەوە شتم لایە.. ئەو بۆ ناسینی نیوتن[178] سەری لە ئینگلتەرە دا بەڵام سەرنەکەوت، پاشان لە لەندەن بۆ یەکەمین جار مەسیحی ناسی، دەست و پێوەندەکەی گوێیان لە دەنگی دەگرت، کە بەڕێدا دەڕۆیشت، دەنگی هەنگاوی دەبیسترا، ڕەنگە بە سەرباندا تێپەڕیبێت؟! ئەو دەڕۆیشت و قسەی لەگەڵ فریشتەکاندا دەکرد، لە کۆڵان و شەقامی لەندەنیشدا هەر لەگەڵیاندا گفتوگۆی بوو، من شیعرێکم لەم بارەیەوە نوسیوە.

**ف: وایە، حەزئەکەم بیخوێنمەوە.**

ب: باشە، وەلێ بە ڕاستیی دەبێت گفتوگۆیەك لەسەر بلیکیش[179] بسازێنین، چونکە ئەو بێجگە لە ڕزگاری ئاکاریی و ڕزگاری هوشیارانە، جۆری سێیەمی ڕزگاری هەیە (بە ڕای ئەو بۆ هەموو مرۆڤێك پێویستە) ئەویش ڕزگاری جوان ناسینە. لە ڕاستیدا بلیك لەوانە بوو پەیڕەوی لە سویدنبرگ دەکەن و پاشان لێی یاخی بوو کەوتە بەد گوێی کردنی. بەهەرحاڵ بەبێ سویدنبرگ، **بلیك** شیاوی دەرك و سەرنجدان نیە.

بەرهەمە ناوازەکانی **سویدنبرگ،** بێجگە لە نامیلکەیەکی لە بارەی کانزاوە کە بە زمانی سویدی نووسیویە، هەموو ئەوانی تری بە زمانی

---

[178] Isace Newton (1642–1727) فیزیك زان، ماتماتیك زان و ئەستێرەناسی ئینگلیزی.

[179] William Blake (1757–1827) شاعیر و نیگارکێشی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



لاتینین. وای بۆ دەچم ئەو بە درێژایی ژیانی تەریکی لە لەندەنا، ئەوەندە تەنیا نەبوە کە لەگەڵ فریشتەدا بدوێت.

**ف: لە کتێبخانەکەتا زۆرم کتێب لەسەر سویدنبرگ دیوە پێدەچێت دەربارەی هەمەلایەنەی قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی ئەو بێت.**

ب: بەڵێ، وەك لە بیرم بێت یەکەمجار لە بوینس ئایرس کتێبێکی ئەوم خوێندەوە، دوایی زانیم بنکەی بلاوکردنەوەی "ئیڤری لایبرری"[180] چوار کتێبی ئەوی چاپ کردوە. یەکێك لەو کتێبانە کتێبێکی بچووك بوو دەربارەی دوا داوەری (ڕۆژی قیامەت) پاشان من پێشەکیەکم بۆ کتێبێکی سویدنبرگ نووسی کە لێرەدا بلاوبۆتەوە و ئەو پیشەکیە لە کتێبێکی ترمدا بە ناوی "پێش گوتارەکان" دیسان چاپ بوە، ئێستا ئەگەر پێت خۆشە شیعرەکە بخوێنەرەوە.

**ف: دەیخوێنمەوە، بەلام پێش ئەوە پرسیارێکم هەیە، تۆ کە خۆت بە "ئەگنوستیك"[181] دەزانیت، چۆن بڕوات بە عارفێکی وەك سویدنبرگ هەیە؟**

ب: نا، نا، نا، من بڕوای تەواوم بەو نییە، من ئەو تەنیا بە مرۆڤێك دەزانم کە بە ئاشکرا و بێ پەردە قسە دەکات، هەروەها ماتماتیك زان، ئەستێرەناس و کانزاناسێکی بەناوبانگە کە هەموو ئەورووپا گەڕاوە.

**ف: مرۆڤێکی چەندلایەن.**

ب: بەڵێ، کەسێکیشە لەبەر خاتری پەرەپێدانی بیروباوەڕەکەی دەستبەرداری هەموو ئەم زانستانە و ڕێکخستنیان دەبێت، هەڵبەت وا

---

[180] Every Mans Library

[181] Agnostigue ئەو کەسەیە بڕوای بە توانا و هێزی ڕۆحی مرۆڤ هەیە و میتافیزیکیای مەبەست نیە.

PDF4Kurd



دێتە بەرچاو کە لە گوتارەکانیدا زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە پێ داناگرێت، بەڵکو بیروباوەڕەکانی نووسیوە، ژیانێکی پڕ لە قەناعەتی هەبوە، تەنیا جارێك کە یەکێك لە هاووڵاتیەکانی دێتە لەندەن، هەردووکیان پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕن و دەچنە مەیخانە (دەشێت لەگەڵ ژنیشدا ڕایان بواردبێت؟!).

ئێستا، ئەو موریدێکی زۆری هەیە، بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، **دوکنس**[182] نووسیویەتی لەگەڵ ئینگلیزێکی خەڵکی "مانچستەر"[183]دا قسەی کردوە کە پەیڕەویی لە سویدنبرگ کردوە، هەروەها باوکی هنری[184] و ویلیام جیمز[185]یش لە موریدەکانی ئەو بوون.

**ف: ئەوانە موریدی ڕێبازی "بیت المقدس"ی نوێن کە سویدنبرگ بنیاتنەریەتی.**

ب: بەڵێ و کڵێسەیەکی زۆر جوانیش هەیە (بە پێچەوانەی کڵێسەکانی دی کە هەمیشە شوێن گەلێکی تاریکت دەهێننە بەرچاو) کڵێسەیەك کە لە گوڵخانە یان بلوور بچێت، کڵێسەیەکی ڕووناك کە پەیڕەوی لێکەرانی ئەو ڕێبازە کۆبوونەوەی تیادەکەن.

**ف: شیعرەکەتان کە بۆ "ئەمانویل سویدنبرگ" تان وتوە دەخوێنمەوە:**

---

[182] **De Quincey thomas** (1785-1859) نووسەری ئینگلیزی.

[183] **Manchestar** شارێکی بەریتانیایە.

[184] **Henry James** (1843-1916) نووسەری ئەمریکایی.

[185] **James Willian** (1842-1910) فەیلەسوفێکی ئەمریکاییە و برای هنری جیمزە.

PDF4Kurd



"بەرزتر لە هەموو ئەوانی دی دەجوولا

ئەم مرۆڤە دورە دەستە، لە نێو پیاواندا

لەژێر لێوەوە، ناوی ڕەمزیی فریشتەکانی دەوت

تەماشای دەکرد

تەماشای چاوانیک کە زەوی نابینن

ئەندازەیەکی سوتێنەریان دەبینی، لەگەڵ جێگا پێچەڵ پێچەکانی خوداوەند و

گەرداوە پیسەکانی لەزەتی دۆزەخ

ئەو دەیزانی سەرکەوتن و هەروەها

دەرگای دۆزەخ لە گیانی تۆدان و ئەفسانەکانیش.

ئەو وەك ئەو یۆنانیەی، کە دەیزانی

ڕۆژەکانی زەمان ئاوێنەیەکی هەتاهەتاین

ئەو ئەم چارەنووسە کۆتاییەی لە وشکەڵانێکی لاتیندا

بە ئەمانەت بەجێهێشت

ئەوەی نە (کەی) هەیە و نە (بۆچی)"

ب: ئەو شتانەی باسم کردن، کردوومن بە شیعر.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی دوانزەیەم

### دەربارەی نیگارکێشان

**ف: بورخیس، پێش ئێستا دەتوت بە بڕوای روسکین[186] یەکەمین نیگارکێشێك کە بە ڕاستیی لەگەڵ سروشتا ژیابێت تێرنەرە[187].**

ب: بەڵێ، بێ لەوە، ڕوسکین کتێبێکی هەیە ناوەکەی چاوخەڵەتێن یان سەفسەتە ئامێزە بە ناوی "نیگارکێشانی مۆدێرن"ەوە. لە کاتێکدا کە بابەتی سەرەکیی ئەو کتێبە بریتیە لە نیگارەکانی تێرنەر.

**ف: وایە، بە تایبەتی!**

ب: بابەتەکانی سروشتێ (هەڵبەت لە خۆراوادا) کە تا ئەوسا گرنگی پێ نەدەدرا و تەنیا وەك زەمینەی کار سوودیان لێ وەردەگیرا، نیگار کێشەکان تەنیا وێنەی دەموچاویان دەکرد و، جاریش هەبوو هەندێك لە قوتابییەکانی نیگاری دەست و ئەندامانی لەشیان دەکێشا، دیمەن، لاوەکی بوو، بە بڕوای ڕوسکین (کە ناتوانم بە تەواوی لەگەڵ باری

---

[186] John Ruskin (1819–1900) تیورست و ڕەخنەگری هونەر و نیگارکێشی ئینگلیزی.

[187] Willam Turner (1775–1851) نیگارکێشی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



سەرنجی ئەودابم) تێرنەر یەکەم کەس بووە هەور، تاوێر، درەخت، تەم و یاریی ڕووناکییەکانی دیبێت. بە ڕای ئەو. هەموو ئەمانە تێرنەر دۆزیونیەتەوە، ڕۆسکین بە هۆی وردبینەوە لە تابلۆی تێرنەری دەڕوانی. کسول سولاریش[188] ستایشی دەکرد. لە لایەکی ترەوە چسترتون[189] دەڵێت هۆی سەرەکیی لە نیگارکێشانی تێرنەردا ئاو و هەوای ئینگلتەرایە، بەڵام زەمان لە دیدی مێژووییەوە جێ بایەخی ئەو نەبوە و بە تایبەتی گرنگی بە کاتی خۆراوا بوون، مانگ گیران و ڕووناکی داوە. لای ئەو فۆرم زۆر مەبەست نەبوە، من وا هەست ئەکەم کە تێرنەر لە پۆرترێت کردندا لاواز بوە، بە پێچەوانەوە لە پیشاندانی سروشتا شایەتێکی بەرجەستەیە (دیارە بڕوای من هێند گرنگ نیە، بەڵکو من قسەی ڕەخنەگرەکان دەڵێمەوە) لە بەرگی بەرهەمەکانی ڕوسکینا وێنەی نیگارێکی تێرنەر هەیە کە پردێکە (ناوی پردەکە دیارە) لە پاڵیا، نیگارێکی تری هەمان پرد کراوە، زۆر ورد و جوانتر و دوو کەوانەی تری لەسەر کردوە کە ئەمیان کاری ڕوسکینە، تێرنەر بە لابردنی دوو کەوانەکە لە پردەکە، چۆنی ویستوە بەشێکی سادە کردۆتەوە و داویەتە شتێکی دی.

ڕوسکین لەگەڵ قبووڵ کردنی ئەم مەسەلەیەدا دەڵێت کە کاری تێرنەر لە دیدی جوان ناسیەوە لەسەر هەقە و قابیلی قبووڵە. هەرچەندە ئەو نیگارە لەگەڵ واقیعدا ڕێك ناکەوێت.

**ف: ئاسمانەکانی تێرنەر بەنامێن.**

---

[188] Xui solar نیگارکێشی هاوچەرخی ئارژانتینی.

[189] Chesterton Gibert keith (1874–1936) نووسەری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



ب: وایە، ئاسمان و خۆراوابوون.

**ف: ئۆسکاروایلد دەڵێت ئەو ئاسمانانە ستران دەچڕن.**

ب: وایە، من شتێکی تری وایلدم بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت سروشت لاسایی هونەر دەکاتەوە.

**ف: ئا، هەڵبەتە.**

ب: ئەوەیش باس دەکات کە هەندێك جار سروشت کارەکە باش ئەنجام نادات. دەڵێن ڕۆژێك وایلد لەماڵی ژنێك میوان دەبێت، خاوەن ماڵەکە دەیباتە بالکۆنەکەوە تا تەماشای ئاوابوونی خۆر بکات. ئەو لەگەڵ میوانەکانی تردا دەچێت و دەزانیت چی دەبینێت؟ کارێکی تێرنەر لە خراپترین سەردەمی کارکردنیدا. (پێدەکەنێت).

**ف: خۆرئاوا لە فەزایەکی کراوەدا؟**

ب: بەڵێ، کە سروشت چاوی لاسایی کارەکەی تێرنەری کردۆتەوە، بە جۆرێکی دی، سروشت هەموو کاتێك قوتابییەکی باش نیە.

**ف: وایە، لە کاتێکدا کە چەندوچوون..**

ب: بەڵێ، ئاخر هەمیشە ئەو بیرە باو بوە کە هونەر لاسایی سروشت دەکاتەوە، بەڵام وایلد بڕوای بەمە نیە، ئەوە سروشتە کە لاسایی هونەر دەکاتەوە. ئەم قسەیە لەو لایەنەوە ڕاستە کە هونەر دیدگایەکی ترمان فێردەکات.

**ف: بێگومان.**

ب: ڕوونکردنەوەی ئەمە ئەوەیە کە ئەگەر مرۆڤ تەماشای تابلۆی زۆر بکات، بە جۆرێکی دی لە سروشت دەڕوانێت.

**ف: واتا بینەرێکی چاکتری لێ دەردەچێت.**

PDF4Kurd



ب: بێگومان، له بارەی سروشتیشەوە دەبێت لە کاری نیگارکێش، پەیکەرتاش و شاعیرێك بە ناوی **ویلیام بلیکەوە** بدوێیت کە من پێشەکیەکم بۆ نووسیوە. بلیك لە سەردەمی ئەفسانە کلاسیکیەکاندا، هاودەورەی خەڵکانی ئەو زەمانە نەبوە و، ئەفسانەیەکی تایبەت بە خۆی لەگەڵ خوداوەندگەلێکدا دروست کرد کە ناویان زۆر بە گوێ ئاشنا نیە، وەك **گلگونوزا** یان **ئۆریزن**. ئەو بڕوای وایە نمایشی سروشت کە ناوی "جیهانی گیا"ی لێناوە، هەمیشە بە جۆرێك ئازاری پێ دەگەیەنێت. (بە پێچەوانەی ورد زورتەوە[190] کە بەڕێزەوە لە سروشت دەڕوانێت و نرخی بۆ دادەنێت) هەروەها دەیوت بۆ گەلێك کەس هەلاتنی خۆر وەك دەرکەوتنی لە شێوەی لیرەیەکی ئیستەرلینیدا دەدرەوشێتەوە. (نازانم ئەم قسەیە لە قازانجی سروشتە یان پێچەوانەیەتی!). ئەو هەر لەم بارەیەوە لەسەری دەڕوات و دەڵێت: بەلام بۆ من وا نیە، کە هەلاتنی خۆر دەبینم، دەڵێیت خوا دەبینم و دەنگی هەزاران هەزار بوونەوەری ئاسمانی دەبیستم کە ئافەرین لە شەوکەتی دەکەن. بە وتەیەکی تر. ئەو عارفانە تەماشای هەموو شتێکی دەکرد.

**ف: وێنایەکی چرکەساتی حاڵ لێهاتن.**

ب: تەواو، وێنایەکی حاڵ لێهاتنی عیرفانی..

**ف: بە حاڵ لێهاتنی عیرفانی بلیك، ئێستا کە تۆ خۆت وا دادەنێیت بە تەواویی هەستی موسیقات نەماوە و بێجگە لە میلونگاس و بلوز و[191] ..**

---

[190] Wordsworthe (1770–1850) شاعیری ڕومانتیکی ئینگلیزی.

[191] Blues جۆرێك لە جاز.

PDF4Kurd



ب: نازانم تا چەند ئەمانە دەچنە خانەی موسیقاوە، هەرچەندە کە.. موسیقای ڕەشەکانی ئەمریکا و گیرشوین[192] لە ڕاستیا موسیقان، وا نیە؟

**ف: بێگومان وایە، تۆیش زۆرت حەز لێیانە.**

ب: وایە، حەزم لێیانە، بەڵام موسیقای گیرشوین هەمیشە لەم جۆرە نیە، ستراڤینسکیش[193] عاشقی موسیقای جاز بوو، بەڵام بۆ من، ئەوەی ڕامدەکێشێت ئەوەیە کە گوێ لە جاز دەگرم، ئەو دەنگانە دەبیستم کە لە هیچ جۆرە موسیقایەکی تردا نایان بیستم، دەڵێیت ئەو دەنگانە لە قوڵایی ڕووبارێکەوە دێن، وا نیە؟ دەڵێیت سەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیە، بەرهەمهێنانی دەنگی تازەی وا، جۆرێك لە توانای دەوێت.

**ف: ڕاستە و ئەمە ئەو کارەیە کە جاز ئەنجامی دەدات، وەلیّ دەمویست لەم بارەیەوە باسی ئەوە بکەم کە بە پێچەوانەی موسیقاوە (بە تەواویی) نیگارکێشان هەمیشە کاریگەری لەسەر هەستی ئێوە هەبوە.**

ب: ئەمە ڕاستە.

**ف: ئەم مەسەلەیە وەك نموونە، ئەگەر کەمێك لە شیعرێکی ترت بە ناوی "دیاریەکی بیّ کۆتایی" کە بۆ خورخەلارکوی نیگارکێشت نووسیوە بڕوانین، ئەوە تەواو ئاشکرایە و نکووڵی لیّ ناکرێت.**

ب: وایە، بەڵام نازانم بابەتی ئەو شیعرە نیگارکێشان بوە یان نا، من بڕوام وابوە نیگارکێشان دوای هاتنە وجود، بە ناچاری سنوردار دەکرێت، بەڵام تا ئەوکاتەی کە نەهاتۆتە وجود، دەتوانێت لە زەینا تا

---

[192] Gershwin Georeg (1898–1937) موسیقازانی ئەمریکایی.

[193] Stravinski Igor (1882–1971) ئاوازدانەری ئەمریکایی بە ئەسڵ ڕوسی.

PDF4Kurd



هەتاهەتایە، دووبارە بێتەوە، کەم و زۆری تیا بکرێت. لە یادمە بەرناردشو لە کتێبی "سەرلێشێواوی پزیشکدا" ناوی سێ نیگارکێش دێنێت کە بریتین لە.. **تیتین**[194]، **رمبراند**[195]، **ڤیلاسکویز**[196]، نیگارکێش کە لە سەرەمەرگدایە و ژیانی بەسەرچوە دەڵێت لەگەڵ ئەوەیشدا کە ژیانی ناجۆر بوە "مەبەستی لە رووی ئەخلاقیەوەیە"، کارەکانی راست بوە.. لەبەرئەوەیش کە بڕوای بە سیحری رووناکی و سێبەر هەیە، لەسەر خوداوەند قسە دەکات کە دەستی ئەوی پیرۆز کردووە و پاشان بیر لە تیتین و ڤلاسکویز و رامبراند دەکاتەوە.

**ف: وا بیردەکاتەوە کە لە ئاسماندا بەو سێ نیگارکێشە دەگات؟**

ب: منیش وا دەزانم! بەرناردشۆ وتەیەکی زۆر رەوان و کاریگەری هەیە لە بیرمە کە ئیستلاکانتۆ لەبەر دەیڵێت. ئەو زۆری لە نووسینی شۆ لەبەرە، رەنگە گەلێك کەس بایەخیان بە جوانی و رەوان بێژیەکەی شۆ نەدابێت. بەڵام بەرناردشۆ ئەوەی هێنایەوە ناو شانۆ کە خەڵکی لە بیریان کردبوو، واتا رستەی درێژ، ئەو رستانەی زۆر کاریگەریان هەیە (رەوان بێژیەکەی لە کاریگەریان کەم ناکاتەوە) چاکە، دەبێت ئەوەیش بڵێم من شانازی بەوەوە دەکەم کە بوومە هاورێی مامۆستایەکی نیگارکێشی ئەرژەنتینی، کسول سولار، هەمیشە باسی بلیکی بۆ دەکردم، هەروەها باسی پول کلی[197] نیگارکێشی سویسری کە لە

---

[194] Titien (1488–1576) نیگارکێش ڤینیسیای.
[195] Rembrandt (1606–1669) نیگارکێش هۆڵەندی.
[196] Velazquez Diego (1599–1660) نیگارکێش ئیسپانی.
[197] Paul klee (1879–1940) نیگارکێش سویسری.

PDF4Kurd



بێکاسۆی بە گەورتر دەزانی و، کاتێکیش ئەمەی دەوت کە ڕەخنە گرتن لە بێکاسۆ تا ڕادەیەك بە کفر دەدرایە قەڵەم، ئەوە سەردەمێك بوو ڕەنگە ئێستایش هەر بەردەوام بێت (پێدەکەنێت).

**ف: تۆ سەردەمانێك، کسول سولارت بە بلیمەت ناوزەد کردوە؟**

ب: کسول سولار، ئا، بەڵێ، ڕەنگە.. دەزانیت من لەگەڵ کەسانێکی زۆر بەهرەمەندا ئاشنا بووم، لێرە و لە هەموو دنیادا، ژمارەیان زۆرە، بەڵام دەربارەی بلیمەتەکان بڕوا ناکەم کەسی تری وەك کسول سولار هەبێت. دەشێت لە گوتندا، **ماسدینو فرناندز**[198] لەو بابەتە بێت، بەڵام لە نووسینەکانیدا.. ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردون، خۆیان بە ناکام یان سەرگەردان داناوە.

**ف: بەڵێ, تۆ وتووتە ئەو لە وت و وێژدا, بلیمەتی خۆی دەرخستوە.**

ب: بەڵێ، من وای بیر لێ دەکەمەوە. ڕاستیەکەی بەم زوانە کتێبێك لەسەر کسول سولار بلاودەکەنەوە من پێشەکیەکەی دەنووسم، سەیر ئەوەیە ئەم کتێبەیان بە زمانی ئیسپانیەکی ڕەوان نووسیوە نەك بە زمانی "پانلانگوا"[199] کە لەسەر بنەمای ئەستێرەناسیە، یان "کریول" کە تێکەڵەیەکە لە زمانی "کاستیلی"[200]یەکان و زمانانی دی.

**ف: زمانێك کە کسول سولار دایهێناوە.**

ب: لە ڕاستیا هەر دوو زمانەکە ئەو دایهێناوە: "پانلانگوا" لەسەر ئەستێرەناسی و، هەروەها "یان ژوایگو" ئەو لەم بارەیەوە, بۆ منی

---

198 Macedino Ferhandez

199 Panengua

200 Castillan ناوی زمانی خەڵکی ناوچەی ئیسپانیای مەرکەزیە.

PDF4Kurd



ڕوونکردبووەوە (من هیچ کاتێك نەمتوانی لەم مەسەلەیە تێبگەم) کە هەریەکێك لە نیشانەکانی زمانی "پان ژوایگو" شیعرێکە، یان تابلۆیەکە، یان پارچەیەك موسیقا یان نەخشەیەکی ئەستێرەناسیە، خوا بکەم وا بێت. لە ڕۆمانی "گەمەی موروە شووشەییەکان"ی **هیرمان هیسەدا**[201] ئەم جۆرە بیرە هەیە. جیاوازیەکە ئەوەیە کە لەم ڕۆمانەدا، لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەست دەکەیت مەبەست مۆسیقایە. واتا یاریەکی دنیاگیر نەك وەکو "پان ژوایگو"ی **کسول سولار**.

**ف: لە بارەی پەیوەندی تۆ بە نیگارکێشیەوە دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە تۆ خوشکت نیگارکێشە.**

ب: نیگارکێشێکی گەورەیش، هەرچەندە نازانم ئایا سیفەتی "گەورەیی" شتێك دەخاتە سەر نیگارکێش یان نا، کەواتە با هەر بڵێین نیگارکێشی ڕووت، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو بابەتانەی سەرنجی ئەویان ڕاکێشاوە و ئیلهامیان داوەتێ فریشتەکان، باخ، فریشتە تارژەنەکانی ناوباخ و..

**ف: وەك تابلۆی "پەیامی جوبریل بە مریەم"[202] کە لە ماڵەکەتدایە.**

ب: بەڵێ، ئەو دەیویست لە ناوی بەرێت.

**ف: چ هەڵەیەکە!**

ب: نا، لەبەرئەوەی لە کاتی کێشانی ئەو نیگارەدا، هێشتا توانا و بەهرەی تەواوی لەسەر نیگارکێشی نەبوە. هەر چۆنێکە، ئەوەندە من

---

[201] **Hermann hesse** (1877–1962) نووسەری سویسری بە ئەسڵ ئەڵمانی.

[202] **L'Annonciation** کاتێك جوبرائیلی فریشتە پەیام بە مریەم دەگەیەنێت کە سکی پڕە بە عیسا، ئەو ڕۆژە ڕێکەوتی 25 مارتە و مەسیحیەکان ئاهەنگی تیا دەگێڕن.

PDF4Kurd



بیزانم ئەو پێش ئەوەی دەست بە وێنەکێشان بکات نەخشەی گشتی تابلۆکەی لایە. بە جۆرێکی تری بڵێم، هەڵەیەك لە گۆڕێدایە ئەگەر وای بیر لێ بکرێتەوە کە نیگارکێشانی ئەو نیگارکێشیەکی سادەیە.. ڕاستیەکە ئەوەیە کە پیشەی ڕەخنەگرانی هونەر هەڵەکردنە.. تەنانەت دەتوانم بڵێم ڕەخنەگرانی هەموو بوارەکانیش!

**ف: ئەی ڕەخنەگرانی ئەدەب؟**

ب: بەڵێ. ئەوانیش، ڕەخنەگری ئەدەبیش هەروایە (پێدەکەنێت) ئەوان لە هەڵەدا، تەواو پسپۆڕن.

**ف: (پێدەکەنێت) یەکێك لە دراوسێکانتان..**

ب: دکتۆر فیگاری؟

**ف: بەڵێ، زیاتر وردی بکەمەوە باوکی دکتۆر فیگاری کە لەسەری ئەم کۆڵانەی شەقامی "مارسلو. ت. دوو ئەلڤید" دەژیا.**

ب: هەر لەوێشدا، لە هەمان ساختماندا کۆچی دوایی کرد. ریکارد و گیرالد ئەوی پێ ناساندم، پارێزەر بوو، تەمەنی لە شەستساڵی تێپەڕیبوو لە پڕا هەستی کرد دەتوانێت نیگاربکێشێت (نیگارکێشی دەڵێم چونکە ڕەسم کردنی نەدەزانی، ڕاستەوخۆ بە فڵچە نیگاری دەکێشا) کتێبی "ڕوزاس و سەردەمەکەی"[203] لە نووسینی راموس مجیا و چیرۆکەکانی کە لە بارەی ڕەش پێست و **گوشوە**[204] کانەوەیە بۆ مەبەستی کارەکانی هەڵبژاردبوون. **پاپلو روجازپاز** ئەوی بە "فیگاری، نیگارکێشی یادەکان" داوەتە قەڵەم، من ئەم پێناسەیەم لاپەسەندە، چونکە ئەو وابوو.

---

[203] Rosas et sontemps ڕوزاس دیکتاتۆری ئارژانتینی لە سەدەی هەژدەدا.

[204] Gaucho گاوانەکانی ناوخۆی ئارژانتینی.

PDF4Kurd



**ف: به ڕاستیی وابوو.**

ب: لە ڕاستیا تابلۆکانی بە هەقیقەت وەفادار نین، بە جۆرێك کە **گوشـــەوەکان** لە تابلۆکاندا بە پانتۆڵێکەوە دەردەکەون نیگاری زەڕو سیمیان لەسەر کراوە، هەڵبەت ئەمە گرنگ نیە چونکە ئەو لە هەوڵی وردەکاریدا نەبوە، هەموو تابلۆکانی ڕەنگدانەوەی یادوەری، یان چاکتری بڵێم ڕەنگدانەوەی خەونەکانی ئەون.

**ف: ئەمە بە تەواوی ڕاستە، چونکە ڕۆژێك ژول سوپرویل[205] دەست خۆشی ئەوەی لێکرد کە ڕووناکیەك لە تابلۆیەکیدایە، فیگاری لە وەڵامدا وتی: ئەوە "ڕووناکایی یادەوریەکانە"**

ب: ئاه، زۆر چاکە.

**ف: ئەمە لەگەڵ پێناسەی "نیگارکێشی یادەوەریەکان"دا ڕێك دەکەوێت.**

ب: ئاه، بەڵێ، من نەمدەزانی و بە بیرمدا نەدەهات کە **فیگاری** گاڵتەباز بووبێت، ئەو بۆ هەر تابلۆیەك لە دیدگای خۆیەوە چیرۆکێکی دروست دەکرد، بۆ نموونە: "من وا دەزانم ئەم پیاوە بەدگومان بێت، ئەم ڕەش پێستانە چیان بەسەرهاتوە؟ چەندە دڵخۆشن و بە تەپڵەکانیاندا دەکێشن. پان پان پان پان، پان پان پان پان.. چاس، چاس، چاس!!"

ئەو هەمیشە ئەم دەنگانەی دەوتەوە: پان پان پان.. چاس، چاس، چاس.. (پێدەکەنێت) ئەو بە تاسە و پەرۆشیەوە قسەی لەسەر تابلۆکانی دەکرد، بێ ئەوەی ئاماژە بە شێوە و ڕەنگەکان بکات، تەنیا لە بابەتەکە دەدوا و پێی دەوت "چیرۆکی تابلۆ".

---

[205] Jules Supervielle (1884–1960) نووسەری ئۆروگوایی کە زیاتر بە زمانی فەرەنسی دەینووسی.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی سیانزەیەم

## دەربارەی ڤۆڵتێر[206]

**ف: بورخیس، دەمێك نیە كە لە كتێبی ڤیكتور هیگو[207] دەربارەی شەكسپیر و باری سەرنجی هۆگۆ دەربارەی نووسەرانی كلاسیك دواین، من لەم دواییەدا تووشی كۆمەڵێك نووسینی ئەو بووم لەسەر ڤولتێر، لەوێدا وتراوە ڤۆڵتێر (لە باری كەسایەتیەوە) تا ڕادەیەكی زۆر, لە باوكی چوە كە ئەدەبیاتی مەحكووم كردوە و، باپیری كوڕەزاكەی خۆی خۆش ویستوە و هانی داوە.**

ب: نازانم ئەم قسەیە تا چەند ڕاستە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوە دەزانم كە ڤۆڵتێر یەكێكە لە ناوە هەرە دیارەكانی ئەدەبیات.

**ف: بێگومان، بەڵام هۆگۆ لە نووسینەكەیدا ئاماژە بەوە دەكات كە دەشێت ئەم دوو هۆكارە دژ بە یەكە كاریگەریان لەسەر ڕەوتی خەیاڵی ڤۆڵتێر بووبێت.**

---

[206] Voltaire Francois Marie (1696–1778) نووسەری فەرەنسی.

[207] Hugo Victor (1802–1885) شاعیر و نووسەر و شانۆنووسی ناوداری فەرەنسی.

PDF4Kurd



ب: بەهەرحاڵ چیرۆکەکانی ئەو دیارن، لە هەندێکدا کاریگەری سویفت[208] و لە هەندێکی تردا کاریگەری "هەزار و یەك شەوە"یان "سەفەرەکانی کاپتن گالیور" بە دەردەکەون، بەڵام نووسینەکانی لە هەموو ئەم چیرۆکانە تەواو جیاوازە. هەرچەندە خاڵی دەستپێکردنی ئەو لە یەکێك لەو چیرۆکانەوەیە، پاشان ئەو کەوتە بیری خۆرهەڵاتەوە، خۆرهەڵاتی نائاسایی! بەڵام ئەم کارەی بە گاڵتەجاڕیەکەوە گرێدا کە لەگەڵ شێوازی نووسینی "هەزار و یەك شەوە"دا تەواو جیاوازە، گومان لەوەدا نیە کە هۆگۆ ستایشی ڤۆڵتێری کردوە.

**ف: بێگومان.**

ب: بێگومان ستایش نەکردنی ڤۆڵتێر جۆرێکە لە نیشانەی گەوجی.

**ف: بەڵام هۆگۆ گلەیی لەوەیە کە بەرهەمی ڤۆڵتێر هەمەجۆر و پەڕاگەندەیە.**

ب: بە تایبەتی لە بواری درامادا، لەم لایەنەوە وای بۆ دەچم لیتون ستراچی[209] وتوویە کە ڤۆڵتێر لە دراما‌دا گەیشتۆتە سنووری نائاسایی، یان ڤۆڵتێر چەمکی بەرهەمێکی پێکەنین هێنی ئاوەژووکردوە.

**ف: مەسەلەیەکە ئەویان زۆر پێ تۆمەتبار کردوە.**

ب: وایە، هەڵبەت، ئەوەیش کە بە تەواوی مانای درامای نەهێشتوە. ڕاستیەکە ئەوەیە کە نەریتی دراما هێند بەهێز بوو کە ئەم قسە گەوجانەیە، تا ڕادەیەك بە ڕاست دادەنرا.

---

[208] Swift Jonathan (1667–1745) نووسەری ئیرلەندی سەفەرەکانی گالیور.

[209] Leyton Strachey (1880–1932) نووسەری بیاگرافی نووسی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



**ف: هۆگۆ (هەروەها) سەرکەوتن و شکست خواردنی ڤۆلتێری لە نووسینی ئەو درامایانەدا کە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا خرابوونە سەر شانۆ، دەستنیشان دەکات.**

ب: ئەمڕۆیش وا دێنە بەرچاو کە هەموو ئەو درامایانە سەرنەکەوتوو بوون، نا؟

**ف: لە چ لایەنێکەوە؟**

ب: لەولایەنەوە کاتێك بیر لە ڤۆلتێر دەکەینەوە، بیر لە هەموو شتێکی دەکەینەوە بێجگە لە دراماکانی.

**ف: بە دڵنیاییەوە.**

ب: هەروەها شیعرەکانی، بۆ نموونە "هانریاد"

بەڵام "هانریاد" "[210]. توانا و زەوقی ڤۆلتێر پیشان دەدات لە شیعری حەماسیدا.

ب: بێ سەرکەوتنێکی لەبەرچاو، یەکێك ئاماژەی بەوە دا کە لەم بەرهەمەدا، تەنانەت ئالیکی ئەسپەکانیش بە ڕادەی پێویست نەبووە (پێدەکەنێت) بەم حاڵەوە، ڤۆلتێر بە نووسینی کتێبێك لە بارەی شارلی دوانزەی پاشای سویدەوە، کە بە ناموٚترین مرۆڤی سەر ڕووی زەمینی دەداتە قەڵەم، بێ ئەوەی بڕیارێکی پێشینەی لەسەر هەبووبێت دەستی داوەتە بەرهەمێکی حەماسی. لە ڕووی مێژووییەوە مەبەستی کتێبەکە شیاوی قسە لەسەرکردنە، چونکە زانیاریەکانی ڤۆلتێر لەم بارەیەوە سادە بوون، بەڵام کتێبەکە بەرهەمێکی حەماسیە.

---

[210] Henriade (چامەی حەماسەی ڤۆڵتێر لە بارەی "هنری چوارەمەوە".

PDF4Kurd



**ف: ئەو نووسینێکیشی لە بارەی شیعری حەماسیەوە هەیە، لەوێدا، وەك نموونە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم جۆرە شیعرانە دەبێت بنەمایەکی لۆژیکیان هەبێت و بە خەیاڵ ڕازێنرابنەوە.**

ب: بەڵێ، لۆژیك وەك بنەمایەکی پێویست، نازانین ئایا..

**ف: لۆژیك سەردەمەکەی خۆی مەحکووم دەکات؟**

ب: بەڵێ، ئەم کارە دەکات، بەرگریکردن لە لۆژیك تەنانەت وەك پێویستیەکی مرۆڤایەتی، حەتمەن، بەڵام ئەم پرسیارە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئێمە گەیشتووینەتە ئەوەی لۆژیکی بین؟ وا نازانم، هەرچۆنێك بێت گومان لەوەدا نیە بەرگریکردن لە لۆژیك کارێکی چاکە، تەنانەت ئەگەر هیچ کاتێکیش بە دەستی نەهێنین، چونکە ئەگەر بڕیار بێت هەموو ژیانی ئێمە نالۆژیکی و نائەقلانی بێت، شتەکان سەیر دەردەچن، هەقیقەت ئەمەیە کە مێژوو بە باری نائەقلانی بووندا دەشکێتەوە، بۆ نموونە تەماشای "مێژووی جیهانی" ویڵز[211] بکە، لەوێدا دەردەکەوێت کە ویڵز ویستوویەتی مرۆڤەکان پەیوەندی تایبەتی، سنور و وڵاتەکەیان فەرامۆش بکەن، ئەو دەیەوێت وا تەماشای مێژوو بکات کە ڕووداو گەلێکی هاوبەشی کۆمەڵگای ئینسانیە، بەم جۆرە کە تەماشای مێژووەکەی دەکەین، دەبینین بەرئەنجامەکانی خۆی نووسیوەتەوە، یەعنی ڕێك مێژووی جەنگەکان، وڵات گیریەکان و..

**ف: مێژووی ڕاستەقینە.**

---

[211] Wells (1866–1946) نووسەری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، مێژوویەکی ڕاستەقینە کە بۆ نەگبەتی مێژوویەکی سەربازیە، بەهەرحاڵ هەرچیەك هەیە بەم جۆرە بە ئێمە گەیشتوە، هەڵبەتە لەگەڵ فەلسەفە و هونەرە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵکو ڕۆژێك دابێت مێژوویەك بنووسرێت کە پاڵەوانەکانی **ئەسکەندەرەکان** و **شارلی دوانزەکان** و **تەیمور** و **ناپلیۆنەکان** و کەسانی توندوتیژی تری لەو بابەتانە نەبن. بەڵام لە ئێستادا، ئەگەر بیر لە ڕابوردوو بکەینەوە، ناچارین بیر لەو کەسانەیش بکەینەوە و، داخ و پەژارەی ئەوەیش دامان بگرێت کە ئەمانە هەڵگری بەهای جوانی ناسینن, دەبوو "مێژووی جیهان"ی ویلز لە مێژوەکانی دی جیاواز بێت، بەڵام وا نیە و ئەگەر جیاوازیەکیش هەبێت زۆر کەمە. مێژوویەکی تری باشی جیهانی ئەو مێژوەیە کە **چسترتون** بە ناوی "مرۆڤی نەمر"ەوە نوسیویەتی. ئەو کەسەی یەکەمجار لە بارەی ئەم کتێبەوە قسەی لەگەڵدا کردم **فرانسیسکو لویس برناردز** بوو، کتێبێکی سەیرە! بێ هیچ ژمارەیەکی مێژوویی، لەگەڵ کەمەکێك ناوی تایبەتیدا. بە شێوەیەکی کاریگەرانە هەموو شتێکی تیا باس کراوە، بە جۆرێك کە من دوای خوێندنەوەی فەسڵێکی لەبارەی شەڕی کارتاژەوە دەستم بە گریان کرد.

**ف: وەك هەموو جارێکی تر، حەماسە تۆ دەهەژێنێت.**

ب: ڕاستە.

**ف: هۆگویش، وەك نووسەرانی سەدەی هەژدە، لە بابەتی ڤۆلتیر و ڕوسۆ**[212] **و میرابو**[213] **جۆرێك لە پەیوەندی و دەربەستەیی لەخۆ دەگرێت.**

---

212 **Rousseau Jene Jacques** (1712–1778) نووسەری سویسری فەرەنسی زمان.

213 **Mirabeau Honore Gabriel** (1749–1791) سیاسەتمەداری فەرەنسی.

PDF4Kurd



ب: نازانم، من ئەمڕۆ لە نێوان خۆم و ڕۆسۆدا مەسافەیەکی زۆر دەبینم. کە لە جنیف بووم ویستم کتێبی "امیل" بخوێنمەوە، یەکێکە لەو کتێبە زۆر ئازاربەخشانەی کە تا ئێستا نووسرابێت.

**ف: (پێدەکەنێت) ڕەنگە نەیشگەیشتبیتە "بڕیاری کۆمەڵایەتی"[214]!**

ب: نەخێر، بەڵام گەیشتبوومە "دانپیانان"ەکانی، لەوێدا کەسایەتیەکی زۆر ناپەسەند ئامادەگیی هەیە. وا دێتە بەرچاو کە ڕۆسۆ لە کاتی نووسینی ئەو کتێبەدا لەژێر کاریگەریی فشارێکی تایبەتیدا بووبێت و، تۆمەتی وای داوەتە پاڵ خۆی کە نەیکردوە. وەك وازهێنان لە منداڵەکانی. لە ڕاستیدا ئەو خۆی دان بەوەدا دەنێت کە منداڵی بەرەڵا نەکردووە و، هەروەها بەوەیش کە ئەوانی نەهێناوەتە وجود.

**ف: لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، هۆگۆ لەگەڵ ئەوەدایە کە لەناو کۆمەڵگایەکی داڕزاوی پێش شۆڕشی فەرەنسەدا..**

ب: لەبەرئەوەیە شۆڕش هەڵگیرساوە، وا نیە؟

**ف: حەتمەن.**

ب: ئەمە هەموو شتێك دەگرێتەوە، لە ڕاستیدا ئەوەی ڕوودەدات پێشتر بە شێوەیەکی نهێنی و دەروونی بوونی هەبوە، بە جۆرێکی تری بڵێین. ڕووداوەکان تەنیا لایەنگرێکی سادەی شتێکی لەمەوبەرن کە ئێستا دێنە دی.

**ف: واتا پێشەکیەکان نابینرێن و لە بەردەوام بووندا ئاشکرا دەبن؟**

---

[214] Le Contrat Social کتێبە بەناوبانگەکەی ڕۆسۆ.

PDF4Kurd



ب: بڕوای من وایە، دەشێت ئەمە لە بەرژەوەندی روزاس[215] و ئەوانی تـردا بێـت. ئەوانـەی گەیشـتوونەتە دەسـەڵات، لەبەرئەوەیـە کـە پێشـتر شتێك هەبوە.. "فەسادێك لە سەڵتەنەتی دانیمارکدا".

**ف: بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کارانەی کە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ئەنجامیان داوە.**

ب: بـەڵێ، هەڵبـەت، وایـە، دەتـوانین وای لێـك بدەینـەوە –ئەمـەیش جـۆرە ئاسـوودە پـێ بەخشـینێکە– کـە بەدبەختیـەکمان تـووش دێـت، دەڵێیت نامەیەکمان پێگەیشتووە و لە نامەکەدا ئەو هەواڵەی تیایە.

**ف: هەواڵی شتێکمان پێ دەگەیەنێت کە لەوەوبەر ڕوویداوە.**

ب: بەڵی ڕووداوەکان وەك نیشانەکانی نەخۆشیە نهێنیەکان وان.

**ف: لە شێوەی نەخۆشیەکدا.**

ب: بـەڵێ، بـا بڵـێین ئەگـەر سـەری مـن ببڕن، مانـای وایـە سـەری مـن پێشتر براوە، نا؟! "پێدەکەنێت"

**ف: وایە، دیارە پێشتر سەری تۆ لە دڵی مرۆڤەکاندا براوە.**

ب: ئەوەی لە دڵ یان ڕۆحدا ڕوودەدات، گرنگترە لـە ڕووداوی سادە یان واقیعیەتی سادە.

**ف: تۆ ڕاست ئەکەیت، چونکە ئەمیان ئەو شتەیە کە لـە ویـژدانی کەسـەکەدا ڕوودەدات.**

ب: ئێمـە لـە ویـژدانمان دڵنیـاین، بـەڵام لـە واقیـع بـە گومـانین، ویـژدانمان شـایەتیەکی خێرایـە، بـەڵام واقیـع بـە پێچـەوانەوەیە.. وەك ئەوە وایـە مـن بڵـێم لـە 1899دا لـە بـوینس ئـایرس هاتوومەتـە دنیـاوە، بەڵام ئەی ئەو کەسەی کە مێژووی لەدایکبوونی خۆی نازانێت! وا نیە؟

[215] Rosas دیکتاتۆری ئارژانتینی سەدەی هەژدە.

PDF4Kurd



ئـەزانم ئـەمڕۆ دەروون شـیکاران بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە مـرۆڤ دەتوانێت تەنانەت ئەزموونی پێش لەدایکبوونیشی بێنێتە یاد..

دەروونشـیکاری پیشـەیەکە وابەسـتە بـە بـڕوای تایبەتیـەوە کـە مـن لایـەنگری لـێ ناکـەم. زۆر سـەیرە بنـەمای زانینێك لەسـەر هۆکارەکـانی گریمانە بنیات بنرێت. کەواتە وا چاکترە لـە مەبەسـتی دەروونشـیکاریدا وشـەی زانـین بخەینـە نـاو کەوانـەوە، چـونکە بەشـێکی لەسـەر بنـەمای گریمانەیە و بەشەکەی تری لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندیەیە کە هەیە یان وێنای دەکرێت لە نێوان مناڵ و دایك و باوکدا.

**ف: بە شێوەیەکی تایبەتی، بایەخ بە ڕابوردوو دەدات.**

ب: وایـــە، ڕابوردوویـــەکی زۆر گریمانـــەیی، وەك لـــە یـــادم بێـــت، **گونزالزلانوزا**[216] لە ژیان نامەکەیدا کە خۆی نووسیویە دەڵێت!

بـە داخـەوەم کـە بـەم قسـانەم دەروونشـیکارەکان ئـازار دەدەم، یـان خـەمباریان دەکـەم، بـەڵام هەرچۆنێکە دەبێـت ئـەوە بڵـێم کـە بـە ڕاسـتی بـاوك و دایکـم خۆشویسـتوە (پێدەکـەنێت) لـە بـارەی دەروونشـیکاراندا دەڵێـت: "حـەزم دەکـرد ڕێـز لـە بـاری سـەرنجیان بگـرم، بـەڵام هەقیقـەت ئەوەیـە کە بڵێم لـە منداڵیمدا هەستم بـە بەختـەوەری کـردوە و بـاوکم و دایکم وەك یەك خۆشویستوە".

**ف: بـــورخیس، بـــا بگەڕێینـــەوە لای ڤـــولتیر، ئەمویســـت بڵـــێم لەســـەر ڕوونکردنەوەکانی هۆگۆ، ڤۆڵتێر لە کۆمەڵگای فەرەنسیدا کە ڕووی لە فەوتان بوو "وەك مـــارێکی نـــاو زۆنگـــاو وابـــوو کـــە تـــوانی ژەهرەکـــەی بڵاوبکاتـــەوە و کاریگەرییەکی تەواو لەسەر ئایندە دابنێت" ئەمە ئەو شتەیە کە ڕوویداوە.**

---

[216] Gonzales lanoza

PDF4Kurd



ب: ناشێت وشەی ژەهر[217] و ڤۆلتێر پێکەوە ببەستین.. مەگەر بڵێین هاوئاوازن. بەڵام مەبەست هاوئاوازی نیە، وا نیە؟

**ف: باوەڕ بکە هۆگۆ ئەم وشانەی بێ گرفت پێکەوە بەستۆتەوە، ئەو بە ڤـۆڵتێر دەڵێت کە..**

ب: وایـە، لەبەرئـەوەی هۆگــۆ بـڕوای بـە "ئـانتی تێـز" هـەبوە، دیـارە بڕوای وابوە کە ڤۆڵتێر و مار یەکێکن، ئەو هەروا ئەستێرە و جاڵجاڵۆکـە و ڕوونـاکی و سـێبەر پێکـەوە دەبەسـتێت. بێگومـان لێرەیشـدا هـەمان مەبەستی هەیە.

**ف: بە جۆرێکی تر ئەمە "ئانتی تێز"ێکی ئەدەبیە؟**

ب: بەڵێ، ڕەنگە ڤۆڵتێر سیفەتێکی مارانەی تیا بووبێت بۆیە وایان هەست کردوە. بەهەرحاڵ بە شەیتانێکیان زانیوە!

---

[217] لەم شوێنەدا هۆگۆ وشەی Veninی لە پاڵ ڤۆلتێردا بەکارهێناوە.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی چواردەیەم

### دەربارەی سەدەی نۆزدە

**ف: ماوەیەك لەمەوبەر لە وتەیەكی درێژدا، لە دیدی خۆتانەوە، یان باشتری بڵێم لەو حەزە زۆرەوە كە لەگەڵ سەدەی نۆزدەدا هەتانە باس و خواست كرد.**

ب: ڕاستە، من لە دوا ساڵی سەدەی نۆزدەدا لەدایك بووم، واتا ساڵی 1899، من پاشماوەی سەدەی نۆزدەم، وەڵێ لە هەمان كاتدا كە بیر لەوە دەكەمەوە ئەو سەدەیە بوە بە هۆی لەدایكبوونی سەدەی بیست، دڵم دەیەوێت تەواوی بێزاریی خۆم بەرانبەر بە سەدەی نۆزدە دەربڕم. ئەگەرچی سەدەی نۆزدەیش لەدایكبووی سەدەی هەژدەیە كە پێدەچێت ئەمیان پلەی بڵندتر بووبێت، بەلاّم لە بارەی سەدەی حەڤدەوە، دەتوانم بڵێم هەستێكی تایبەتیم بەرانبەری نیە.

**ف: بە ئاسانی دەردەكەوێت زۆربەی ئەو نووسەرانەی دۆستایەتیت لەگەڵیاندا هەیە لە سەدەی نۆزدەدا بوون.**

ب: یان بەهەرحاڵ لەو سەدەیەدا هاتوونەتە دنیاوە.

**ف: وایە.**

PDF4Kurd



ب: ئاشکرایە کە دابەشکردنی زەمان بۆ سەدەکان، بڕیاری لەسەر دراوە و پەسەندە، بەڵام ئێمە ناتوانین بێ دیدگای هەمەکی(کلی) بیر بکەینەوە و، ئەمەیش هەمەکی بینینە، وا نیە؟

**ف: بێگومان.**

ب: بیرکردنەوە بێ دیدگایەکی هەمەکیانە نەشیاو دێتە بەرچاو، چونکە ئێمە بۆ بیرکردنەوە لە وشە نادیارەکان و (ناوی مانا) سوود وەردەگرین، لێرەدا دوو ئیمکان دێتە ئاراوە: یان ئەو وشە نادیارانە شێوەیەکی بە سادەکراوی واژەی ترن، یان هەمان شێوە ئەزەلیەکەی ئەفلاتونیان هەیە. دەبێت لە نێوان ئەم دوانەدا یەکێك هەڵبژێرین، واتا (بۆ نموونە) وشەی "سپی" یان دەمانگێڕێتەوە بۆ ڕەنگی برنج، بەفر، مانگ یان ددان، یان دەبێت ئەو گریمانەیە بکەین بیرگەلێکی دێرین هەیە کە برنج، بەفر، مانگ و ددان بە بەشێك دادەنێن لە وێنەی ئەزەلی "سپیەتی" بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە وای دابنێین لە ڕابوردودا بۆ دەربڕینی بیرێك، چەندیش نادیار بووبێت، بە دوای وشەیەکدا گەڕاون، ئەمەیان لە واقیعیەت نزیکترە. بەم جۆرە لێرەدا دەگەینە ناوگەرایی (Nominalism)، واتا گریمانەی ئەوە کە شتەکە هەیەو بە لە بەرچاوگرتنی ڕەگەزەکانی لە یەکدی چوون، ناوەکان داهێنراون.

**ف: بەڵێ، بەرانبەر بەمە دیدگای ئەفلاتونی هەیە.**

ب: بەڵێ، کە هەموو شتێك وێنەیەکی ئەزەلی هەیە.

**ف: ئەوەیش کە وشە دێرینەکانی تیایە.**

ب: وایە، وشەی سپیەتیش وەك نموونە هەم بۆ "بەفر" بەکاردێت هەم بۆ "مانگ" و هەم بۆ "برنج".

PDF4Kurd



**ف: بەربلاوی "سپیەتی".**

ب: بەڵێ، ئێمە دەتوانین لە نێوان ئەم دوانەدا دیدگایەکی ناوێن(بەینا بەین) هەڵبژێرین.

بە ڕوانینی **کولریج**[218] هەر مرۆڤێك یان ئەرەستۆیی دێتە دنیاوە یان ئەفلاتونی، بە جۆرێکی دی یان ئایدیالستە یان "نومینالیست"، کولریج ڕای وایە لەم دوانە بەدەر جۆری سێیەم نیە، واتا ئێمە هەموومان یان ئەرەستۆیین یان ئەفلاتونی، چەند هەوڵ بدەین ناتوانین شتی تر بین، بەڵام بە گشتی و تێکڕا هەردووکیانین.

**ف: لە خۆرهەڵاتا یان پەیڕەویی لە کونفوسیوس[219] دەکەین یان تاو[220].**

ب: لە ڕاستیا. وەلێ من کە کتێبی "هەزار ساڵی بەرایی" کە مێژووی ئەدەبیاتی ژاپۆنە و ژاپۆنیەك نووسیویەتی خوێندەوە، زانیم "بودائیزم زین" لە ژاپۆندا، لایەنگری لە یەکتایی بیروباوەڕی بودا و کونفوسیوس دەکات، یان نووسەر بۆئەوەی هیچ گومانێکی تیا نەهێڵێت، ئەو دوانە بە دوو دیوی دراوێك دادەنێت. بۆیە نابێت لە نێوان ئەو دوانەدا هیچ دژایەتیەك دروست بێت. لە کاتێکدا کە بە درێژایی مێژوو، دژایەتی وا هاتۆتە گۆڕێ کە زۆرجار خوێناوی بوون.

**ف: بەهەرحاڵ "بودائیزم" زیاتر لە لاو-تسو[221] نزیکترە وەك لە کونفوسیوس.**

---

[218] Coleridge Samuel نووسەر و شاعیری ئینگلیزی (1772-1836).

[219] Confucius (551-479 پ. ز) فەیلەسوفی چینی بەناوبانگ.

[220] Tao یان Lao-Tseu یان Laozi دامەزرێنەری تایوییزم.

[221] Laozi یان Lao- Tseu بنیات نەری تایوییزم لە چین کە لە بارەی ژیان نامەیەوە شتێکی تەواو لەبەردەستا نیە، ئەگەرچی کۆنترین باسی ژیانی ئەو پەیوەندەی بە ساڵی 100 پ. ز وە هەیە.

PDF4Kurd



ب: وایە، وەلێ کە جیاوازی نێوان کونفوسیوس و "بودابیزم زین" دەرکەوت. هەوڵدرا ئاشتی لە نێوانیاندا بەرقەرار بێت. "تایوییزم" بە ڕەسمی حسابی بۆ نەدەکراو وەك تۆ وتت ئەو بە هۆی "بودابیزم"وە ناسرابوو. لە ڕاستیا دنیای کونفوسیوس هێند عیرفانی نیە، وەك بزانم ڕۆژێك کونفوسیوس وتبووی لەگەڵ ڕێزمدا بۆ دنیای میتافیزیك، بەڵام چاکترە لێی دوور بین (پێدەکەنێت) ئەمەیش ڕەوشێکی تەواو بە ئەدەبانەیە بۆ ڕەت کردنەوەیان. وا نیە؟

**ف: کەم تا زۆر، وەك هەڵوێستی ئەفلاتون بەرانبەر بە شاعیران.**

ب: بەڵێ، کەم تا زۆر، وەك سیانەی پیرۆز کە ئێمە بڕوامان پێیەتی و چاکترە لێمان دوور بێت و خۆی نەخاتە نێو مەسەلەکانەوە (پێدەکەنێت)! بەهەرحاڵ. لەبەر چەند هۆیەك دەبێت ڕێزی لێ بگرین، وا نیە؟ لەبەر نەریتی بارهێنان.. یان لەبەر جۆرێك لە ئیحتیاتی پێویست.

**ف: چەند دەقیقەیەك پێش ئێستا باسی ئەوەم کرد تۆ زیاتر سەرنج دەدەیتە دیدگای نووسەرانی سەدەی نۆزدە و وەبیریان دێنیتەوە، نووسەرانی وەك چسترتون و بەرناردشۆ.**

ب: ئا، وایە، لە ڕاستیشدا ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندە، لەم دواییەدا ڕێکەوتی گریمانەیەکم کرد، لەو باوەڕەدایە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدە تا ساڵی 1914 بەردەوام بووە.

**ف: زۆر ڕێی تێدەچێت.**

ب: چونکە لە ساڵی 1914دا جەنگ دەستپێدەکات و پاشان بێباوەڕی نێوان وڵاتان و، پارتەکان و پاسپورتەکان و..

PDF4Kurd



**ف: ئەم سەدەیە، سەدەی ئایدیۆلۆژیای پێشکەوتن، بینین و ئەزموون[222]، بیری ناسیونالستی و سوسیالستی، بە پوختی زۆر شتی تر کە دەبوو لە سەدەکەی ئێمەدا ئەزموون بکرێت لەم سەدەیەدا لەدایك بوون.**

ب: دەبێت بڵێم بە گشتی سیاسەتمەداران خوێنەرانێکی دواکەوتوون (پێدەکەنێت) بە وتەیەکی دی.. باشە.. نووسەرێکی فەرەنسی وتوویەتی بیروباوەڕەکان لە خۆشیدا لەدایك دەبن و لە توندوتیژیدا پیر دەبن. ئەمە ڕاستە. چونکە لە سەرەتادا لە بارەی دەوڵەتەوە وا بیردەکەنەوە کە دەبێت هەموو شتێك ئەو بەڕێوەی بەرێت، واتا وا چاکە هاوبەشیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار هەبێت تا بێ سەرەوبەرەیی و هەڵوێستی تاکگەرایی دروست نەبێت. پاشان لەم بیر و باوەڕەوە نازیزم و کۆمۆنیزم سەرهەڵدەدا! هەموو بیروباوەڕێك لە سەرەتادا جوانە، بەڵام کە پیردەبێت, زۆردار و هێزەکانی گوشار , بە ئاوەژوو کەڵکی لێدەبینن. وەڵێ بیرەکان لە سەرەتادا..

**ف: بێتاوان..**

ب: تەنانەت دەتوانین پێیان بڵێین شاعیرانەن، پاشان بێ گیان و، ترسێنەر و توندوتیژ دەردەچن.

**ف: دەبێت بڵێین لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا بزوتنەوەیەك دەستی پێکرد بە بڕوای تۆ بە گرنگترین ڕووداوی مێژووی ئەدەبیات دەدرێتە قەڵەم! "ڕۆمانتیزم".**

---

[222] Positivisme قوتابخانەیەکی فەلسەفیە ئاگوستکانت بنیات نەریەتی، مەبەست ئەوەیە کە لە ڕێگای بینین و لێکۆڵینەوەوە بە ئەنجام دەگەیت.

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، بە جیاوازیەکی گچکەوە کە قوتابخانەی ڕۆمانتیك لە سەدەی هەژدەدا سەریهەڵدا، سەرهەڵدانەکەی ڕێکەوتە لەگەڵ نیمچە وەرگێرانی "ئوسیان"[223] هکەی "ماك فرسون"[224] و شیعری ئینگلیزی و ئوسکاتلەندی قەشەپرسیدا[225].

**ف: واتا لە ئینگلتەرا و ئوسکاتلەندا.**

ب: وایە، زیاتر ئوسکاتلەند، چونکە قەشەپرسی خەڵکی "نورتامبوری" یان ناوچەی مەرزیی ئوسکاتلەندا بوو، پاشان بزوتنەوەی ڕۆمانتیك هەموو دنیای گرتەوە. مێژووی ڕەسمی ئەم بزوتنەوەیە لە ئینگلتەرا، 1798ە، واتا ساڵی بلاوبوونەوەی شیعری لیریکی کولریج و وردز ورت، لە فەرەنسادا ساڵی 1830، واتا ساڵی نمایشکردنی "هیرنانی"[226] لە ئەڵمانیادا ئاگام لە مێژووە ڕەسمیەکەی نیە (هەڵبەت ئەم مێژووە ڕەسمیانە، تا ڕادەیەك ڕێکەوتنیان لە سەرە) هەروەها ئاگایەکی وام لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕۆمانتیك لە ئیسپانیایشدا نیە، بێجگە لە بیکیر کە تا ڕادەیەك ئاوێنەیەکی کەم ڕەنگی هینریش هینە[227]ی، بێجگە لەو نموونەی ترم لا نیە.

**ف: ئەی ئیسپرونسدا[228] چۆن؟**

---

[223] Ossian کۆمەڵێك ئەفسانەی کۆنی ئوسکاتلەندی.

[224] Macpherson James (1736–1796) شاعیری ئینگلیزی.

[225] Percy thomas (1729–1811) شاعیر و وەرگێری ئینگلیزی.

[226] Hernani درامایەکی ڤیکتۆر هۆگۆیە.

[227] Heine heinrich (1798–1856) شاعیر و نووسەری ئەڵمانی.

[228] Esproncede Jose (1808–1842) شاعیر و نووسەری شۆڕشگێری ئیسپانی کە بە ناوی لورد بایرونی ئیسپانیاوە ناونراوە.

PDF4Kurd



ب: وایە، بەڵام ئەو زیاتر زانای مانا و بەیان و خەتیبە، شاعیرەکانی ڕۆمانتیکی ئیسپانیا، زۆربەیان خەتیب بوون، بەهەرحاڵ ئەمە وردە وردە دەردەکەوێت. دەبێت ئیتالیایشمان لەبیر نەچێت..

**ف: لە ئارژەنتینیشدا ئیچوریا[229]مان هەیە.**

ب: مێژووی ژیانی **ئیچوریا** باش نازانم، دەبێت پێش ساڵی 1830 بووبێت.

**ف: لە سەردەمی ڕوزاسدایە.**

ب: بەڵێ، شیعرێکی هەیە لە بیردا ماوەتەوە، شیعرەکە لە لایەن **لوگونزەوە** زۆر ڕەخنەی لێگیراوە. ئەو شیعرە باس لە **پامپا** (دەشتی فراوانی ئەمریکای باشوور) دەکات بەو فراوانیە بە نهێنی و بێ کۆتاییەوە، بە ئۆقیانووسێکی پان و بەرینی سەوزی دەچووێنێت، من ئەم پێکچواندنە بە ڕاست نازانم. مەبەستم لەو بەراوردەی نێوان دەشت و دەریایە، خۆم ئەو دوانە بە جیاواز دەبینم، چونکە دەریا حاڵەتێکی بە نهێنیە کە بەردەوامە لە جۆرێك لە گۆڕان. شتێکی وا لە دەشتا نیە.

**ف: ڕاستە، دەریا دەشتێکی بە بزاوتە،**

ب:بەڵام خاکی سوێرەڵەك و بیابان، واتا جۆرێکی تری دەشت کە بە لانی کەمەوە لە زەیندا مانایەکی تەواو پێچەوانە وەبیر دێنێتەوە، وا دەزانیت لە وشەی سوێرەڵەك یان بیاباندا شتێك هەیە کە لە واژەی "دەشت"دا نیە. پاشان، من ئەگەرچی هەقی ئەوەم نیە لەم بارەیەوە قسە بکەم، چونکە هەمیشە چاوم نزیك بین بوە و، لە ئێستایشدا کوێرم. بەڵام هەست دەکەم دەشت، لە هەموو جێگایەکی ئەم

---

[229] Echeverria Esteban (1805–1851) شاعیری ڕۆمانتیکی ئارژەنتینی.

PDF4Kurd



سەرزەویەدا وەك یەك وایە، كە لە "**ئۆكلاهۆما**"[230] بووم وام هەست دەكرد لە ناوچەی بوینس ئایرسم، ڕەنگە ئەگەر لە مێرگەكانی ئوستراليا یان دەشتی ئەفریقای باشوور (ڤیلد[231] یان كارو)[232] بوومایە، بە دڵنیاییەوە هەر هەمان هەستم دەبوو. بە پێچەوانەوە گردەكان لە یەكدی جیاوازن، هەر گردێك كەسایەتیەكی سەربەخۆیە.

**ف: لە كاتێكدا كە دەشتەكان بێ ناون.**

ب: دەشت بێ ناوە و لە هەموو شوێنێكدا پەراگەندەیە، هەر كەسێك دەشتێكی دیبێت، دەڵێی هەموو دەشتی دنیای بینیوە. وەڵێ كێو وا نیە، كێوەكان جیاوازیان لەگەڵ یەكتردا هەیە.

**ف: هەر ئاوا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوودا، تووشمان بە تووشی شاعیرێكی ترەوە دەبێت كە خۆت مەبەستە، دیارە شاعیرێكی "سیمبولیزم"[233]ە مەبەستم "ڤیرلن"[234]ە.**

ب: ئاه، بە دڵنیاییەوە، وا بزانم پێشان وتوومە ئەگەر بمەوێت تەنیا شاعیرێك هەڵبژێرم، ڤیرلن دەستنیشان ئەكەم، هەرچەندە هەندێك جار لە نێوان ئەو و ڤیرجیلدا[235] دوودڵ ئەبم، هەندێك لە ڕەتكردنەوەی باری

---

[230] Oklahoma یەكێك لە ویلایەتەكانی خوارووی وڵاتە یەكگرتووەكان.

[231] Veld

[232] Karro

[233] Symbolisme بزاوتێكی ئەدەبی كۆتایی سەدەی نۆزدەیە كە بایەخ بە موسیقای وشە و بوونی ڕەمز دەدات.

[234] Verlaine Paul (1844–1896) شاعیری فەرەنسی.

[235] Virgile (70–19 پ. ز) شاعیری لاتین كە پانزەهەمین گفتوگۆی ئەم كتێبە لەسەر ئەوە.

PDF4Kurd



سەرنجی مندا وتوویانە ڤیرجیل ڕەنگدانەوەی هومێرە[236]، بەڵام ڤۆڵتێر وتوویەتی: ئەگەر هومیر ڤیرجیلی هێنابێتە وجود، ئەوە چاکترین کارە کە کردبێتی.

ف: ئەگەر لە دەرفەتێکی تردا دەربارەی ئەم گریمانەیە بدوێین کە ڤیرجیل دانتەی[237] هێناوەتە وجود، دیسان دەتوانین بڵێین ئەمەیش یەکێکە لە شاکارەکانی ئەو.

ب: بێگومان.

**ف: هەروەها نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت سەدەی 19 ئەو سەدەیە کە نیچە[238] ئەم ڕستەیەی تیا وتوە: "خوداوەند مردوە".**

ب: بەڵام وا دێتە بەرچاو کەوا نەبێت، نا؟ پێدەچێت نەمردبێت، بەهەرحاڵ وەك ئومێدێك درێژە بە ژیان دەدات. بەرناردشۆ وتوویەتی کە: "خوداوەند خەریکی خۆ دروست کردنە" و ئەم خودایە بریتیە لە هەموو دنیا بە کانزا و، گیا و، ئاژەڵ و مرۆڤەکانیەوە. گفتوگۆی ئەمڕۆی ئێمەیش (بەشێکە) لەو خوداوەندەی لە حاڵی دروستبووندایە.

**ف: چاکە...**

ب: وەڵ دەتوانین بڵێین کە بیری "خوداوەند مردووە"کەی "نیچە" بەردەوامیی "ئاوابوونی خوداکانە"[239] واتا کاتێك خوداکان و شەیتانەکان دەمردن. بەڵام سەیر لەوەدایە کە لێرەدا، واتا لە دەنگی

---

[236] Homere (سەدەی 9 پ. ز) شاعیری یونانی.

[237] Dante Alighieri (1265–1321) شاعیری گەورەی ئیتالی.

[238] Nietzsche Friedrich (1844–1900) فەیلەسوفی ئەڵمانی.

[239] Crepuscule des dieux

PDF4Kurd



پێغەمبەرایەتی جادووگەر و ئەژدیهادا، هەرگیز ناوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نایەت، لە "ئاوابوونی خوداکاندا" ئەسکندەناڤیەکان، بە سووکایەتی پێکردنەوە، تەنیا لە خوداکان و شەیتان (شەیتانەکان) دەدوێن.

**ف: حساب بۆ ئینسان ناکەن.**

ب: نا، لە ئاهەنگی "ئیدامایور[240]"دا باس لە خوداکان دەکرێت و لەوەیش کە دوای ئاوابوون دەگەڕێنەوە.

**ف: ڕەنگە تۆ شیمانەی ئەوە بکەیت کە دەشێت ئەفسانە کاریگەری لەسەر نیچە هەبووبێت؟**

ب: بەڵێ، بێگومان بە بڕوای من وایە، بەڵگەم لەسەر ئەم قسەیەیش کتێبەکەی خۆیەتی بە ناوی "ئاوابوونی بتەکان".

**ف: ئەفسانە و فەلسەفە!**

ب: من بڕوام وایە ئاڵوگۆڕکردنێکی بەردەوام هەیە، وا نیە؟ ئەفسانە و..

**ف:.. لۆژیکیش؟!**

ب: وایە، لۆژیکیش.. من لە بارەی ئەفسانەوە بیرم کردۆتەوە، وا ئەزانم جیاوازی نێوان ئەفسانە و حیکایەت، یان حیکایەتێکی خەیاڵی لەوەدایە کە کتێبە کلاسیکەکان بە شێوەی تایبەتی خۆیان دەخوێنرێنەوە، بەڵام ئەفسانە حیکایەتێك، یان خەونێکە لە هەموو قۆناغێکی خوێندنەوەدا تەعبیرێکی تازە هەڵدەگرێت، واتا هەر بەشێکی

---

[240] Edda Mayor کۆمەڵێك شیعری ئەفسانەیی ئایسلاند و باکوری ئەوروپا.

PDF4Kurd



مەبەستێکی تایبەتی هەیە (هەڵبەت من زیاتر لە بارەی بەرهەمی کلاسیکەوە بیرم کردۆتەوە).

**ف: بەڵێ، بێگومان وایە.**

ب: لەمە زیاتر من نازانم چ جیاوازیەك لە نێوان ئەفسانە و حیکایەتێکدا هەیە کە هەردووکیان لە بارەی پەریەکانەوە بن. بەڵگەی جیاوازی ئەم دوانە لەوەدایە کە تەنیا بۆ کات بەسەربردن دەتوانیت گوێ لە چیرۆکی پەریەکان بگریت، لە کاتێکدا کە ئەفسانە.. خودی وشە کە شیاوی ڕێزلێنانە.

**ف: دەتوانیت بە شێوەی شتێکی تەقدیرکراو تەعبیری لێ بکەیت، تەقدیرێك کە لە ئەفسانەی یۆناندا دەدرەوشێتەوە.**

ب: بەڵێ، تەقدیر لەوێدا دەدرەوشێتەوە.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی پانزەیەم

## دەربارەی ڤیرجیل[241]

**ف: بورخیس، تۆ لەناو بەرهەمی کلاسیکی حەماسیدا، هەمیشە "ئینیاد[242]"ی ڤیرجیلت لا پەسەندە و تەنانەت لە "ئیلیاد[243]"ەت پێ باشترە، دەشێت هۆیەکی ئەمە ئەوە بێت کە وردەکاری و جوانی لە نووسینەکەدا هەیە..**

ب: دیارە، هەر لەم بارەیەوە من "ئودیسە[244]" و وەرگێڕانە جۆراوجۆرە ئینگلیزیەکەیم دیوە، وا ئەزانم نزیکەی سی وەرگێڕانی هەیە، لە کاتێکدا کە "ئیلیاد"کەمتر کراوەتە زمانی ئینگلیزی، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە ئینگلتەرە و دەریا یەکان گیرن! لە ئەڵمانیادا بە پێچەوانەوە زیاتر "ئیلیاد" وەرگێراوە, ڕەنگە لەبەر هۆیەکی لەو بابەتە بێت. ئەڵمان و شکیش هاوتان، بەم جۆرە من چاپە جیاوازەکانی

---

[241] Virgile (70–19 پ. ز).

[242] Eneide بەرهەمی بەناوبانگی ڤیرجیل.

[243] Liade داستانی شەڕی تەروای هومیروس.

[244] Odessee داستانی سەفەری ئیبلیس، نووسینی هومیرس.

PDF4Kurd



"ئودیسه"م خوێندۆتەوه و وەرگێرانی کۆنی چاپمەن[245]ی ڕەقیب و هاوچەرخی شکسپیریشم هەیە. وا دەزانم ئەو و شکسپیر ڕەقیبێکی خۆشەویستی یەکدی بوون و، شکسپیر لە چەند دێڕە شیعرێکدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردوه. بەڵام پێدەچێت باسی "ئودیسه" لە "ئینیاد"ەی دوورخستبێتمەوه کە بابەتی سەرەکی گفتوگۆکەمان بوو. چاکترین وەرگێڕانی ئینگلیزی "ئینیاد" زۆر دەشێت وەرگێڕانەکەی **لورانسی عەرەبستان**[246] بێت، ئەو بە ناوی ت، ئی، شاو[247]ەوه بڵاوی کردۆتەوه، ناوێکی خوازراوه کە دوای وازهێنان لە کار بە ناوی سەرهەنگ گاردوی کارمەندی هێزی ئاسمانی هەڵبژارد. "ئینیاد" کە ڕەنگە بێ "ئیلیاد" و "ئودیسا" هێند شوێنی سەرنجدان نەبێت، دوو مەزنیی تایبەتی هەیە کە لە نووسینەکانی تردا کەمتر دەردەکەون: یەکەمیان و پێش هەر شتێك ئیلهام وەرگرتنە لە حەماسە، چونکە لە ڕاستیا ئەم کتێبە باسی حەماسەی ئینەیە و، ئەو بە دامەزرێنەری ئەفسانەی ئیمپراتۆری ڕۆم دادەنرێت، ئەم حەماسەیە، وەك هەموو دەیزانن لە سەردەمی **ئۆگوستا**[248] نووسراوه، مەزنیی دووەم، ئەو وردەکارییە کە لە نووسینی هەر دێڕێکدا بە خەرج دراوه و کارێکی دەگمەنە، دەڵێیت شاعیرێکی وردەکار و بەنرخ کە بۆ هەر دێڕێك

---

[245] Chapman George (1559–1634) شاعیر و شانۆنووسی ئینگلیزی، گرنگترین کاری چاپمەن وەرگێڕانی ئیلیاد و ئودیسەیە.

[246] Lawrence Thomas Edward یان Lawrence d'Arabie (1888–1935).

[247] T.E.Shaw

[248] Auguste یەکەمین ئیمپراتۆری ڕۆم و هاوچەرخی ڤیرجیل.

PDF4Kurd



بەهایەکی داناوە و تەواو هەستی پێکردوە، بۆ بەرهەمهێنانی حەماسەتدا توانا و هێزی وەرگرتوە. دەبێت ئەوەیش لە یاد نەکەین کە "ئینیاد"ە تا پێش سەدەکانی ناوەڕاست و تەنانەت زیاد لە بزاوتی ڕومانتیک، بە گرنگترین و گەورەترین شیعر دانراوە و وایشە. ستایشکردنی هومێر جۆرە قەرارداديکە. بۆ نموونە لە "ئل نوبیل کاستلو[249]"ی **دانتیدا**[250] دەبینن کاتێک سێبەری پێنج شاعیری کلاسیک کۆدەبنەوە، هۆمێریش شەشەمیانە، **دانتی** کە هێشتا لەو سەردەمەدا "کۆمێدیای خودایی" نەنووسیبوو، بەڵام لە خۆی ڕادەبینێت ئەو کارە بکات. بەڵێ، یەکێك لەو پێنج سێبەرە **هومێری** شمشێر بەدەستە. جارێکی دی دێمەوە سەر ئاماژەیەکی گاڵتەئامێزی **ڤولتێر**: "ئەگەر **هۆمێر** ڤرجیلی بەرهەمهێنابێت، ئەوە چاکترین کاری ئەو بووە" (پێدەکەنێت)

**ف: خۆ ئەگەر ڤرجیلیش دانتی.. دەتوانین ئەمیشی بخەینە سەر..**

ب: بەڵێ حەتمەن، ئەگەر بە شێوەیەك، ڤرجیل دانتی بەرهەمهێنابێت و هومێریش ڤرجیل.. سەیرە کە شاعیرێك پەیوەندی بە شاعیرانی ئایندەوە هەبێت، ئەو شاعیرانەی نەیتوانیوە پێشبینیان بکات و، ڕەنگە نەیتوانیبێت لێیان تێبگات یان دۆستایەتیان بکات.

**ف: ئاه.. دەشێت.**

ب: لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕی کە ئایا "ئینیاد" توانیویەتی لایەنگیری هومێر (یان یونانیە هاوچەرخەکانی ئەو) بەدەست بێنێت؟ ئەمە دیارنیە کە ڤرجیل لە بارەی "کۆمیدیای خواییەوە" دەبوو چ ڕاو

---

[249] El Nobile Castello

[250] Dante Alighieri (1231–1265) شاعیری گەورەی ئیتالیا.

PDF4Kurd



بۆچونێکی هەبێت؟! (پێدەچێت) بڕێکی زۆری لە زەینڌا نەدەما و، ئەو بەشانەی کە پەیوەندی بە ئەفسانەی بتپەرستیەوە هەیە، تێی دەگەیشت: بۆ نموونە، ئەوەی کە لە دۆزەخدا دێو و درنج هەیە و خودی ئەویش بە جۆرێکی دی لەوێ ئامادەیە، چونکە بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کە ڤرجیلی واقیعی مێژوو، لەو ڤرجیلە گەورە و پایەبڵندە بچێت کە لە "کۆمیدیای خوداییدا" هەیە، تەنانەت دەشێت وا بیر بکەینەوە کە گرنگترین بەشی ئەو بەرهەمە (هەڵبەتە هەر شتێك کە تیایەتی شیاوی بایەخ پێدانە) پەیوەندیی بە دۆستایەتی نێوان ڤرجیل و دانیتەوە هەیە، چونکە بە ڕواڵەت وا دیارە کە دانتی لە ڕزگاربوونی خۆی و دۆزەخی بوونی خەڵکانی دی بەئاگایە. (یان ئەوەی کە خودا بە چاکی لە ڤرجیل ناڕوانێت) بەهەرحاڵ، ناچارە لە پاڵ چوارسێبەری وەك خۆیدا ژیانێکی بێزارکەر بەسەربەرێت.

**ف: وەك چۆن ئینە لە "ئینیاد"ادا وابوە.**

ب: بە دڵنیاییەوە.

**ف: لە کتێبی شەشەمدا.**

ب: بەڵێ. ئەو کتێبی شەشەمە کە کاری لە دانتی کردوە. چونکە بیری سەفەر بۆ.. یان هەموو بیری "کۆمیدی خودایی" کە بە شێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش، تەواوکەری کتێبی شەشەمی "ئینیاد"ەیە، وەلێ شتێکی سەیر کە ئێستا لە باسی "ئینیاد"ەوە بەبیرما هات، ئەوەیە کە من زیاتر ڕستەکانم لە بیرە تا هەڵوێستەکان، ئەو کاریگەریەی هەمیشە لە

PDF4Kurd



شیعرەوە دەستپێدەکات.. وایشی بۆ دەچم ئەمڕۆ ئێمە دەتوانین ڤرجیل بە شاعیری شێوازی "باروك"[251]ی ناوزەد بکەین.

**ف: لەسەر هەر بەیتێك لە شیعرەکانی کارکراوە.**

ب: وایە، لەسەر هەر بەیتێکی، بۆ نموونە ئەو بە ڕوونی دەڵێت "تەروابوو"

ئەم قسەیە بە هەڵە بە ئیسپانی وەرگێراوە: "ئێرە تەروابوو" لە کاتێکدا کە "تەروابوو" تێکەڵ بە خەم و پەژارەی بوە. "تەروابوو" یەعنی دەبێت لە کاتی تردا بڵێیت "تەروا هەیە" بەڵام ئەمڕۆ، تەنانەت وتنی "تەروابوو" مومکین نیە، ئەم "بوو"نە نائاساییە، دەستکردێکی ئەدەبیە و، دەستکردی ئەدەبیش، دەڵێن ئەدەبیات پێکدێنێت. لێرەدا ڕایەکی چسترتونم بیر دێتەوە کە پێی وایە هەموو دنیا و وڵاتان، ویستویانە لە خەڵکی "تەروا" جیاببنەوە نەك لە سەرنشینەکانی کەشتی نووح.

**ف: سەرنجڕاکێشە.**

ب: ئەم مەسەلەیە دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە پاڵەوانی واقیعی "ئیلیاد"ە (بۆ ئێمە یان تەنانەت لە دیدی خودی هومیر)ەوە هیکتۆر[252] بوە.

**ف: هیکتۆری خەڵکی "تەروا"**

ب: بەڵێ، خەڵکی "تەروا" هەر ناونانی کتێبەکە بە "ئیلیاد" لەبەر ناوی "ئیلیون"ە و ئەمەیش جێی گومان نیە.

**ف: نیسبەتدان بە "ئیلیون" واتا بە "تەروا"**

---

[251] Barogue شێوازی ئەدەبی و هونەری باوی سەدەی 16 و 17ی ئەورووپا

[252] Hector فەرماندەیەکی تەروا ئاشیل کوشتی.

PDF4Kurd



ب: دەیتوانی لە بری "ئیلیاد" ناوی ئاشیلی[253] لێبنایە، وەك "ئۆدێسە" بەڵام وای نەکردوە. بەهەرحاڵ هەردوو پاڵەوانی داستانەکە، چارەنووسێکی غەمگینیان هەیە، ئاشیل لەوە ئاگادارە کە هەرگیز ناچێتە شاری "تەروا"وە و هیکتۆریش دەزانێت بەرگری لە شارێك دەکات کە مەحکوومە بە وێرانی و سووتان. هەردووکیان ڕوویەکی تراژیدین، هەردووکیان شەڕ دەکەن، هیکتور بۆ دەلیلێکی لەدەستچوو، ئاشیلیش بۆ هۆکارێك کە سەرکەوتنی تیایە، بەڵام خۆی پێش گەیشتن بەو سەرکەوتنە دەمرێت.

**ف: لێرەدا دەردەکەوێت کە یونانیەکان بڕوایان بە قەزاوقەدەرە.**

ب: بەڵێ، شتێکی تریش کە مایەی سەرنجدانە فراوانی دەریایە، چونکە بە درێژایی ڕووداوەکانی "ئیلیاد" شەڕ و مەیدانی پێکدادانی نێوان خودایان..

**ف: خۆبەدەستەوەدانی یەکەیەکەی کەسایەتیەکانی، ناو چیرۆکەکە بۆ قەزاوقەدەری خوداکان زۆر سەرنجڕاکێشە کە دەتوانین ناوی قەزاوقەدەری یونانی لێبنێین.**

ف: خوداکانیش هەر خۆیان داوەتە دەستەوە.

**ف: بە نۆرەی خۆیان.**

ب: وای بۆ دەچم وشەیەك کە لە یونانیدا ڕەمزی چارەنووسە وشەیەکە لەگەڵ واژەی کۆنی ئینگلیزی Wyrd چاك دێتەوە، بەم جۆرە، سێ سیحربازی ماکبێسی[254] یان پارکەکان[255] "خوشکانی

---

[253] Achillee قارەمانی ئیلیاد و کە لە گەمارۆدانی تەروادەدا هکتور دەکوژێت.

[254] Macbeth

[255] Lespargtues خواکانی لاتین کە تەقدیر لەژێر دەسەلاتی ئەواندایە.

PDF4Kurd



تەقدیر"[256]ن، بەڵی ئەو سێ سیحربازە هەمان ئەو پارکانەن و ماکبیسیش هۆکاریانە، هەروەها ئەو هۆکارێکە لە بەجێهێنانی ئارەزووی هاوسەرەکەیدا کە بە پێی قسەی خۆی ئەوی لێوانلێو کردوە لە "پاڵفتەی چاکی و مرۆڤ دۆستی"[257] کەواتە هەست بەوە دەکرێت کە ئەو هەرگیز بێبەزەیی نیە. ئەو بە هۆی پەیامبەریەوە، واتا بڕوابوونی بە پەیامبەری، ڕێی ڕاست دەگرێت، بەڵام **بانکو** (Banguo)هاوبیری نیە و دوای پەیدابوونی، پێشگۆیی کردن و دیارنەمانی سیحربازەکان ئاشکرا دەکات کە: "گۆی زەوی وەك ئاو، بڵقی هەوایشی تیایە و، ئەو سیحربازانە بریتین لەو بڵقانە" بەم جۆرە ئەو سیحربازەکانی بە بڵقی هەوا داناوە، وەك هەر دیاردەیەکی ڕێکەوتی گۆی زەوی.

**ف: دەشێت بڵێین هێشتا سووکە بتپەرستیەك هەر ماوە.**

ب: بێگومان، چونکە سێ سیحربازی هەمان **پارکەکانن**، لە ئەفسانەی ئەسکەندناڤیا پارك لە ژێر ناوی **نورن** (Norn) دەردەکەوێت. لە بارەی ئەسکەندناڤیەکانەوە دەبێت بوترێت کە ئەو ئەفسوونەی لە "ئینیاد"ە دا هەیە، لە ناوچەی ئەواندا (باکوور) بوەتە هۆی دروستبوونی حەماسەیەکی نەفرەت ئەنگێزی "بیوولف" بە هۆی ساکسونیەکانەوە. (لەوێدا، دوو بەش، بە تەواوی لە "ئینیاد"ەوە وەرگیراوە) نابێت توری خوای ئەسکەندەناڤیەکانیش لەبیر بکرێت. لە نووسراوێکی ئەم ناوچەیەدا خوێندمەوە کە تور برادەری هیکتور بوە.

---

[256] Wyrd Sisters

[257] The Milk of homan Kinuness

PDF4Kurd



**ف: دیسان، هەمان هیکتوری خەڵکی "تەروا"؟**

ب: خەڵکی "تەروا"، لە ڕاستیدا ئەسکەندەناڤیەکان کە لە باکووردا گوم ببوون، دەیانویست بەرانبەری لەگەڵ ئاینەدەی ڕەگەزپەرستیانەی هیتلەردا بکەن، دەیانەویت بە حساب ببنە خەڵکی "تەروا"، لەژێر ڕا تور و هیکتور هاودەنگن.

**ف: نیازێك بە یەکگرتنی باکور و باشوور کە لە هەل و مەرجەکانی دواییدا هەستی پێکرا.**

ب: بەڵێ، دەبێت دەسەڵاتی فراوانی ڕۆم، ئەو بە نەمر بزانێت و تەواوی ناوچەی باشووری بخاتە سەر، ئاشکرایە کێویەکانی "بەربەر" دەبوا هەستیان بەو ئیعتبارە بکردایە..

**ف: ئیعتیباری ژیاریی کۆن..**

ب: بەڵێ، ژیاریی، وێنەیەکی زیندووی مەسەلەی ئەم تاتارانەیە، تاتارەکان یان مەغولەکان کە دوای داگیرکردنی چین و تێپەڕبوونی دووسێ نەوە دەبنە خانەدانێك کە دەکەونە خوێندنەوەی کتێبی "گۆڕان و وەرچەرخان"[258]ی کونفۆسیوس (پێدەکەنێت).

**ف: بچینەوە لای باشوور. بەلامەوە سەیرە ڤیرجیل لەگەڵ ئەوەیشدا کە خۆی بە موریدی لوکرس[259] دەزانێت، هێند پڕ خەیاڵ و ئایدیاڵە، ئەمانە لەگەڵ مادەگەریی لوکرسدا جیاوازە، واتە ماتەریالیزمێك کە خۆی، سەرچاوە لە ئەپیکور[260]ەوە دەگرێت.**

---

[258] Les Analectes de confucius کتێبی پیرۆزی گوفتار و کرداری کونفسیوس.

[259] Lucrece (98- 55 پ. ن) شاعیری لاتین.

[260] Epicure (341-270 پ. ن) فەیلەسوفی یونانی.

PDF4Kurd



ب: وایە، بە ڕووکەش هیچ جۆرە لێکچونێك لە نێوان ئەوانەدا بەرچاو ناکەوێت، لە کاتێکدا کە بێگومان **لوکرس** کاریگەریی لەسەر **ڤیرجیل** هەبوە. ئاسایی دانتی ئاماژە بۆ**لوکرس** ناکات. هەروەها ئاساییە کە پێنج شاعیری خانەخوێی بە شان و باڵیا هەڵبدەن. چونکە دەزانن "کومیدیای خودایی" دەنووسێت. با بزانین ئەوانە کێ بوون؟ **ڤیرجیل**، **هومیر**، **هوراس**[261]، **ئوڤید**[262]، **لوکن**[263] یان تیانیە. دیارە! لەبەرئەوەی ئەوان نکوولی لە خودا دەکەن دەبێت وەلا بنرێن. هەرچەندە ئەو بۆ نووسینی شاکارەکەی داوای هاوکاری لە **ڤینوس**[264] دەکات. **ڤینوس** هاوتایا بە ویستی **شوپنهاوەر**[265] و، زیدە ئافراندنی **برگسون**[266]. یان "توانای ژیانی بەخشینی" شۆ. ئەو جۆرێکە لە توانا. بە قسەی **گلاندویل**[267] "خودا ئیرادەیەکە، ئەم ئیرادەیە لە بەردا. لە گیادا، لە ئاژەڵ و مرۆڤدا، واتا لە هەریەکێك لە ئێمەدا ڕاستیەکە و هەیە" بەڵێ، (بەم جۆرە دەبینین کە) لە **لوکرسیشدا** هەست بە جۆرە ئاینزایەك دەکرێت، با ڕوونتری بڵێم هەست دەکەیت یەکێتی بوون –وحدة الوجود– هەیە.

**ف: ئەو ئاینزایی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خواداکان کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەبێت.**

---

[261] **Horace** (نزیکە 65 پ. ن) شاعیری لاتین.

[262] **Ovide** (43 پ. ز- 17 ن) شاعیری لاتین.

[263] **Lucain** (39-65ن) شاعیری لاتین.

[264] **Venus** (خوای خۆشەویستی یونانیەکان)

[265] **Schopenhaver Arthur** (1788-1860) فەیلەسوفی ئەڵمانی.

[266] **Bergson Henri** (1859-1941) فەیەلسوفی فەرەنسی.

[267] **Gland Ville Ioseph** (1636-1680) فەیلەسوفی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



ب: بەڵام هەست بەوە دەکرێت کە لای ئەو لە دنیا و ژیاندا شتێکی پیرۆز هەیە.

**ف: وایە، ئەو خۆی ئەمە ناڵێت، بەڵام هەستی پێ دەکرێت.**

ب: هەر لەبەرئەمەیە **هۆگـــۆ** (کە لە ڕاستیدا مەسیحی نەبوە) لە کتێبێکیدا دەربارەی شکسپیر، لە پێڕستێکدا کە ناوی شاعیر و بلیمەتە گەورەکانی نووسیوە. باس لە هـۆمێر دەکات و ئاماژەیش بە **لـوکرس** دەدات. **ڤرجیل** و **دانتی** تەرك دەکات و، جۆرێك هاوسەنگی لە نێوان **ئیشیل** و **شکسپیر** دروست دەکات. بە جۆرێك ئەگەر پرسیاری ئەوەی لێبکرێت چۆن لێکچوون لەگەڵ ئەم مەزنانەدا دەکرێت، دەڵێت: بەوەی یەکێك جێگایان بگرێتەوە.

**ف: ئەی تۆ بورخیسەکەی خۆت بە نزیکی کام لەوانە دادەنێیت، لـوکرس یـان ڤیرجیل"!**

ب: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دژوارە، بەڵام وا دەزانم لە ڕووی فیکرەوە لە **لوکرس** نزیکە و لە ڕووی شاعیری و ئەدەبییەوە لە **ڤیرجیل**.

**ف: بە تەواوی.**

ب: من وەرگێڕانی ئینگلیزی **مونرو**[268]م لەسەر کارەکانی **لوکرس** دیوە، گوایا چاکترین وەرگێڕانە، بەڵام لە بارەی **ڤیرجیلـەوە** دەبێت بڵێم بە درێژایی حەوت ساڵ کە خەریکی فێربوونی زمانی لاتین بووم، لانی کەم هەر لە دوورەوە گوێم لە دەنگی بوە. بۆیە ویستم لاتینی فێربم تا لێی نزیك بکەومەوە و ببمە هاوڕێی.

---

[268] **Monroe harret** (1860–1936) نووسەر و شاعیر و ڕەخنەنووسی ئەمریکایی.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی شانزەیەم

### دەربارەی دۆستایەتی

**ف: بورخیس، من وا بیردەکەمەوە تۆ بێ سنوور بەندی کردن، دۆستایەتی بە چاکترین هۆی ئەفراندن دادەنێیت، لەم بارەیەوە ئەوەندە بەسە لەنێو ناودارەکانی دنیادا، دۆستایەتی گیانی بەگیانی نێوان ئەفلاتون و سوکرات وەیاد بێنین.**

ب: واتا "جۆرە بالآکەی"

**ف: هەڵبەت.**

ب: بەلآم دوای ئەوە، گەلێك شتی تر هاتوونەتە پێشێ کە..

**ف: ژاسپێرز[269] لەو بڕوایەدایە کە فەلسەفەی ئەفلاتونی لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندیە شەخسیەی ژیان دروست بوە کە لەگەڵ سوکرات بنیات نراوە، کە تەوەری ئەسڵیی ئەم فەلسەفەیە نە سروشتە، نە دنیا، نە مرۆڤ و نە هیچ بنەمایەکی تر، بەڵکو هەموو ئەمانە پەیوەندیان بە دۆستایەتیەوە هەیە.**

---

[269] Jaspers Karl (1883–1969) فەیلەسوفی ئەڵمانی.

PDF4Kurd



ب: دەشێت وابێت. من لەو بڕوایەدام و –دەشێت زۆرجار وتبێتم–. سەرچاوەی گفتوگۆکانی ئەفلاتون لە دڵتەنگی ئەوەوەیە بۆ سوکرات، بە وتەیەکی دی سوکرات دەمرێ و ئەفلاتون لە بیری خۆیدا ئەو هەر بە زیندو دەزانێت، لەسەر گەلێك بابەتی جیاوازیش قسەی لەگەڵدا دەکات. شتێك کە بەردەوام هزری مامۆستا یان ڕابەرەکەی وەبیر دێنێتەوە. نموونەی ئەمە لە فیتاگۆرسا دەردەکەوێت کاتێك هیچ نانووسێت تا بۆچوونەکانی لە بیری موریدەکانیا نەبێت.

لەگەڵ ئەوەدا کە سوکرات بە جەستە مردوە، ئەفلاتون لە خەونەکانی خۆیدا ئەو هەر بە زیندوو دەبینێت و لە تیۆرەکردنی میعیارەکاندا هاوکاریی دەکات. بەم جۆرە، ئەفلاتون بەردەوامی بە هزر و میتۆدی سوکرات لە بارەی نموونەی "چاك"ەوە دەدات تا بە نموونەی "خراپ" دەگات. نموونەی هەموو شتێکی لایە و، لە کۆتاییدا دنیایەك دێتە گۆڕێ کە بە ئەندازەی ژمارەی کەسەکانی نموونەی تایبەتیان هەیە و، ئەمانەیش خۆیان دنیایەك دروست دەکەن، هەر بەم جۆرە دەڕوا و بەبێ کۆتایی دەمێنێتەوە..

**ف: ئەو ئەنجامەکە لەگەڵ ئەنجامەکانی تردا دەتوانیت بە دەستی بێنیت، ئەوەیە ئەو هەستی دۆستایەتیە قووڵە سەرچاوەکەی لە فەلسەفەی خورئاواوەیە.**

ب: وایە، دۆستایەتی و مەسەلەی مەرگ کە ڕووداوێکە و دوای مردنی جەستەیی ڕابەر هەندێك لە هێڵە فیکریەکانی قابیلی ئەوەن لە موریدەکانیدا بمێنێت. فیتاگورس نموونەی کلاسیکی ئەم مەسەلەیەیە. وانیە؟

**ف: واتا شتێك کە بە وردی لەم فەلسەفەیەدا هەیە، ئەوەیە کە ڕۆح لە دوای جەستەوە بەردەوامی بە بوون بدات؟**

PDF4Kurd



ب: هەر وا لە دوای کەسەکەوە!

**ف: وایە.**

ب: چونکە پێم وایە وەك نموونە هیچ کاتێك ئەرەستۆ بە تەنیا ناوی فیتاگۆرس ناهێنێت، بەڵکو دەڵێت فیتاگۆرسیەکان، وەك ئەوەی لەوە دڵنیا نەبێت ئەمە بیری فیتاگۆرسە لە بارەی ئەم شت و ئەو شتەوە، یان هزری پەیڕەوی لێکەرەکانی، دوای ئەوەی کە ئەو بە لەش مردوە.

**ف: واتا دەتوانین بڵێین لێرەدا جۆرێك لە ڕۆحی هاوبەش هەیە؟**

ب: بەڵێ، با بگەڕێینەوە سەر مەبەستەکەمان، واتا دۆستایەتی، ئەو دیاردەیەی پێشتر باسمان کرد، تا سەردەمانێکی دوایش لە بیری کەسانێکدا هەر دەمێنێتەوە کە فیتاگۆرس بە شەخسی هیچ ناسیاویەکی لەگەڵیاندا نەبوە. ئەو لە پشت مێشکی کەسانێکەوە کە موریدین بەردەوامی بە بیرەکەی دەدات و، بە کۆمەڵێك هزری تر دەگات کە ڕەنگە خودی ئەو هەرگیز بەو هزرانە نەگەیشتبێت.

**ف: بەڵام هەر لە دەوروبەری گیانی خودی ڕابەردا.**

ب: بەڵێ، بۆ نموونە من وا دەزانم لە هزری فیتاگۆرسدا بیرۆکەی قۆناغی بوونی زەمەن (لە شێوەی بازنەدا) نەبوە. بەڵام فیتاگۆرسیەکان وەك ڕواقیەکان ئەمەیان خستۆتەڕوو.

**ف: بورخیس، لە ژیانی تۆیشدا نابێت دۆستایەتی نێوانی تۆ و ماسدینو فرناندز (Macedonio Fernandez) لەبەرچاو نەگیرێت.**

PDF4Kurd



ب: دۆستایەتیەکی شایستەتە.. وەڵێ سەیرە، دەڵێی مردنی جەستەیی ئەو جۆرە هاوڕێیانە شتێکی باشە، وانیە؟ ئەم بەیتە شیعرە بەناوبانگەی **مالارمێ**[270] بێنەرەوە یاد کە بۆ **ئالان پۆی** وتوە:

"بە جۆرێك کە لە خودی ئەودا، ئەبەدیەت گۆڕانی بەسەرا دێت" بە وتەیەکی دی کاتێك یەکێك دەمرێت، وێنایەکی لای ئێمە بەجێ دەمێنێت، کە بە پێی مەوقیعیەتی ئەو چرکەساتەی گۆڕانی بەسەردا نایەت، ئێمە دەتوانین ئەو وێنایە لەگەڵ مەیل و سەلیقەی خۆماندا بگونجێنین. دەشێت بڵێین وێنای دۆست لە دوای مەرگی، لە خودی خۆی بەهێزترە و دەتوانرێت شێوەی جۆراوجۆری بدرێتێ.

**ف: چاکتری بکەیت؟**

ب: دەشێت چاکتری بکەیت. بۆ نموونە من نازانم **کسول سولار** دەربارەی فلانەکەس و فیسارە ڕووداو چ باری سەرنجێکی بوە، بەلام ئەو **کسول سولارە** ئەفلاتونیە، لە بارەی مەسەلەکانی ئێمەوە هاوبیرمانە، وا نیە؟

**ف: بێگومان وایە.**

ب: **ماسدینو فرناندزی** ئەفلاتونیش هەروا، هەرچەندە دەربارەی بیری تاکایەتی ئەو دەتوانین کەمتر دڵنیا بین، مرۆڤێکی زیندوو کەمتر قابیلی بەدەستەوەهاتنە، چونکە دەگۆڕێت. بە پێچەوانەوە، دوای مەرگی، دەبێتە خاوەنی وێنەیەك یان وێنایەکی چوارچێوەداری نەگۆڕ.

**ف: ژاسپرزیش دەڵێت هەموو لاوێك پێی خۆشە بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ سوکراتا دیدار بگرێت.**

---

270 **Mallarme Stephane** (1842–1898) شاعیری فەرەنسی.

PDF4Kurd



ب: ئاه، بیرێکی جوانە.

**ف: منیش وام بە بیرا دێت کە تۆیش کاتێک قسە لەو دۆستایەتیە بەتینەی ماسدینو فرناندز دەکەیت، کەم و زۆر چاوەڕێی ئەو جۆرە دیدارەیت.**

ب: گەلێك لە ئێمە، سوکراتی خۆمان لە ماسدینو فرناندزدا دۆزیوەتەوە. هەموو موریدەکانی وا بوون، چونکە ئێمە ئەومان بە ڕابەر داناوە، ئەو هزرەی ئەو پەسەندی نەدەکرد.

**ف: ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە بە ڕاستیی ئەو ڕابەر بوە.**

ب: بەڵێ، وا بزانم وایە، بە پێچەوانەوە، دکتۆر جانسون[271] یان هەندێك لە هاوچەرخەکانی وەك گومز دولا سرنا، ڕافائیل کانسینوس ئاسنس هەروەها خوزە ئینجرینس خۆیان بە ڕابەری گروپەکەیان دەزانی.

**ف: بە جۆرێکی تر دەربارەی ماسدینو فرناندز نابێت وای لێك بدەینەوە کە ئەو مەبەستی فێرکردن بوە.**

ب: نا، چونکە بەردەوام لە سووسەکردن و دوودڵیەکدا بوو..

**ف: ئەوانەی دەهێنا و دەبرد.**

ب: وایە، دەیهێنان و دەیبردن، بەڵام لە ڕاستیا ئەو مامۆستا و ڕابەر بوو، خەڵکیش بۆ ئەوە نەدەهاتنە ئەوێ تا گوێ لە قسەی ئێمە بگرن، بەڵکو بۆئەوە دەهاتن گوێ بۆ ماسدینو ڕادێرن.

**ف: لە بنەڕەتا، پاڵپشتی کردنی یان نەکردنیشی بایەخی نەبوو، چونکە موریدەکانی لەوێ بوون.**

ب: بەڵام ئەو بەو چاوە لەوانی نەدەڕوانی، ئەو وا ڕاهاتبوو هزری خۆی بە گوێگرانی بگەیەنێت. بۆ نموونە دەیوت: بە بێ ئاگاداری لە

---

[271] Doctor Johon Samuel (1709–1784) شاعیر و نووسەر و بیرمەندی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



بیری سانتیاگۆ دا بوو لە بارەی مۆسیقاوە، هەر سەرنجێك دەربڕێت مەترسی هەیە (پێدەکەنێت) لە کاتێکدا گەلێك کەس گوێ بەو مەترسیە نادات و بێ ئاگاداری لە بیری سانتیاگۆدابوو لە بارەی مۆسیقاوە قسە دەکات! وا نیە؟ سانتیاگۆدابوو نووسەری کۆمەڵە چیرۆکێکە بە ناوی "مەرگ و بەرگی ئەو".

**ف: زۆر لە دۆستایەتیەکانی تۆ پەیوەندیان بە کارەوە هەیە، مەبەستم ئەوەیە تۆ لەگەڵ دۆستەکانتا کاری هاوبەشتان کردووە. وەك بیویی کازارس ( Bioy Casares) سیلڤینا ئۆکامپو (Silvina Ocampo) و..**

ب: لەوەیش گەیشتووم کە هاوڕێیەتی ژنان زۆر چاکە، ئەوان هەستێکی دۆستایەتیان هەیە شیاوی ستایشە.

**ف: بە دڵنیاییەوە.**

ب: ئەمە گەلێك کەس ڕەتی دەکاتەوە، نازانم بۆ.. وا دەزانم ژنان زیاتر لە پیاو نیەت پاکترن و لەوانیش هەستدارترن، هەڵبەتە لە بارەی هەستدارتریەوە تەواو دڵنیا نیم، بەڵام دەربارەی نیەت پاکی دڵنیام. بە گشتی ئەمە وایە، بەڵگەم بۆ سەلماندنی قسەکەم ئەمەیە کە بە دەگمەن ژن تووشی دەمارگیری دێت، کەچی پیاو (بە تایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا) بە ئاسانی و بە پاساوی نابەجێ تووشی دەمارگیری دەبێت. بە جۆرێك پاساوەکان ئەگەر دەمارگیریان لەگەڵدا نەبێت شیاوی قبووڵ کردنین.

**ف: هەروا هەندێك لەو باوەڕەدان کە ژنان لە پەیوەندی دۆستانەدا بێ ئازارترن وەك لە پەیوەندی عاشقانە، تۆ ئەڵێی چی؟**

ب: پەیوەندی عاشقانە پەیوەندیەکی ئازاراویە، دەبێت هەمیشە لە بێنە و بەردەی سەلماندن و پاکانەکردنیدا بیت، ئەگینا گومان دەکەوێتە سەر پەیوەندیەکە، کە چەند ڕۆژێك یەکدی نەبینن یان

PDF4Kurd



هـەواڵی یـەکتر نـەزانن مەترسـی دێتـە پـێش. بـە پێچـەوانەوە تەنانـەت سـاڵێکیش لـە هاوڕێکـەت بێئاگا بیت، زۆر گـرنگ نیـە. لـە دۆسـتایەتیا وەك پەیوەنـدی عاشـقانە ئیلتزامـت لـە ئەسـتۆ نیـە. عیشـق حاڵـەتێکی بـەدگومانی و تـا ڕادەیـەکیش ئـارام هـەڵگرە. وا نیـە؟ بـەڵام دۆسـتایەتی ئاسوودەبەخشە، هەردوولا دەتوانن یەکدی ببینن یان نەیبینن. لە کاری یـەکتر ئاگـاداربن یـا نـەبن. هەڵبـەت لـە دۆستایەتیشـدا هەنـدێك ئیرەیـی دەبەن بەڵام من وا نیم. زۆر کەس وەك عیشق لە دۆسـتایەتیش دەڕوانن و حەز بە یەك دۆستی دەکەن.

**ف: ئەمە هەڵەیە، ئەمە دۆستایەتیەکە وا هەست دەکەیت موڵکداریەتی بێت.**

ب: بەڵێ، پەیوەندی عاشقانەیش ئاسایی هاوڕێی موڵکداریەتیە.

**ف: بێگومان.**

ب: ئـەگینا مەسـەلەی ناپـاکی دێتـە گـۆڕێ، بـەڵام لـە دۆسـتایەتیا وا نیە.

**ف: لەو پێشەکیانەدا کە بۆ کتێبی ئالفونسوری، پیـدرو هـانریکز ئورنـا، یـان نووسەرانی تر کە شەخسەن نەتاسیون وەك ئەلمافویرت و ئاسکازویی نووسـیوتە، جۆرە خۆشەویستیەك دیارە کە بەلای منەوە هەستی دۆستایەتیان تیایە.**

ب: ڕاست دەکـەیت، هەرچـەندە هانریکزا و رنا وری هـاوڕێی شەخسـی مـن بـوون. باشـە (دەزانیـت) مـن لـە ڕابـوردوودا هەمیشـە لەسـەر خـەڵکم نووسیوە بەڵام ئەمڕۆ نا، دەمێکە تەنانـەت دێڕێکـی دژایـەتی کـردن یـان تێکـەڵ بە دوژمنایـەتیم نەنوسیوە، دەزانم بـێ سـوودە، بێجگـە لـەوە، با شوێنهاوەر بکەینـە نموونـە، ئـەو لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە فیختـە[272] فێڵبـازە.

---

[272] Fichte (1762–1814) فەیلەسوفی ئەڵمانی.

PDF4Kurd



بەڵام لێکچوونێك لە بیروباوەڕی ئەم دوانەدا هەیە و، هەردووکیان لە مێژووی فەلسەفەدا بە پاڵ یەکەوە ئامادەگیان هەیە. **دوکونسی**[273]یش دەربارەی **ئەلکساندەر پۆپ**[274] زۆر خراپ بیری دەکردەوە، کەچی ئێستا ئەو دوانە بێ جیاوازی کردن جێگای دەستخۆشین. بە مروری زەمان نەریت و ڕیوایەت سەردەکەون و ئەمەیش بەرئەنجامی شۆڕشکانە، بۆ نموونە بزوتنەوەی ڕۆمانتیك بەرانبەر بە سەدەی بە پیتی لویسی چواردەیەمە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ئەوەندە بیر لە **ڤیگتۆر هۆگۆ**[275] دەکەینەوە ئەوەندەیش لە بیری ڕاسین[276] و **بوالوداین** و چ نرخێك بۆ دوژمنایەتیان دانانێین.

**ف: سەرکەوتنی نەریتەکان.**

**ب: بەڵێ، دەبێت بە هۆی یەکخستنی جیاوازیەکان، چونکە ئەو شتانەی لە ئێستادا لە یەکدی جیاوازن، ڕەنگە لە ماوەیەکی کورتا ببنە یەك، لەبەرئەوەی هەموو شتێك دەبێتە عادەت، مێژووی ئەدەبیات، مێژووی دووبارەبوونەوەی گروپە موخالیفەکانە.**

---

[273] De Quincey (1785–1859) نووسەری ئینگلیزی.

[274] Alexander Pope (1688–1744) شاعیری ئینگلیزی.

[275] Victor Hugo (1802–1885) نووسەر و شاعیری فەرەنسی.

[276] Racine Jean (1639–1699) شاعیری فەرەنسی.

Boileau Nicolas (1636–1711) شاعیر، بیرمەند و ڕەخنەگری فەرەنسی.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی هەڤدەیەم

### دەربارەی چسترتۆن[277]

**ف: بورخیس، یەکێك لەو نووسەرانەی کە تۆ خۆشت دەوێن، لە ئارژەنتینـدا ئەوەندە نەناسراوە، ئەگەرچی تۆ لەسەر ئەو ڕایـەیت کـە مەزەبـە کاتۆلیکیەکـەی وایکردوە زۆر لە ئارژەنتینیەکانەوە نزیك بێت. مەبەستم چسـترتونی ئـازیز و جـێ ڕێزی تۆیە.**

ب: وایە، بێگومان کاتۆلیکیەتەی ئەو کە باست کرد لـە ئینگلتـەرەدا بە زەرەری خۆی شکاوەتەوە، بەرناردشـۆ بـێ بەزەییانـە وشـەی ئاوێتـەی چسـتربلوکی لـە لێکـدانی چسـترتۆن و هیلربلـوك[278] دروسـت کـردوە و بوونەوەرێکی بەرجەستە کردوە لە شێوەی دێودا، هەڵبـەت مـن وای بـۆ دەچم کە بلـوك جۆرە کاریگەریـەکی نیگەتیڤیانـەی بەسـەر چسـترتۆنەوە هـەبوە، بلـــوك مرۆڤێکـی زۆر هوشـیار بـوو وەلێ بـە ئاسـانی تووشـی دەمارگیری دەهات. لە کاتێکدا کە چسـترتۆن بـە پێچـەوانەوە گیـانێکی جوامێرانە و ئارامی هەبوە، بەڵام بلوك ئەمی بەرەو دەمارگیری دەبرد و،

---

[277] Chesterton Gilbert Keith (1874–1936) نووسەری ئینگلیزی.

[278] Hilaire Belloc (1870–1953) نووسەر و شاعیری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



چسترتونیش لەسەر مەسەلەی بیروباوەڕی بوە جێی قسەوباس، ئەو شتەی هەمیشە هێدمەی بە نووسەرگەیاندوە، بۆ نموونە.. چاکە نموونە زۆرن، با لە بارەی **لوگونز**[279]ەوە کە لە دوا ساڵانی تەمەنیدا چ بیروباوەڕێکی سیاسی هەبوە، بڕیار بدەین، ئیتر ئەوە لە یاد بکەین کە ئەو بە درێژایی جەنگی جیهانی یەکەم و پێش بڵاوبوونەوەی سەعاتی شمشێر لە سەرەتادا ئانارشیست و پاشان سوسیالیست و دوای ئەوە پارتیزان بوە, لەناو ئیمپراتۆریەتی ئینگلستاندا **کیپلینگ**[280] دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە، لە بارەی ویتمەنەوە بڕیارەکە بە پۆزەتیڤ دەشکێتەوە چونکە نوێنەری دیموکراتیە، لەگەڵ ئەمانەدا نابێت بیروباوەڕی سیاسی زۆر بە هەند بگیرێت. چونکە شتێکی رووکەشە. لە بارەی چسترتونەوە دەبێت بزانین ئێمە لە بەردەم بلیمەتێکداین و.. ئەگەر تەنیا وەك کاتولیکێك تەماشای بکەین کارێکی ناڕەوا دەکەین. **بەرناردشو** وتویەتی "ڤاتیکان"، واتا کڵێسای کاتولیك، بە هاتنی **چسترتون** وەك بەلەمێکی بچووك سەروبن دەبوو (پێدەکەنێت).

**ف: لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا..**

ب: باشە، ئەمە تەنیا جوکێکە، بەڵام لە ڕاستیا ئەوەیان لە یاد کردوە کە چسترتون.. وەك نموونە، نووسەری چیرۆکی پۆلیسیە (ئەمەیش دەزانین) و ئەو چیرۆکانە وەك **کسول سولار** رۆژێك پێی وتم، تەنیا ڕۆمانی سادەی پۆلیسی نین، **ئالان پۆ** ئەم شێوازەی داهێنا،

---

[279] Lugones Leopoldo (1874–1938) شاعیر و نووسەری ئارژەنتینی.

[280] Kipling (1865–1936) ڕۆمان نووسی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



دیکنــز[281] پـەروەردەی کـرد و.. پاشـان چسـترتون، بـەڵێ ئـەم چیرۆکانە زیاد لەوەی چیرۆکی پۆلیسی بن هەریەکەیان لای خۆیەوە هەندێك جار دەبێتە تابلۆ، یان نمایشنامە و جارێکی تر وەك نواندنێك دەردەکەون. بێجگـە لـەوەی دیمەنـەکان بـە جۆرێـك وەسـف کـراون، وا دەزانیـت کاراکتـەرەکانی چـیرۆك دێنـە سـەر شـانۆ. کاراکتـەر هەمیشـە زینـدوو بەرجەسـتەن، لـە بارەی چارەسـەرکردنی کێشەکانیشـەوە دەبێت بڵێیـت هەمیشە زیرەکانەیە، ئەوەیش گرنگە کە هیچ کاتێك تاوانبار لـە گـۆڕێ نیـە، **پـدربراون** –هـەواڵگری نـاو چیرۆکەکانی چسـترتون– بـە درێـژایی ئەنجامدانی کارەکانی کەسێك بە دەستەوە نادات. بە ڕاستی نازانرێت چی بەسـەر تاوانبارانـدا دێـت. گرنگـی مەسـەلەکە لـە خـودی نهێنـی و چارەسەرە زیرەکانەکەیایەتی. بێجگە لـەوە هـەموو چیرۆکێکی پۆلیسـی **چسترتون** وەسفێکی ئەفسوناوی تیایە، من وای بۆ دەچم ئەگـەر چیرۆکی پۆلیسی وەك شێوازێك لـەناو بچێت (ئەمە دوور نیـە چونکە گوایـە دوا چارەنووسی هەموو شێوازە ئەدەبیەکان، ون بوونیانە)

بەڵێ کاتێك شێوازی چیرۆکی پۆلیسی لـەناو دەچێت، جارێکی تـر خـەڵکی دەسـت دەکـەنـەوە بـە خوێندنـەوەی چـیرۆکەکانی چسـترتون، ئەمـەیش بەڵگـەی ئەوەیە کە ئەو چیرۆکانە بە هـۆی ئـەو سیحرەوە کـە تیایەتی لە شیعر دەچن.

لە چیرۆکێکدا بە ناوی "پیاوێکی نەبینراو" لە سەرەتاوە تا کۆتایی چارەسـەرەکەی ئاشـکرایە. پاڵەوانێکـە لەبەرئـەوەی زۆر دەردەکـەوێت، نـەبینراوە، نامەبەرێکە بە بەرگێکی تایبەتیـەوە کە هاتوچۆی ڕۆژانەی

---

[281] Dickens Charis (1812–1870) نووسەری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



بوە بە نەریتی ئاسایی ماڵەکە، لە لایەکی ترەوە کوژراو لەوانەیە کە کەرەسەی یاریە میکانیکیەکان دروست دەکات، ئەو کەرەسەی یاریانە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدان و دەشێت بە هۆی بووکەڵە و پەیکەرە ئاسنینەکانەوە قووت درابێت (چارەسەری میتافیزیکی) وا دێتە بەرچاو کە لەو چیرۆکانەدا، بەشێك لە توانای ڕۆمان، لەبەر ئەوە نەبێت کە لۆژیکی تیایە، بەڵکو لەبەر خاتری ئەو حاڵەتە ئەفسوناویە درۆیینەیە کە چسترتون بە مەسەلەکەی دەدات و لەگەڵ فەزای شوێنەکەدا تێکەڵی دەکات، ئەگەر چوارچێوەی چیرۆك لە شوێنێکی وەك باکور "ئوسکاتلاند" یان گەڕەکێکی لەندەن یان تەنانەت لە نووسینگەیەکی کاردا بوایە، هەموو شتێك دەگۆڕا. ئەمڕۆ ئەوەیان لە بیر خۆ بردۆتەوە کە **چسترتون** زۆر کاری تری کردوە. بۆ نموونە شاعیرێك بووە جێی دەستخۆشی لێکردن، قەسیدەی "ئەسپی سپی" کە لە بارەی شەڕی ساکسۆنیەکانە دژی ئوسکاتلاندیەکان و پێم وابێت ساڵی 1912 بڵاوبووبێتەوە، شیعرێکی زۆر مەزنە و پڕە لە خوازە کە زۆر کاری لە ڤیکتۆرهۆگۆ کردوە.

هەروەها شیعری تری کە پێشان باسم لێوە کردن و کەسایەتیە سەرەکیەکەی **ڤایکینگێکە**[282] کە چاوچنۆکانە تەماشای ئەوروپا دەکات، دەڵێیت میوەیەکە کە ئەو خۆی بۆ تامکردنی ئامادە دەکات. ئەو بیر لە شتی سەیری وەك مەرمەڕ و زێڕ دەکاتەوە و لە خۆی دەپرسێت کە دەتوانێت مەرمەڕ و زێڕ بەچی بچوێنێت؟ **چسترتون** بە دوای ئەو لێکچوونانەدا دەگەڕێت کە نائاساین و هەر ئەمەیش بوە بە هۆی

---

[282] Viking دەریاوانێکی ئەسکەندناڤیە.

PDF4Kurd



ئەوەی تووشی سەراسیمەیت بکەن، مەرمەڕ وەك "ڕووناكایی بێگیانی مـانگ" زێـڕ وەك "ئـاگرێكی بەسـتوو" ئـەم لێكچـوونانە نـالۆژیكین و ئەمەیش ئەو شتەیە كە ئەمانەی والێكردوە...

**ف: بۆ شیعر دەشێن.**

ب: بەڵێ، بۆ شیعر و بۆ خـەیاڵی خوێنـەر كـە ئەم وێنـە نامومكینانـە قبـووڵ دەكـات و بـیر لـەوە ناكاتـەوە كـە بـاو نـین. چـونكە پێكهاتـەی "ئـاگری بەسـتوو" جوانـە، بـە تایبـەت لـە زمـانی ئینگلیزیـدا كـە لـە ڕستەكەدا هاودەنگی پیتی "F" هەیـە (Gold like a Frozen Fire) **چسترتون** وای بیر لێ دەكاتەوە كە مەرمەڕ و زێڕ هـەردووكیان كۆنـە ساڵن، بەچی بیـان چوێنیت كـە بەرانبـەر بـە بـەهای مـەزنی و دێرینـەییان بێـت. هـەر لەبەرئەمەیە كە ئەو لێكچوونە سەیرانە دروست دەكات.

**ف: لە شیعری "لپانت"[283] یشدا ئەم كارە دەكات.**

ب: ئێستا لێكچوون و خوازەكانیم لە بیر نیە، بەڵام هەنـدێك ڕسـتەیم لە یادە، بۆ نموونە "دون جوانی نەمساوی هاوار بەسـەر كەشـتیەكاندا دەكات" لێرەدا دەڵێت "بەسەر كەشتیەكاندا" نەك "بەسەر كارگوزارانی كەشتیەكاندا"

**ف: زۆر جوانە.**

ب: پاشانیش كە باسی بەهەشتە سـەیرەكەی "الله" دەكات، دەڵێـت كە خودا، لەنێو درەختەكاندا پیاسە دەكات، لە هەموویان باڵای بەرزترە و بەم جۆرە بە شێوەیەكی سـەیر ڕەونـەق دەداتـە بەهەشـت. لـە كاتێكـدا كـە ئاسـایی بەهەشـت وا بەرجەسـتە نـەكراوە، وا نیـە؟ بـە ڕای مـن ئـەم

---

283 Lepante بەندەرێكی یۆنانە.

PDF4Kurd



بەهەشتە تەنیا لە ڕوانگەی چسترتونەوە دەشێت گومڕایانە و نەفرەت لێکراو بێت. لە فەسڵی یەکەمی ئینجیلیشدا دەبینین خودا لە نێوان درەختەکاندا پیاسە دەکات و بە شێوەیەکی زۆر سەیریش لە درەختەکان مەزنترە. **چسترتون** لەم جۆرە بەرجەستەکردنانەدا هەمیشە سەرکەوتوە. تەنانەت لە هەندێك شوێندا کە هەرگیز چاوەڕێ ناکرێت. بۆ نموونە لە کتێبەکەیدا دەربارەی **بلیك** یان دەربارەی نیگارکێشان یان مێژووی ئینگلتەراوە تووشی ڕستەی وا دەبین کە ڕەنگە هەر تەواو هەڵە بن، وەلێ ئەمە زۆر گرنگ نیە، چونکە هەموو شتەکان ئەوەندە جوانن مرۆڤ خۆزگەیان پێ دەخوازێت. ئەگەرچی لەگەڵ هەقیقەتیشدا زۆر ناگونجێت.

**ف: کتێبەکەی لە بارەی سان توماس داکان[284] یشەوە زۆر گرنگە**

ب: ڕاستە، ئەمە وەك مەحاڵ دەهاتە بەرچاو. وا ئەزانم **کلودل**[285] لەوە زۆر نیگەران بوو کە چسترتون کتێب دەربارەی سان توماس داکان دەنووسێت. بەڵام کە نووسرا.. **کلودل** یەکێك بوو لەوانەی زوو کتێبەکەیان خوێندەوە و کەوتە کەڵکەڵەی وەرگێڕانی **چیرۆکی پدربراون** کە **ئالفونسوری** وەرگێڕانێکی چاکی کردوە. **کلودل** بڕیاری دابوو کتێبەکەی چسترتون، یان چاکتری بڵێم "ناوبراوی پێنج شەممە" (کە ناوی کتێبەکەیە بە فەرەنسی) وەر بگێڕێت.

**ف: ئەم کتێبە –ناوبراوی پێنج شەممە- چسترتونی زۆر چاك وەك نووسەرێکی بەناوبانگ ناساند.**

---

[284] St. Thomas d Aguin (1757–1827) فەیلەسوفی ئیتالی.

[285] Claudel Paul (1868–1955) نووسەری فەرەنسی.

PDF4Kurd



ب: بەڵێ کتێبێکی سەیرە. چونکە تا دێت بەرەو سەرسوڕمانت دەبات. فەسڵی یەکەمی تا ڕادەیەك ناسروشتیە، بەڵام لە کۆتاییدا کاتێك ساندی (ڕابەری کۆمەڵەی ئانارشیستەکان) بەسەر فیلێکەوە هەڵدێت بە تەواوی سەرسوڕهێنە.

**ف: ڕاستە.**

ب: سەرەتای چیرۆك لەسەرخۆ دەست پێدەکات، لە خەیاڵەوە بیگرە تا ئەوەی نایەتە دی، ئەم شێوازە بە جۆرێك دەڕواتە پێشێ کە خوێنەر هەر بەو ئەندازەیەی کە لە فەسڵەکانی بەراییدا بڕوای کردوە، بڕوا بە کۆتاییەکەیشی دەکات. **کولریج** لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە بیری شاعیرانەدا ئیرادە هەڵدەسپێردرێت و حەزی لە دوودڵی و درەنگ باوەڕکردنە، ئەگەر بەرهەمەکە بەهێز بێت، ئەو هەڵپەساردنە ئاسان و خۆبەخۆ دروست دەبێت" (بۆ نموونە من) کاتێك لە مێژووی ئەرژەنتین ڕادەمێنم، دەبینم دەشێت گومان لە هەموو ڕووداوەکان بکرێت بێجگە لە "کوشتنی ڕەش" کە مارتین فیرو نووسیویەتی، کاریگەری ئەم نووسینە هێند زۆرە ناتوانیت بڕوا نەکەیت.

**ف: ئاە! تەواو هەر لەبەر ئەو مەبەستە؟**

ب: بەڵێ، وای بیر لێ دەکەمەوە وا بێت، من خۆم گومان لە هەموو شتێك دەکەم بێجگە لە کوشت و بڕی ڕەشەکان، کاتێك کە دەڵێت:

"پاشان کە من ڕاستەوخۆ هێرشم دەبرد
بە زەبری چەقۆیەك لە جێگاکەی هەڵم کەند
وەك تۆپەڵە ئیسقانێکی بەسراو
بەرەو دیوارم تووڕدا"

مومکین نیە ئەمە ڕاست نەبێت.

PDF4Kurd



**ف: زۆر زۆر ئاشكرايه.**

ب: بــەڵێ زۆر زۆر، لــە بــارەی ئەوانــەوە کــە ماونەتــەوە دەشــێت گومانێك هەبێت, بەڵام دەربارەی مەرگی ڕەشەکان، هیچ گومان نیە.

**ف: له بارەی کاریگەریی ئەدەبیاتەوە من وای بۆ دەچم کـه چسـترتون لـه چیرۆکی پۆلیسیدا زۆر کاریگەریی هەبوە، چونکه له ڕاڤـەکردنی ڕووداوەکانـەدا شێوازێکی داهێناوە.**

ب: وایــە، وەك بڵێــی ڕێکــەوتنێك هــەبێت، ئــەوەی دەیگێڕێتــەوە هاوڕێیەکی تا ڕادەیەك کەم ئاگای دۆستێکی هەواڵگری بە ئاگایە، ئەمە شـێوازی یەکـەم کورتـە چیرۆکی پۆلیسـی ئادگـار ئـالان پۆیـە بـە نـاوی "کوشـتنێکی دوو قـات لـە شـەقامی مـورگ"دا، **کونـان دویـل**[286] هـەمان شێوازی لەبەرگرت، تـەنیا بـەو جیاوازیـەی کـە ئیتر هـەواڵگر ئـەو کەسـە هوشـیارە و، گێـڕەرەوەیش ئـەو کەسـە نەناسـراوە نـەبوون، بـەڵکو دوو هاوڕێ بوون یەکتریان خۆشویستوە: **شرلوك هوڵمز**[287] **و دکتور واتسـون**[288] (ئەو پیاوە سـادەیەی بـەردەوام سـەری لـە کـاری هاوڕێکـەی سـووڕدەما) گوایا بۆ **کونان دویل** هاوڕێیەتی ئەم دوو کەسایەتیە جیاوازە بایـەخێکی زۆری هەیە تا بە پۆلیسی بوونی ڕووداوەکە، وا نیـە؟ ڕەنگـە ئێمـە لـەناو نەریتی کۆنی **دون کیشوت و سانچو و دکتۆر جانسون**[289] **و بسویل**[290]دا بژین،

---

[286] Conan Doy;e sir Arthut (1859–1930) نووسەری ئینگلیزی.

[287] Sherlook Holmes (کەسایەتیەکی ناوداری ڕۆمانەکانی کونان دویل.

[288] Dr. Watson

[289] Samuel Iohnson Dr. (1709–1784) شــاعیر و نووســەر و لێکۆڵــەرەوەی ئینگلیزی.

PDF4Kurd



بە جیاوازیەکی کەمەوە کە **بوسویل** بە ئانقەست ئەمەی کردوە، واتا دکتور جونسونی وەك **دونکیشوتێك** داناوە کە ڕۆڵی **سانچوی** داوەتێ. ئەو خۆی لە تەنگژەیەکی پێکەنین هێنەردا گیردابوو. چونکە دەیویست دوان بە یەکدی بچوێنێت کە هەتاهەتایە لە خەیاڵی مرۆڤدا ماوەتەوە و بەردەوامی بە ژیان دەدەن. وەلێ با بگەڕێینەوە لای چسترتون، قسەمان زۆر لەسەری ماوە.. کتێبەکانی لە بارەی **سان فرانسوادایز**[291] و **سان توماس داکانە** وە ماوە، ئەو وتوویە لە بارەی سان فرانسواوە پێشنیازێك بەسە، بەلام لە بارەی کەسی دووەمەوە دەبێت بیر لە نەخشەیەك بکەیتەوە: نەخشەی ساختمانێکی گەورە، ئەم بەم جۆرە ئەو دوانەی پێناسە کردوە.

**ف: دیارە.**

ب: **چسترتون** لە زەمینەی ڕەخنەیشدا کتێبی هەیە. بۆ نموونە لە بنکەی بەناوبانگی "ئیڤری مانس لیبراری" کتێبێکی لێکۆڵینەوەی لەسەر **براونینگ**[292] هەیە و، یەکێکی تری دەربارەی **دیکنزە**، لەو کۆمەڵە کتێبەدا، هەموو بەرهەمەکانی **دیکنز** بە پێشەکی **چسترتونەوە** بلاوبوونەتەوە کە دەستکەوتی بۆی هەبوە.

---

[290] **Jomes Boswell** (1740–1795) ئەدیبی ئینگلیزی گرنگترین بەرهەمی بایوگرافی دکتۆر جونسونە.

[291] **St. Francois dassise** (1181–1226) پیاوێکی مەزەبی ئیتالی کە باڵندە و گیای بە خوشك و برای خۆی دادەنا.

[292] **Browning** (1812–1889) شاعیری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



**ف: دەربارەی شیعری چسترتون کە تۆ بە هۆی بوونی بنـەما تەمسـیلیەکەیەوە بە شیاوی باست داناوە، هەر لە پێشەوە مەبەستەکە دەزانیت. بە جۆرێکی تری بڵێم لەو شیعرانەدا بەرەو ڕووی شتێك دەبینەوە کە پێشتر سازدراوە.**

ب: ئەو شتەی نیشانەی ئەوەیە کە چسترتون شاعیرێکی هوشیار و ڕووناکبیر بووە.

**ف: بە ڕای من لەو زەمینەیەدا سەرکەوتوە.**

ب: بەڵێ، بەڵام دەشێت هەر ئەمە لەسەر چسترتون بکەوێت: ئەم مەسەلەیە لەگەڵ ئەوەیشدا کە جێی ستایشە، خوێنەر دوای خوێندنەوەی شیعرەکانی هەست بەوە دەکات کە گەڵاڵەی هزرەکانی لە پێش نووسیندا ئامادە کردوە.

من نازانم دەشێت شیعرێك تا ئەم ڕادەیە لە یاری شەترەنج بکات؟ یان لە ڕۆمانێك؟ لە بارەی چسترتون و شیعرەکانیەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەر لە سەرەتاوە بە تایبەتی کۆتاییەکەی ئامادە دەکات، ئەم مەبەستە، ڕەنگە زیاد لە حەد دەربکەوێت.

**ف: دەتوانین بڵێین لە ئاشکراکردنی ئەنجامدا خۆی بۆ نەگیراوە! (پێدەکەنێت)**

ب: نا! )پێدەکەنێت)

PDF4Kurd



## گفتوگۆی هەژدەیەم

### لە بارەی کتێبی بەهەشت و دۆزەخەوە

**ف: دوای بینینی کتێبی "بەهەشت و دۆزەخ" —ئەو هەڵبژاردە ئەدەبیەی تۆ بە هاوکاری ئادولفو بیویی کازارس[293] ئامادەت کردبوو- یەکەم شت کە بە بیرمـدا هات ئەوەبوو کە تۆیش وەك نووسەرانی ناو کتێبەکـە، بـیری بەهەشـت و دۆزەخ ڕەت دەکەیتەوە.**

ب: وایە، چونکە من خۆم نە بە شایانی پاداشت دەزانم و نە سزا، وەك مێجەر باربارا ی پاڵەوانی نووسراوەکانی بەرناردشۆ دەڵێت: "من ئەو بەهەشتە فریودەرەی کە دەیەوێت بەرە و لای خۆیمان ڕابکێشێت، پشت گـوێم خسـتوە"، ئەگـەر بەهەشـت فریـودەرە کەواتـە دۆزەخـیش تۆقێنەرە، وا نیە؟ ئەم دوو جێگا ئەبەدیە لایەقی خودا نین، چونکە لـە دیدی ئەخلاقیەوە فریودان کارێکی ناشیرینە و خەڵاتیش هەروا..

**ف: ئەم هزری پاداشت و ئاگادارکردنەوانە..**

ب: یان هەڕەشەکان، من گاڵتەم پێ دێت خودایەك هەڕەشە بکات.

---

293 Bioy Casars

PDF4Kurd



کاتێك ئەمە بۆ مرۆڤێك پێکەنین هێنەر بێت، ئەی دەبێت بۆ خودا چۆن بێت! خەڵات کردنەکەیش هەر بە ئەندازەی هزرەکە نرخی هەیە, چونکە ئەگەر مرۆڤ کرداری چاك بێت، هەستکردن بەو چاکەیە و ئاسوودەیی ویژدان, خۆی لە خۆیدا خەڵاتە، ئیتر پێویست بە خەڵاتی تر ناکات. چ جای خەڵاتی هەتاهەتایی.. ڕاستیەکە ئەمەیە.. کە هەموو شتێك شیاوی بیر لێکردنەوە نیە، باوکم پێی دەوتم "ئەم دنیایە هێند سەیر و سەمەرەیە دەشێت هەموو شتێکی تیا بێت، تەنانەت سیانیەکە (تثلیث)! ئەمە جۆرە دەربڕینێکە لە نادیار!

دوای چەند شەوێك لەم قسانە تووشی مۆتەکەیەکی ترسناك بووم، ئەوەندە ترسناك کە ناوێرم بیگێڕمەوە, چونکە بۆ ئەم کارە دەبێت جارێکی تر وە بیر خۆمی بهێنمەوە و بۆ منیش وا چاکە مۆتەکەکان لە یاد بکەم. بەهەرحاڵ لە مۆتەکەدا حاڵەتێکی ناخۆش هەیە کە لە شەوی پێشوتر و تەنانەت لە ناخۆشترین کاتدا، مرۆڤ نازانێت چیە. من هەندێك جار بیر لەوە دەکەمەوە کە ڕەنگە مۆتەکەکان دیمەن گەلێکی دۆزەخ بن و چاوەڕێی ئێمە بکەن. یان دەشێت هەریەکێك لە ئێمە دۆزەخی خۆمان لەو مۆتەکانەدا ببینینەوە و بەهەشت لە خەونە خۆشەکانماندا. دیارە ئەمە، وێنەی مەسەلەیەکی تەواو خەیاڵیە و دەتوانین هیوادار بین کە ئەنجامە ئەدەبیەکەی پڕ لە پیت و پەسەند دەبێت.

من نیازم نیە چیرۆکێك لەسەر ئەم مەسەلەیە بنووسم، وەلێ بەهەرحاڵ، (ئەگەر ئەو کارە بکەم) ئەوە تاقە سوودی ئەو خەوە بوە کە دیومە, من وای بۆ دەچم جوانی و ناشیرینی لە خەیاڵی هەر کەسێکدا، وێنەی جیاوازیان هەیە، بێگومان ئێمە هەموومان کە مەسەلەیەکی

PDF4Kurd



تایبەت بێزارمان دەکات، هەست بە نەفرەت دەکەین. بۆ نموونە لای **ماریاکوداما** بە تایبەتی مار قێزەونە، ئەو توانای بینینی ماری نیە، وەلێ من ئەگەرچی مار ئەوەندە بە جوان نازانم. بەڵام نەترسم لێی دێت و نە بێزی لێ دەکەمەوە.

کولریج بڕوای وابوو کە هەست و هەڵچوونەکانمان لە شەودا دەردەکەون. ئەگەر ئێستا شێرێك خۆی بێرەدا بکات، ئێمە دەترسین، یان ئەگەر گیاندارێکی سەیر و ناقۆڵا بە لەش شێر و بەسەر مرۆڤ (جۆرە مێردەزمەیەك) بێتە سەر سنگمان. لەژێر قورساییەکەیدا هەست بە پلیشانەوە دەکەین، بە پێچەوانەوە لە مۆتەکەدا سەرەتا هەست دەجۆشێت و پاشان دەکەوینە دوای ڕەمزەکەی. بۆ نموونە ئەگەر من لە کاتی خەوتندا بە قورسایی لێفە و بەتانی وەڕز بم، هەست ئەکەم مێردەزمەم لەسەر سنگە. وەلێ ئەوە، ئەو شتە نیە کە ئازاری من دەدات، بەڵکو ئەوەی ئازارم پێ دەگەیەنێت، ئەوەیە کە بوونی مێردەزمە دەگەیەنێت. هەروەها لە بارەی پیاوی عاشقەوە وتوویانە کە بینینی خۆشەویستەکەی لە خەودا بە هۆی ئەو هەستەوەیە کە پێشتر بوویەتی. وەلێ وا نیە. تراژیدیای ڕۆمیۆ و جولێت نموونەیەکی زیندووی ئەم قسەیەیە: ڕۆمیۆ بۆ ئەوەی ژنێك بدۆزێتەوە کە دڵی بەدەست بێنێت، دەڕواتە مەجلیسێکی سەماکردنەوە. بە جۆرێکی تری بڵێم ئەو پێش ڕۆیشتنەکەی ئامادەگی خۆشەویستی تیا هەبووە و لەوێ جولێت دەبینێت. ڕۆمیۆ پێی سەرسام دەبێ و دەڵێت: "جولێت ڕوناکی بە مەشخەڵەکان دەبەخشێت" و عاشقی دەبێت، چونکە ئەو هەستە پێشینەیە، واتا هەست ئامادەگیی خۆشویستنی تیا بوە.

PDF4Kurd



ژن (جولێت) کەسێك نیە کە ڕومێو بە دوایدا گەڕابێت. بەڵکو ڕەمزی عەشقێکە دەردەکەوێت و دڵی دەبات. باشە، هەر ئەمە بۆ گەلێك شتی تریش دەست ئەدات.

**ف: بەڵام لە بارەی ئەم بیری مۆتەکەیەوە (کە وتت) کەواتە مرۆڤی سەرزەویش دەشێت هەست بەوە بکات کە لە دۆزەخدایە.**

ب: ئەمە بیری ڕامبۆیە[294].

**ف: بەڵێ, لە ڕامبۆوەیە، بەڵام وا ئەزانم ئەم هزرە بە ڕوونی لە چیرۆکێکی تۆدا بەناوی "باشوور" دەردەکەوێت.**

ب: ئا، دەشێت وا بێت.

**ف: ئەوەی بۆ "دالمانی" پاڵەوانی چیرۆکەکەت ڕوودەدات پێش ئەوەی سواری شەمەندەفەر بێت.**

ب: ئا، بەڵێ، هەڵبەت، لەم حاڵەدا دەبێت بەشی دووەمی چیرۆکەکە بە جۆرێك لێك بدرێتەوە کە من بزانم وا دەکەوێتەوە، وەڵێ بڕوای شەخسی خۆم بەرانبەر بەهەر خوێنەرێکی دی بڕوایەکی بێ بایەخە، وا نیە؟

**ف: بەهەرحاڵ..**

ب: من دوای خوێندنەوەی بەرهەمێکی هینری جێمس دەستم بە نووسینی ئەو چیرۆکە کرد و ویستم هەمان شێوازی ئەو بەکاربێنم، واتا نووسینی ڕووداوێکی تەواو نادیار، وەك دەرئەکەوێ من چیرۆکی باشوورم لە کەش و هەوایەکی زۆر جیاوازدا نووسیوە: لەو چیرۆکەدا

---

[294] Rimbaud Arthur (1854–1891) شاعیری فەرەنسی.

PDF4Kurd



له لایەکەوە باس لە بۆینس ئایرس و گوشو[295]ەکانە (واتا ئەو شتانەی کە هینری جێمس هەر ناویشی نەبیستوون) لە هەمان کاتدا دەمویست شێوازی جێمس بەکاربەرم. لە لایەکەی ترەوە لەو کاتەدا کتێبێکی میلڤلم[296] دەخوێندەوە کە چیرۆکێکی کورتی تیایە کەس نەیتوانیوە لێکی بداتەوە. ڕەنگە وەك ڕەمزێکی جیهان نووسیبێتی. جیهانێك کە ناشێت ئاراستەی بکەیت.

ف: سەرنج ڕاکێشە.

ب: بەڵام من ئەم پرسیارەم لەخۆم هەیە کە ئایا شتێکی وا دەشێت لە هەقیقەتەوە نزیك بێت.

سەیرە یەکێك چیرۆکێك بنووسێت کە قابیلی لێکدانەوە نەبێت. بەهەرحاڵ (ڕەنگە) لەبەر ئەوە بێت کە ئەم دنیایەی ئێمە تیا دەژین لە دیدگای ئەوەوە دنیایەکە قابیلی لێکدانەوە نیە. (یان نەیتوانیوە بۆمان لێك بداتەوە) چاکترین سەمبول.. ئا، بیرم کەوتەوە، چیرۆکەکە ناوی "بنیتوسرنو"یە و لە کەناری چیلی یان لە سەر کەشتیەکانی نزیکی ڕوودەدات، ناوی کتێبەکە هەمان ناوی پاڵەوانەکەیە. نازانم کەسایەتیەکی وا بوونی هەیە یا ملڤیل کردوویەتیە ئیسپانی و ئەو ناوەی لێناوە. پێدەچێت بەلای ئەوەوە بنیتوسرنو ئاوازێکی ئیسپانی هەیە و خۆی دروستی کردوە. کەواتە (وەك وتمان) چیرۆکەکە، سەمبولی دنیایەکە ناتوانرێت لێك بدرێتەوە و دەوری ئێمەی داوە.

---

[295] Gauchos گاوانە کۆنەکانی ئارژەنتین.

[296] Melville herman (1819-1891) نووسەری ئەمریکی.

PDF4Kurd



**ف: با بگەڕێینەوە سەر هەڵبژاردەکەی تۆ کە بە هاوکاریی بیوکـازار ئامـادەت کردوە. لە نووسینە سەرەتاییەکانیدا، تووشی دەقێکی کـورت دەبـین دەربـارەی ڕوایەکی زاهیدانە بە خوا کە نابێت لە پیشاندانی بەهەشت و دۆزەخەوە سەرچاوە بگرێت. بەڵکو دەبێت بناغەکەی زاتی خودا بێت.**

ب: کێ ئەمە دەڵێت، عارفێکی ئێرانی؟

ف: عەتار.

ب: بەڵێ، عەتار کە "منطق الطیر"ی نووسیوە، یەکێکـە لـە شاعیرە موتەسەویفە ناودارەکانی ئێران، بە جۆرێکی دی عارفێکی موسوڵمانە، وشەی سۆفی لـە ڕووی زمان شناسیەوە دوو مانای هەیـە. مانایـەکیان "خوری"یە کە عادەتی سۆفیان بوو خۆیانی پـێ داپۆشـن، ماناکـەی دی کە لەویان باشترە (واتا زەینی ئێمە باشتری وەردەگرێت) پەیوەنـدی بـە واژەی سـوفیە یـان سـوفیاوە هەیـە کـە مانـای "زانسـت و ئـەقڵ" دەگەیـەنێت. لێـرەوە دەبێـت ئـەم وشـەیە لـە وشـەی یۆنـانی سـوفیاوە وەرگیرابێت. دەی، دەقەکە چی دەڵێت؟

ب: زۆر کورتـە: "ئەگـەر لـە ترسـی دۆزەخ تـۆ دەپەرسـتم، منـی تیـا بسوتێنە، ئەگەر بە ئومێدی بەهەشت دەتپەرستم، منی لـێ دەرنـێ. وەلێ من لەبەر خاتری خۆت دەتپەرستم، جوانیە نەمرەکەتم لـێ مەستێنە"

ب: ڕەنگە دەربڕینێکی زۆر لەم شیعرە ناوازەتر هەبێت:

"ئەی خودا، خۆشەویستیەکەم لەبەر بەهەشتێک نیە
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مزگێنی ئەوت پێداوم
لە ترسی دۆزەخێکیش نیە
کە هەندێک جار لە ڕەنجاندنی تۆمان دووردەخاتەوە"

PDF4Kurd



دەڵێن ئەمە شیعری سانت تریزە[297]، بەڵام نابێت هی ئەو بێت، وانیە؟

**ف: نازانین هی کام شاعیرە.**

ب: وایە، بەڵام ئەنجامەکەی غەمگینە، چونکە شاعیر دەگاتە شوێنێك دەڵێیت تەنیا لەبەر خاتری دڵسۆزی و ئازاری جەستەیی و ئینسانی حەزرەتی مەسیح خودای خۆش دەوێت، چونکە دەڵێت:

"ئەی خودا، ئەوە تۆیت کە بە جووڵەمان دێنیت، تۆ!

کاتێك کە تۆ بە شێوەی جەستەیەکی داکوتراو بە خاچەوە دەبینم"

لە ڕاستیدا ئەمە خەفەتهێنە کە تۆ تەنیا لە جێیەکدا هەستی دڵسۆزیت بۆ خودا هەبێت کە وەك مرۆڤێك لە خاچ درابێت، لە کاتێکدا کە ئەو لە خاچدانە بێجگە لە ڕووداوێکی ناوەخت بەرانبەر بە نەمریی ئەو چی تر نیە. وەڵێ گوایە لەم شوێنەدا، وەك شۆ دەڵێت، هزری وەلانانی فریوی بەهەشت و هەڕەشەی دۆزەخ، تا ڕادەیەك بوونی هەیە.

**ف: هەروا لە سەری دەڕوات.**

"بەهەرحاڵ ئەمە خۆشەویستی تۆیە کە گوشاری توندمان لەسەر دەخات.

تا بەبێ بەهەشتیش هەر تۆمان خۆش بوێت. ئەی خودا،

تا بەبێ دۆزەخیش هەر لێت بترسین، ئەی خودا"

ب: لەوە دەچێت وەرگیرابێت لە.. وەڵێ بەلامەوە دەربڕینە فارسیەکە چاکترە.

---

[297] St. therese (1515–1582) لە قەدیسەکانی ئیسپانیا و نووسەری دەقە عیرفانیەکانە.

PDF4Kurd



**ف: هەروەها جوانتریشە، بەهەرحاڵ هەردووکیان یەك بیرۆکەن.**

ب: بەڵێ، هەمان هزرە.

**ف: ئینجا، دێینەوە سەر شیعرەکەی تۆ!**

ب: مەبەستت لە چیە؟

**ف: لە "بەهەشت و دۆزەخ"**

ب: باشە، بەڵێ، لەوێدا بەهەشت و دۆزەخم بە سیمای یەك ڕوخسار بەرجەستە کردوە.

**ف: وایە.**

ب: دەشێت ئەو سیمایە سیمای خۆمان یان سیمای یەکێك بێت کە مەبەستمانە. ڕەنگە هەست بە ترسیی بکەین یان بە قبووڵ کردنی، وەلێ بەهەرحاڵ بەهەشت و دۆزەخ لە سیمایەکدا کۆدەبنەوە.

**ف: لە دوا بەشیدا دەڵێیت:**

"من لە بلورێکدا خەونێکم دیوە

بەهەشتە بەڵێن دراوەکە و دۆزەخیش:

لە ڕۆژی قیامەتدا کاتێك کە شەیپور لێدەدرێت و

هەسارەی چەند هەزار ساڵە لەنێودەچێت

کاتێك لە ناکاوێکدا، ئەی زەمان

لە جووڵان دەوەستێت، ئەهرامە تیژ تێپەڕەکانت.."

ب: ئەم مانایە لە شەکسپیر وەرگیراوە، لەبەرئەوەی ئەویش باس لە زەمان و ئەهرامەکەی دەکات.

**ف: تۆ بەم جۆرە کۆتایی پێدێنیت.**

"ڕەنگ و هێڵەکانی ڕابووردوو

سیمای خەواڵو، بێجووڵە , بەوەفا و هەمیشە پەسەند

PDF4Kurd



له تاریکیدا دروست دەبن

ڕەنگە وێنای تۆ بێت یا دڵدارەکەت!)

تەماشاکردنی ئەم سیمایەیش

کە لە ناکاوێکا، بە دوای یەکدا، نە دەست دەکەون و نە کۆتاییان پێدێت

بۆ دۆزەخیەکان، دۆزەخە و

بۆ هەڵبژاردەکان، بەهەشتە"

ب: بەڵێ، ئەمانە لە شیعرەکەدا هەن بەڵام بە شێوازێکی زۆر ڕوون..

**ف: سویدنبرگیش لەم شێوازە دوور نیە، وایە؟**

ب: وایە، خۆزگا ئەم شیعرە کەمێك تەماویتر بوایە، وا دەزانم زۆر لۆژیکی و وشکە.

**ف: من خۆی چۆنە وام لا پەسەندە.**

ب: هەندێك لە دۆستەکانم وتوویانە لەبەرئەوەی زۆرم کار لەسەر کردوە (یان شێوازی کارەکەم هەڵە بوە) بۆیە شیعرەکە سەرکەوتوو نیە.

**ف: بێ ڕووپامایی یان بێ ئەوەی چ مەبەستێکم هەبێت، دەڵێم من خۆم وا هەست ناکەم سەرنەکەوتو بێت، بەلای منەوە شیعرێکی زۆر کاریگەرە.**

ب: نازانم، دەمێکە ئەو شیعرەم نووسیوە، بە جۆرێك تا ڕادەیەك هەست بە بوونی ناکەم، تەواو لە یادم کردبوو. نەمدەزانی تۆ جارێکی دی زیندووی دەکەیتەوە. زۆر دەمێکە کەس لەم بارەیەوە قسە لەگەڵ مندا ناکات و، ئەم وەبیرهێنانەوەی ئەمڕۆ وەك دۆزینەوەیەك وابوو.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی نۆزدەیەم

### لە بارەی فەرەنساوە

**ف: بورخیس، بە گشتی کە باس لە وڵاتی فەرەنسا دەکەین، تۆ بە وڵاتی ئەدەبیاتی بەرجەستە ناوی دەبەیت، وڵاتێك کە خاوەنی داب و نەریتی ئەدەبی یا دەشێت بڵێین وڵاتی ئەدەبیاتە.**

ب: بەڵی وڵاتی قوتابخانە ئەدەبییەکان، بەو مانایەی کە فەرەنسیەکان، واتا نووسەرانی فەرەنسا بە وردی حەزیان بەوەیە بزانن چی دەکەن، نووسەر جێگای خۆی لە ڕیزبەندیەکە دەستنیشان دەکات و، لەوێوە دەست بە نووسین دەکات، بە پێچەوانەوە، ئینگلستان وڵاتی تاك گەریە (خەڵك لەوێ تاك گەرایە) لای ئینگلیزەکان مێژووی ئەدەبیات گرنگ نیە، هەروەها مەبەستیان نیە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ خۆیان دابنێن، وەلێ پێدەچێت هەمیشە حەزیان لە باسی خۆیان بێت.. بەڵام فەرەنسا وڵاتێکە خەڵکی هوشیار و ڕوناکی هەیە کە پابەندی ڕێکوپێکین و بە تایبەتی بڕوایان بە مێژووی ئەدەبیات و قوتابخانەی ئەدەبیە، فەرەنسا وڵاتی مانیفێست و مەڵبەندی ئەدەبی و وتووێژی قەڵەمەکانە، ئەو شتانەی لە شوێنانی دی دەگمەنن: بۆ

PDF4Kurd



نموونــه بـا باسـی ئینگلتــەرە بکـەین. چـونکە وەك نوڤـالیس[298] دەڵێـت (هەر ئینگلیزێك خۆی دوورگەیەکە) لای ئینگلیزێك شوێنی لـە مێـژووی ئەدەبیاتـدا ئەوەنـدە گـرنگ نیـە، کتێبێکـی وەك کتێبـی (تیبـودە)[299] بـە وردی لـە مێـژووی ئـەدەبیاتی فەرەنسـا بـە درێـژایی چـەندان سـەدە و چــەندان وەچــە دەکۆڵێتــەوە. بــێ ئــەوەی بکەوێتــە ژێــر کاریگــەریی هەسـتێکی خرۆشـاوەوە، (بە پێچەوانەی نووسینی تـری لـەو بابەتـە لـە جێگــای تــردا) نووســەری فەرەنســی ناکەوێتــە ژێــر کاریگــەریی هەڵچـوونەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە توانـای خـەیاڵی هەیـە حەزئـەکات بزانێـت چـی دەکـات. لای ئـەو تیـوری بەرهـەمی هونـەری گرنگـە، لـە شوێنانی دی، گرنگیەکە لەوەدایە کە بەرهەمەکە دروست بکەیت یان لە خەیاڵـدا پێـی بگەیـەنیت. ئەمــە ســیفەتێکی نــەگۆڕە لــە ئــەدەبیاتی فەرەنسادا.

**ف: بێگومان.**

ب: مەبەســتم لــە دیــدگا لۆژیــك و ڕوونــاکیی گیــانی فەرەنســایە، هەڵبەت هەیانە لەم یاسایە بەدەرن: بۆ نموونە نووسـەرانی وەك **رابلیە** یا **ڕامبۆ** یان **لیون بلوی**[300] تۆ ناتوانیت لەگەڵ داب و نەریتە ئەدەبییەکاندا بە ئاسانی بدوێیت. بەهەرحاڵ ئەوان لەگەڵ ئەوەدا کە سەمبولیست بوون ڕێزیـان بـۆ مێـژووی ئـەدەبیات داناوە و پەسـەندیان کـردوە، مـن ئـەمرۆ گـوێ بـە قوتابخانـە نادەم و هـاوبیری فلـوبێرم کـە دەڵێـت: شـیعری چاك

---

[298] Novalis Fredrich (1772-1801) شاعیری ڕۆمانتیکی ئەڵمانی.

[299] Thibaudea

[300] Leon bloy (1846-1917) نووسەری فەرەنسی.

PDF4Kurd



ئەوەیــە کــە شــێوازەکەی لەدەســت دەدات (ونــی دەکــات) وابــزانم لــە شوێنێکی تردا وتوویەتی شیعرێکی باشی **بوالو**[301] کە سەر بە نەریتی کلاسیکی سەردەمی لویسی چواردەیە، بە ئەندازەی شیعرێکی باشی **هۆگۆ**[302] (ڕۆمانتیك) بە نرخە. وەلێ من لەوە زیاتر دەڕۆم و بڕوام وایە شیعرێکی باش پابەندی هیچ قوتابخانەیەك نیە، گرنگ نیە کێ و لە چ سەردەمێکدا وتوویەتی، بە جۆرێکی تری بڵێین شیعری باش ئەو شیعرانەن کە بە ئاسانی دەست نووسەرانی مێژووی ئەدەب ناکەون. من بۆ خۆم هەوڵ ئەدەم لە دەرەوەی زەمان بنووسم. ئەگەرچی دەزانم مومکین نیە نووسەرێك سەرەڕای ویستی خۆی، خۆی ناچاری بە مۆدێرن بوون بکات.

من تا ئەمڕۆیش تووشی یەکێك نەبووم لە ڕابوردو یان لە ئایندەدا بـژی، هـەموو کەسـێك لـە ئێسـتادا دەژی، ئێسـتای خـودی ئـەو، پێناسـەکردنی ئـەو ئێسـتایەش زۆر دژوارە، چـونکە هێنـدەمان لێـوە نزیکە لە نادیار دەچێت و ئەوەندەیش جۆرا و جۆرە ناتوانیت لێکی بدەیتەوە. من وای بیر لـێ ناکەمەوە بتوانین مێژووی ئێستامان دەرك بکەین، ڕەنگە لە سەدەی نۆزدەدا توانیبێتیان لە ژیانی ئێستای ئێمە بگەن (هەڵبەتە ئەگەر ئەم پۆل بەندی کردنی زەمانەمان وەك سەدە تەماشا بکەین) ئێمە ناتوانین، دەبێت ئێمە بەرگەی ئەم ژیانە بگرین، هەڵبەتە زیندوترینیان زەمانی ئێستایە.

---

[301] Boileau Nicolas (1636–1711) شاعیری فەرەنسی.

[302] Hogo Victor (1802–1885) شاعیر و نووسەری فەرەنسی.

PDF4Kurd



**ف: هەرچۆنێك بێت فەرانسە هەر بە تایبەتمەندی خۆیەوە دەمێنێتەوە، لە بیرمە کە باسی جێمس جۆیس مان دەکرد وتمان ئەو لەبەرهەمەکانیا، بە تایبەتی "ئولیس" و "فینگانس ویك"دا بە تەمای ئەوە بوو جۆرە ڕاپەڕینێکی ئەدەبی بەرجەستە بکات..**

ب: بە تایبەتی لە ڕۆماندا، وانیە؟ وابزانم جۆیس ئەو دوو کتێبەی بە دوا کتێبی داناوە. بەهەرحاڵ ئەو لە کۆتایی کتێبەکەیدا، مۆرێکی کۆتایی لە هەموو ئەدەبیاتی ڕابوردووی خۆی دەدات، بێگومان ئەمە هەستی ئەو بوە، تەنانەت ئەگەر ئەدەبیات بەردەوامیش بووبێت..

ف: وا دەزانم گەلێك لە نووسەر و شاعیرانی فەرەنسایش هەروەك جۆیس بیریان کردۆتەوە.

ب: بە دوا کتێب؟!

**ف: بەڵێ، یان لە قوتابخانە و شێوازی تایبەتیاندا کەسانێکی شۆڕشگێڕ بوون. بەڵام دواجار وەك تۆ وتت داب و نەریتی مێژوویی ئاکادیمی و قوتابخانە فەرەنسیەکان، ئەوانەیان بە بەشێکی خۆیان زانیوە.**

ب: نەریتێکی تەواو لەوان..

**ف: بوەتە دیالەکتیك.**

ب: وایە، یان بەو مانایەی کە بەرهەمی هونەری دوای کامڵبوونی وابەستەی مێژووە، من زۆر پێکەنینم پێ دێت کە تازە بە تازە لە ئیتالیادا مۆزەی "فوتوریستەکان"[303] دامەزراوە. لەوە سەیرتر ئەوەیە کەسانێك بە ناوی نیو فوتوریستەوە هەن، هەموو دەزانن کە "فوتوریسم"

---

[303] Futuristes ئەوانەی پەیڕەویان لە قوتابخانەی هونەری و ئەدەبی فوتوریسم دەکرد کە لە ساڵی 1909دا سەری هەڵدا.

PDF4Kurd



لێبڕاوی ڕووخاندنی مۆزە و کتێبخانەکان بوە، وەك یەکەم ئیمپراتۆری چین کە ناوی چـی یـوانگ تـی[304] یە، کەچی لەگەڵ هەموو ئەمانەدا "فوتوریسم" خۆی بوە بە بەشێك لە مۆزە. نازانم مەسەلەیەکی وا ئەوانە دڵخۆش دەکات کە ڕێبازەکەیان دروست کردوە یان ناڕەحەتیان دەکات؟ پێدەچێت ناڕەحەتیان بکات. بەهەرحاڵ لەبەرئەوەی کە هەموو زەمانەکان و لەوانە ئاینده ڕابوردوو دروستی کردوون، هەموو شتێك دەبێتە بابەتی مێژوو لە مۆزەدا سەقامگیر دەبێت و ئەوەی ئەمڕۆ من دژی مێژوو دەیڵێم، دیسانەوە دەبێتەوە بە مێژوو، بە پێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ئابووری و دەروونزانی، سەردەمی ئێمە بێگومان دەبێتە شوێنی لێکۆڵینەوە، دەڵێیت ئێمە لە ئێستادا مەحکومین بە مێژوو، ئەگەر بتوانین مێژوو لە یاد بکەین، هەموو شتێك دەگۆڕێت. ئایا دەشێت ئەمە مەسەلەیەکی گرنگ بێت؟ ئەسڵەن نازانم. چونکە زمانی کردەیی مێژوە. بە جۆرێکی دی، جەنابی فراری، دەشێت ئێمە زمانی لاتینی فەرامۆش بکەین، بەڵام ئەوەی کە ئێستا ئێمە پێی ئەدوێین، یەکێك نیە لەو لقانەی کە لە زمانی لاتین جیابۆتەوە؟

ف: بە دڵنیاییەوە.

ب: بەم جۆرە، مێژوو پەیوەستە بە ئێمەوە، بەڵام هەندێك قۆناغ کەمتر لە قۆناغی تر هەستی مێژوویيان تیایە، لە سەردەمی ئێمەدا ئەم هەستە و هەستی جوگرافی و سیاسییش زۆر فراوان بوە، وەلێ هەموو ئەمانە دەشێت دیارنەمێنن و من هیوادارم یان نەمێنن یان کەم ببنەوە.

---

[304] Che houang - ti

PDF4Kurd



**ف: هەر لەبەرئەوەیە کە مۆرنا لە هونەری نووسەردا، بەدەر لە ڕووداوی مێژوویی و ئەفراندنی ئەودیوی زەمان قسەدەکات؟**

ب: من لەوە بێ ئاگام بەڵام هزرێکی چاکە.

**ف: بەڵێ، وابزانم هەروایە.**

ب: من و بیویی کازاراس پەخشنامەیەکی نهێنیمان بە تیراژی 200 دانە لە ژێر ناوی (بە پێچەوانەی زەمانەوە) بڵاودەکردەوە. بە ڕاستیی نەماندەویست هی ئەم زەمانە بین.

**ف: ئەمەیش هەمان بیرە.**

ب: بەڵێ، بەڵام کە دەڵێی "بە پێچەوانەی زەمان"ی ئێمەوە، هەر خودی ئەم ناونیشانە بێ دوودڵی پەیوەستە بە قۆناغێکی تایبەتیەوە، هەروەك "فوتوریسم" کە ئەمڕۆ لەگەڵ "هونەری مودێرندا" (کە خۆی لەو کەوتۆتەوە) لێت تێکدەچن. شتێکی تەواو بێ بایەخ، وانیە؟ یان زۆر کۆن! ڕابوردووی نزیکمان کۆن دێتە بەرچاو، جیاوازییەکە زوو هەست پێدەکرێت.

**ف: دەگەڕێمەوە سەر باسی وڵاتی فەرەنسا، تۆ لەسەر ئەو بیروڕایەیت کە ژیانی ئەدەبی لە فەرەنسادا لە جێگای دی هوشیارانەترە.**

ب: وایە، لەبەرئەوەیە کە لەوێ قوتابخانەی ئەدەبی هەیە و نووسەرەکان بە ئاراستەی ئەو قوتابخانە و سەردەمە دەنووسن، ئەمڕۆ بیری دەربەست بوونی نووسەر ڕەواجی زۆرە، بەڵام بەلای منەوە پێویست بەوە ناکات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە من چەندە خۆم بەسەربەخۆ یان بە ئانارشیست بزانم، لە ڕاستیا لە ساڵی 1985دا دەنووسم و زمانێك بەکاردێنم کە هی ئەم سەردەمەیە، ئێمە ناتوانین لە سەردەمی خۆمان هەڵبێین.

PDF4Kurd



**ف: ناتوانین.**

ب: وایە، کەواتە لەو ڕووەوە هەوڵدان بێهودەیە، ئێمە بمانەوێت یان نا ناچارین مۆدێرن بین، ناتوانین جۆرێکی تر بین.

**ف: کەواتە، فەرەنسا وەك ئیرلەندای "سەلتی"یە کۆنەکان (کە لە گفتوگۆی نۆیەمدا باسمان لێوە کردن) نموونەیەکی ترە لە ژیانێکی ئەدەبی زۆر تایبەت.**

ب: بەڵێ، کەسانێکی زۆر ئاگادار کە دەیانەوێت بزانن چی دەکەن، تەنانەت ناماقووڵترین کەسیان، هوشیارانە ناماقووڵن! بە پێچەوانەوە، لە شوێنانی دی نەزانانە بێ سەرەو بەرە کاردەکەن و شانازیشی پێوە دەکەن (ئەم سادەییە!) لە لایەکی ترەوە، لە وڵاتانیتردا زۆر جار نووسەر بە نوێنەری کۆمەڵگا ناودەبرێت، لە فەرەنسادا وا نیە، ژیانی ئەدەبی ئەوەندە دەوڵەمەندە کە هەمیشە بە لایەنی کەمەوە دوو تەوژمی ئەدەبیی هاوچەرخ شان بە شانی یەك دەڕۆن، هەرگیز تەنیا تەوژمێکی تیا نیە.

ف: سەدەی نۆزدەی فەرەنسا لە بەرچاو دەگرم.. با پێشبینی ئەوانە بکەین کە بەلای تۆوە باشترینن: **ڤیرلین** لە شیعردا **فلوبیر** لە ڕۆماندا.

ب: بەڵێ، بە تایبەتی **ڤیرلین** لە شیعرا، چونکە.. **فلوبیر** زیاد لە پێویست ئاگای لە نووسینی بوو، وا نیە؟ ئەو زۆر داهێنەر نەبوو.. بەڵام نازانم بیر لە کام ڕۆمان نووسی تری فەرەنسا بکەینەوە..

لە بارەی ڤیرلینەوە، با بزانین ڕەوتی ڕەمزیەت دەتوانێت لە کام دیدگاوە سەرنجی ئێمە ڕابکێشێت. ڕەنگە لە هیچ دیدگایەکەوە، بەڵام ڤیرلین بۆ ئێمە سەرنجڕاکێشە، خودی ڤیرلین گاڵتەی بە ڕەمزیەکان دەکرد، ڕۆژێك ڕۆژنامەنووسێك لە بارەی ڕەمزیەکانەوە قسەی لەگەڵ

PDF4Kurd



کرد، ئەو لە وەلامدا وتی: "من لە ئەڵمانی تێناگەم" وشەی سەمبولیزم (ڕەمزیەت) لای ئەو زۆر نادیار (مبهم) بوو.

**ف: دەربارەی فلوبیر، وای بۆ دەچم تۆ نووسەرێك لە بەرانبەر ئەدەبیاتدا بەراورد دەكەیت؟**

ب: بەڵێ، بیری ئەدەبیات.. وەك بیروباوەڕێك، كارێكە كە بە ماندوو بوون و لەخۆ بوردن بەرهەم دێت. وەلێ ئەگەر ڕەوت و پێشهات خۆشبێت دەبێتە هۆی ئەوەی نووسەر قەڵەمی بخاتە كار، چێژ لە نووسین ببات و كەمێك یاری لەگەڵدا بكات. **فلوبیر** قەشەیەكی زۆر هۆشیار بوو نەیدەتوانی دەست بۆ ئەم گەمەیە بەرێت، وا نیە؟ ڕەنگە ئەو سادەییە پێویستەی كە سەرباری هەر شتێكی دی لە **ڤیرلینا** هەبووبێت لەودا نەبووبێت. دەزانیت لە بارەی **ڤیرلینەوە**، زۆر جار لەسەر چارەنووس و هەندێك لە كارە تا ڕادەیەك گەندەڵیەكانیەوە قسە دەكرێت. ئەمە چ بایەخێكی هەیە؟ ڤیرلین وەك ئوسكاروایلد، منداڵێكە لە كاتی گەمەكردندا. قسەیەكی جوانی **روبرت لویس ستیڤنسونم**[305] دێتەوە بیر كە زۆر جار وتراوەتەوە: "بەڵێ، هونەر گەمەیەكە، وەلێ دەبێت وەك جەختی منداڵێك ئەو گەمەیە بكەیت"

**ف: ئا، زۆر مەزنە.**

ب: بە جۆرێكی دی، منداڵ زۆر جیدی یاری دەكات، یاری بە گاڵتە ناگرێت و ئەمەیش زۆر باشە، وا نیە؟

**ف: یاریەكی جیدی!**

---

[305] **Stevenson** (1850–1894) نووسەری ئینگلیزی.

PDF4Kurd



ب: بـەڵێ، یاریـەکی جیـدی، لێـرەدا دوو جـۆرە بیرکردنـەوە دێتـە ئاراوە: یەکەمیان بیری گەمەیە وئەوی دی ئەوەیە کە هـەر یاریـەك بۆ خۆی خاوەنی بڕیارەکانی خۆیـەتی، ئەدەبیاتیش هـەر ئـەو بڕیارانـەی خۆی هەیە. هەرچەندە وەك نموونە بە پێچەوانەی یاری شەترنجەوە، ئـەو بڕیارانـە پێناسـە ناکرێن، لـە ئەدەبیاتـدا هـەموو شـتێك سـیفەتی ڕەمزیی هەیە. جۆرێکە لە ئەفسوون، یاری بە وشە دەکرێت و واژەکان دەربڕی دوان یان چەند شتێکن، هەر وشـەیەك لـە سـەرەتادا ئەو شتەیە کـە مانـا دەبەخشـێت، دوای ئـەوە چ مەبەسـتێکی لەدواوەیـە، لەگـەڵ ئەوانەیشدا ڕەنگدانەوەی چیە، کەواتـە لـەم شـوێنەدا ڕووبەڕووی سـێ هۆکـار دەبینـەوە کـە وشـە ئـاڵۆزتر دەکـەن. بێجگـە لـەوە لەبەرئـەوەی هونەری ئەدەبیات لە پێکەوە بەستنی واژەکاندایە، دەبێت هاوسەنگیەك لە نێوان ئەو سێ هۆکارەدا هەبێت: هەست، مەبەسـت و ئاهـەنگ (ڕیتم) ئەمانە مەبەستی سـەرەکین و ئەگـەر زیاتر لەسـەر ئـەم مەسـەلەیە بڕۆین ڕەنگـە هۆکـاری تـریش بدۆزینـەوە (پێدەکـەنێت) چـونکە ئـەدەبیات ئەوەنـدە نهێنـی زۆرە, کـە زانسـتەکانی بـەیان و مـەعانی هـیچ کـات نایانپێکێ.

PDF4Kurd



## گفتوگۆی بیستەم

## لە بارەی کەسایەتی و بوداوە

**ف: ئێمە پێشتر لە دەرفەتێکدا لە بارەی "مەکتەبی بودا"وە قسەمان کـردوە، تۆ ئەوەت دەرخستوە کە زانیاریەکی قووڵ و فراوانت لـە بـارەی ئـەو فەلسـەفە ئاینیەوە هەیە، من لەم دواییەدا زانیم کە پێشینەی ئەو زانیاریانەت دەگەڕێتەوە بـۆ ساڵی 1951، واتا ئەوکاتـەی تـۆ باسـێکت بـە نـاوی "کەسـایەتی و بـودا"وە نووسیوە.**

ب: وایە، من وای بۆ دەچم لەنێو ئاینەکاندا، بیروباوەڕەکانی بودا کەمتر پێویستیان بە ئەفسانەکان هەیە، بۆ نموونە هیندیەك بۆی هەیە لەگەڵ ڕێـز و پەرستنی خوداکانیدا، پەیڕەویی لـە بودایـەتیش بکات، دەشێت بڕوات بە خوایەتیەکی تایبـەتی نـەبێت و کەچی پەیڕەوی لە بودا بکەیت.

بێجگە لەمانە لـە دوا جۆرەکـانی بودیزمـدا وەك "ماهایانـا"[306] و "ئەرەبانەی گەورە"یان "زیـن"[307]دا تەنانـەت بە پاساوی "بۆ نموونە

---

[306] Mahayana

PDF4Kurd



نیشتمان پەروەریی" بۆت هەیە هەقیقەتی مێژوویی بودا نەسەلەمێنیت.

بە پێی ئەفسانەکان کە مەرگی بودا نزیك دەبێتەوە، موریدەکانی بەسەریا دەگرین و ئەو بە پێچەوانەی مەسیحەوە بە موریدەکانی نالێت "ئەگەر دوو کەستان لە یەکدی بچن، من سێیەمتانم" بەڵکوو بوودا دەڵێت: "دوای مردنی من بیر لەو یاسایە بکەنەوە کە من ڕامسپاردوە". کەواتە ئەوەی گرنگە بنەمای بیروباوەڕەکەیە، من باسێکی دوور و درێژم لەگەڵ کاز و یاساکانی "بودیزمی زین"ی ژاپۆنی کرد، ئەو لە من زویر بوو کە زانی من بڕوام بەوەیە بوودا ڕاستیەکی مێژووکردە، ئەو بڕوای وابوو بوودا بوونی نەبوە، خودی ئەم مەبەستە شایانی بایەخ پێدانە. بیروباوەڕێکی تریش لە ئارادایە کە ئەوەی دەمێنێتەوە ڕۆحە نەك مردووەکان. من کتێبێکم لە بارەی پەرستگا و جێگای پیرۆزی بودیەکان لە جیهاندا خوێندۆتەوە. بۆ نموونە شوێنێك هەیە دوای ئەوەی موریدەکان لەوێ لە کۆبوونەوەیان دەبنەوە، ڕابەرەکەیان لە پاڵ ئاگرەکەدا وردە وردە دەکەوێتە باسکردنی بنەمای بیروباوەڕەکەیان و، بە دەم باسەکەوە وێنەی جۆراوجۆری بودا یەك یەك فڕێدەداتە ناو ئاگرەکەوە، هەروەها نووسراوە پیرۆزەکانیش وایان لێ دەکرێت. ئەمە بەو مانایەیە کە ئەو پەڕە کاغەزانەی شتیان تیا نووسراوە لە هەر بارێکی ئاسایی و عادیدا کەڵکیان لێ بینیبوون، تا ئەوە پیشان بدەن کە ڕۆحی مەسەلەکە نرخێکی هەیە نەك وشەکان.

---

[307] Lezen مەکتەبێکی نوێی بودایی کە لە چین و ژاپۆندا لە کۆتایی سەدەی دوانزەدا سەرچاوە دەگرێت.

PDF4Kurd



من شتێکم دەربارەی موقەدەسێکی بودایی لە ژاپۆن بیستوە کە هیچ کاتێك خۆی بۆ مەوعیزەکانی بودا، واتا "سوترا" تەرخان نەکردووە، توانیویەتی بە ڕۆچوون یان سووسەیەکی شەخسی خۆی، واتا بە هۆی ڕەوشی خۆیەوە بگاتە "نیرڤانا"[308] لێرەدا دەبینین کە مەسەلەی ڕۆح زاڵە، بودیەت هیچ جۆرە بیرێکی ئەفسانەیی قبوول ناکات. ناچارت ناکات بڕوات بەوە هەبێت کە خوایەکی تایبەتی بوونی هەیە. ئەم باوەڕە دڵخواستە.

تەنیا شتێك کە حسابی بۆ بکرێت ملکەچیە بۆ ئادابی ئەخلاقی.

**ف: بودیزم تاکگەری (کەسایەتی تاکگەر) ڕەت دەکاتەوە، تا ئەو ڕادەیەی وەك خۆیشت وتت تەنانەت بودایش ڕەت دەکرێتەوە.**

ب: بەڵێ، ئەمە وایە، هەڵبەتە ڕەوان شناسانی جۆراوجۆری بودایی هەن کە لە زوربەیاندا "من" ڕەت دەکرێتەوە. کتێبێکم هەیە بە ناوی (پرسیارەکانی شا میلیندا) لە بنەما سەرەتاییەکانی فێربوونی بوداییە. میلیندا پاشای ناوچەیەکی هیندستان بوە بە ناوی (مناندرو) کە ناوەکەیش هەر لەوێوە هاتوە. ئەم پاشایە دەڕواتە لای ڕاهیبێکی بودایی و پرسیاری لێدەکات. کتێبەکە جۆرێکە لە زانستی ئاکاری درێژ و بە ڕەت کردنەوەی "من" دەستپێدەکات، نموونەکەی گالێسکەی پاشایە، ڕاهیب لە شا دەپرسێت کە بە چی هاتوە بۆ ئەوێ، شا وەڵامی دەداتەوە بە (گالیسکەکەم) ڕاهیب دەڵێت دەشێت ئەمە وەڵامێکی ڕاست بێت بەڵام مەبەست لە گالیسکە سەنتەری چەرخەکان (شاسی)یە یان کورسیەکان یان خودی چەرخەکانە؟ شا لە وەڵامدا دەڵێت "هیچ کامیان

---

[308] Nervana یان Nibbana

PDF4Kurd



بەڵكو هەموويان" لێرەوە دەكەونە لێك جياكردنەوە و لە كۆتاييدا دەگەنە ڕەتكردنەوەی "من". واتا كەسايەتی تاكگەريی.

**ف: بڕوا بوونيش بە خەڵوەت و تەنيايی!**

ب: بەڵێ، وايە.

**ف: بەڵام تۆ لە (كەسايەتی و بودا)دا دەڵێيت..**

ب: من مەبەستەكانی ئەوێم باش لە ياد نەماوە چونكە دەمێكە نووسيومە.

**ف: لەو نووسينەتدا بەراوردی كەسايەتی بودا بە مەسيح دەكەيت.**

ب: ئا، بەڵێ، وا ئەزانم وا بێت، پێم بڵێ ئەوەت لە گۆڤاری "ئانكت"دا ديوە؟

**ف: نا، لە يەكێك لە ژمارەكانی "سوور"دا كە بە بۆنەی يادی بيستەمين ساڵی دەرچوونيەوە لە 1951دا دەرچوە.**

ب: ڕاست ئەكەيت, وايە.

**ف: وەلێ تۆ لەوێدا باس لەوە دەكەيت كە ئەوە هەوڵێكی نادروستە.**

ب: چونكە ئينجيلەكان بە جۆرێك نووسراونەتەوە كە.. لە واندا جەخت لە سەر خۆ تەرخانكردن و كاريگەريەتی كراوە لە كاتێكدا دەربارەی بودا وەك سوكرات مەسەلەی كاريگەريی لە ئارادا نيە. بە پێچەوانەوە هەوڵەكە بۆ فێربوونی ياسا يان چەند ياسايەكە كە بە ئاسوودەيی كۆتاييان پێدێت.

**ف: كەواتە لە بيروباوەڕی بوداييدا، ميتافيزيك تێكەڵ بە ئاكار (ئەخلاق) كراوە.**

ب: يەك ميتافيزيك هەيە و يەك ئاكار، لە بارەی كونفيسيوسيسەوە هەروايە، خوێندنەوەی هەڵبژاردەی ڕێنماييەكانی لە سەرەتادا كەمێك

PDF4Kurd



مرۆڤ سارد دەکاتەوە، چونکە کاریگەریەکی بەرجەستەی نیە، ئەو بە دوای شتێکی ماقووڵەوە بوە، شێوازەکەیشی بە پێچەوانەی شێوازە درامیەکەی ئینجیلەکانەوە، مەنتیقیە.

**ف: بۆرخیس، تۆ هەر لەو نووسینەتدا ئاماژەت بەوە کردوە کە ئەخلاقیاتی بودایی دژ بە ئەخلاقی خۆرئاواییە، بەو بۆنەیەوە پەرەگرافێکی زۆر سەرنجڕاکێشت لە نامەیەکی جول سزارە[309]وە هێناوە، لەو نامەیەدا سزار لە بارەی ئازادی نەیارە سیاسیەکانیەوە، ئەگەرچی ڕەنگە زۆر مەترسیدار بن پێی وتوون: "من بۆیە ئەم کارە دەکەم چونکە ئیدی نامەوێت بێجگە لەوەی کە هەم بم و، دەشمەوێت ئەوانیش هەر ئەوە بن کە هەن".**

ب: بەڵام نازانم ئەم سزارە، سزاری مێژوە یان سزاری بەرناردشۆ لە چیرۆکی **"سزار و کلیوپاترا"**دا.

**ف: سزاری ئەدەبیاتە**

ب: وایە، کەواتە هەر بە تەنیا بڵێین سزار، تا تێی بگەین، نازانم ئایا **سویتون**[310] ئاماژەی بۆ کردوە یان نا، پێناچێت، گرنگ نیە، ئەمرۆ سزار ڕوویەکە دەتوانین دەوڵەمەندتری بکەین، بۆ نا؟ وەك چۆن بەرناردشۆ ئەوەی کردوە.. و **پلوتارك**[311]یش هەروا.

**ف: ڕستەکەی سزار زۆر جوانە، بەڵام بە پێچەوانەی ئاینی بوداوە، باس لە گرنگی کەسایەتی تاك دەکات لە دیدگای خۆرئاواییەکانەوە.**

---

[309] **Jelles cesar** (100-42 پ. ن)

[310] **Suetone** مێژوونووسی لاتینی (سەدەی دووی زاینی)

[311] **Plutargue** بیرمەند و نووسەری یۆنانی (125-50).

PDF4Kurd



ب: بەڵێ، بودایەتیش "کەسایەتی تاکگەرا" بە هەڵە لە قەڵەم دەدات، تا ئەو ڕادەیەی کە تەنانەت کەسایەتی مێژوویی بودایش ڕەت دەکاتەوە. چونکە کە ئەمەت لەبەرچاو گرت دەشێ بە جۆرێک لە خودبینی و خۆپەسەندی بدرێتە قەڵەم، وا نیە (خۆپەسەندی بە مانا زمانەوانیەکەی؟).

**ف: تۆیش وا دەزانیت کە لە ڕۆمانی خۆرئاوادا، لە نووسینەکانی پروست و هی تردا، تا ڕادەیەک "مەزەی ڕۆح" لەبەرچاو دەگیرێت، لە کاتێکدا بە پێی بیروباوەڕی بودایی، ئەوە، واتا ئازادیی ڕۆح ڕەت دەکەنەوە.**

ب: من وای بیر لێ دەکەمەوە کە ڕۆمان خەڵکی بەرەو خۆویستی و خۆپەسەندی دەبات. لە ڕاستیا کاتێک کە باس لە کەسێک و تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکانی دەکرێت. خوێنەر کەڵکەڵەی ئەوە دەکات کە خۆیشی ببێتە هاوشێوەی ئەو کەسایەتیە و تایبەتمەندیەکانی قبووڵ بکات. بۆیە خوێندنەوەی ڕۆمان دەبێتە هۆی چەکەرەکردنی نەستی خۆویستی و خۆپەسەندی و لە هەمان کاتدا هانی خەڵکی دەدات بۆ سەرنجڕاکێشان، ئەمە زیاتر لای گەنجانەوە ڕوودەدات. من خۆم لە لاویدا بە ویستی خۆم بەدبەخت بووم، چونکە دڵم دەیخواست ببم بە هاملێت[312] ، بایرون[313] ، پو، یان بودلێر[314] یان پاڵەوانی چیرۆکێکی ڕووسی. بەڵام ئێستا بە پێچەوانەی ئەوساوە لە

---

[312] Hamlet یەکێکە لە شانۆگەریە ناودارەکانی شکسپیر و پاڵەوانەکەی ناوی هاملێتە.

[313] Byron George Gordon Lord (1788–1824) شاعیری ڕۆمانتیکی ئینگلیزی.

[314] Baudeialre charies (1821–1867) نووسەر و شاعیری فەرەنسی.

PDF4Kurd



هەوڵی ئارامگرتنداو و دەمەوێت وەك كەسایەتی نووسەرێك بیربكەمەوە كە ناوی بورخیسە و دەڵێن لە سەدەی بیستا ژیاوە (هەرچەندە لە دوا ساڵی سەدەی نۆزدەدا لەدایك بوە) (پێدەكەنێت) دەمەوێت لایەنە خۆ بە زل زانیەكەی لە بیر بكەم و، بە فەرامۆشكردنی ئەم بەرپێزەی كە لەگەڵمایە، بە خۆشی بژیم.

**ف: وەلێ بورخیس، بە پێی شارەزایی تۆ لە بودایەت وا دەردەكەوێت كە رێگای ئەدەبیات هەرچەندە رێی ناسینی زانست نیە، بەلام كۆتاییەكەی بە "زانین" دێت.**

ب: من نازانم ئایا گەیشتوومەتە زانین یان نا، بەلام بڕوام بەوە هەیە، دەبێت ئەوەیش زیاد بكەم (چەند جاری تریش ئەمەم وتوە) كە دەشێت مرۆڤ ئەوەیش كە نیەتی، بیگەیەنێت، بۆ نموونە بێ ئەوەی تۆ خۆت بەختەوەر بیت دەشێت خەڵكانی دی بەختەوەر بكەیت. یان بێ ئەوەی خۆت ترسنۆك بیت خەڵكی بترسێنیت. یان زانایی بگەیەنیت و خۆت نەتبێت، هەموو شتێك لەم دنیایەدا بە راز و نهێنیە.

**ف: دەیشتوانیت نەگەیتە (نیرڤانا" وەك چۆن لە رابوردوودا گەلێك پێی نەگەیشتوون.**

ب: دەڵێیت ئێمە هۆیەكی پێكگەیاندنی شتە جیاوازەكانین، پردی پەرینەوەین، واتا هۆكارێكین بۆ بەجێگەیاندنی مەبەستەكان، ئەمە زیاتر لە شیعرا راستە، چونكە شیعر كەڵك لە ئێمە وەردەگرێت و بێ ئەوەی بزانین رێگای پێ دەدەین بە سەرماندا تێپەرێت. كەواتە كارێك دەكەین كە خوێنەر هەستی پێ بكات، بەلام خودی شیعر داهێنراوی ئێمە نیە، هەڵچوون و جوانناسی شتێكە دەمانگاتێ و پاشان بە جۆرێكی دی دەگاتە یەكێكی دی.

PDF4Kurd



**ف: کەواتە دەتوانین بڵێین شیعر، دراوسێی دیوار بە دیوار وەی عیرفانە؟**

ب: جیاکردنەوەی ئەم دوانە لە یەکتر دژوارە، هەڵبەتە زانایانی ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی لەمە خۆهەڵنابوێرن، ئەمانە شیعر تا ئاستی یاریکردن بە وشە دێننە خوارەوە.

**ف: بێگومان.**

ب: ڕەنگە ئێمە بۆ ئەوەی شیعرێك دروست بکەین خۆمان بدەینە دەست ئەو گەمەی بە وتنە، بەڵام لە ئەنجامدا، ئەوانە بێجگە لە جوانکاری چیتر نین.

**ف: بەم جۆرە زۆریی شاعیرانی عارف ئەوە نیشان دەدەن کە شیعر و عیرفان بە یەکدی نامۆ نین.**

ب: ئاه، هەڵبەتە، وەك بوونی **بلیك**[315] یا **ئانگلۆس سیلسیوس**[316].

**ف: یا سانت جین دیلا کروا**

ب: بەڵێ، هەر ئەو **سانت جین دیلاکروایە** بەسە، لە لۆژیکی باشدا نموونەیەك بەسە.

**ف: ڕاستە.**

ب: کە نموونە زۆر بوو گومانێك دروست دەبێت، چونکە ئەوە نیشانەی باوەڕنەکردنە، بۆ نموونە هێنانی بەڵگەی زۆر لەسەر بوونی خودا، بەرەو ئەو شوێنەمان دەبات کە "بێگومان خودا نیە ئەگینا ئەم هەموو بەڵگە هێنانەوەیە بۆ"

---

[315] Blake william شاعیر و نەقاشی ئینگلیزی (1757-1827)

[316] Angeius siesius شاعیری ئەڵمانی (1624-1677)

PDF4Kurd



**ف: پێش زانستی حیکمەتی خودایی (تیولوژی) ئەوەنـدە بـە دوای بەڵگـەدا نەدەگەڕان، پاشان گومانەکان سەریانهەڵدا.**

ب: بەڵێ.

**ف: زۆر چاکە بورخیس، لەبەرئەوەی دەزانین زانستی تۆ دەربارەی "مەکتەبی بودا" کۆتایی نیە، کەواتە جارێکی تر و لە هەلێکی دیکەدا دەگەڕێینەوە سەری.**

ب: هەڵبەتە من کەمتر لەسەر بـودیزم قسـەم کرد، زیـاتر باسـی شـتی تر بوو، بەڵام ڕەنگە ئەمەیان چاکتر بێت.

PDF4Kurd



## سوپاس

بۆ هاوڕێی چیرۆکنووسم کاك (عەتا نەهایی) کە زۆربەی دەقە فارسیو کوردیەکانی بۆ بەراورد کردمەوە .

PDF4Kurd



## بەرهەمی بڵاوکراوەی وەرگێڕ

1-کۆمەڵە چیرۆکی (بوار) 1977

2-کۆمەڵە چیرۆکی (هەوار) 1981

3-کۆمەڵە چیرۆکی (بەرەو چیا) 1985

4-کۆمەڵە چیرۆکی (هەڵۆ) 1989

5-کۆمەڵە چیرۆکی (کۆڵان) 1994

6-کۆمەڵە چیرۆمی (سەما) 1998

7-کۆمەڵە چیرۆکی (المدینە) بە زمانی عەرەبی 1999

## وەرگێڕان

1-ئەنتۆن چیخۆف- چیرۆك لە فارسیەوە- 1984

2-سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی- لێکۆڵینەوە- لە عەرەبییەوە 1986

3-سێ شانۆگەریی- لە عەرەبیەوە- 1987

4-دڵۆپە خوێنەکانی سەربەفر- کۆمەڵە چیرۆکی جیهان لە فارسیی و عەرەبییەوە 1998

5-ئیڤانۆڤ- شانۆگەری- لە فارسیەوە 1999

6-دیکارت- کتێبی گیرفان- لە فارسیەوە 2001

7-زۆربا- ڕۆمان- لە فارسیەوە 2001

8-ئاهەنگی ماڵئاوایی -ڕۆمان- لە فارسیەوە 2003

9-چۆن ڕۆمان دەنووسرێ -کتێبی گیرفان- لە عەرەبیەوە 2003